هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# ڕەنگدانەوە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی سیاسی

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر زیندانیانی سیاسی شاری سلێمانی
کە ساڵانی(١٩٨٠-١٩٩٠) زیندانی کراون

**نامەیەکە خوێندکار**

## نەبەز ئەزوەر ئەحمەد

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی کۆمەڵناسی دا

**بەسەرپەرشتی:**

## پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نیان نامق صابر

2717 ک　　　1438ھ　　　2017 ز

# پێشنیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (نەبەز ئەزوەر ئەحمەد)، بەناونیشانی

**((ڕەنگدانەوە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی سیاسی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی))** بەچاودێری ئێمە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی کۆمەڵناسیدا، پێشنیار دەکەین پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

ئیمزا:

سەرپەرشتیار: د. نیان نامق صابر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

٢٠١٧/ ٧/١٠

---

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د.ئارام علی فرج

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

٢٠١٧/٧/١٠

هەواڵنامەی کتێب

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەری خوێندکار (نەبەز ئەزوەر ئەحمەد)، بەناونیشانی **((ڕەنگدانەوە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی سیاسی سالانی 1990-1980، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی))**، پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی تێیدا بوو ڕاستکراونەتەوە، بەوەش نامەی ماستەرەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ:

ناو: د. جوانە أحمد حسین

بەروار: 2017/5/28

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ئەم نامەیەی خوێندکارانەبەز ئەزوەر ئەحمەد) بەناونیشانی(**ڕەنگدانەوە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی سیاسی سالانی ۱۹۸۰-۱۹۹۰، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی**) خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک ولایەنەکانی تری کردووە بڕیارمان دا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی کۆمەڵناسیدا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. نجاة محمد فرج

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**سەرۆکی لیژنە**

بەروار: ۳۰ /۸/ ۲۰۱۷

واژۆ:

ناو: د. ریزان علی إبراهیم

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**ئەندام**

بەروار: ۲۰۱۷/۸/۳۰

واژۆ:

ناو: د. لوقمان صالح کریم

پلەی زانستی: (مامۆستا)

**ئەندام**

بەروار: ۲۰۱۷/۸/۳۰

واژۆ:

ناو: د. نیان نامق صابر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**ئەندام و سەرپەرشتیار**

بەروار: ۳۰ /۸/ ۲۰۱۷

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی- پەسەند کرا

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. ابتسام اسماعیل

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

۱۰/۲



هەواڵنامەی کتێب

ئەم نامەیە

# پێشکەشە بە

- دایکم، (صبیحە) کە هەموو تەمەنی خۆی بە پەروەردەکردنی ئێمەوە بەرێدەکرد ولەپێنج ساڵیمەوە دایک وباوک وهاوڕێمە.
- هاوسەرەکەم (هۆزان) و (نمە)ی کچم.
- خوشک وبراکەم.
- بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان وبەتایبەتی بنەماڵەکەم.
- سەرجەم زیندانیانی سیاسی کوردستان(شەهیدانی زیندوو).
- سەرجەم ئەو کەس و لایەنانەی خزمەت بەمرۆڤایەتی وپاراستنی شکۆی مرۆڤ دەکەن.

تویژەر

# سوپاس وپێزانین

پر بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارم بوون لە تەواو کردنی ئەم نامەیەدا، ئەگەر بەهاندان ورێنمایی و تێبینیەکانیان نەبوایە ئەم توێژینەوەیە بەم شێوە ئێستا ، بەتایبەتیش سوپاسی ئەم بەرێزانە دەکەم:

1. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نیان نامق صابر سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە، سودێکی زۆر زۆرم لێبینی، بۆچونەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد، بەتایبەتی سوپاسی دەکەم ئارامگرییەکی زۆری هەبوو لەگەڵمدا.

2. پرۆفیسۆر د. ڕوشدی علی میرزا جاف، خۆبەخشانە، بەسەرنج وبۆچوونە زانستیەکانی توێژینەوەکەی جوانتر کرد.

3. د. ئارام علی فرج سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی، مامۆستا سەنگەر حسام الدین بڕیاردەر، مامۆستا چیا فائق و سەرجەم مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی.

4. هاوسەری ئازیزم(هۆزان فەرەیدون)، کە لاپەڕەیەک نییە ئەو لەنووسینیدا هاوکارم نەبووبێت، لەوەرگێڕان وپێداچوونەوەی بابەتەکاندا.

5. مامۆستا عادل محمد نوری لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، هەموو کارە ئامارییەکان و دیزاینی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆی خۆی ئەویش کاتێک نەمابوو بێزاری نەکەم، لەگەڵ هاوسەری ئازیزیان ئارەزوو خان.

6. کۆمکاری زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان بەڕێزان: (ئەحمەد جەلال، محمد عارف، دکتۆر بهاءالدین، شێخ عزالدین، محمود فتاح برزو، خاتوو جەیران) لەکۆمکاری زیندانییەکان.

7. زیندانیانی سیاسی نارازی بەڕێزان: (سەردار تۆفیق، دکتۆر محمد پشدەری، ئاسۆ شێخ کمال).

8. مامۆستا چێنەر سیروان لەشاری کەرکوکەوە، بەوەرگێڕان وبەردەستخستنی سەرچاوە هاوکاری کردووم.

9. بەڕێوەبەرو سەرجەم کارمەندانی دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، پاڵپشتی سەرەکیم بوون لەماوەی تەواوکردنی خوێندنی ماستەرەکەم، هەروەها کتێبخانە دەوڵەمەندەکەیان ئاوەڵا کردبوو بۆم.

10. مامۆستایانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنم بێ جیاوازی و مامۆستایانی هاوڕێم، لە دواناوەندی سەردەمی ئێواران بەتایبەتی مامۆستا نەریمان حسن.

11. هەربەڕێزێک لەژیانمدا بەیەک پیت هاوکارم بووبێت، زۆر زۆر سوپاسی دەکەم، عەرەب وتەنی: **"من علمني حرفا، ملكني عبدا".**

| پێرستی ناوەرۆک | لاپەرە |
|---|---|
| بڕیاری لیژنەی سەرپەرشتیار | أ |
| بڕیاری پسپۆری زمانەوانی | ب |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ج |
| پێشکەشە | د |
| سوپاس و پێزانین | هـ |
| پێرستی ناوەرۆک | و ــ ح |
| پێرستی خشتەکان | ی |
| پێرستی هێڵکاری | ی |
| پێشەکی | 2-1 |
| **دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری** | **97-3** |
| **بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو** | 26-4 |
| **باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە** | 10-5 |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | 6-5 |
| دووەم: گرنگی توێژینەوەکە | 8-6 |
| سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە | 8 |
| چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە | 9-8 |
| پێنجەم: سنوورەکانی توێژینەوەکە | 9 |
| **باسی دووەم/ ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە** | 14-10 |
| یەکەم: ڕەنگدانەوەی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە | 12-10 |
| دووەم: ئەشکەنجە | 13-12 |
| سێیەم: زیندانی سیاسی | 14-13 |
| **باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو** | **26-14** |
| یەکەم: توێژینەوەی کوردی | 15-14 |
| دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان | 20-15 |
| سێیەم: توێژینەوە بیانیەکان | 25-20 |
| چوارەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | 26-25 |
| **بەشی دووەم/ مێژووی ئەشکەنجە** | 65-27 |
| **باسی یەکەم/ ئەشکەنجە لەکۆمەڵگا دێرینەکاندا** | 33 -28 |
| یەکەم: میسرییەکان | 29 -28 |
| دووەم: ئاسیاییەکان | 30 -29 |
| سێیەم: یۆنانیەکان | 31-30 |
| چوارەم: ڕۆمانیەکان | 32-31 |

هەوالنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| **باسی دووەم/ ئەشکەنجە لە ئاینە ئاسمانیەکاندا** | 38 -33 |
| یەکەم: ئاینی جوو | 35 -33 |
| دووەم: ئاینی مەسیحی | 37 -35 |
| سێیەم: ئاینی ئیسلام | 38 -37 |
| **باسی سێیەم/ ئەشکەنجە لە عێراقی کۆن و نوێدا** | 56 – 38 |
| یەکەم: ئەشکەنجە لە عێراقی کۆندا | 39 |
| دووەم: ئەشکەنجە لە مەملەکەتی ئەشنونا | 39 |
| سێیەم: ئەشکەنجە لەڕێساکانی ئۆرکاجینا | 40 -39 |
| چوارەم: ئەشکەنجە لەڕێساکانی حامورابی | 40 |
| پێنجەم: ئەشکەنجە لە عێراقی هاوچەرخدا | 50 -40 |
| شەشەم: ئەشکەنجەدان لەزیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا | **56 -50** |
| **باسی چوارەم/ ئەشکەنجە لەسەرەمی هاوچەرخدا** | 65 -56 |
| یەکەم: شێوازەکانی ئەشکەنجەی سەردەم | 58 -56 |
| دووەم: پەرەسەندنی شێوازەکانی ئەشکەنجە | 63 -58 |
| سێیەم: ڕێگاکانی ئەشکەنجەی سەردەم | 65 -63 |
| **بەشی سێیەم/ ڕەنگدانەوە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجە** | 97 -66 |
| **باسی یەکەم/ ڕەنگدانەوە جەستەیی و سێکسیەکانی ئەشکەنجە** | 74 -67 |
| یەکەم: ڕەنگدانەوەی جەستەیی | 69 -67 |
| دووەم: ئەو شوێنەوارە جەستەییانەی ئەشکەنجە کە ڕاستەوخۆ دەردەکەون | 70 -69 |
| سێیەم: شوێنەوارە دوورمەوداکانی ئەشکەنجە لەسەر جەستەی ڕزگاربوان | 72 -70 |
| چوارەم: ڕەنگدانەوەی سێکسی | 74 -72 |
| **باسی دووەم/ ڕەنگدانەوە دەروونیەکانی ئەشکەنجە** | 83 -74 |
| یەکەم: تەنگژەی پاش زەبری دەروونی | 80 -77 |
| دووەم: خەمۆکی | 82 -80 |
| سێیەم: نەخۆشیە دەروونی_جەستەییەکان | 83 -82 |
| **باسی سێیەم/ ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە** | 97 -83 |
| یەکەم: چەند بابەتێک وەک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە | 88 -86 |
| دووەم: ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دوور مەودا لەسەر خێزانی قوربانی و کۆمەڵگە | 90 -88 |
| سێیەم: ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە | 94 -91 |
| **باسی چوارەم/ کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر** | 97 -94 |
| یەکەم: بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر | 95 -94 |
| دووەم: کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان | 97 -95 |

| | |
|---|---|
| **دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی** | 154 -98 |
| **بەشی چوارەم/ ڕێکارو هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە** | 112 -99 |
| **باسی یەکەم/ ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە** | 106 -100 |
| یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە | 100 |
| دووەم: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە و خەسڵەتەکانی نمونەکە | 106 -100 |
| **باسی دووەم/ هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە** | **112 - 107** |
| یەکەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | 107 |
| دووەم: ڕاستگۆیی و جێگیری | 112 -108 |
| سێیەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان | 112 |
| **بەشی پێنجەم/ خستنە ڕووی ئەنجامە مەیدانیەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان** | 154 -113 |
| **باسی یەکەم/ ئەنجامە مەیدانیە بەدەستهاتووەکان** | 135 -114 |
| یەکەم: ئەنجامی پێوەری پێوانەکردنی توندی ئەشکەنجە | 122 -114 |
| دووەم: ئەنجامی پێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەلایەتیەکانی ئەشکەنجە | 135 -122 |
| **باسی دووەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکان** | 150 -136 |
| یەکەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان | 149 -136 |
| دووەم: پەیوەندی نێوان ئەشکەنجە و ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە | 150 -149 |
| **باسی سێیەم/ دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان** | 154 -151 |
| یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 152 -151 |
| دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیارەکان | 154 -153 |
| لیستی سەرچاوەکان | 167 -155 |
| پاشکۆکان | 195 -168 |
| ملخص رسالة باللغة العربية | أ- ب |
| Abstract | A-B |

## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە لەکاتی زیندانیکردن و لەئێستادا | 101 |
| 2 | ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکە | 101 |
| 3 | باری کۆمەڵایەتی زیندانیان و ئەندامانی نمونەکە | 102 |
| 4 | پیشەو کاری ئەندامانی نمونەکە | 103 |
| 5 | شوێنی زیندانیکردنی ئەندامانی نمونەکە | 104 |
| 6 |ساڵەکانی یەکەم زیندانیکردن وئازادبوونی نمونەکە | 105 |
| 7 | ساڵەکانی دووەم زیندانیکردنەوەی ئەندامانی نمونەکە | 105 |
| 8 | ساڵەکانی سێهەم زیندانیکردنەوەی ئەندامانی نمونەکە | 106 |
| 9 | ماوەی زیندانیکردنی ئەندامانی نمونەکە | 106 |
| 10 | ڕاستگۆیی بۆ پێوەری پێوانەکردنی توندی ئەشکەنجە | 108 |
| 11 | ڕاستگۆیی بۆ پیوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە | 109 |
| 12 | ئاستی جێگیری پێوەرەکان | 112 |
| 13 | بەهای ناوەندە ژمێرەیی بۆ پێوەری توندی ئەشکەنجە | 116 -115 |
| 14 | جۆرەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی لای ئەندامانی نمونەکە | 118 |
| 15 | جۆرەکانی ئەشکەنجەی دەروونی لای ئەندامانی نمونەکە | 122 |
| 16 | شوێنەوارە جەستەییەکانی ئەشکەنجە | 124 |
| 17 | شوێنەوارە سێکسیەکانی ئەشکەنجە | 126 |
| 18 | ڕەنگدانەوە دەروونیەکانی ئەشکەنجە | 129 |
| 19 | ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە | 135 |
| 20 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم | 136 |
| 21 | خستنە روی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی دووەم. | 137 |
| 22 | تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ گۆڕاوی ئەشکەنجە وتەمەن. | 139 -138 |
| 23 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی سێیەم. | 140 |
| 24 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی چوارەم. | 141 |
| 25 | تاقیکردنەوەی (LSD)بۆ گۆڕاوی ئەشکەنجە وباری کۆمەڵایەتی. | 143 -142 |
| 26 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی پێنجەم | 144 |
| 27 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی شەشەم. | 145 |
| 28 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی حەوتەم. | 146 |
| 29 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی هەشتەم | 147 |
| 30 | خستنە ڕووی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی گریمانەی نۆیەم. | 148 |
| 31 | ڕونکردنەوەی ئاستەکان و هێزی پەیوەندی | 149 |
| 32 | پەیوەندی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە بە پێی هاوپەیوەندی پێرسۆن. | 150 |

| ژمارە | ناونیشانی هێڵکاری | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | هێڵکاری ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە | 97 |


# پێرستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | ناوی هەڵسەنگێنەرانی هەردوو پێوەری وێژینەوەکە. | 169 |
| 2 | پێوەری توێژینەوەکە پێش هەڵسەنگاندن لەلایەن پسپۆرانەوە. | 170 -176 |
| 3 | پێوەری توێژینەوەکە پاش هەڵسەنگاندن لەلایەن پسپۆرانەوە. | 177 -184 |
| 4 | ڕاستگۆیی ناوەرۆک بەپێی هاوکێشەی لوشی. | 185 -194 |
| 5 | بەهای (ف) خشتەیی بۆ ئاستی بەڵگەداری (0.05). | 195 |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ئەشکەنجە، بابەتێکی فراوانی توێژینەوەکردنە، بۆ کایەکانی کۆمەڵناسی ودەروونناسی وخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وتاوانناسی ویاسا ومافەکانی مرۆڤ، بەو بەڵگەیەی کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە ورەگ وریشەیەکی لەمێژینەی هەیە وبەدرێژایی چاخەکانی مێژوو بەردەوامبووە وەهەتا مرۆڤایەتیش بمێنێت ئەم دیاردەیەش بەردەوام دەبێت. ڕژێمی بەعسیش بەرهەڵستکارانی خۆی بەشێوەیەکی نامرۆییانە سەرکوت کردووە و ئەشکەنجەش ئامرازێک بووە بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی وجێبەجێکردنی پیلانەکانی، لەو پێناوەشدا بەشێوەیەکی ورد وڕێکخراو کوردو شیعەی کردبووە ئامانج وئەشکەنجەی‌داون، ساڵانی هەشتاکانیش کورد لەوپەڕی چالاکی وبەرەنگاربوونەوەدا بووە، واتە بارتەقای ئەو زوڵم وتوندوتیژییەی ڕژێمی بەعس، کوردیش بەرگری لەخۆی کردووە.

ئەشکەنجەدان بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتیەکان تاوانە، قەدەغەیە، ولە هیچ بارودۆخێکدا بیانووی بۆ ناهێنرێتەوە، ئەم یاسایانەش بەبێ جیاوازی بەسەر هەموو دەوڵەتان وتاکێکی کۆمەڵگەکاندا جێبەجێ دەبێت، جا ئەو دەوڵەتە پەیماننامە وڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجەی ئیمزا کردبێت یان نا. پەنا بردنەبەر ئەشکەنجەدان بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەتاوان دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

هەر لەم ساتەدا هەزارەها مرۆڤ لە جیهاندا ڕووبەڕوی ئەشکەنجە و توندوتیژی و مامەڵەی نامرۆڤانە دەبنەوە، هەزارەها لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەش قوتار دەبن لە یاسا، بەبێ ئەوەی سزا بدرێن.

ئەشکەنجە جیاوازە لەسزای یاسایی، چونکە سزادان ودەستبەسەرکردن لەلایەن دەسەلاتی دادوەرییەوە فەرمانی دەردەکرێت، یان بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لێی چاکسازی کردن وگۆڕینی ڕەفتاری کەسی سزادراوە بۆ ڕەفتارێکی شیاو لەڕووی کۆمەڵایەتی ویاساییەوە، لەکۆتاییشدا تێکەڵکردنەوەیەتی بەکۆمەڵگە بەو مەرجەی لەزیندانێکدا بێت کە بۆچاکسازی شیاوبێت، نەک بەتەنیا سزایی بێت، ئەگەر کەسێکیش سزا بدرێت ئەوە لەبەرامبەردا تاوانێکی ئەنجامداوە. بەڵام ئامانجی ئەشکەنجە جیاوازە ومەبەست لێی کوشتنێکی لەسەرخۆی زیندانیەکەیە، لەڕووی جەستەیی ودەروونی وکۆمەڵایەتیەوە نەک چاکسازی، جگەلەوەی لایەنی ئەشکەنجەدەر دەیانەوێت بگەن بەزانیاری، بەڵکو سەرکوتکردنی دەنگی ناڕازی خەفەکردنی ئۆپۆزسیۆنیش ئامانجیەتی، لەڕێگەی لایەنی یاسایی وفەرمی وەک دەزگاکانی پۆلیس وئاسایش، لەکۆتاییشدا مەبەست لەئەشکەنجە وبەکارهێنانی بۆ ئەوکەسانەیە کەلەسەرداواکردنی مافەکانیان یان چالاکی سیاسیان یان بەرهەڵستکاریی زیندانی دەکرێن وئازار دەدرێن لەڕووی جەستەیی، یان دەروونیەوە.

زیندانیانی سیاسی دەستە وتوێژیکی کۆمەلایەتی فەرامۆشکراون، کۆمەڵگا لەئاست ئازارو ناڵاندنەکانیان هاوسۆزی نییە، حکومەتیش لەو تاڵی وسوێریانەی زیندانیان نەگەیشتووە کە چەشتوویانە، لەبەرئەوە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە تایبەت بێت بەشەهیدانی زیندوو پێویست بوو، وە خستنە ڕووی ئازارو ناڵاندنەکانیان، بەشێوەیەکی وردتر وتایبەت باس لە دەرەنجام ورەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە بکات.

توێژینەوە ونووسین لەسەر لایەن وکردارەجۆراوجۆر ودژە مرۆییەکانی ڕژێمی بەعس کارێکی ئاسان نییە بۆ کەسیک کە شاهێدی زوڵم وزۆری ڕژێمێک بێت دژ بەگەلەکەی، تەنانەت خانەوادەکەشی، گرنگە بە ئاگاییەکی زۆرەوە کار لەسەر توێژینەوەکە کرابێت، توێژەرهیوادارە ئەو ڕاستیە تاڵە توێژەری پەلکێشی لادان ولایەنگیری نەکردبێت، بەڵکو زیاتر هاندەربووبێت تا هاوسەنگی وبێلایەنیش بپاریزێت.

ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی هەوڵێکی زانستی وپراکتیکی بواری توێژینەوەی دەروونی وکۆمەلایەتیە، دەمێکە بیر لەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تایبەت کراوەتەوە لەسەر زیندانیانی سیاسی، بەتایبەتی کە توێژەر هەشت ساڵە لەدەزگای ژیان بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرکەوتن وکارلێکی هەیە لەگەڵ قوربانیانی زیندانەکانی ڕژێمی بەعس وتەنانەت زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان وزیندانەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش.

لەکۆتایشدا بەرپرسیاریتی تاک بەتاکی کۆمەڵگەیە، بێنە دەنگ لەکاتێکدا ئەگەر ئەشکەنجەدران، یان زانیارییان هەبوو لەسەر ئەنجامدانی ئەشکەنجە، لەبەرئەوەی بێدەنگی هانی زیاتری ئەشکەنجەدەران دەدات بۆبەردەوام بوون لەسەر ئەشکەنجەدان، ئیمامی عەلی دەفەرموێت: **"کاتێک خاوەن مافەکان بێدەنگ دەبن لەناحەقی، مافخۆرەکان پێیان وایە ئەوان لەسەر حەقن"**(online). چیتر ئەو پەندە کوردییە لەبواری ئەشکەنجەداندا نابێت کاری پێبکرێت کە دەڵێت: **"بێدەنگی ئاڵتوونە"** هەروەها ڕزگارکەری بیری ئەمریکا مارتن لۆسەر کینگ دەڵێت: **"تەنها لەسەرئەو قسانە لێپرسینەوەت لێناکرێت کە دەیانڵێیت، بەڵکو لەسەر ئەوانەش لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت، کە دەبوو بیڵێیت و نەتوتوون"** (online).

ئەرکی سەرشانی هەمووانە بەتایبەتی خێزانی قوربانیەکان هاوکاری کەسانی قوربانی بکەن وپاڵپشتیە خێزانی کۆمەلایەتیەکانیان لەپێشووتر زیاتربکەن، چونکە تا پاڵپشتی خێزانی وکۆمەلایەتی زیاتر بێت کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئەشکەنجە کەمتر دەردەکەوێت لەسەر قوربانیان وەبەپێچەوانەوە، هەتا پاڵپشتی خێزان کەم بێت، ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە زیاتر دەردەکەوێت.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم: سنوورەکانی توێژینەوەکە

## باسی دووەم/ ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: ڕەنگدانەوەی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە

دووەم: ئەشکەنجە

سێیەم: زیندانی سیاسی

## باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم: توێژینەوەی کوردی

دووەم: توێژینەوە عەرەبیەکان

سێیەم: توێژینەوە بیانیەکان

چوارەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی یەکەم : ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

یەکەم هەنگاو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بریتیە لە پرسێک یان بابەتێک کە شایانی توێژینەوە بێت وسوودی کرداری بۆ کۆمەڵگا و بواری زانستی هەبێت و زیادەیەک بخاتە سەر هەوڵە زانستیەکانی پێشوو، لەهەمانکاتدا ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ توێژەرانی دواتر کە ببێتە هاندەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ( **حافظ، 2012 :7**).

کێشەی توێژینەوە گوزارشت کردنە لەوپرسیارانەی کە لە بیری توێژەردا دروست دەبێت، یاخود هەستکردن بەبوونی تێکچونێک یاخود کەموکورتی یان لاوازی یاخود نادیاری لە لایەنێکی دیاریکراودا کە توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لەسەر بکات (**ئەبراش،2013 :351_352**)، بێگومان هەرکێشەیەک لایەنی زۆرو جیاوازی هەیە، کە چارەسەرکردنیان لە ڕێگەی تەنها توێژینەوەیەکەوە ئەستەمە، بەڵکو چارەسەرکردنی سەرجەم لایەنەکانی پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زۆر هەیە (**عمر، 2011 :32**).

بەو پێیەی ئەشکەنجەدان هێمایە بۆ توندوتیژی و ئازارگەیاندن بەکەسانێک لەزینداندا، کە جێکەوتەو ڕەنگدانەوەی نەرێنی جێدەهێڵێت لەسەر ئەشکەنجەدراو، ئەشکەنجە پرۆسەیەکە مەرج نییە لێکەوتەو کاریگەرییەکانی لەهەمان کاتدا دەربکەوێت، بەتایبەت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی کە تەنها کاریگەری و جێکەوتەکەی بۆ کەسی ئەشکەنجەدراو نەبێت. لە ئەنجامی تێبینی توێژەرەوە لەکاتی کارکردنی لەگەڵ زیندانیانی سیاسیدا، درک بەوەکراوە کە کێشەیەک تایبەت بەزیندانیان هەیە، کە بەهۆی ئەشکەنجەوە لای خۆیان و خێزانەکانیان دروستبووە، واتە کێشەیەک هەیە شایانی توێژینەوە بێت. پاڵپشت بە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو کە لە وڵاتانی بیانی ئەنجام دراوە، پشتڕاستی ئەوەیان کردۆتەوە کە ئەشکەنجە بابەتێکە شیاوی ئەوەیە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. وەکو ئەنجامی ئەم توێژینەوانە: توێژینەوەی( **أبو هین، 1991**) گەیشتووە بەم ئەنجامانە نیشانەکانی پارانۆیا و دابڕانی کۆمەڵایەتی لای ئەو زیندانیە ئازادانەی، کە پێشتر دووچاری ئەشکەنجە بوون، هەروەها نیشانەکانی نەخۆشی سایکۆسۆماتی وکێشەی نەگونجانی هاوسەری و کێشەی پەیوەستبوونیان بە ژیانی سێکسیەوە هەبووە، هەروەها توێژینەوەی (**سارانتیدیس، 1996**) دەریخستووە کە لە ئەنجامی زیندانیکردن و ئەشکەنجەداندا، نیشانەکانی شڵەژانی تۆقین و وەسواسی قەهری و خەمۆکی و ئالودەبوون بەمادەی هۆشبەر دەرکەوتووە.

بەپێی زانیاری توێژەر نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ئەشکەنجە و ڕەنگدانەوەکانی لە هەرێمی کوردستان هاندەرێکی توێژەر بووە بۆ بیرکردنەوە لە بابەتی ئەم توێژینەوەیە و هەوڵێک بێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زانستی.

بەپێی ئەو زانیاری و ژمارانەی توێژەر لە کۆمەڵە و کۆمکارو لایەنە سیاسەیەکانی وەرگرتووە ژمارەی زیندانیانی سیاسی لە ناو شاری سلێمانیدا بریتیە لە ( 1150) کەس کە لەنێوان سالأنی(1980_1990)- زیندانیکراون، بەشێوەیەکی وردتر توێژینەوەکە لەهەوڵی سوود گەیاندندایە بە نزیکەی (5000)کەس بەگشتی و سەرجەم کۆمەڵگا.

ئەم توێژینەوەیە لە کێشەگەلێک دەکۆڵێتەوە کە ساڵانێک بەسەر ڕوودانی کاری ئەشکەنجەی زیندانیاندا تێپەڕیوە و تەنانەت ڕژێمەکەشی بوونی نەماوە، بەڵام هاوکات زیندانیکردن لەسەر بیروبۆچوونی تایبەت و کەسیی بەردەوامەو جێگەی زمانی گفتوگۆی داگیرکردووە، واتە تا ئێستاش و لەم کاتەدا کەسانێک هەن دەناڵێنن بەدەست ئازارو ناڕەحەتییەکانی زیندانەوە.

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە چڕکردنەوەی بابەتەکە لە پرسیارێکی کورتدا کە پێی دەڵێن پرسیاری توێژینەوە (Research Question)کە پرسیاری سەرەکی توێژەرە و خولیای دۆزینەوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە(**شوانی، 2015 :202**). پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەش خۆی لەم پرسیارە سادەیەدا دەبینێتەوە.

**ئەشکەنجە کە بەرامبەر زیندانە سیاسیەکان ئەنجامدراوە چ ڕەنگدانەوەو جێکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی جێدەهێڵێت؟**

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەنی بوونێکی سروشتی و فیزییکە، ئەم بوونە فیزیکیەش دابەشدەبێت بۆ دوو بەشی تەواوکەری یەکتر و پێکهێنەری مرۆڤ، ئەوانیش هەردوو لایەنی بایۆلۆجی و سایکۆلۆژییە، لایەنی بایلۆجی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەردەوام ڕووداو و دەرکەوتەکانی جیهانی واقیعی بە پرۆسەی وێنەکردن بۆ ناو هزرو مێشک بەشێوەیەکی خودکار دەگوازێتەوە، بەڵام لایەنی سایکۆلۆژی لە جیهانی ناوەکی مرۆڤ خۆیەوە ئاماژەکان دێنێتە ناو هزرو زەین و لەکۆمەڵە وێنەیەکی زەییندا بەرجەستەیان دەکات و بەمەش کاریگەری لەسەر لایەنی بایلۆجی مرۆڤ دادەنێت و دۆخی پێدەدات(**مستەفا، 2010 :387**).

هەروەها فەیلەسوفی فەرەنسی(لاڤیلێ 1883_1951) ژیانی مرۆیی دەکات بەدوو بەشەوە: دەرەکی و ناوەکی بەجۆرێک بەیەکەوە پەیوەستن و تەواوکەری یەکترن، خۆ ئەگەر یەکێکیان جیابکەینەوە لەوی تر، ئەوسا ژیانی مرۆیی نامێنێت(**ئیبراهیم، 2013 :33**).

کەواتە هاوسەنگی (جەستەیی، دەروونی، شکۆمەندی، ڕێز، ئازادی) ئەو مافانەن کە هەموو مرۆڤەکان دەبێت هەیانبێت لەبەر ساناترین هۆکار، کە ئەویش لەسۆنگەی مرۆڤ بوونییەوەیەتی، ئەمەش بەیەکسانی بەسەر هەموو خەڵکدا جێبەجێدەبێت بەبێ جیاوازی ڕەچاوکردنی هەر خەسڵەتێک (ڕەگەز، تەمەن، ئاین،....هتد) کە جیاوازی بخاتە نێوانیانەوە .

گرنگترین پرەنسیپی سەرەکی مافی ئازادی ئەوەیە، کە نابێت ئەو ئازادییە بەشێوەیەکی ڕەها و بێ سنوور بێت. واتە ئازادی تا ئەو سنوورە ڕێگەپێدراوە کە نەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادی کەسانی تر. ئەگەر هەر کەسێک ئازادی ڕەهای هەبێت ئەوا ئازادی گشتی بەرتەسک دەبێتەوەء لەئەنجامدا کۆمەڵگە ڕوو بەڕووی ناسەقامگیریی ناجێگیری دەبێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەرەڕای پێویستی بۆ فەراهەمکردنی ئازادی تاکەکەسی، دەبێت ئەو ئازادییانە سنوورداربکرێت، تاکو ئازادی کەسانی تری ناو کۆمەڵگە پێشێل نەکات(**کرامپتۆن، 2014 :9**).

ئەگەر کەسێک زیندانی بکرێت هەموو شکۆ و ئازادی لەژێر هەڕەشەدا دەبێت، بەم جۆرەش هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی نامێنێت و لە ئەنجامدا بارودۆخی کۆمەڵایەتیشی گۆڕانکاری نەرێنی بەسەردا دێت، کە ئەمیان زیاتر دوای ڕووداوەکان دەبێت، ڕژێمی بەعسیش دەستی نەپاراستووە لە وێرانکردنی دەروونی تاک و کۆمەڵگا، خراپترین جۆرەکانی ئەشکەنجەی بە بێبەزەییترین شێوە ئازارو ئەشکەنجەی نەیارەکانی داوە، تەنها لەبەر بوونی نارەزاییەک لە ڕژێمەکەی یان بوونی جیاوازی نەتەوەیی و جوگرافی و تەنانەت بیروبۆچوونیش.

ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بێبەش نییە لە فشاری دەروونی، جا بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوە بێت یان گۆڕانکاریە خێراکانی بواری تەکنەلۆژیا و بارودۆخی سیاسی و جەنگی دژی تیرۆرەوە بێت، بۆ کەسێک سەختە خۆگونجاندن و هەڵکردن لەگەڵیدا کە ئاسایی بێت و هیچ ئەزموونێکی ئەشکەنجەو زیندانی نەبینیبێت(**Johnson & Chronister, 2010: 265**).

سەختترو دژوارتر دەردەکەوێت لەسەر کەسێتی ودۆخی دەروونی وکۆمەڵایەتی کەسانێک ئەزموونی ناخۆش و پڕئەشکەنجەی زیندان و کاری نامرۆڤانەی ڕژێمی بەعسی دیبێت خۆگونجاندن دوو هێندە سەخت دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر لەپێناو دروستکردنی ڕۆژێکی پڕ ئاشتی و ئارامیدا خەباتیان کردبێت و ڕەنگە ئێستاش ئەم دۆخە لەئاست چاوەڕوانییەکانی ئەواندا نەبووبێت و تارادەیەک خرابنە لاوە وپەراوێز خرابن.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە لەسەر ئاستی کوردستان و تەنانەت عێراقیش توێژینەوەیەک لەسەر زیندانیانی سیاسی ئەنجام نەدراوە بەپێی زانیاری توێژەر لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، دەکرێت ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرەتایەک وریچکەشکێنی بۆ توێژەرانی دواتر کە لەم بابەتەو کاریگەرییەکانی لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە بکۆڵنەوە، توێژینەوەکە لەبوارێکی گرنگی هاوبەش لەنێوان کۆمەڵناسی

ودەروونناسیدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیە، دانانی پلانی خۆپاریزی و ڕێنمایی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و لەکۆتایشدا ڕێگەچارە بەمەبەستی کەمکردنەوەی توندی ئەشکەنجەو کاریگەرییەکانی لەسەر زیندانیانی سیاسی. هەروەها ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی کارلەسەر بابەتێک دەکات، کە پرۆژەیەکی نوێیە لەسەر دەرخستنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو زیندانیانە، بۆ بەرچاوی بەرپرسان و لایەنی پەیوەندی دار بەکاروباری زیندانیانەوە.

لەبوارە پراکتیکیەکەدا دەکرێت ببێتە ڕێبەرێک بۆ ناساندنی ئەشکەنجە وهۆشیارکردنەوەی زیندانیانی سیاسی بەتایبەت و خەڵک بەگشتی، هەروەها وەک یەکێک لەئەرکە بنەماییەکانی توێژینەوە وزانست دەکرێت بونیادی بڕیاری لەسەر بینا بکرێت و بەشێوەیەکی ڕێژەیی پێشبینی ئەوە بکرێت کە هەرکەسێک لەم گەردونە بەپرۆسەی ئەشکەنجەداندا تێپەڕێت تارادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانیان وەک یەک دەبێت یان نزیک دەبێت.

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی توێژینەوە بەشێوەی گشتی دادەنرێن و هەوڵدەدرێت لە پرۆژەی توێژینەوەکەدا بەدی بهێنرێن، یاخود سنووردارترو وردتر دەکرێنەوە و مەبەستە تایبەتەکانی توێژینەوەکە دیاری دەکەن کە بریتیە لە:

1- دەرخستنی ئاستی ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی سیاسی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

2- زانینی جۆری ئەشکەنجەی پراکتیزەکراو لەڕووی:

**(أ. جەستەیی، ب. دەروونی، ج. کۆمەڵایەتی).**

3- دەرخستنی جیاوازی ئاماری ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجە بەپێی گۆڕاوەکانی:

**أ. چەندبارە زیندانیکردنەوە، ب. تەمەن، ج. ئاستی خوێندەواری، د. باری کۆمەڵایەتی، ە. ماوەی مانەوە، و. پیشە).**

4- زانینی ڕەنگدانەوە دوور مەوداکانی ئەشکەنجە لەلای زیندانیانی سیاسی وپەیوەندییان بەنەخۆشیە جەستەیی ودەروونیە درێژخایەنەکانەوە.

## چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:

گریمانەکان هیچ نین جگە لە خەمڵاندن یاخود پێشبینی یاخود دەرەنجام، کە توێژەر بەکاری دەهێنێت بەشێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوە، گریمانەکان وەک ڕێبەرێک وایە بۆ توێژەر، هەندێک لە نووسەران وای دەبینن گریمانە جگە لە گوزارشتێکی ڕووت(مجرد) هیچی تر نییە، کە هیچ خەسڵەتیکی ڕاستی یان ناڕاستی هەڵناگرێت، بەڵکو خاڵی

دەست پێکردنە بۆ گەیشتن بە ئەنجام، لەوکاتەدا توێژەر دەتوانێت گریمانەکە وەربگرێت یاخود ڕەتی بکاتەوە(**جیدیر، بدون سنە :37**).

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو چەندبارە زیندانیکردنەوەی زیندانیە سیاسیەکاندا.

**گریمانەی دووەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو تەمەنی زیندانیە سیاسەکان.

**گریمانەی سێیەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو ئاستی خوێندەواری زیندانیە سیاسیەکان.

**گریمانەی چوارەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو باری کۆمەڵایەتی زیندانیە سیاسیەکاندا.

**گریمانەی پێنجەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو ماوەی مانەوەی زیندانی سیاسیدا.

**گریمانەی شەشەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو پیشەی زیندانی سیاسیدا.

**گریمانەی حەوتەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو جۆری ئەشکەنجەی پراکتیزەکراو لەلای زیندانیە سیاسیەکان.

**گریمانەی هەشتەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو ئەشکەنجەی جەستەیی پراکتیزەکراو لەلای زیندانیە سیاسیەکان.

**گریمانەی نۆیەم:** جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو ئەشکەنجەی دەروونی پراکتیزەکراو لەلای زیندانیە سیاسیەکان.

### پێنجەم: سنورەکانی توێژینەوە:

أ. **سنووری مرۆیی:** بریتیە لە زیندانییە سیاسیە ئازادکراوەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەوانەی لە ساڵانی(1980_1990) دەستگیرکراون .

ب. **سنووری جوگرافی:** سەنتەری شاری سلێمانی.

ت. **سنووری کاتی:** لە (2016/7/10) بۆ (2016/10/30).

## باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان:

چەمک یەکێکە لە گرنگترین هێماکانی زمان، وە بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەستە بەبەکارهێنانی توێژینەوەوە، چەمک داتاشراوە، یان هێمایەکە بۆ وێناکردنی بابەتێک یاخود یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەو بابەتە، یان دیاردەیەکی ڕەفتاریی دیاریکراو (**فرانکفورت، ناشیمیاز،**

هەواڵنامەی کتێب

(2004 :39). یـــان مەبەست لەئەو وشەو گوزارشتە نارِوونانەن کە بەزیاتر لە مانایەک لێکدەدرێنەوە بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان، چونکە لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا زاراوەکان زیاتر لە چەند مانایەکیان هەیە (**الواصل**، 1999 :25).

**یەکەم: ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی (الانعكاسات الاجتماعية)**

**ڕەنگدانەوە:** بریتیە لە وێنەدانەوە، تیشکدانەوە، شەوقدانەوە، پەرچدانەوە، وەڵامدانەوە، یان دەرەنجام و ئاکام و لێکەوتە بۆ کردە، پرۆسە، مامەڵەو هەڵسوکەوت، هەلوێست، ڕووداو، وتووێژ، بڕیار، یاخود سیاسەتێک(Yip, 2006, 779)

أ. ڕەنگدانەوەی جەستەیی ئەشکەنجە: کاردانەوەی جەستەیی دەرکەوتووە، چ لەکاتی ئەشکەنجەداندا بێت یان دوای ماوەیەک لە ئەشکەنجە بێت، زۆربەی کات دەبێتە هۆکاری نەخۆشی درێژخایەن و بەردەوام بۆ کەسی زیندانیکراو(**الجمعية من أجل ضحايا القمع في المنفى**، 2016 :23).

ب. ڕەنگدانەوەی دەروونی ئەشکەنجە: کۆمەڵێک دەرئەنجامی دەروونیە لەئەنجامی ئەشکەنجەی دەروونی یان ئەشکەنجەی جەستەییەوە دەردەکەوێت، کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستی دەروونی و تێکچوونی هاوسەنگی و دروستکردنی ئاستەنگی لە تێپەڕاندنی قۆناغی زیندانیکردن، هەروەها دەبێتە هۆی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و قبوڵ نەکردنی کەسانی ترو شەرەنگێزی و دوورەپەرێزی لای زیندانیان(**السعد**، 2006: 11).

ت. **ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە:** کۆمەڵێک دەرکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی یە لە ئەنجامی توندوتیژییەوە یان لە ئەنجامی ئەشکەنجەوە دەردەکەوێت و بەردەوام دەبێت لەلای ئەو کەسانەی ئەشکەنجە دراون، بەڵام دەبێت بەلای کەمەوە ساڵێک بەسەر ئەو ئەشکەنجەدانەدا تێپەڕ بێت(**زقوت، ابودقه، السراج**، 2010 :12).

بۆ باشتر تێگەیشتن لە چەمکی (ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان)ی هەر بابەتێک پێویستە چەند خاڵێک لەبەرچاو بگرین:

1- مەرج نییە لە هەریەکێک لەوبارانەی سەرەوە تەنیا ئاکامێک یان ئەنجامێک بکەوێتەوە، بەڵکو بەزۆری لە هەریەکێک لەوبارانە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە.

2- دەکرێت لەسەرهەڵدانی هەر ئاکامێکدا زیاتر لە فاکتەرێک ئامادە بێت، یان فاکتەری دیکە لە پاڵ فاکتەری سەرەکیدا ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە دەرکەوتنی ڕەنگدانەوەکەدا هەبێت.

3- مەرج نییە هەموو ڕەنگدانەوەیەک لە هەمان ماوەدا یاخود لەدوای کۆتایهاتنی ئەو دۆخەی ئاکامەکەی لێکەوتۆتەوە دەرکەوێت، دەشێت هەندێک لێکەوتە لەسەرەتای دۆخەکەدا و هەندێکیان لەگەڵ کۆتایهاتنی و هەندێکیان تارادەیەک درەنگتر سەرهەڵدەن. واتە مەرج نییە هەموو ئەو ڕەنگدانەوانەی لە بارودۆخێک دەکەونەوە هاوکات وپێکەوە بن.

هەولێرنامەی کتێب

4- ئەو ڕەنگدانەوانەی لە دۆخێک دەکەونەوە مەرج نییە هەموویان و هەموو کات نێگەتیڤ بن، یان هەموویان پۆزەتیڤ بن، دەشێت زۆربەیان نێگەتیڤ بن و هەندێکیان پۆزەتیڤ بن، هەروەها بە پێچەوانەوە.

5- ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان لە هەریەکە لەم بوارانەشدا (کولتوری، دانیشتوانی، پەروەردەیی، تەندروستی، ئابووری، دەروونی) جێگەی دەبێتەوە لە کۆمەڵناسیدا، واتە ڕەنگدانەوە کولتوری و پەروەردەیی و.....یەکان بە ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان لەقەڵەم دەدەین.

6- ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتیانەوە پشت بە کۆمەڵێک فاکتەری وەک شوێن، کات، باری کۆمەڵایەتی، دەبەستن (**محەمەد، 2004 :33_34**).

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە پێشتر لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ دەستکەوتوون و ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، کەواتە هەر دیاردەو ڕوداوێک بەسەر خودی مرۆڤدا بێت، ئەگەر وەک دیاردەو ڕوداوی کۆمەڵایەتی لێی نەڕوانین ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە. دیاردەکان هەرچەندە ئەرێنی بن ئەوەندەش کاریگەری و ڕەهەند و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لێدەکەوێتەوە لەژیانی تاک و کۆمەڵدا، وە بەپێچەوانەشەوە.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا باس لە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە دەکات، ئەشکەنجەش دیاردەیەکە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی دروستبوونی مرۆڤەوە، مرۆڤ لەدژی مرۆڤی برای پیادەی دەکات، لەهەمان کاتدا ئەشکەنجە پرۆسەیەکە ڕەهەندی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە.

ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجەش مەرج نییە تەنها لەکاتی ئەنجامدانی ئەشکەنجەداندا لەسەر کەسی قوربانی دەربکەوێت، ئەگەر ڕەنگدانەوە جەستەییەکان لەوکاتەدا لەشێوەی ئازاردا خۆی نیشان بدەن، ئەوا لەدور مەودادا ڕەنگە پەککەوتنی ئەندامێکی جەستەی قوربانیەکەی لێبکەوێتەوە، یان ڕەنگدانەوەی دەروونی لای تاکی قوربانی بریتی بێت لە ترس و تۆقینێکی زۆر لە کاتی ئەشکەنجەداندا، ئەوا لەداهاتوودا پەلدەکێشێت بۆ نەخۆشی دەروونی درێژخایەن و لای هەندێک قوربانی دەگۆڕێت بۆ تێکچوونی کەسایەتی و بەدرێژایی ژیانی کەسی قوربانی پێوەی دەناڵێنێت، ئەمەبەپێی ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی پێشتر کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون و لە بەشەکانی تردا دەخرێتە ڕوو، هەرچی سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیە ئەگەر لەکاتی ئەشکەنجەو دەستگیرکردندا بریتی بێت لە دابڕان و نەمانی پەیوەندی بە کەسوکارییەوە و بەتایبەت خێزانەکەی، ئەوا لەداهاتوودا لای زۆرێک لە قوربانیان هەمان شێوازی توندوتیژی کەبەرامبەر خودی قوربانیەکە کراوە، جارێکی تر بەرامبەر ئەندامانی تری خێزانەکەی ئەنجامی دەداتەوە، واتە کەسی قوربانی بەبێ ئاگا لەڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیەوە هەمان توندوتیژی دەگوازێتەوە لەئەنجامدا زیاتر لە کەسانێک تووشی دۆخی ناهەمواری کۆمەڵایەتی دەکات، گرفتی گونجاندنی خێزانی و دورە پەرێزی لەکەس وکارو هەندێک جار پەنابردنە بەر مادەی هۆشبەری لێدەکەوێتەوە.

**پێناسەی ڕێککاری بۆ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە:** کۆمەڵێک دەرەنجام ودەرکەوتەی جەستەیی ودەروونی وکۆمەڵایەتیە، لەئەنجامی ئەشکەنجەوە دەردەکەوێت و بەردەوام دەبێت لای ئەو کەسانەی ئەشکەنجەدراون، دەرکەوتەکانیش بەپێی کات و توندی و میتۆدی ئەشکەنجە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەکان نەرینی دەبن، چونکە لە بنەمادا کرداری ئەشکەنجەکە نەرینیەو ئەشکەنجە دراوان لەدۆخێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی نائاسایی.

## دووەم: ئەشکەنجە (التعذیب): Torture

1. هەر کارێک کە ببێتە هۆی ئازار، ئازاری جەستەیی یاخود دەروونی بێت، بەمەبەستی گەیشتن بە زانیاری یان دانپێدانانی ئەو کەسە یان کەسی سێهەم، یاخود سزادانی لەسەر ئەنجامدان یان گومانکردن لە کارێک کە ئەو کەسە یان کەسی سێهەم کردبێتی، یاخود هەر کام لەوانەی سەرەوە بەرامبەر بە کەسێک ئەنجام بدرێت، کە لەسەر بنەمای جیاکاری بێت. **(ماددەی یەکەم، برگەی یەکەم، لە ڕێکەوتننامەی ڕێگرتن لە ئەشکەنجە، 1984).**

2. **پێناسەی (فین سۆمینێر)**

ئەشکەنجە پرۆسەیەکی داینامیکیە کە بە دەستگیرکردن دەست پێدەکات و زنجیرەیەک ڕووداوی بەزەبر بەشداردەبێت، کە لەوانەیە لەکات و شوێنی جیاوازدا ڕوو بدات، وە کۆتایی بە ئازادکردن یاخود مردنی قوربانییەکە بێت(Somnier, 2007:57).

3. **پێناسەی (ئێلین گێرتی)**

وەسفکردنی بارودۆخی ئازارێکی بەهێزو نالاندن، لەزینداندا کە بەکەسێک بگەیەنرێت، زیاتر ، سەرەڕای هەمەجۆرییەکەی لە ڕواڵەتە کولتورییەکەیدا، سەخت و ئیهانەکردنە بە مرۆڤ، لەگەڵ ئەگەری دروستبوونی چەندین نەهامەتی بەدرێژایی ژیانی( Gerrity and Others, 2001:7).

4. **پێناسەی ڕیکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی)**

بریتیە لە گەیاندنی ئازاری جەستەیی و دەروونی بەمەبەست، یاخود ڕێکخراو، یاخود بەکرێگرتەیی لەڕێگای کەسێک یاخود زیاتر کە بەتەنها کاردەکات، یاخود لەسەر بنەمای فەرمانی هەردەسەلاتێک بێت، بەمەبەستی ناچارکردنی کەسێکی تر بۆ پێدانی زانیاری یاخود بۆ هەرمەبەستێکی تر بێت، ئەم کردارەش دەپێورێت بە پێوەری توندی ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی(Amnesty International, 1995 :13).

5. **لە یاسای دادگای باڵای تاوانی عێراقی ژمارە(10) بۆ ساڵی 2005، لەمادەی (12)، برگە (2هـ)دا پێناسەی ئەشکەنجە بەمجۆرەیە :**

ئەشکەنجە واتە گەیاندنی ئازاری بەهێزو ناڵاندن بە ئەنقەست، ئەگەر جەستەیی یاخود هزری بێت بۆ کەسێک کەدەستبەسەر بێت، یاخود لەژێر دەسەڵاتی تاوانبارێکدا بێت، واتە ئەشکەنجە ئەو ئازارو ناڵاندنانە ناگرێتەوە کە لە ئەنجامی سزا یاساییەکان یاخود ئەوانەی پەیوەندیان بەوەوە هەیە ڕوودەدات.

## ث. پێناسەی ڕێککاری بۆ ئەشکەنجە:

پرۆسەیەکی هەڕەمەکی یان بەرنامە بۆداڕێژراوە ڕژێمی بەعس بەکاری هێناوەو کەسێک یاخود چەند کەسێک ئەنجامیانداوە، ئامانج لێی تێکشاندنی جەستەو بیرو دەروونی کەسەکەیە (زیندانیە سیاسیەکە)، بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە نەیارەکان، ودەستکەوتنی زانیارییە، یان بۆ سەرکوتکردن و کپکردنەوەی دەنگە نارازییەکانی دژی دەسەڵاتە.

## سێیەم :زیندانی سیاسی (السجين السياسي) Political prisoners

1 **بەپێی مادەی (5) یاسای دامەزراوەی زیندانییە سیاسیەکان** " ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت بەسەر زیندانی کراو و دەستبەسەری سیاسی عیراقی دا لەسایەی ڕژێمی بەعسدا. مەبەست لە مانا بەکارهاتووەکانی ئەم یاسایە: یەکەم: زیندانی کراوی سیاسی: هەرکەسێک کە زیندانی کرابێت بەهۆی دژایەتی کردنی ڕژێمی بەعس لە بیروڕا یاخود پەیوەستی سیاسی یان هاوسۆزی بۆ ئۆپۆزسیۆن یاخود یارمەتیدانیان. دووەم: دەستبەسەری سیاسی : هەرکەسێک کە دەستبەسەر کرابێت بەهەمان ئەو هۆکارانەی کە لە پێناسەی زیندانی کراوی سیاسیدا ئاماژەی پێدراوە) **الجمعية السجناء السياسيون.**

2 **فەرهەنگی ڕامیاری (نیگا):** ئەوکەسەیە بەهۆی دەربڕینی بیروڕا یان پەرەپێدانی بیروباوەڕێک دژ بەسیستەمی دەسەڵاتدار، یان چالاکیکردن لە گروپ و ڕێکخراوێکی دژ بە ڕژێمی دەسەڵاتدار، بڕیاری زیندانی کردنی دەدرێت **(وەڵەدبەگی، 2005: 243).**

3 **زیندانیانی سیاسی:** ئەو کەسانەن زیندانی دەکرێن بەهۆی بیروڕای سیاسیان کە دژی دەسەڵاتی حاکم بێت لەوڵاتەکەیاندا **(السعد، 2006: 5).**

4 **پێناسەی ڕێککاری بۆ زیندانی سیاسی:**

هەرکەسێکە بەهۆی جیاوازی بیروڕای سیاسی دەستگیرکرابێت، لەئەنجامی بەرەنگاری و بەرگریکردنی نەتەوایەتی دژی ڕژێمی بەعس خەباتی کردبێت و ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بوویێتەوە، بەمەبەستی وازهێنان لەو بیروباوەڕە سیاسیەی یان پاشەکشەکردن لەو مافانەی خەباتی بۆ کردووە.

## باسی سێیەم توێژینەوەکانی پێشوو:

لەم چەند ساڵەی دوایدا ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە لەوڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایی کراوە لە بارەی ئەشکەنجەو کاریگەرییەکانی لەسەر ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەشکەنجەوە دوچاری زەبربوون بەشێوەیەکی گشتی، وەکو ڕزگاربوانی ئەشکەنجە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان

توێژینەوە لەم بوارەدا زۆرکەمە سەبارەت بە ئەشکەنجە بەپێی زانیارییەکانی توێژەر، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا دوچاری ئەشکەنجە بوونەتەوە.

## یەکەم: توێژینەوەیکوردی

### 1. توێژینەوەی (سیروان 2016) بەناونیشانی:

**ئاستەکانی ئەشکەنجە وپەیوەندی بەتەندروستی دەروونیەوە لەلای ئاوارەکانی ناوچەی شەنگال(108، 2016:---)1.**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە دەرخستنی ئاستەکانی ئەشکەنجە لای ئاوارەکانی ناوچەی شەنگال وپەیوەندی بەتەندرووستی دەرونی ئاوارەکانەوە، هەروەها دەرخستنی ئاستەکانی ئەشکەنجە وزانینی دۆخی تەندروستی ئاوارەکانی ناوچەی شەنگال بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر، مێ).

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕێبازی وەسفی شیکاری و پێوەری(SCL90)ی تەندروستی دەرونی بەکارهێناوە، کە لەساڵی 1992 لەلایەن (أبوهین) لە فەلەستین بۆیەکەمجار بەکاری هێناوە وهەروەها پێوەری ئاستەکانی ئەشکەنجەی بەکارهێناوە، کەوا لەلایەن زانکۆی هارڤارد دروستکراوە.

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە(150) ئاوارەی شەنگال کە بەشیوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون لە ڕەگەزی نێرومێ و سەڵت وخێزاندار کە ڕێژەی(21.99%) کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتووە.

لەگرنگترین ئەنجامەکانیش بریتین لە: ئاوارەکانی شەنگال ڕوبەڕوی چەندین جۆری جیاوازی ئەشکەنجە بونەتەوە، نمونەی توێژینەوەکە نمرەی پێویستیان نیيە لەتەندروستی دەرونی، و جیاوازی ئاماری نییە لە جۆرو ئاستەکانی ئەشکەنجە بەپێی گۆڕاوی (نێر، مێ) لەلای نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها جیاوازی ئاماری نییە لە نمرەکانی تەندروستی دەروونیدا بەپێی گۆڕاوی (نێر، مێ).

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە(تاقیکردنەوەی(ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ یەک نمونە، هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ، هاوکێشەی پێرسۆن).

## دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان:

### 1. توێژینەوەی (سراج 1990)بەناونیشانی:

---

1- (108) ژمارەی ئەم توێژینەوەیەیە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکان و لەبەشی نامە زانکۆییەکان نووسراوە، (2016) ئەو ساڵەیە کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدراوە و(--- ) هێمایە بۆ لاپەڕەکانی ئەو توێژینەوەیە، لەبەرئەوەی لەچەندین لاپەڕەیەک وەرگیراوە نەنوسراوە، هەروەها بەهەمان شێوە بۆ سەرجەم توێژینەوەکانی تریش هەمان شێواز بەکار هێنراوە.

هەولێرنامەی کتێب

**ئەزموونی دیلە فەلەستینیەکان لە زیندانەکانی ئیسرائیل و پەیوەندی بە ئەشکەنجەو دروستی دەرونیەوە(116، 1990:---).**

ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی کاریگەرییەکانی ئەشکەنجەیە لەسەر تەندروستی دەرونی لای دیلە فەلەستینیەکان، و دەرخستنی ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی ئەشکەنجەوە دەردەکەوێت.

نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (477) دیلی ئازادکراوی کەرتی غەزە، توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ (50) دیلی ئازادکراو لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی کلینیکیەوە کردوە، وە داوای کردوە باس لە شێوازەکانی چەشتن و ئەشکەنجە بکەن، کە لەماوەی دیلی و لێکۆڵینەوەدا دووچاری بوون.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە، کە شیوازی ئەشکەنجەی جەستەیی بەکارهاتووە: (لێدان، خستنە شوێنی زۆر سارد (ثلاجة)، خستنە شوێنی زۆرگەرم(فرن)، بەپێوە وەستان بۆ ماوەی زۆر، لێدان بەکێبڵ، پەستان خستنە سەر بینەقاقا، ڕشتنی غاز، تێبڕین لەکۆم و ئەندامی زاوزێ، پەستان خستنە سەر گونەکان، بەکارهێنانی تەزووی کارەبا).

هەروەها دەریخستووە شێوازی ئەشکەنجەی دەرونی بەکارهاتووە: (سوکایەتی زارەکی، تۆمەتبارکردنی ناڕاست یان درۆ، هەڕەشەکردن، گاڵتەپێکردن، تف کردن لە دەم و چاو، هەڕەشەکردن بە خزم و کەس، هەڕەشەکردن بە دەستدرێژی کردنە سەر ئەندامێکی خێزانەکەی، ناچارکردنی بەدیل گیراو بۆ بینینی ئەشکەنجەی کەسانی تر، بێبەشکردن لە ئاو و خەوتن و خواردن، دووچارکردن بە ژاوەژاوی زۆر).

جگە لەوە خێزانی بەدیل گیراوەکانیش لەلایەن سەربازانی ئیسرائیلیەوە دووچاری خراپ مامەڵە کردن بوون، هەروەها هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکانیان ئەشکەنجە دراون لەبەردەم بەدیل گیراوەکاندا، وە هەندێک لە بەدیل گیراوەکان هەڕەشەی دەستدرێژی کردن بۆسەر هاوسەرو دایکیان لێکراوە، هەندێکی تر لە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەندامانی خێزانەکانیان لێیان دراوە و هەندێکیشیان کەلوپەلیان شکێنراوە لەکاتی دەستگیرکردنیاندا.

ئەنجامی ئاماری دەریخستووە کە (41%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دوچاری ئاستەنگی بوون لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی خێزانەکانیان لەدوای ڕزگارکردنیان،(44.7%) دووچاری ئاستەنگی بوون لە هاوکاری و یەکگرتنیان (اندماج) لەگەڵ خێزانەکانیان،(20.1%) کێشەیان هەبووە لە سێکسدا لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، (76.5%) ئاستەنگی و تەنگوچەڵەمەی ئابووریان هەبووە.

**2. توێژینەوەی (أبوهین1991) بەناونیشانی:**

**تەندروستی دەرونی لەلای زیندانیە سیاسیەکانی کەرتی غەزە(110، 1991:---).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەشکەنجە و دروستی دەرونی لای زیندانیەکانی کەرتی غەزە، توێژینەوەکە لەسەر نمونەیەک لەو زیندانیانەی کە ئازادکراون

ئەنجامدراوە، دوای ئەوەی ماوەی زیندانیکردنیان بەسەر بردووە لە زیندانەکانی ئیسرائیلدا، نمونەی توێژینەوەکە (127) زیندانین کە تەمەنیان لە نێوان (19-40)ساڵدا بووە و ماوەی زیندانیکردنیان لە نێوان دوو بۆ حەوت ساڵدا بووە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵکراوە لە ناو زیندانی ئیسرائیلیدا، هەروەها ماوەی ئازادبوونیان لە شەش مانگ کەمتر بووە، توێژینەوەکە گەیشتووە بەم ئەنجامانەی خوارەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی لیستی پێداچوونەوەی نیشانەکان (SCL90).

بوونی نیشانەکانی پارانۆیا لای (46%)ی زیندانیە ئازادەکان، کە پێشتر دوچاری ئەشکەنجە بوون، بوونی نیشانەکانی سایکۆسۆماتی لەلای (23%)ی زیندانیە ئازادکراوەکان، (24%)ی زیندانیە ئازادەکان دابڕانی کۆمەڵایەتی و حەزنەکردن بە تێکەڵبوونی خەڵکیان هەبووە، (41%)ی زیندانیانی ئازادبوو کێشەی نەگونجانی هاوسەری و کێشەی پەیوەستبوونیان بە ژیانی سێکسیەوە هەبووە، لەبەرئەوەی زۆربەیان فشاری جەستەیی و فشار لەسەر ئەندامی زاوزێیان کراوە وەک یەکێک لە شوێنەوارەکانی دەرهێنانی زانیاری.

### 3. توێژینەوەی (سراج و ئەوانی تر 1996) بەناونیشانی:

### نیشانەکانی تێکچوونی دەرونی لە ئەنجامی ئەشکەنجەوە لای دیلە فەلەستینیەکان(117، 1996:---).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە پەیوەندی نێوان سروشت و توندی ئەشکەنجە و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانەکانی تێکچوون، سامپڵی توێژینەوەکە (457) دیلی ئازادکراوی کەرتی غەزەیە، وە ئەو کەسانەی دووچاری تەنگژەی پاش زەبری دەرونی بوون، وەهیچ هاوکارییەکی چارەسەری دەروونیان وەرنەگرتووە لە دوای دەرچونیان لە دیلی، پێوەری تەنگژەی پاش زەبری دەرونی و لیستی پێداچونەوەی نیشانەکان بەکارهاتووە وەک ئامرازی توێژینەوەکە، ئەنجامەکان دەرکەوتووە کە زۆربەی دیلەکان دوچاری ئەشکەنجەی جەستەیی و کیمیایی و کارەبایی و خراپ مامەڵەکردنی دەرونی و بێبەشبوونی هەستی بوون، کە ئەمەش بۆتە هۆی نیشانەکانی بیرکەوتنەوەی ڕووداوی بەزەبر لەگەڵ کشانەوە و نەمانی هەست و بەئاگابوونی بەردەوام، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە (30%)ی ئەندامانی نمونەکە دووچاری تەنگژەی پاش زەبری دەرونی بوون (PTSD).

### 4. توێژینەوەی (قوتە و ئەوانی تر 1997) بەناونیشانی:

### توێژینەوە لەسەر ئەزموونی زیندان و توانای ئارامگرتن لە نێوان زیندانیە ئازادکراوەکان(121، 1997:---).

ئامانج لە توێژینەوەکە وەسفی ئەزموونە جیاوازەکانی زیندان و پەیوەندی بە ئەزمون و گۆڕاوە دەروونیەکانەوە، نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (79) دیلی فەلەستینی ئازادکراو، چاوپێکەتنیان دەربارەی ئەزموونەکانیان لە دیلیدا، ڕێگاکانی خۆگونجاندن، سروشتی کەسێتی و

دروستی دەروونیان لەگەڵ کراوە، ناوەندی تەمەنیان (25.4) ساڵ بووەو (74.7%) لەکەمپدا و (25.3%) لەشاردا ژیاون.

ئامرازی توێژینەوە بریتیە لە ڕاپرسی لەسەر توانای ئارامگری لەنێوان دیلە ئازادکراوەکاندا کە لە (46) بڕگە پێکهاتووە، وەسفی ئاستی زانیاری و سۆزداری و ڕەفتاری دەکات وەک ستراتیژێک کە بەکارهاتووە بۆ ڕێککەوتن و ئارامگری لەکاتی بارودۆخی ئاستەنگدا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستوە کە حەوت جۆری ئەزموونی دیلی هەیە، تەنها یەک جۆر لەو ئەزموونانە هەستی نەرێنی یە، کە لەڕێگای ناڵاندن و بێهیوایی گوزارشتیان لێکردوە، هەروەها ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە پیاوانی گەورە وهاونیشتمانیان و ئەوانەی کە دوچاری ئەشکەنجەی قورس بوون ئەزموونی زیندانیان بە ناڵاندنێکی گەورەتر بینیوە وەک لە کەسانی تر.

## 5. توێژینەوەی (أبوطواحینە 1999) بە ناونیشانی:

**جێکەوتە دەرونیەکانی ئەشکەنجە- توێژینەوەیەکی ئەزموونیە بۆزیندانە سیاسیە فەلەستینیەکان کە دووچاری ئەشکەنجە بوون و ئەوانەی کەدووچاری ئەشکەنجە نەبوون لە زیندانی ئیسرائیلیەکاندا (109، 1999:---).**

ئامانجی توێژینەوە دەرخستنی شوێنەوارەکانی ئەشکەنجە بووە کە داگیرکەر ئەنجامی داوە، نمونەی توێژینەوەکە (100) دیلی فەلەستینی ئازادکراوە کە دووچاری ئەشکەنجە بوون و بەراوردکراون لەگەڵ دوو کۆمەڵەدا، ئەوانیش (150) دیلی فەلەستینی ئازادکراو کە دووچاری ئەشکەنجە نەبوون لەگەڵ (100) کەس لە گروپی کۆنترۆڵ، لەم توێژینەوەیەدا سێ پێوەر بەکارهاتووە ئەوانیش (پێوەری تەنگژەی پاش زەبری دەروونی و پێوەری لیستی پێداچوونەوەی نیشانەکان، پێوەری گونجاندنی کەسیی کۆمەڵایەتی)، ئەنجامەکانیش دەریانخستووە کە ڕێژەی (28%) لەوانەی کە ئەشکەنجەدراون دووچاری نەخۆشی دەرونی بوون وەک دڵەڕاوکێی دەرونی و خەمۆکی و گرفتی هۆشەنگی.

## 6. توێژینەوەی (الزیر 2001) بەناونیشانی:

**شوێنەوارە دوور مەوداکانی ئەشکەنجە لای ئازادکراوە فەلەستینیەکان و پەیوەندی بەهەندێ گۆڕاوەوە (115، 2001:---).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی شوێنەوارە دوور مەودا بەرهەم هاتووەکانی زیندان و ئەشکەنجە لای ئازاد کراوە فەلەستینیەکان لە کەرتی غەزە، ئەو کەسانەی کە دوچاری زیندان و ئەشکەنجە بوون لە ژێر دەستی لێکۆڵەرەوەکانی دەزگای ئاسایشی گشتی و سوپای بەرگری ئیسرائیلی، و پەیوەندی بە پشێوی کە لە ئەنجامی زەبری دەرونی و جەستەییەوە بەرهەم دێت، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژێردراوە کە پێکدێت لە (220) زیندانی ئازاد کراو لە ساڵانی (1994-1999) لەڕەگەزی نێر کە نوێنەرایەتی (15%)ی

کۆمەڵگەی بنەڕەتی کەرتی غەزە دەکەن، پێوەر  وەک ئامرازی سەرەکی توێژینەوە بەکارهاتووە کە پێکدێت لە:

- پێوەری توندی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونی.
- پێوەری کاریگەرییەکانی ڕووداو.
- پێوەری لیستی پێداچوونەوەی نیشانەکان SCL90.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دوچار بوون بە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونی و نەخۆشیە دەرونیەکان و شوێنەوارە دوور مەوداکانی کە لە ئەنجامی ئەشکەنجەوە درووست دەبن وەک (PTSD) تەنگژەی پاش زەبری دەرونی، هەروەها ئەنجامەکان دەریانخستووە کە زۆرترین ئەو نیشانانە، یاخود نەخۆشیانەی کە دەتوانرێت پێشبینی دەرکەوتنی بکرێت لە مەودایەکی دووردا لە ئەنجامی دووچار بوون بە ئەشکەنجەی جەستەیی بریتیە لە نیشانەو نەخۆشیە جەستەییەکان، هەروەها ئەشکەنجەی دەرونی پێشبینی دەکرێت کە هەمان نیشانە دەربخات، ئەنجامەکان دەریانخستووە کە دوای ماوەیەکی دوور نەخۆشی دەرونی و بەتایبەت (PTSD) بەرێژەی (35%) لەلای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەیە، هەروەها جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (PTSD) نیشانەدەروونیەکان، لەگەڵ تەمەنی دیل لەکاتی دەستگیرکردنی، ماوەی مانەوەی بەدیلی، ئاستی خوێندەواری لەلای دیل، باری کۆمەڵایەتی، تێپەڕبوونی کات بەسەر ئازادکردنیدا.

### 7. توێژینەوەی (الطلاع 2004) بەناونیشانی:

**گونجانی دەرونی وکۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە ئینتماوە لەلای دیلە ئازادکراوەکانی زیندانە ئیسرائیلیەکان، لەژێر ڕۆشنایی گۆڕاوەکانی شوێنی نیشتەجێبون و ئاستی خوێندەواری و ماوەی دەستگیرکردن و پیشە(119،2004:---).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی ئاستی گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕاوانەی ئاماژەی بۆ کراوە لە ناونیشانەکەدا، نمونەی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە (200) دیلی ئازادکراو و نمونەیەک لە (200) کەسی ئازاد کە بەدیل نەگیراون، لە توێژینەوەکەدا پێوەری گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی و پێوەری ئینتما بەکارهاتووە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە جیاوازی نییە لەگونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەلای دیلەکان و ئەوانەی کە بەدیل نەگیراون، لەکاتێکدا توێژینەوەکە دەریخستووە کە هەستی ئینتما لای دیلەکان زیاترە وەک لای ئازادەکان، هەروەها ئەو دیلانەی کە ماوەی زیاتر لە زیندانداماونەتەوە و ئەوانەی کە تەمەنیان گەورەتر بووە و ئاستی خوێندەوارییان بەرزتر بووە توانای گونجاندنی دەرونی و کۆمەڵایەتیان زیاتر بووە وەک لەوانەی دیل نەکراون لە ئاستی خوێندنیان کەمترەو تەمەنیان هاوتای دیلەکان نەبوون.

### 8. توێژینەوەی (زقوت و ئەوانی تر2010) بەناونیشانی:

**شوێنەوارە دەرونی و جەستەییە دوورمەوداکانی ئەشکەنجە لای دیلە فەلەستینیە ئازادکراوە مێینەکانی کەرتی غەزە(113، 2010:---).**

ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی شوێنەوارە دەرونی و دورمەوداکانی ئەشکەنجەیە لای دیلە ئازادکراوە مێینەکانی کەرتی غەزە و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوەوە، نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (48) دیلی ئازادکراوی مێ، لەکۆی (70) دیل، بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراون، توێژەرەکان چەند پێوەرێکیان بەکارهێناوە، لەوانیش پێوەری توندی ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی و پێوەری کاریگەری ڕووداو، پێوەری نەخۆشیە جەستەییەکان و پێوەری لیستی پێداچوونەوەی نیشانەکان (SCL90)، ئەویش بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە (%41.7) دیلەکان دەناڵێنن بەدەست تەنگژەی پاش زەبرەوە(PTSD) لێرەشدا پێوەری کاریگەری ڕووداو بەکارهاتووە بۆ پێوانی نیشانە هەنووکەییەکانی زەبر لەلای دیلەکان، بەوپێیەی کەکاریگەربوون بەزەبرە هەنووکەییەکان، بەتایبەتیش جەنگی سەر غەزە لەساڵی (2008-2009) هەروەها توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بەرزترین پلە بۆ نیشانەکانی سایکۆسۆماتی کە (%40.5)، وە بەدوایدا نیشانەکانی وەسواسی قەهری کە ڕێژەی (%33.5)ە، دواتر نیشانەکانی خەمۆکی (%33.3) و نیشانەکانی دڵەڕاوکێ (%31) و نیشانەکانی دوژمنکاری و گومانکردنی خەیاڵاوی بەڕێژەی (%29.4) و نیشانەکانی دڵەڕاوکێی ترس بە ڕێژەی (%27.7)و نیشانەکانی هەستیاری کارلێکی (%27.2)و نیشانە عەقڵیەکان (%18.8)، هەروەها توێژینەوەکە دەریخستووە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان دووچاربوون بە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونی و شوێنەوارە دوورمەوداکانی کە لە ئەنجامی ئەشکەنجەوەدروست دەبن، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی و ئەم گۆڕاوانەدا(نیشانە جەستەییەکان، دڵەڕاوکێ).

## سێیەم: توێژینەوە بیانییەکان:

### 1. توێژینەوەی (پۆناماکی1988) بەناونیشانی:

**ئەزموونی ئەشکەنجەو ڕێگاکانی خۆگونجاندن و ئاستی نیشانەکان لە نێوان زیندانیە سیاسیە فەلەستینیەکاندا(124، 1988:---).**

ئامانج لە توێژینەوەکە باسکردنی کردەوە دەروونیەکانە کە لە ئەنجامی ئەشکەنجەوە دەردەکەوێت لای هەندێک لە دیلە فەلەستینیەکان، وە توێژینەوەکە ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی هەڵسەنگاندووە کە ئەنجامدراوە لەکاتی لێکۆڵینەوە ودیلکردندا، هەروەها دیاریکردنی ڕێگاکانی ئارامگری کەدیلەکان لەپێناو پارێزگاری کردن لە شکۆی خۆیان لە بارودۆخی ئاڵۆزدا بەکاریان هێناوە، وە تێکچوونەکان بەهۆی ئەشکەنجەوە شیکراوەتەوە لەلای دیلەکان وئەو

هۆكارانەی پەیوەندیان بەئاستی نیشانەكانەوە هەیە، وەک تەمەنی دیل، دووچاربوون بە ئەشكەنجە، ڕێگاكانی ئارامگری.

ئەو گروپەی توێژینەوەكەی لەسەر كراوە لەڕوی نیشانەكانەوە بەراوردكراوە بەسێ گروپی تر ئەوانیش:

گروپی خوێندكاری فەلەستینی نێر.

گروپی خوێندكاری فەلەستینی مێ.

زیندانییە سیاسیەكان لە ئەمریكای باشوور.

توێژینەوەی پۆناماكی كە توێژینەوەیەكی پەیوەست بە دروستی دەرونی لای ژنان و منداڵانی فەلەستینی دادەنرێت كەلەژێرداگیركاری ئیسرائیلیدا بوون لەكەرتی غەزە. لەڕێی سەردانی ماڵەكانەوە ڕاپرسی كراوە لەگەڵ (40) دیلی فەلەستینی ئازاد و (91) خوێندكاری زانكۆ و(147) ژن كە دانیشتووی ناوچە داگیركراوەكان بوون، ئەمانە وەک گروپی بەراورد بەكارهێنراون، ناوەندی تەمەن لای دیلەكان (26) ساڵ بووە، شەشیان هاوسەرگیریان كردووە و چواریان منداڵیان هەبووە و زۆربەشیان كاتی زیندانیكردنیان تەمەنیان لە نێوان (17-20) بووە.

ئەنجامەكانی توێژینەوەكە ئەوە دەردەخەن، كە (100%)ی نمونەی توێژینەوەكە كەدیلەكان بوون دوچاری ئەشكەنجەی جەستەیی بوون، (78%) دوچاری ئەشكەنجە بە ئاوی ساردبوون لەكاتی لێكۆڵینەوەدا، (95%) یان بەتەواوی بێبەشكراون لەخواردن، و لە(78%)یان بێبەشكراون لە خواردنەوە، لەبارەی ئەشكەنجەی دەروونیەوە(5%) یان لە زیندانی تاكەكەسیدا بوون، (75%)ی نمونەكە دانپێدانانی ناڕاستیان ئاڕاستەكراوە، (80%)یان فریودراون بە پێشكەشكردنی بەرتیل بەمەبەستی دانپێدانان لەسەر هاوڕێكانیان، (80%)ی نمونەی توێژینەوەكە دوچاری پێداكێشانی ئەندامی زاوزێ بوون بەبەراوركردن لەنێوان دیلە فەلەستینیەكان و زیندانیەكانی ئەمریكای باشوور، ڕێژەی ئەشكەنجەی جەستەیی یەكسان بووە لەهەردوو كۆمەڵەكەدا، بەڵام بەكارهێنانی ئاوی سارد و هەراسانكردنی سێكسی و بێبەشكردن لە خواردن و خواردنەوە بەشێوەیەكی زیاتر لەگەڵ دیلە فەلەستینیەكان بەكارهاتووە، لەكاتێكدا ئەشكەنجە بەتەزووی كارەبا لەگەڵ زیندانیە ئەمریكیەكان زیاتر بەكار هاتووە.

### 2. توێژینەوەی (پاتریشیاو ئەوانی تر1991)بەناونیشانی:

### ئەنجامە دەرونی و جەستەییە دور مەوداكانی زیندانیەكانی ململانێی كۆری(125، 1991:---).

ئامانج لەتوێژینەوەكە وەسفی ئەنجامە دەرونی و سروشتیە دور مەوداكانی زیندانییەكانی كۆریە، كە گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەكانیان زیاتر لە (35) ساڵە، نمونەی توێژینەوەكە بریتیە لە (22) زیندانی جەنگی پێشوو، وە گروپێكی تر لە (22) جەنگاوەری كۆنی ڕزگاربوو لە زیندانی

(POW) له ململانێی کۆری، توێژەر چاوپێکەوتنی کلینیکی ئەنجامداوە کە لە ڕێگەیەوە هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ: توانای چارەسەرکردنی کێشە، تایبەتمەندییەکانی کەسێتی، بارودۆخی مەزاج، دەستنیشانکردنی پزیشکی دەرونی لەڕێگەی ئامێرێکەوە کە پێکهاتووە لە چەند هۆکارێکی پێوەری لەڕێگەی چاوپێکەوتنی کلینیکیەوە.
ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە سەرەڕای لێکچوونی مێژووی کۆن وتایبەتمەندییە کەسیەکان لەنێوان گروپەکاندا، جیاوازی لەشێوازی ژیانیان تایبەت بەکێشەکانی خۆگونجاندن و ناڵاندنەکانیان لەدەست فشاری جەستەیی، لێهاتووی لە هەڵسەنگاندنە عەقڵیەکاندا هەیە، هەروەها پێوەری تایبەتمەندییە کەسیەکان و دەستنیشانکردنە دەروونیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکە ئاماژەی بە بەردەوام بوونی نیشانە دەروونیەکان داوە لەلای زیندانیەکانی جەنگی کۆری کە بەهێزو درێژخایەنن، وە ئەم نیشانانە لە ئەنجامی دڕندەیی ململانێی کۆری یەوە بووە، سەرەڕای کێشەکانی بێتوانایی عەقڵی و ناڵاندن لەدەست نەخۆشی جەستەیی کە زۆر بڵاوبووە لە ناویاندا، هەندێک نیشانەی تریان تێدابووە وەکو گومان، ترس، دودڵی، دورەپەرێزی، لێکدابڕان، و شەڕەنگێزی.

### 3. توێژینەوەی (ڕامسی و ئەوانی تر 1993) بەناونیشانی:

### نەخۆشی دەرونی لای ڕزگاربوانی توندوتیژی ڕێکخراوی دەوڵەت لەنێویشیدا ئەشکەنجە(126، 1993:---).

ئامانج لەتوێژینەوەکە بریتی یە لە زانینی ئەو نەخۆشیە دەروونیانەی کە ڕزگاربووانی ئەشکەنجە پێوە دەناڵێنن وە توێژینەوەیەکە بۆ ڕووداوەکانی ڕابوردوو، کە تیایدا لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەنامەو دۆسیەی (100) کەسی باش بوو دوای ئەوەی کە دوچاری ئەشکەنجەو جۆری دیکەی ئەشکەنجەی ڕێکخراوبوون، دواتریش لێکدانەوەی ئەنجامەکانی ڕابوردوو، توێژینەوەکە ڕێگای لێکۆڵینەوەیی بەڵگەنامەی (100) کەسی لەڕزگاربووانی توندوتیژی ڕێکخراو بەکارهێناوە، کە ناوەندی تەمەنیان (31) ساڵ بووە و(78) پیاو و (22) ژن کەتەمەنیان لە نێوان (18-66) ساڵدا بووە، کە تیایاندا (29) کەس لە ئەفریقیا و (58) کەس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و(3) کەس لە سریلانکا و(4) کەس لە ئەفریقیای باشورو یەکێکیش لە ئەوروپا، سەرجەمیان سەردانی دامەزراوەی چارەسەری دەروونیان کردووە لە لەندەن، لە نێوان ساڵەکانی (1987-1989).

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە لە(68%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دوچاری جۆرێک یاخود زیاتری ئەشکەنجەی جەستەیی و خراپ مامەڵەکردنی دەرونی و هەڕەشە بوون، وەتیایدا ئەشکەنجەی جەستەیی وەک یەکێک لە دیارترین جۆرەکانی ئەشکەنجە دەرکەوتووە و کەتێیدا قاچی قوربانیە پیاوەکە بەرز دەکرێتەوە لەڕێی دارێک یاخود

کێبڵێکی کارەباییەوەو لە بنی پێی دەدرێت، کەئەمەش دەبێتە هۆی جێهێشتنی شوێنەواری بەهێزی ڕاستەوخۆ و شوێنەواری دوور مەودا کە ئازارێکی زۆر بەهێزەو ناتوانرێت چارەسەر بکرێت و کاریگەری دەخاتە سەر ڕۆیشتن، بێبەشکردن لەخواردن و خواردنەوە ڕێگایەکی تری ئەشکەنجە بووە، و ئەشکەنجە بە(شبح)2، ئەشکەنجەی سێکسی بەکارهاتووە دژی (17) پیاو و(6) ژنی ناو نمونەکە لەڕێگەی بریندارکردنی ناوچەی سێکسی ودەستدرێژی سێکسی(اغتصاب) هەروەها بردنە ناوەوەی بوتڵی شوشە بۆ ناو کۆم، بەڵام نیشانە دەروونیەکان کە لەئەنجامی ئەشکەنجەوە دوچاری بوون بەپێی کتێبی دەستنیشانکردنی ئاماریی نەخۆشیە دەروونیەکان_سێیەم(DSM-3)، (55) کەسیان خەمۆکی و (45) کەسیان تەنگژەی پاش زەبری دەرونی و (20) کەسیان هەردوو نەخۆشیەکەیان هەبووە، (29) کەسیان ناڵاندویانە بەدەست ئازاری جەستەیی و (14) کەسیان دەناڵێنن بەدەست هەستکردن بە خنکان و پێویست بوون بە هەواگۆڕین و دوانیان تێکچوونی ماسولکەکانیان هەبووە، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی ئاماری نییە لە نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافیەکاندا وەک ڕەگەزو تەمەن ورچەڵەک لە دەستنیشانکردنی خەمۆکی و تەنگژەی پاش زەبری دەرونی(PTSD)، وە پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لە نێوان دەستنیشانکردنی نەخۆشی و بوونی زەبر، هەروەها پەیوەندی لە نێوان ماوەی زیندانیکردن و ئەشکەنجەی سێکسی و تەنگژەی پاش زەبری دەرونی(PTSD) هەبووە.

**4. توێژینەوەی (باشگۆلۆ و ئەوانی تر1994) بەناونیشانی:**

**هۆکارە پەیوەندیدارەکان بە وەڵامدانەوەی زەبری دەرونی درێژخایەنەوە، لەلای ڕزگاربووانی ئەشکەنجە لە تورکیا(127، 1994:---).**

توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە، بەئامانج دەرخستنی کاریگەرییە دەروونیەکانی ئەشکەنجەو شوێنەوارە دورمەوداکانی، ئەم توێژینەوەیە، لە شاری ئەستەنبول لە تورکیا ئەنجامدراوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (55) چالاکوانی سیاسی تورک کە دوچاری ئەشکەنجە بوون، بە بەراوردکردن لەگەڵ (55) چالاکوانی سیاسی کە دوچاری ئەشکەنجە نەبوون، چاوپێکەوتنی کلینیکی ڕێکخراو و چاوپێکەوتنی کلینیکی نیمچە ڕێکخراو بۆ ئەشکەنجە، هەڵسەنگاندنی کەسی، هەڵسەنگاندن بۆ دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و تەنگژەی پاش زەبری دەرونی(PTSD)، لەهەردوو گروپەکەدا لەڕووی تەمەن و ڕەگەزو باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی چونیەک بوون.

---

2- شەبەح: زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ ژمارەیەکی هەمەجۆری بارودۆخی جەستەیی قورس، زیاتر بەکاردەهێنرێت لەشێوەی بەربەستێکی جەستەیی وەکو داپۆشینی سەرو خستنەبەر مۆسیقایەکی زۆر بەهێز، یاخود بەستنەوەی کەسێک بەکورسیەکی خولاوەی بچوکەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کەزۆربەی کات چەند ڕۆژێک دەخایەنێت، واتە لەیەک کاتدا دوچاربوونە بەچەندین بارودۆخی جەستەیی قورس و ئازاربەخش، کە ئازاری زۆر و فشارێکی توند دروستدەکات لەسەر ماسولکە و ئێسکەکان لای قوربانیەکە (**سلطان، 2000 : 22**).

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە ڕزگاربوان دوچاری (23) جۆری ئەشکەنجە بوون، ماوەی مانەوەیان لە زینداندا (47) مانگ بووە، ئەوانەی‌لە ئەشکەنجە ڕزگاریان بووە نیشانەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و تەنگژەی پاش زەبری دەروونیان بەشێوەیەکی دیار هەبووە، بەبەراوردکردن بەو کۆمەڵەی کە دوچاری ئەشکەنجە نەبوون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەنگژەی پاش زەبری دەرونی مام ناوەند بووە لەڕووی توندیەوە و نیشانەکانی تێکچوونی دەروونیان بەشێوەیەکی مام ناوند هەبووە.

### 5. توێژینەوەی (سندینگ 1995) بەناونیشانی:

### شوێنەوارە دواکەوتووەکانی ئەشکەنجە لەسەر لوت و قورگ و گوێ (128، 1995:---).

ئامانجە توێژینەوەکە دەرخستنی شوێنەوارە دواکەوتووەکانی ئەشکەنجەیە لەسەر لوت و قورگ وگوێ، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (63) کەسی ڕزگاربووی ئەشکەنجە کە ڕەوانەکراون بۆ بنکەی قوربانیانی ئەشکەنجە لە دانیمارک، زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتبوون، دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و ڕۆتینی لەڕێگەی پزیشکی گشتیەوە،نەخۆش ڕەوانە کراوە بۆلای پسپۆری لوت و قورگ و گوێ بۆ تۆمارکردنی نیشانەکان، پزیشکی گشتی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە وەک ئامرازیک کە پرسیار لە چارەسەرخوازانی بنکەی قوربانیانی ئەشکەنجەکراوە، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کە، (95%)ی ئەندامانی نمونەکە دوچاری لێدانی سەر و مل بوون، بەهەردوو دەست بەیەکەوە کێشراوە بە هەردوو گوێچکەیاندا، هەروەها لە(17%) ی ئەندامانی نمونەکە لە مل وسەریان دراوە کە بۆتە هۆی لەهۆش خۆچوون لای هەندێکیان، بەشێکیش لە ئەشکەنجە بریتی بووە لە لێدانی تەزووە کارەبا لە گوێچکەو نوقم کردنی سەر لە ئاوی پیسدا، وە هەندێکیان دوچاری قیژەی بەرز کراونەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گرنگی نەدراوە بە پاک و خاوێنی لوت و قورگ و گوێ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، لە(95%) یان دوچاری شوێنەوارە دواکەوتووەکانی ئەشکەنجە بوون لەسەر لوت و قورگ و گوێ، وە زۆرترین نیشانەیان زرنگاندنەوەی گوێچکە بووە و لە(75%) یان دوچاری لاوازی بیستن بوون و (46%) یان هەوا بەکەمی بە لووتیاندا دەڕوات و (41%)یشیان هەست بەگێژ بوون دەکەن.

### 6. توێژینەوەی (پایرت ڕیباسو 2008)بەناونیشانی:

### دەرەنجامە دوور مەوداکانی زیندان و ئەشکەنجە لەسەر زیندانیە سیاسیەکانی ئیستۆنیا(129، 2008:---).

ئامانج لەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەنجامە دوور مەوداکانی ئەشکەنجە لەسەردەمی داگیرکاری سۆڤیەت لە ئیستۆنیا، لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندن کراوە بۆ گۆڕاوە دەروونیەکانی (PTSD)، خەمۆکی بەهێز، سەرەڕای ئەنجامە ئەرێنیەکانی گەشەی دوای زەبر،

و هەڵسەنگاندنی هۆکارەکانی پەیوەست بە نیشانەکانی (PTSD) کە تایبەتمەندیە کەسییەکانیشی لەخۆ گرتووە، گۆڕاوەکانی پەیوەست بە دەستگیرکردن جا خودی بێت یان بابەتی، وە دوچاربوون بە ڕوداوی زەبراوی و لایەنە ژینگەییەکانی دوای زیندان ودەرخستنی ئاستی ڕەزامەندی لەسەر خزمەتگوزارییەکانی قەرەبووکردنەوە لە کۆماری ئیستۆنیا. نمونەی توێژینەوەکە کۆمەڵێک زیندانی سیاسی کۆنی لەخۆ گرتووە کە ژمارەیان (33) کەسە، ناوەندی تەمەنیان (78.5) ساڵ بووە، زیندانی کراون لەکاتی دووەم داگیرکردنی ئیستونیا لەلایەن سۆڤیەتەوە لەسالانی (1944-1991)، بەشداربووان هەڵبژێردراون لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە زیندانیە سیاسیە کۆنەکان، (PTSD)و خەمۆکی هەڵسەنگێراون لەڕێگەی چاوپێکەوتنی کلینیکی ڕێکخراو، پێوەری هەڵسەنگاندنی خودی بەکارهێنراوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی زەبراوی لەماوەی زیندانیدا، هەروەها دەرخستنی ئاستی تێکڕای ئەزموونە ئازاربەخشەکان، و پیوانەکردنی ڕەزامەندی لەخزمەتگوزارییەکانی قەرەبووکردنەوە و دەستنیشانکردنی گەشەی ئەرێنی پاش زەبر.

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا (PTSD)هەتاهەتایی دەستنیشانکراوە لەلای (9.4%)ی بەشداربوونی نمونەی توێژینەوەکە و (PTSD)ی هەنوکەیی لەلای (3.1%)، هەروەها خەمۆکی هەنوکەیی(9.4%)ی بەدەستهێناوە لای نمونەکە، بەهێزترین ئاماژەش بۆ نیشانەکانی هەنوکەیی و هەتا هەتایی بریتی یە لە هەڕەشە لەسەر ژیان لەماوەی زینداندا، هەروەها چەوساندنەوەش لەدوای ئازادکردنیان یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی (PTSD)، بەزیادبوونی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە و زیاتر دوبارەبونەوەی ڕوداوی زەبراوی هەروەها چالاکی سیاسی بەشداربووەکان پێش دەستگیرکردنیان، وە زیاتر دەرخستنی ڕووداوی زەبراوی بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی نیشانەکانی (PTSD)، داواکاری خزمەتگوزاریەکانی قەرەبوکردنەوە و گەشەی ئەرێنی پاش زەبری دەرونی لای نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدا بووە.

## <u>چوارەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو</u>:

1- وا دەرکەوتووە توێژینەوە لەبارەی ئەشکەنجەوە کارێکی زۆر سەخت ودژوارە، بەبەڵگەی ئەوەی زۆربەی توێژینەوەکان لەکەسێک و دووان زیاتر هەستاون پێی ئەویش لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی وردو بەبەرنامەیە بۆ تێکشکانی ویست و خواستی کەسەکان، ڕەنگە قوربانیەکان لەبەر سەختی و قەبارەی ئەشکەنجە نەیانتوانیبێت گوزارشت لە ئازارو ناڕەحەتییەکانیان بکەن و کەسێکیش وەک توێژەر نەیتوانیبێت هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو قوربانیانە تاوتوێ بکات، دەرکەوتووە، کە کارکردن لەسەر ئەشکەنجە لەسەرو توانای توێژەرێکەوەیە، و هەموو توێژینەوەکان قەبارەی ئەشکەنجەیان دەرخستووە، کە چ شوێنەوارێکی نێگەتیڤ بەجێ هێشتووە هەموو توێژینەوەکان گەورەیی قەبارەی ڕوخێنەری دەروونیان دەرخستووە، کە کاریگەرییە دوور مەوداکانی تا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە لای قوربانیەکان.

2- زۆربەی توێژینەوەکان جەختیان کردۆتەوە سەر شوێنەوارە و دوورمەوداکانی ئەشکەنجە لەڕوی جەستەیی و دەروونیەوە، لەکاتێکدا ئەشکەنجە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دور مەوداش جێدەهێڵێت،

که له توێژینەوەکەدا دەخرێتە ڕوو، بەواتایەکی تر لەلایەن توێژەرەکانەوە زۆرتر گرنگی بەلایەنی جەستەیی و دەرونی دراوە، ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵدایە بۆ تەواوکردنی هەوڵەکانی پێش خۆی.

3- ئامانجی هەموو توێژینەوەکان بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەشکەنجەو شوێنەوارە جەستەیی و دەروونیە دوور مەوداکانی، بەهەمان شێوە توێژەر هەوڵ دەدات بگات بەو ئەنجامانەو دەرەنجام و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی.

4- لەڕووی میتۆدەوە زۆربەی توێژینەوەکان پشتیان بە میتۆدیشیکاری وەسفی بەستووە، توێژینەوەیەک بە شیکاری ناوەڕۆک و چەند توێژینەوەیەکیش میتۆدی بەراوردکاریان لە توێژینەوەکانیاندا بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵدەدرێت بە میتۆدی شیکاری وەسفی کار بکرێت.

5- توێژەر سوودی زۆری لە توێژینەوەکان بینیوە ئەگەرچی لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەزموونی زیندانەوە بێت، هەروەها ئەو ڕێگایانە چیبوون کە گیراونەتەبەر بۆوەرگرتنی زانیاری لە قوربانیەکان، ماوەی مانەوەی زیندانیەکان لای زیندانیە بیانیەکان کەمتر بووە لە (10) ساڵ، بەڵام لای زیندانیە فەلەستینیەکان زیاتر لە (15) ساڵ و هەندێکیان نیوەی تەمەنیان لەزینداندا بردۆتە سەر و لە گۆڕانکارییە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان دابڕاون، و ڕەفتاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکان، کە هەر ئەم دابڕانەش هۆکاری سەرەکی ئاستەنگیان بووە لە خۆگونجاندنیان لای زیندانی و دیلە فەلەستینیەکان. ئەمەش دەکرێت سوودی لێببینرێت بۆ زانینی ماوەی مانەوەی زیندانیانی کورد و لە کۆتایدا بەشێوەی بەراورد بخرێتە ڕوو، بەمەبەستی دەرخستنی توندی و دەرخستنی دڕندەیی وشێوازەکانی ئەشکەنجە لای ڕژێمی بەعس.

6- ئامرازە بەکارهاتووەکانی ناو توێژینەوەکانی پێشوو هەمە جۆرن و بریتین لە فۆرمی ڕاپرسی و پێوەری زانستی و چاوپێکەوتنی کلینیکی و چاوپێکەوتنی ڕێکخراو ونیمچە ڕێکخراو، هەروەها بەڵگە و دۆکیومێنتە مێژوویەکان لە شیکاری ناوەڕکدا، ۆرک شۆپیش بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەشکەنجەوە وەک میتۆدی یەکێک لە توێژینەوەکان، توێژەر دەتوانێت سوود لە یەکێک و زیاتر لەو ئامرازانە وەربگرێت کە لە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەدا دەخرێتە ڕوو.

7- هەموو ئەو کەرەستە ئامارییانەش کە بەکارهێنراون بریتین لەم کەرەستانە کە زۆربەی توێژینەوەکان سیان یان چوار یان هەموویانی بەکارهێناوە، کەرەستەکانیش:

أ. ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری(المتوسط الحسابی و الأنحراف المعیاری).

ب. هاوپەیوەندی پێرسۆن(معامل الارتباط بیرسون).

ت. ئەنۆڤا (تحلیل التباین الاحادی) One Way ANOVAs.

ث. تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ(الاختبار التائي(T-test) لعینتین مستقلتین).

ج. تاقیکردنەوەی شیفیە(اختبار شیفیة للمقارنات البعدیة لتجانس التباین) Scheffe.

# بەشی دووەم/ مێژووی ئەشکەنجە

## باسی یەکەم/ ئەشکەنجە لەکۆمەڵگا دێرینەکاندا

یەکەم: میسرییەکان

دووەم: ئاسیاییەکان

سێیەم: یۆنان

چوارەم: ڕۆمان

## باسی دووەم/ ئەشکەنجە لە ئاینە ئاسمانیەکاندا

یەکەم: ئاینی جوو

دووەم: ئاینی مەسیحی

سێیەم: ئاینی ئیسلام

## باسی سێیەم/ ئەشکەنجە لە عێراقی کۆن و نوێدا

یەکەم: ئەشکەنجە لە عێراقی کۆندا

دووەم: ئەشکەنجە لە مەملەکەتی ئەشنونا

سێیەم: ئەشکەنجە لەڕێساکانی ئۆرکاجینا

چوارەم: ئەشکەنجە لەڕێساکانی حامورابی

پێنجەم: ئەشکەنجە لە عێراقی هاوچەرخدا

شەشەم: ئەشکەنجەدان لەزیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا

## باسی چوارەم/ ئەشکەنجە لەسەرەمی هاوچەرخدا

یەکەم: پەرەسەندنی شێوازەکانی ئەشکەنجە

دووەم: شێوازەکانی ئەشکەنجەی سەردەم

سێیەم: ڕێگاکانی ئەشکەنجەی سەردەم

# بەشی دووەم: مێژووی ئەشکەنجە

## دەستپێک

گومانی تێدانیە دیاردەکان مێژوویەکی دورو درێژیان هەیە و لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی بیری شارستانیەتەوە دیاردەی ئەشکەنجە بوونی هەبووە و تەنانەت ئایینە ئاسمانیەکانیش ئاماژەیان بۆ کردووە.

لەم بەشەدا مێژووی ئەشکەنجە بەپێی مێژووی هزری کۆمەڵایەتی لەیاسای کۆمەڵگە کۆنەکان و قەدەغەکردنی لەئایینەکاندا دەخرێتە ڕوو، هەروەها لەچاخی نوێدا چۆن لە ئەشکەنجەیان ڕوانیوە، جگە لە پێوەرەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ئەشکەنجە، بەمەبەستی جیاکردنەوەی لەجۆرەکانی تری مامەڵەی قەدەغەکراو و مامەڵەی نامرۆیی.

ئەشکەنجە بەقێزەونترین تاوان دادەنرێت بەرامبەر بەشکۆی مرۆڤ، ئەشکەنجە تەنها پەیوەست نییەبە سیستمێکی سیاسی دیاریکراو یاخود شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو، یان گروپێک لە مرۆڤ، دیاردەی ئەشکەنجە کۆنە و لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆییدا بوونی هەیە، لەم بەشەدا باس لە ئەشکەنجە لە یاسا وکۆمەڵگە دێرینەکان و دواتر ئەشکەنجە لە ئایینە ئاسمانیەکان، وئەشکەنجە لەعێراقی کۆن ونوێدا، هەروەها ئەشکەنجە لە چاخی نویدا دەکرێت.

## باسی یەکەم :ئەشکەنجە لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا:

لەم تەوەرەدا ئەشکەنجە لای میسریەکان، یۆنانیەکان ڕۆمانیەکان، ئەفریقیەکان،و ئاسیاییەکان دەخرێتەڕوو.

### یەکەم: میسریەکان:

ئەنجامدانی ئەشکەنجە لەشارستانی میسریدا بەوە دەناسرێتەوە کە زۆر چالاکتربووە لەهەر شوێنێکی تری ئەو سەردەمە، بەجۆرێک ئەشکەنجەو رق لێبوونەوە ڕێگەیەکی ئاسایی بووە بۆسەلماندنی ئیدانەکردن و جۆرێک لەجۆرەکانی سزا، سیستمی سەلماندن (اثبات) لای میسریە کۆنەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە ئەشکەنجە بەستووە، وە دانپیدانان لەکۆمەڵگەی میسری کۆندا سەرداری بەڵگەکان بووە، لەهەمانکاتیشدا دادگا لەوماوەیەدا ئەشکەنجەو ڕق لێبوونەوەی بەشێوازێکی یاسایی داناوە بۆ دەستکەوتنی دانپێدانان (**الحسن**، **2010: 13**).

لە میسری کۆن ئەشکەنجە وەک شێوازێکی لێکۆڵینەوە، زۆر بەدیاریکراوی لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە بەکارهاتووە لەکاتیکدا ئەگەر نەیانزانیایە ئایا گومان لێکراو تاوانبارە یان نا، ئەوا پرسیان بەخواوەند ئامون کردووە، دوای ئەوەی کە گومان لێکراویان خستۆتە بەردەم پەیکەری ئامۆن، سەرۆکی کاهینەکان بابەتەکەی بۆ ئامون گێراوەتەوە، ئامونیش یان سەر دەلەقێنێت

بەوەڵامدانەوە بەبەڵێ و نەخێر، یاخود دەستی دەجولێنێت بەرەو یەکێک لەو کتێبانەی کە لەبەردەمیدا ڕادەگیرێت، کە یەکێکیان بۆ تاوانبارکردنە و ئەوەی تریان بۆ بەرگری لێکردنە، ئەگەریش نەزانن تاونبار کێیە سەرجەم گومان لێکراوەکان دەخەنە بەردەم ئامون بۆ ئەوەی دەستنیشانی بکات، ئەگەر تاوانبار ڕەتی کردەوە کە تاوانباربێت و زۆر نکۆڵی کرد ئەوا دەبرێتەوە بۆ نێو زیندان و ئەشکەنجە دەدرێت تا ئەوکاتەی دان بە تاوانەکەیدا دەنێت (**رخا**، 1999 :263).

چەند نەخشێکی میسری کۆن دۆزراونەتەوە کە تیایدا هاتووە، گومان لێکراو پێویستە سوێند بخوات بە ئامون و مەلیک، کە ئەگەر درۆبکات ئەوا بدرێتە دەست پاسەوانی زیندان و ئەشکەنجە بدرێت، هەروەها زیندانیەکان بەزنجیر بەستراونەتەوە و قورساییان پیوە بەستراوەتەوە و ناچارکراون بە ئەنجامدانی کاری قورس و سەخت، لەئەنجامی مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەی بەهێز و کاری قورسەوە زیندانیکراوەکان مردنیان بەلاوە باشتر بووە وەک مانەوەیان لە زینداندا (**عبدالهادي**، 2009 :145).

هەروەها هەندێک لەهۆزە ئەفریقیەکان چەندشێوازێکی ئەشکەنجەی ئەفسانەییان بەکارهێناوە، وەک بەستنەوەی هەریەک لە شکاتکارو شکاتلێکراو، ئەگەر ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو بەجێیان دەهێڵن لەکەناری دەریا بۆ تیمساح، ئەگەر تیمساحەکە هاتەدەرەوە یەکێکیانی خوارد، ئەوا ئەوەی کەماوە بەبێ تاوان دادەنرێت و ئازاد دەکرێت، وڵاتەکانی سەر دەریای سپی ناوەڕاست ئەشکەنجەیان وەک سزایەک بەکارهێناوە، ئەویش لەڕێگەی سەپاندنی کاری قورس بەسەر تاوانباراندا و ناچارکردنیان بەکارکردن لە کەشتی جەنگیدا وەک سەوڵ لێدەر هەتا مردنیان (**رخا**، 1999 :278_279).

## دووەم: ئاسیاییەکان:

لەڕوسیا ئەشکەنجە لەژێر سایەی حوکمی قەیسەرەکاندا هەتا کۆتاییەکانی ساڵی 1847 بەکارهاتووە. وە لەناوچە چینیەکان کە بۆرماو ڤێتنام دەگرێتەوە وەک سزایەک بەکارهاتووە ئەویش لەڕێی جەڵد و پارچەپارچەکردنی تاوانبار بەهێواشی و پارچەکردنی بۆ پارچەی بچوک، هەروەها لە چین کە زیاتر لە دەهەزار کەسیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی شورای چین، چەندین داهێنانیان کردووەلە شێوازەکانی ئەشکەنجەدا بەشێوەیەک کە دەتوانرێت بەیەکەم دەوڵەت دادەنرێت لەم بوارەدا، لای ئەمان ئەشکەنجە زیاتر بۆ تاوانە ناسراوەکانی وەک دزی و پیاوکوشتن و خیانەتکردن لە دەوڵەت بەکارهاتووە، وە یاسایەکیان هەبووە کەکەسانی خوار تەمەن 15 ساڵ و سەرو 70 ساڵ ئەشکەنجە نادرێت، هەروەها کەسی کەمئەندام و نەخۆش لە ڕەگەزی نێر بێت یان ڕەگەزی مێ ئەشکەنجە نەدراوە، شێوازی نەرم ونیانیشیان بەکارهێناوە بۆ ئەشکەنجەدان ئەویش لەڕێگەی پیاکێشانی کەسەکە زۆر بەهێواشی و دواتریش زەردەخەنەی سارد بەرامبەری، کەئەمەش کەسەکەی تووشی هیستریا و تێکچوونی دەروونی کردووە و

شێوازێک بووە بۆ تووڕەکردنی ئەقڵی ناوەوە (العقل الباطن) وە کاریگەری زۆر بەرچاوی نەرێنی هەبووە لەسەر لایەنی دەروونی ئەشکەنجەدراو (**أبشع أساليب التعذيب online**).

لە شێوازە بەناوبانگەکانی ئەشکەنجە لەسەدەی حەڤدە ئەوەیە کە جەلادەکان خولی فێربوونی ئەشکەنجەیان بینیوە، لەسەر لێدان لەپارچەی لە هەویر دروستکراو تا بوونەتە شارەزا لە لێدان کە وایان لێهاتووە توانیویانە سەدان جەڵد لە قوربانی بدەن بێ ئەوەی بهێڵن خوێن لەجەستەی بێت، یاخود ئەگەر مەبەستی بوبێت تەنها بەچەند لیدانێک گۆشتی جەستەی قوربانیان لیکردۆتەوە (**رخا، 1999 :271**).

یابانییەکان کەسانی دڕندەو دڵڕەق بوون لە ئەشکەنجەداندا، لەسەردەمی کۆندا ئەشکەنجە بەکارهاتووە لە دژی چەند گروپێکی دیاریکراو کە ئەوانیش پیاوکوژو شایەتحاڵ و گومانلێکراو بوون، یاسای یابانی زۆر توند بووە لەسزادانی تاوانباردا، کە ئەشکەنجەیان داون بە لەخاچدان، لەسەر ئامێرێک لەشێوەی خاچدا، کە تاوانباریان پێوە بەستۆتەوە و دوایی ڕمیان گرتۆتە سەرجەم جەستەی، وەلەباری دزیکردندا گومانلێکراوەکانیان ناچارکردووە کە دەست بگرن بەئاسنی سورەوەکراوەوە بۆ جیاکردنەوەی تاوانبارو بێتاوان، ئەویش دەبوو بزانن ئایا دەستی کامیان سووتاوە (**ریبال online**).

ئەشکەنجە لە هیندستان بەکارهاتووە، بەڵام بەشێوازێکی زۆر قێزەوون، ئەمان زیاتر ئەشکەنجەی دەروونیان بەکارهێناوەو کەشوهەوایان بەکارهێناوە بۆ تەواوکردنی مەراسیمی ئەشکەنجە، و هیچ جیاوازییەکیان نەکردووە لەنێوان منداڵ و گەورەو ژن وپیاودا، هەروەک ئەو ژمارە زۆرەی مێروو کە هەیانبووە لە ئەشکەنجەدا بەکاریان هێناوە، وەک بەستنەوەی زیندانیەکان بەدرەختێکەوە هەنگوینیان هەڵسووە لە دەموچاویان و هەنگیان تێبەرداون تا مردن، یاخود پێوەدەریان تێبەرداون وەک مارودوپشک، وە ئەو ئەشکەنجەیەی کە چێژی پێبەخشیون بریتی بووە لە پاڵخستنی زیندانی و بەستنەوەی پەلەکانی دوورلەیەکتر فیلێکیان هێناوە کەبەسەریدا هاتوچۆی کردووە (**رخا، 1999 :280**).

## سێیەم: یۆنانییەکان:

بارودۆخی یۆنانیش باشتر نەبووە لە وڵاتانی تر، ئەشکەنجەیان بەکارهێناوە وەک ڕێگایەک بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ کۆیلەدا، ئەرستۆ وای بینیوە کە ئەشکەنجە باشترین ڕێگایە بۆ دەستکەوتنی دانپێداناني تاوانبار (**سليمان، 2004 :12**)، هەروەک ئیغریقیەکان چاویان لە ڕۆمانەکان کردوە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئەشکەنجەدا وەک گرنگترین هۆکارێک بۆ لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی دانپێداناني تاوانبار (**سليمان، 2004 :14**).

لەسەردەمی یۆناندا ئەشکەنجە چەندین شێوازی جۆراوجۆری هەبووە وەک ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی، لەو کاتەدا ئەشکەنجە ڕێگەپێدراو بووەو لە 3000 ساڵ پێشترەوە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە دەستووری یاسایی ئەو دەوڵەتانە، وە دەبینین کە ئەشکەنجەیان

پیادەکردووە لەسەر کۆیلە و ڕەتیان کردۆتەوە کە بەکاری بهێنن دژی ئازاد کراو وهاوڵاتیان، ئەوەی کە ئازاربەخش بووە ئەوەیە کە ئەشکەنجەی هەر کەسێکیان دابێت بەشێوەیەکی ئاشکراو لەبەر چاوی خەڵک ئەنجامیانداوە بۆئەوەی ببن بە پەند بۆ ئەوانی تر، بەڵام ئەمە هەندێک جار بووە بەهۆی زیاتر بوونی دەمارگیری و گێرەشێوێنی ئەو کەسانە و ژیانی پەیوەستبوون بەبیروڕایانەوە (**ریبال، online**).

لەیۆناندا زیاتر بەدوای کەسانێکدا گەڕاون کە بەکرێ بیگرن بۆ ئەنجامدانی کاری ئەشکەنجە و زۆرداری کە خاوەنی دڵێکی ڕەق بن و ئەقڵیان زۆر بەکار نەهێنن کە بەم کەسانە وتراوە (باسانیستس) کە ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە پێشتر خۆشیان ئەشکەنجە دراون، ئێستاش هەمان ئەو شتەی کە خۆیانی ئازارداوە ئەنجامی دەدەنەوە لەسەر کەسانی تر، ئەمەش مانای وایە هەست و سۆزیان نەماوە بەهۆی ئەو ئەشکەنجەیەی کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە، پێدەچێت ئامانج لە ئەشکەنجەدانی خەڵکی بۆ وەرگرتنی زانیاری یاخود بۆ دانپێدانان بووبێت لەسەر کاروباری سیاسی دەوڵەتی یۆنانی، هەروەها ئەشکەنجەی کۆیلەکانیان داوە نەک لەسەر بنەمای مرۆڤبوون و شوناسیان بەڵکو بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری بووە لەسەر خاوەنەکانیان (**زهیرة، 2011: 12**). دکتۆر هاریتۆس فاراتۆس وەک دەروونناسێکی یۆنانی و لەماوەی (15) ساڵ تویژینەوەی لەسەر عەقڵی جەلادەکان لەسەردەمی دیکتاتۆری یۆناندا ئەنجام داوە، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە جەلادە باشەکان پێویستە ڕێکخرابن و مەشقیان پێکرابێت، بۆ ئەوەی بەرێگەی سیستماتیک و تەواو کارەکانیان ئەنجام بدەن، واتە ملکەچ بن بۆ دەسەڵات نەک پاڵنەرە سادیەکان، ئەو کاتەش باشترین جەلاد دەردەچن(**مەکیە، 2005: 370**).

## چوارەم: ڕۆمانیەکان:

یاسای ڕۆمانی کۆن ئەشکەنجەی ناساندوە، هەروەها جیاوازییان کردووە لە نێوان هاونیشتمانی لەلایەک وکۆیلە لەلایەکی تر، هەڵکوتانە سەر لەلایەن خاوەن کۆیلەوە بۆ کۆیلە ڕواڵەتێک بووە لە ڕواڵەتەکانی خاوەنداریێتی وکارێکی یاسایی بووە، کەسی یەکەم واتە خاوەن کۆیلە نابێت ئەشکەنجە بدرێت، کۆیلەش بێبەش بووە لە هەموو ناسنامەیەکی شارستانی هیچ نەبووە جگە لە موڵکێک بۆ خاوەنەکەی کە دەبوایە ملکەچی خواست و ئارەزووەکانی بێت، هەروەها خاوەنەکەی توانیویەتی هەرشتێکی بوێت بەسەریدا بیهێنێت لە سزاو ئەشکەنجە تاکۆتایی هێنان بەژیانیشی (**الحسيني، 1994: 11**).

یەکێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی یاسای ڕۆمانی تا سەردەمی کۆماریی، ئەشکەنجە زۆر پشتی پێنەبەستراوە لەو ماوەیەدا ڕێسایەکی گشتی هەبوو کە هەر شێوەیەکی ئەشکەنجەدانی قەدەغەکردووە لە ڕێکارەکانی دادگای تاوان (**سليمان، 2004:13**)، ئەم ڕێسایە لەسەر هاوڵاتی ڕۆمانی (پیاوی ئازاد) پیادەدەکرا، چونکە پاراستنی تەواوەتی بۆ دەستەبەر کردبوو، وە نەدەبوو هیچ مامەڵەیەکی لەگەڵ بکرێت تەنها حەق بە حەق نەبێت، تەنانەت ئەگەر بەمەبەستی دادگایکردنیش بوایە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێسایە تەنها پیادەدەکرا بۆ هاوڵاتی

وکۆیلەکانی نەدەگرتەوە، بەڵام ئەمانیش پارێزراو بوون لەجەوری خاوەنەکانیان. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆیلە لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئەوەی کەهیچ هێزێکی نەبوو لەڕووی یاسایی ودیاریکردنی چارەنووسی خۆیەوەو بەڕەگەزێکی سەرمایەداری خاوەنەکەی دانراوە، وە هۆکارێک بووە لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنان بۆ خاوەنەکەی هەروەها ڕواڵەتێک بووە لە ڕواڵەتەکانی هێزو دەوڵەمەندی خاوەنەکەی، ئەمانەش هیچی لەبەر مرۆڤدۆستی خاوەنەکەی نەبووە، بەڵکو تەنیا لەبەر هۆکاری ئابووری بووە

لەگەڵ گەشەسەندن و فراوانبوونی هێزی کۆماری ڕۆمانی بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلە ڕوویان لەو کۆمارە کرد، کە ئەمەش بووە هۆی نزمبوونەوەی بەهای کۆیلەکان و پاراستنیشیان بەرەبەرە لەناوچوو، لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا داگیرکاری وچاوچنۆکی بووە هۆی لەباربوونی بارودۆخەکە بۆ سەرهەڵدانی ئەشکەنجە (**الحسيني، 1994: 12-13**) بەو پێیەی کە کۆیلە موڵکە، بەڵگەنامەکانیان پاک دەکرایەوە لەڕێی ئەشکەنجەدانیانەوە، کە سەرجەم جۆرەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی بەکاردەهات، وەک جەڵد، سەرپەڕاندن، یان قرتاندنی پەنجەکانیان، هەروەها لەخاچیان داون بەبەستنەوەی چوارپەلیان بە تایەی عەرەبانەوە، یاخود لەڕێگەی بەستنەوەی قورسایی بەقاچەکانیانەوە، هەروەک پارچەی کانزایی داخکراویان بەڕوتی خستۆتە سەر جەستەیان(**رخا، 1999: 264**).

لەسەرەتادا ئەشکەنجە تەنها بۆکۆیلەو خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان بەکارهاتووە، بەڵام دواتر بۆ هاوڵاتی ڕۆمانیش بەکارهاتووە، لەکاتی ئەنجامدانی تاوان و خیانەتی گەورە، و دواتریش تاوانە ئاساییەکانیشی گرتۆتەوە (**سليمان، 2004 :13**)، هەروەها ڕۆما شێوازی زۆر وەحشیگەرانەی بەکارهێناوە بۆ جێبەجێکردنی سێدارە، وەک مردن لە ڕێی جانتاوە، ڕێگایەکە سزادراوی تێخراوە دوای دادگایکردنی و دوای ئەوەی کە بەشێوازێکی زۆر دڕندانە جەڵدی لێدراوە، ئنجا دەیخەنە جانتاکەوە کەلە چەرمی مانگا دروستکراوە، لەگەڵ مارو کەڵەشیرو سەگ یاخود مەیمون، جانتاکە دەدورنەوە و دەیخەنە ڕووبار یاخود دەریاوە (**عيسى، 1999: 265**)، هەروەها شێوازێکی تری ئەشکەنجە، کە ڕۆمانیەکان لەو سەردەمەدا هونەرمەندیی خۆی تێدا نیشانداوە بریتی بووە لە لێدان بە قامچی وە بریندارکردنی دووبارە لە شوێنە جیاوازەکانی جەستە و شکاندنی پەنجەیەک یان چەند پەنجەیەک، لێکدابڕینی جومگەو داخ کردنی ئەندامەکانی زاوزێی هەردوو ڕەگەز، هەروەها ئەشکەنجەدراوەکانیان هەلداوەتە قەفەزی ئاژەڵە دڕندەکانەوە بۆ ئەوەی بیانخۆن لەبەردەم جەماوەردا (**زهيرة، 2011 :10**).

## باسی دووەم: ئەشکەنجە لە ئاینە ئاسمانیەکاندا

مرۆڤ تەوەری گرنگی سەرجەم ئایینە ئاسمانیەکانە، هەموان مەبەستیان خزمەتکردنی مرۆڤە، ئەم ڕێسا و ئاینیانە لەبەرژەوەندی مرۆڤ هاتوون، بەمەبەستی دورخستنەوەی خراپە لییان و بەخشینی خۆشبەختی بەمرۆڤ لەدونیا و ڕۆژی دوایشدا.
هەندێک لەتوێژەران پێیان وایە: جوانترین بابەت لەئاینەکاندا ئەوەیەکە مرۆڤ لەئاستێکی بەرزدا دەبینن و بەتەنهاو بێهیوا جێی ناهێڵێت، بەوەی کەسەرجەم ئایینەکان پێش هەموو بابەتێک بانگەشە بۆ یەکتاپەرستی دەکەن ومێشکەکان ئازاد دەکەن لەشەریک پەیداکردن بۆ خوداو وەهم و ونبوون، بۆ بەدەستهێنانی مرۆڤبوونی مرۆڤەکان و چەسپاندنی پلەی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببنە جێنشین لەسەرزەوی.

## یەکەم: ئایینی جوو:

لەسەربنەمای تەورات بنیاتنراوە و ئەم ئایینە چاوپۆشی لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی نەکردووە، نەک لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکو بۆئەوانەی کە دوای ڕێسای یەهودی کەوتوون[3].

ئەو توندوتیژیەی باس دەکریت لە ئاینی جولەکەکاندا، بۆمەبەستی کۆنترۆلکردنی ئەو ئاژاوەگێڕییە بووە کۆمەلگای ئەوکاتی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، تەنانەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکریت کە لەساڵێکدا چەندین پەیامبەریان کوشتووە بۆیە کۆتا پیغەمبەر کەبۆیان نێردرابێت دەبیت بەرامبەر بێت بەو کارانەی خۆیان و چارەسەرکردنی توندوتیژییە بەتوندوتیژیەکی زیاتر **(عماد، بدون سنة :4)**.

هەروەها لە لای پەیڕەوانی ئاینی جولەکە هاتووە کە بەهیچ جۆرێک جولەکە نابێت بکریتە کۆیلە و کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت، چونکە تاکە نەتەوەی هەڵبژێردراوی خوای پەروەردگارە، ئەگەر جولەکە هەژارکەوت و نەیتوانی قەرزەکەی بداتەوە و ناچاربوو خۆی بەخاوەن قەرزەکەی بفرۆشێت، ئەگەر قەرزدەرەکە جولەکەبوو دەبێت مامەڵەی خزمەتکاری لەگەڵ بکات لەگەڵی میهرەبان بێت و پاش شەش ساڵ خزمەتکردن ئازاد دەبیت و خاوەن قەرز هەندێک لە موڵک و ماڵەکەی بداتێ، خۆ ئەگەر خاوەن قەرزەکە ناجولەکە بوو دەبیت کەسوکاری قەرزارەکە بیکڕنەوە و ئازادی بکەن و نابێت بەکۆیلەی غەریبێک بمێنێتەوە **(ئەلتەرمانینی، 2015 :27_28 )**.

هەندێک شێوازو جۆری ئەشکەنجە لای پەیڕەوکارانی ئاینی جولەکە:

---

3- توێژەر زۆر لەهەوڵی ئەوەدابوو کە چەند سەرچاوەیەک بەردەست بخات بابەتیانە نووسرابێت و لایەنگیری تێدانەبیت لەدژی ئایینی جولەکە و یەهودیەت، زیاتر لەچەند مانگێک گەڕان بەدوای سەرچاوەی تایبەتمەندا لەبارەی جۆرو شیوازی ئەشکەنجەدان تەنها یەک سەرچاوە ئاماژەی بەچەند جۆرێک لەئەشکەنجە کردبوو کە هەندێکیان باس لەجۆرەتازەکانی ئەشکەنجە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا چۆن لەئاینی ئیسلامدا ئەشکەنجە باسکراوە گومان هەلناگرێت کە ئەشکەنجە لەئاینی جولەکەدا بوونی نەبێت، بەو بەلگەیەی کە ئاینی ئیسلام کۆکراوەی سەرجەم ئاینە ئاسمانیەکانی پێش خۆیەتی، تەنانەت هەندێک لەزانایانی ئایینی ئیسلام پێیان وایە: ئەگەر دەتەوێت کەسێکی توندوتیژو شەڕەنگێزت هەبێت بڕۆ لەگەڵ جولەکە بژی و ئەگەریش دەتەوێت میانڕەو بیت لەگەڵ مەسیحی هەڵسوکەوت بکەو ئەگەر هەردوکیانت دەوێت ببە بە موسڵمان، بەڵام لەئایینی ئیسلامدا زیاتر مەبەست پەروەردەکردنە(تأديب).

1. داکوتانی بزماری درێژ بەسەردا تادەگاتە مێشک.
2. سوتاندنی زیندانی پاش ئەوەی سوتەمەنی دەکرێت بەجەستەیداو ئاگری تێبەردەدرێت.
3. زیندانیان کردۆتە ئامانجیک بۆ ڕم وتیری ئەو سەربازانەی کە سەرگەرمی ڕاهێنان بوون.
4. زیندانیکردنی موسڵمانان لەشوێنێکدا کەهیچ هەواو ڕوناکیەکی تێدا نییە، وە برسیکردنیان تامردن.
5. سەری تۆمەتباریان بەستووە بەلایەکی ئامێرێکی میکانیکیەوە وەجەستەشی بەلایەکی ترەوە وەهەریەک لەم لایانە بەپێچەوانەی ئەوی تر دەجولێت، کە تۆمەتباریان ناچارکردووە دانبەوەدا بنێت کەخۆیان دەیانەوێت، یان ئامێرەکانیان خستۆتەکارو بەهۆی ڕاکێشانی جەستەیەوە سەری لەلاشەی جیابۆتەوە.
6. داخکردنی ئەندامەکانی جەستە بەهۆی پارچەیەک ئاسنی گەرمکراو تاڕادەی سووربوونەوە.
7. ڕشتنی زەیتی قرچاو بەسەر جەستەی قوربانیدا.
8. داکوتانی بزمار یاخود دەرزی بەسەر جەستەی قوربانیدا.
9. کێشان بە ئەندامی زاووزێی قوربانیدا.
10. بردنە ناوەوەی مووی بەراز بەناو دەرچەی ئەندامی زازووزێدا.
11. بردنە ناوەوەی ئاسنی گەرم بۆ ناو شوێنی هەستیاری جەستە.
12. دەرهێنانی نینۆک بەهۆی بزماری تیژەوە.
13. دانانی پارچە تەختەی بزمار ڕێژکراو لەسەر گەردن یاخود لایەکانی جەستە.
14. ناچارکردنی زیندانی بەخەوتن بەڕووتی لەسەر سەهۆڵ و بەفر لەوەرزی زستاندا.
15. دەرهێنانی قژ بەتوندی کەدەبێتە هۆی لێبوونەوەی بەشێک لەپێستی سەر لەگەڵ قژەکەدا.
16. داهێنانی جەستە بەشانەی ئاسنینی تیژ.
17. ڕشتنی مادەی سوتێنەرو داخکەر بۆ ناودەمی زیندانی و لوتی و چاوەکانی لەدوای بەستنەوەیەوە.
18. بەستنەوەی دەستی زیندانی و هەڵواسینی بە بنمیچەوە و جیهێشتنی بۆشەوێک یان زیاتر.
19. لێدانی جەستە بەگۆچانێک کە هەمووی بزماری تیژە.
20. لێدانی جەستە بەهۆی قامچییەوە دواتریش بڕینی جەستە بەشمشێر یان چەقۆ.
21. داکوتانی گوێچکەی زیندانی بەدیواردا بۆئەوەی بەڕۆژو شەو بەپێوە بمێنێتەوە.
22. زیندانی خستنە ناوبەرمیلی ئاوەوە لەوەرزی زستاندا.
23. دوورینەوەی پەنجەکانی دەست و قاچ و لێک ئاڵانیان بەیەکتری.
24. زیندانی تاکەکەسی کەلەوانەیە لەبەرمیلێکدا بێت کەزیندانی ناتوانێت تێیدا دابنیشێت یان بەپێوە بێت (**الجبيصي، 2004 :92_93**).

## دووەم: ئایینی مەسیحی:

ئایینی مەسیحی لەچەند ڕێساو پەیامێکی ئاسمانی پێکدێت کە بانگەواز بۆ یەکتاپەرستی دەکات و گرنگی بەمافی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکیەکانی دەدات، بانگەواز بۆ خۆشەویستی و لێبوردەیی و ئاشتی لەنێوان مرۆڤەکاندا دەکات، پارێزگاریکردنی بێهێزەکان و پاراستنی مافی کرێکار و هەروەک دژی سزای لەسێدارەدانە **(الحمد، 1998 :144)**.

بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کە بۆچی پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیحی لەچاخەکانی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەئەوروپا بارودۆخیان لە چەرخی کۆندا لە وڵاتانی تر باشتر نەبووە، ئەشکەنجەیان بەکارهێناوە بۆ شێوازێک لە لێکۆڵینەوە، هەروەک ئەشکەنجە هەروەک سزایەکی یاسایی بەکارهێنراوە، کە زیاتر بریتیی بوون لە سووتاندن و لەخاچدان و بڕینی ئەندامانی جەستە، وەک بڕینی لێو و زمان و گوێچکە، هەروەها تەوقی ئاسنینیان لە گەردن کردون **(الیاسین، 2016 :31)**. لەئەوروپا ئەشکەنجەدان لەپێناوی دان نان بەتاواندا کارێکی باو نەبووە، لەئەنجامی گۆڕینی سیستمی دەرەبەگایەتی کەپشتی بەستووە بەداب و نەریتە تاوانناسیەکان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تاواندا، کە تێیدا گومانلێکراو دەخرایە بەردەم ئەزموونێکی قورس و لەچاوەڕوانی حوکمی خواوەندا دەبوو، تۆمەتبار دەبەسترایەوە و هەڵدەدرایە ناو ئاو یان ئاگرەوە، ئەگەر نقوم ببوایە ئەوە بەڵگەبووە لەسەر تاوانباری و بەهەمان شێوەش بۆ ئاگر، ئەگەر بسوتایە ئەوە بەڵگەبووە لەسەر تاوانباری، لەکاتێکدا کە ئامانج لەم ئەشکەنجەدانە ناچارکردنی تۆمەتبار نەبووە بۆ دانپێدانانی بەتاوانەکەیدا، بەڵکو ڕاگەیاندنی حوکمی خواوەند بووە بەتاوانباربوونی یان نەبوونی **(الحسن، 2010 :15)**.

لەچاخەکانی ناوەڕاستدا ئەشکەنجە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەکارهاتووە بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئایینی زاڵبوو دەوڵەتی بەڕێوەدەبرد، ئەشکەنجە شێوازی نوێی تێدا دەرکەوت کە گوزارشت بوو لە بیری مرۆیی کە لەوسەردەمەدا هەبووە، بەشێکی ئەمەش ئەو دەستوورە بوو کە لەساڵی (1252) پاپا (سینیا لدۆفسیش) داینا، تێیدا ڕێگەی داوە بەبەکارهێنانی ئەشکەنجە لەکاتی لێکۆڵینەوەو بەکارێکی یاسایی لەقەڵەمداوە، لەدوای ئەمیشەوە پاپا (ئەلکسەندەری چوارەم) لە ساڵی (1260) دەسەڵاتی داوە بە پیاوانی لێکۆڵەر کە ئەشکەنجە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباران بەکار بهێنن، بەمەش ئەشکەنجە بارێکی شیاو و یاسایی بووە، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا، ئەم بابەتەش پەیوەندی بە بابەتە دینییەکانەوە هەبووە و هیچ گفتوگۆیەکی لەبارەوە نەکراوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی کەنیسە لەوکاتەدا، بەشێوەیەکی فەرمی ئەشکەنجەیان بەکارهێناوە بۆ تاوانە سیاسیەکان و هەندێک تاوانی باوی ئەشکەنجە لەبەردەم جەماوەردا ئەنجامدراوە کەئەمەش بەشێکی دانپێدانراو بووە لەسیستمی یاساییدا**(الحسيني، 1994 :17)**، بەڵام لە سەدەی پانزەدا، لەماوەی بوونی دادگاکانی پشکنیندا ئەشکەنجەدان گەیشتۆتە دواهەمین پلەی مەترسیدایی و قێزەونی، لەئەنجامی

گەیشتن بە دانپێدانانی گومانلێکراوان، کەژمارەیەکی زۆرو نەزانراو لەئەنجامی ئەشکەنجەوە قوربانی هەبووە ( Jacobsen, Nielsen, 1997 :17 ).

باوەڕیکی باو لە ئەوروپا لەچاخەکانی ناوەڕاستدا هەبووە دەربارەی ڕۆڵی جادوو لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کاری شەیتانی و شەڕو ئاژاوە، بەم هۆیەشەوە جادوگەرەکان بەسەرچاوەی زۆرترین شەڕ دانروان و سوتێنراون لەبەرچاوی جەماوەردا، وە ژمارەیەکی زۆریش لەخەڵکی بێتاوان لەناوبراون بەتۆمەتی جادووگەری (**کۆمەڵێک نووسەر، 2009 :80**)، لەشاری ستراسبۆرگ (134) کەس لەماوەی (14) ڕۆژدا لەسیدارە دراون، و لە لۆرین (62) کەس لەماوەی (10) ساڵدا لەسێدارەدراون، هەروەها لەبێرن (300) تۆمەتبار سوتێنراون لە (20) ساڵی کۆتایی سەدەی شانزەهەم، و(240) کەس لە بیست ساڵی سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا، لەئەڵمانیا کاسۆلیک و پرۆتستانت لە پێشبڕکێدابوون بۆ ناردنی جادوگەرەکان بۆ شوێنی سوتاندن (محرقة)، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کەسەرۆکی قەشەکان (120) تۆمەتباری سووتاندووە لەساڵی (1596) دا بەتۆمەتی ئەوەی کە کەش و هەوایان بەساردی هێشتۆتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، لەساڵی (1598) کاتێک کە دەردێک بڵاوبۆتەوە لەنێو ئاژەڵاندا لەناوچەی شۆنجۆ، هۆکاری ئەم پەتایە گێڕدرایەوە بۆ کاری جادووگەرەکان، قۆنسوڵی (باڤاریا) لەمیونخ بڕیاری دا سزای جادووگەرەکان توندتر بکات وبەو شێوەیەش (63) کەسیان سووتاندووە و تێچوونی دادگاییەکەشیان لە بنەماڵەکانیان سەندۆتەوە، لە هینبێرگی نەمسا (80) کەسیان بەهۆکاری جادوو لەسیدارەدران لەماوەی یەک ساڵدا (1617_1618)، لەماوەی نێوان (1627_1629) قەشە (دورزبرگ) فەرمانی کرد بە لەسیدارەدانی (900) جادووگەر بەسوتاندنیان، وە لەساڵی (1572) لەساکسۆن بڕیارێک دەرکرا بەسوتاندنی جادووگەرەکان تەنانەت ئەگەر هیچ کارێکی زیانبەخشیشیان ئەنجام نەدابێت (واتەبەبێ گومانبردنیش)، لە ئیلینجن (1500) جادووگەر لەسێدارەدران لەساڵی (1590)دا، لە ئیلوانجن (167) کەس لەسیدارەدراون لەساڵی (1612)دا، لەویسترستیتن (300) کەس لەماوەی دووساڵدا لەسیدارەدران، وە (300) کەسیش لە نوردلنجن لەساڵی (1590) دا، زانایانی مێژوویی ئەڵمانیا ئاماژە بەوە دەدەن کە نزیکەی (100.000) کەس بێتاوان بەتۆمەتی جادووگەری بەتەنها لەسەدەی حەڤدە لە ئەڵمانیا لەسیدارەدراون (**تأريخ التعذيبonline**).

لەفەرەنسا لەدوای دەرکردنی بڕیارێکی شاهانەوە لەساڵی (1593) لەسەر لێکۆڵەر ئەرک بووە کە پەنابەرێتە بەر ئەشکەنجە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباردا، هەروەها جۆرو شێوازی ئەشکەنجە جیاواز بووە لەناوچە جیاوازەکانی فەرەنسادا، ئەشکەنجەدان بۆتە ڕێوشوێنێکی یاسایی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، تەنانەت بۆتە حوکمێکی سەرەتایش کە دادگا بڕیاری لەسەرداوە، پێش ئەوەی کە حوکمی کۆتایی بدرێت (**کۆمەڵێک نووسەر، 2009 :79**).

بارودۆخی ئینگلتەراش جیاوازنەبووە لە فەرەنسا، لەماوەی (14) سەدەی یەکەمدا دان پێدانانەکان وەرگیراون لەڕێگەی ئەشکەنجەوە، وەلەلایەن دادوەرەوە وەردەگیرا، شێوازی ئەشکەنجەدان ئەنجامدراوە لەڕێگەی گواستنەوەی تۆمەتبار لەزیندانەوە بۆ ئەشکەوتێکی تاریکی ژێرزەوی و هێشتنەوە بە نیمچەڕووتی لەسەر پشت و قورساییەکی ئاسنینیان خستۆتە سەرجەستەی وەهیچ خواردنێکی پێنەدراوە جگە لەنانی خراپ و ئاوی پیس، تا ئەوکاتەی داندەنێت بەتاوانەکەیدا یاخود دەمرێت، هەروەها شیوازی نەهامەتی لەگەڵ تۆمەتباردا بەکارهێنراوە، کە لەڕێگەیەوە تۆمەتبار دووچاری نەهامەتیەکی قورس دەکرێت وەک هەڵدانی بۆناو ئاوێکی سارد بەدەستبەستراوی یاخود دەستیان خستۆتە ناو ئاوێکی کوڵاوەوە، ئەگەر دەستی بەساغی بهاتایەتە دەرەوە ئەوابەڵگەی بێتاوانی بوو **(رخا، 1999 :267)**.

## سێیەم: ئایینی ئیسلام:

ئاینی ئیسلام شوێن و جێگایەکی بەرزی بەمرۆڤ بەخشیوە، ئەویش بەوەی، کەڕێزی لێناوە بەزیندوویی و بەمردوویی بەجوانترین شێوە خوڵقاندویەتی و فەزڵی داوە بەسەر دروستکراوەکانی تردا، بەبەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: **((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً))**.سورەتی (الإسراء) ئایەتی (70) و هەروەها لە سورەتی (التين) دەفەرموێت: **((لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ))** ئایەتی (4). هەر لەم پێگە بەرزەشەوە خوای گەورە نەهی لەوە کردووە کە مرۆڤ خۆی بخاتە هیلاکی و لەناوچوونەوە کە دەفەرموێت: **((وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ))** سورەتی (البقرة)، ئایەتی (195).
بیرۆکەی پاراستنی مافی مرۆڤ و بەگژاچوونەوەی ئەشکەنجە کە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی لەژێرسایەی مافی مرۆڤدا ناسیوێتی ئەوا شارستانیەتی ئیسلامی زۆر لەکۆنەوە زانیوێتی نەک تەنها وەک مافێکی مرۆڤ، بەڵکو وەک فەرز (ئەرک)ێکی ئاینی و ئەرکێکی شەرعی ناسیوێتی، ئایینی ئیسلام ئاینی مامەڵەو خۆشەویستی و بەخشندەیی و برایەتییە، ئاینی مامەڵەی توندوتیژو ئەشکەنجەو وەحشیگەری نییە، هەروەک خوای گەورە لە سورەتی (الأنبياء) دا دەفەرموێت: **((وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ))** ئایەتی (107).

بۆیە دەبینین ڕێسای (شەریعە)ی ئیسلامی لەپێشترە لە بەتاوان ناساندنی هەرئازارێک کە بەجەستە یاخود دەرونی مرۆڤ، یان تەنانەت بەسەروەت و سامانی بگەیەنرێت، لەکاتێکدا کە دەبینین زۆر لە ئایندارانی چاخەکانی ناوەڕاست چەندین شێوازی ئەشکەنجەی مرۆڤیان بۆ ناچارکردنیان بە ملکەچبوون و ڕازی بوون بە ئایدۆلۆجیەتی ئەو کۆمەڵگەیە بەکارهێناوە، ئەمەش بەڵگەی زیاترە لەسەر چەسپاندنی مافی مرۆڤ و بەگژداچوونەوەی ئەشکەنجە لە ڕێسا (شەریعەتی) ئیسلامیدا **(التوجيري، 2006 :94)**.

ئاینی ئیسلام بەحوکمی زۆر وردەوە کاریکردووە لەسەر پاراستنی جەستە و سەروەت و سامانی مرۆڤ، لەو ئایەتانەی کە ئەم مافە دەچەسپێنن و بەڵگەن لەسەر پیرۆزی و باڵایی مرۆڤ و قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان بەهەرشێوەیەک لە شێوەکان ئەوەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ((**وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ**)) سورەتی (الانفال)، ئایەتی (33)، ئەم ئایەتە بەیەکێک لە بەڵگە تەواوەکان لەسەر قەدەغەکردنی ئەشکەنجەی مرۆڤ دادەنرێت.

هەروەها ئاینی ئیسلام ڕەتی دەکاتەوە کە مرۆڤ دوچاری ئەشکەنجە بکرێت، بەستەم و دوژمنکاری دادەنرێت، و زۆر بەئاشکرایی نەهی لە ستەم و دەستدرێژی مرۆڤ بۆسەر مرۆڤ دەکات، بەبەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی لەسوورەتی (البقرة)دا خوای گەورە دەفەرموێت: ((**وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ**)) ئایەتی (190)، ئەمەش بەهیچ شێوەیەک لەشێوەکان مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دەکرێت لێخۆشبوون و بەزەیی بەرامبەر تاوانبارو گەندەڵکار و دەستدرێژیکارو دەرچوان لەیاسا بەکاربهێنرێت.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:"**لا تعذبوا خلق الله**" (**أبوداود، 1996 :126**). نەهی لە ئەشکەنجە کردووە و تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا بەهەموو جۆرەکانی ماددی و واتایی (معنوی) یەوە، وەک بڕینەوەی ئەندامی جەستە، پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ و مامەڵە لەشێوەی سوکایەتی پێکردن و هەر جۆرێکی تر لەجۆرەکانی ئەشکەنجە. هەروەها نەهی لە شێواندنی جەستەیی بەتایبەتی شێواندنی دەموچاو کردووە و دەفەرموێت:"**إذا قاتل أحدكم فليتجنب الوجه**" (**البخاري، 2002 :1098**).

هەروەها دەفەرموێت:"**ولاينبغي أن يعذب بالنار إلا رب النار**" (**أبوداود، 1996 :55**). واتە کەس ئەشکەنجە مەدەن بە سوتاندن و ئاگر، چونکە تەنها خوای گەورە دەتوانێت ئەو کارەبکات.

## باسی سێیەم: ئەشکەنجە لە عێراق:

ئەگەر زیادەڕەوی نەبێت، عێراقی ئێستا کە لەکۆندا وڵاتی ڕافیدەین بووە، مەڵبەندی شارستانیەت بووە، ئەم شارستانیەتەش هاوتەریب لەگەڵ هەموو بنەما وڕێگەکانی ڕیشەکێش کردن وکوشتن و تیرۆر وئەشکەنجەی هاوڵاتیانی لەبەرەوپێشچووندا بووە، واتە وەک چۆن نووسین و کشتوکاڵ بۆ یەکەمین جار لەعێراقدا دۆزراوەتەوە، بەوشێوەیەش توندترین ڕێسا ویاسای ئەشکەنجەدان هەر عێراق سەرمەشقی بووە، کارێکی ئاسان نییە کە توێژەر تەواوی ئەو مێژووە بخاتە ڕوو، لەم تەوەرەدا بەکورتی ئەو مێژووە دەخرێتە ڕوو.

### یەکەم:ئەشکەنجە لە عێراقی کۆندا:

یاساکانی دۆڵی ڕافیدەین بەکۆنترین یاساکانی جیهان دادەنرێت، میللەتانی وڵاتی ڕافیدەین گرنگیان داوە بە یاساکان، ڕێساکانی (ئۆرنەمۆ) زیاتر لە چل سەدە لەمەوبەر دانراوەو زۆر بنەمای یاسایی تێدایە بۆ ڕێکخستن و کاروباری دادوەری، بەڵام زۆربەیان بەوە ناسراون کە بنەمایەکی ئاینیان هەیە و پشتیان بەستووە بەگەڕانەوە بۆ خواوەند، کەئەمەش بەسیستمی تاقیکردنەوە و مەینەتی ناوبراوە (**الصجيري،2015 :13**)، ئەم سیستەمەش بریتیە لە

ئەنجامدانی چەند تاقیکردنەوەیەک لەسەر تۆمەتبار بەمەبەستی دەرخستنی ڕاستی تاوانەکەی، ڕێساکانی ئۆرنەمۆ دەریای پیرۆزکردوەو بەخواوەندی داناوە لەسەردەمی بابلی کۆندا و ڕوباری بەدادوەرێک داناوە بۆ جیاکردنەوەی تاوانبار لە بێتاوان، کەئەمەش ئاماژەی پێدراوە لە مادەی دە و یانزەی تایبەت بە جادوگەری و ئەو ژنانەی کەبەتۆمەتی زینا تۆمەتبارکراون و دەبێت بخرێنە ناو ڕووبارەوە ئەگەر توانیان دەرباز بین ئەوە دەبێتە بەڵگەیەک لەسەر بێتاوان بوونیان، وە ئەگەر نوقم بوون ئەوە بەڵگەیە لەسەر تاوانباربوونیان (**رشيد،1987 :48**). ڕێساکانی ئۆرنەمۆ ئامانج لێی بریتیە لە بەهێزکردنی دادپەروەری لەوڵاتی ئور و سۆمەردا، هەروەها نەهێشتنی رق و کینە و ستەم ودوژمنکاری و دابینکردنی ئازادی لەوڵاتدا بۆ بازرگانی دەریایی و پارێزگاری تەواوەتی لەبواری ئابووریدا (**الصجيري، 2015 :14**).

## دووەم: ئەشکەنجە لە مەملەکەتی ئەشنونا:

مەملەکەتی ئەشنونا سێگۆشەی دەورەدراو بوو بە ڕووباری دیجلە و ڕووباری دیالە و بەرزاییەکانی زاگرۆس لەڕۆژهەڵاتەوە وە ناونراوە ئەشنۆنە بەناوی پایتەختەکەیەوە، ئەشنۆنا (گردەسوور) وە پاشماوەکانی لەدووری (50) میل لەباکوری ڕۆژهەلاتی بەغدادەوە دۆزراوەتەوە کە کۆنترین یاسا نووسراوەکانی تێدا دۆزراوەتەوە و تەنها حەوت دێڕی لێماوەتەوە بە نووسینی بزماری نووسراون (**الصجيري، 2015 :14**).
مادده سیاسیەکانیان بۆچارەسەری کێشە جیاوازەکانی ئەو سەردەمە بوو، وەک تاوانە سێکسیەکان و دزی و کوشتن ودەستدرێژی و لەماددەی (27) ی ڕێساکانی ئەشنونادا ڕێگە دراوە بە ئەشکەنجەدان و تووڕەبونێکی زۆر بەرامبەر بەو کەسانەی کە ڕقیان لەکچە و دەستدرێژی دەکەنەسەر، تەنانەت ئەشکەنجەکەیان گەیشتۆتە رادەی مردنیش (**الهاشمي، 1985 :75**).

## سێیەم: ئەشکەنجە لەڕێساکانی ئۆرکاجینا:

ئۆرکاجینا بەیەکێک لەچاکسازە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت کە مەلیکی هەشتەمی دەوڵەتی (لەکش) بووە (2378_2370 پ.ز) تەنها هەشت ساڵ حوکمی کردووە لەم ماوەیەدا نازناوی مەلیکی وەرگرتووە و سەرەتاکانی حوکمڕانی ئەم تەنها حاکم بووە (**باقر، 1973 :319**). خۆی خستۆتە سەرەوەی چینی پیاوانی ئازاد کەهێزیان هەبووە لەڕێکخستنی سەربازی و بەکارهێنانی ئەشکەنجە بەرامبەر بەهەرکەسێک کە دژیان بوەستێت، و چەندین شوێنی هەبووە بۆ ئەشکەنجەدان و چەندین ڕێگایان بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی تاوانباران و ئەشکەنجە تەنها ڕێگەبووە کە لەدژیان بەکارهێنراوە (**باقر، 1973 :321**)، چاکسازیەکانی ئۆرکاجینا گرنگی زۆریان هەیە لەمێژووی سۆمەردا و هەوڵی داوە زاڵ بێت بەسەر خراپیەکانی ئەشکەنجەدا کە چینێک لەخەڵک سەپاندوویانە ئەویش لەڕێگەی چاودێری خستنەسەریانەوە، وە خەڵکی (لەکش) هەستیان بە زۆرەملێ و زۆرداری کردووە و ناچار پەنایان بردووەتەبەر مەلیک بۆئەوەی لە زۆرداری پیاوانی ئاین و ئەشکەنجەدان رزگاریان بکات (**نوح، 1956 :110**).

پیاوانی ئایینی دەستیان گرتووە بەسەر داهاتی خەڵکەکەدا و خەڵکیش ڕاهاتبوو لەپێش ئۆرکاجیناوە لەبەرامبەر ئەشکەنجە و زۆرەملێی پیاوانی ئایینی، هەروەک لەبەڵگەنامەی تایبەت

به چاکسازی باسکراوه کەتەنانەت مردووەکانیش پارێزراو نەبوون لەئەشکەنجە لەکاتی ناشتندا چەند پیاوێک کە هەر کاری سەرەکیان بووە، هەستاون بەلێسەندنی نان و جۆ، (420) پارچە کانزاو (7) قۆری بیرە لەکەس وکاری مردووەکە، ئۆرکاجینا هەوڵی داوە کە ئەم زۆرداری خراپ مامەڵەکردنە نەهێڵێت کە ئەشکەنجەی هەژارەکان دراوە لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە **(الصجيري، 2015 :15)**.

## چوارەم: ئەشکەنجە لەڕێساکانی حامورابی:

ڕێساکانی حامورابی (1792_1750پ.ز) کە لەمادەی (18)دا دەڵێت:"ئەگەر پیاوێک سحر بکات بەڵام نەیسەلمێنێت ئەوا پێویستە ئەوانەی کەتۆمەتباریان کردووە بیبەن بۆ ڕووبارو پیاوەکە بخرێتە ئاوەکەوە، ئەگەر نقوم بوو ئەوا ئەوانەی تۆمەتباریان کردووە ماڵەکەی دەبەن بۆخۆیان، بەڵام ئەگەر توانی رزگاری بێت و بەسەلامەتی لەئاوەکە بێتە دەرەوە ئەوا ئەو کەسەی تۆمەتباری کردووە بەجادوو دەبێت لەسێدارە بدرێت و ئەوەی کەبەسەلامەتی ڕزگاری بووە دەستبەسەر ماڵی گومانبەرەکەدا دەگرێت" **(رشيد، 1987 :19)**، ئەم یاسایە بەردەوام بوو بەدرێژایی حوکمی حامورابی و لەمادەی (8) یاساکانیدا هاتووە، حوکمێکی تێدایە و جۆرێکە لەجۆرەکانی ئەشکەنجە و دەڵێت:"ئەگەر ژنێک دەستدرێژی کردەسەر پیاوێک و بەوهۆیەوە پیاوەکە گونێکی لەدەستدا، ئەوا دەبێت پەنجەیەکی ژنەکە ببڕدرێت و ئەگەر هەردوو گونەکانی لەکارکەوتن ئەوا دەبێت هەردوو گۆی مەمکی ژنەکە ببڕدرێت، هەروەها لەمادەی (9)دا باس لە گێچەڵی سێکسی پیاو دەکات بەرامبەر بەئافرەت و دەڵێت:"ئەگەر گێچەل بەقسەبوو یاخود دەستبۆبردن بوو ئەوا سزاکەی بڕینی یەکێک لەپەنجەکانیەتی، وەئەگەر ماچکردن بوو ئەوا لێوەکانی دەبڕدرێت **(رشيد، 1987 :49)**.

## پێنجەم: ئەشکەنجە لە عێراقی هاوچەرخدا:

گومانی تێدا نییە کە دەوڵەتی عێراق، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی تاکو ئەمڕۆ بەدوای ڕەوایەتی (شەرعیەتی) دەسەڵاتداریتیدا دەگەڕێت بۆ ئەم پێکهاتەی ئێستا هەیەتی، سەرچاوەی ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی لەدایک بوونی عێراق وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی و ئەو پرۆسانەی لەدرووستبوونی شوناسی دەوڵەتیدا سەریان هەڵداو ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لەنێوان کۆمەڵگەو دەوڵەتدا هەیە **(فەتاح، 2005 :95)**.

لەعێراقدا چەند بمانەوێت یەکەمین داهێنەری توندوتیژی و ڕیشەکێشکردن و ئەشکەنجە بناسین، دەبینین بەچەندین دەیە یان سەدە کەسانی لەپێشتر هەن ئەگەر لایەنێکیشمان دۆزییەوە و وامانزانی ئەو پێشەنگە لە پراکتیزەکردنی لەناوبردندا، ئەوا لایەنێکی تر دەدۆزینەوە لەو بوارەدا لەو لە پێشتر بووە، تاکو دڵنیابووین کە ئەنجامدانی ڕێبازی ڕیشەکێشکردن ڕەگی لەلاپەڕەکانی ئاکاری مرۆیی لە عێراقدا داکوتیوە کە لەچەند هەزارساڵێک نزیک دەبێتەوە، بەشێوەیەک لەمێژووی ئەم وڵاتەدا سەدەیەک نابینینەوە شەپۆلێک یان زیاتر لە شەپۆلەکانی ڕیشەکێشکردن و توندوتیژی تێدا بەدی نەکرێت **(یاسین، 2015 :16)**، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی توندو تیژی لە عێراقدا ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی

مرۆڤایەتی و یەکەم کاری توندو تیژ ئامێز عێراق ئەو شەرەفەی پێدەبڕێت، کە یەکەم کاری کوشتن کە لەگۆی زەوی ڕوویداوە هەر لەوڵاتی عێراقدایە، بەڵگەش بۆ ئەم زانیاریانە ئەوەیە کە زانا و پسپۆری کۆمەڵناسی عێراقی (علی الوردی) لەکتێبی توێژینەوەیەک لەسەر سروشتی کۆمەڵگەی عێراقیدا خستویەتیە ڕوو لەسەر زاری (وێلکۆکسی) بەریتانیەوە بەوەی کە ناکۆکی نێوان هابیل و قابیل ئەوە نیشان دەدات کە لە(تەورات)دا باسی دەکات، کە خودای گەورە ڕێزی لەخێڵی هابیل دەگرت و خێلی قابیلیشی کەمتەرخەم دەکرد، ناکۆکی نێوان ئەم دوو برایەش گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە قابیل هەستی کرد هابیل هەستاوە بەشکاندنی بەستەکان بۆیە هێرشی کردە سەری و دەستی خوێناوی کرد بەکوشتنی هابیل، تووڕەیی خوای گەورەش بۆ ئەم تاوانە زۆر گەورەبوو (**وەردی، 2005: 46**).

لەم توێژینەوەیەدا ناتوانرێت سەرجەم قۆناغە مێژوویەکانی دەوڵەتی عێراق بخرێتە ڕوو، چونکە ئامانجمان باسکردنی قۆناغێکی تایبەتمەندی مێژووییە کە ئەویش دەوڵەتی عێراقە لەقۆناغی فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعسدا، سەرەتای باسەکەش بە مێژووی دروستبوونی حزبی بەعس دەستپێدەکات و لە عێراق و ستراتیژی مانەوە و ڕیشەکێشکردنی گەلانی عێراق و نەتەوەی کورد و هەوڵەکانیان بۆ پاکتاوکردنی ئەو کەسانەی تەنیا ناڕەزاییان لەسەر ئەو جۆرە سیاسەتە دەربڕیوە.

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پارتێکی نەتەوەیی عەلمانیە، لە ئاکامی ئەو دۆخە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە جیهانی عەرەبی و دونیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردودا بەخۆیەوە بینی هاتە بوون، بانگەشەی بۆ کودەتاو گۆڕانکاری گشتی دەکرد، لەهەموو چەمک و نەریتەکانی عەرەبی، وەرچەرخان بەئاڕاستەیەکی سۆشیالیستیانە. دروشمە ئاشکراو ڕاگەیاندراوەکانی بریتی بوون (امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة) کە ئەمەیان پەیامی بنچینەیی حزبەکە بوو، هەرچی دروشمە سەرەکیەکانی ئەم حزبەشە خۆی لە (الوحدة، الحرية، الاشتراكية)دا بینیوە، کە تیکڕای سیاسەت وئامانجەکانی لە چوارچێوەی ئەم دروشمانەدا دەخولایەوە (**بارام، 2011: 145**).

سەرەتاکانی دەرکەوتنی حزبی بەعس لەعێراقدا بۆ کۆتایی چلەکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە لەکاتی بەستنی کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی حزبی بەعس لە سوریا، (میشیل عەفلەق) پێشنیاری دروستکردنی شانەی نهێنی لە وڵاتە عەرەبیەکانی دراوسێی سوریا کرد، کە عێراقیش یەکێک بوو لەو وڵاتانە، دەرکەوتنی بەعس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1947) کاتێک بۆیەکەم جار لە کتێبخانەکانی عێراقدا دووناملکەی بچوک بینرا، کە ئەوانیش (أحاديث في البعث العربي) و(في السياسة العربية) بوون کە بەناوی بەعسی عەرەبیەوە چاپکرابوون (**محمد، 1982: 198**)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خوێندکاری عەرەبی عێراقی لە زانکۆی دیمەشق دەیانخوێند کە پەیوەندیان هەبووە بەحزبی بەعسەوە لە سوریا و بەشداری کۆنگرەی دامەزراندنیان کردوە، و کاریگەربوون بە بەرنامەو بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی حزبی بەعس و بەگەڕانەوەیان بۆ عێراق بەشدارییان کردوە لە گواستنەوەی ئەم بیروبۆچوونەی حزبی بەعسی سووریا (**دیب، 2013: 97**).

ڕێکەوت سێ گەنجی سووری گەیاندە بەغداد بۆ خوێندن لە ساڵی (1949)دا، هێشتا چەند مانگێک تێنەپەڕیبوو بەسەر شکستەکەی فەلەستین و ئەو غەم و پەژارەیەی کە تەواوی جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە، جگە لەوەی ئەو سیانە گەنج بوون خاڵێکی تر کۆیکردبوونەوە ئەوە بوو هەرسێکیان عەلەوی ڕێبازو خەڵکی پارێزگای ئەسکەندەروونە بوون، لەگەڵ داگیرکردنی ئەو شارە لەلایەن تورکەکانەوە کۆچیان کردبوو بۆ ناوچەکانی باشوور و ئاشنایەتیان لەگەڵ سیاسەتمەداری ئەسکەندەروونی (ذكي الارسوزي) پەیدا کرد، کە ئەم سیاسیە پێی وابووە "بەعس" تاکە ڕێگایە بۆ گێڕانەوەی سەروەری عەرەب، بەمجۆرە بوون بە بەعسی وبانگەوازیان بۆ یەکبوونی عەرەب دەکرد، کاتێکیش بۆ بەغداد چوون ئەو بانگەوازەیان بۆ بەغداد گواستەوە، سێ خوێندکارەکەش بەم ناوانە بوون (فائز اسماعيل) کە خوێندکاری کۆلێژی ماف بوو لە زانکۆی بەغداد و دیارترینی ئەو سێ کەسە بوو، (وصفي الغانم) خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان بوو، برایەکیشی سەرکردەی حزبی بەعس بوو، و (سليمان العيسى) دواتر بوو بە شاعیری تایبەت بە حزبی بەعس **(صاغيە، 2013 :15)**. لەساڵی (1951) ژمارەی ئەو خوێندکارانەی پەیوەندیان بە حزبی بەعسەوە کردبوو لە پەنجا کەس تێنەدەپەڕی، کە بەسەرکردایەتی لاوێکی تەمەن (22)ساڵ بوو، کە بەتەمەنترینیان بوو بەناوی (فخری قدوری)، بەڵام ئەمانە لەلایەن میشیل عەفلەقەوە بە (پێغەمبەرە بچکۆلەکان) ناوی دەبردن و لە ساڵی دواتردا ژمارەیان بوو بە دوو ئەوەندە و هەر لەو ساڵەدا "سەرکردایەتی نەتەوەیی" (القيادة القومية) دانپیانانی خۆی ڕاگەیاند وەک لقێکی عێراقی لە حزبی بەعس **(صاغيە، 2013 :16)**. ئەندامەکانی ئەم پارتە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ئامادەکردن بۆ مانگرتن وخۆپیشاندان کە شارەکانی عێراقی گرتەوە، لەڕاستیدا یەکەم بەیانی فەرمی سیاسی بۆ ئامادەکردنی ڕاپەڕین لەلایەن بەعسەوە لە ژێر واژۆی (الشباب العربي الجامعي في العراق) دەرچوو کە تیایدا ئیدانەی دەستدرێژیکردنە سەر خوێندکارانی کۆلێژی دەرمانسازی دەکات لەلایەن پۆلیسەوە **(الحسني، 1980 :284)**، ئەو بنەما تازەو تایبەتیانەی حزبی بەعس، بنەمای جیاوازی و لێکنەچوونە لە نێوان وتن و کرداردا لە نێوان تیۆر و بەجێهێناندا لەچەواشەکردنی خەڵک و هەڵخەڵەتاندن بە دروشمی بریقەدار، ئەم یاریکردنەی بەعس بە وتە وعەقڵی خەڵکی هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە پیادەکراوە لەوەی لە نێو خۆی پارتەکەیاندا شتێکیان بڵاو دەکردەوە و لەدەرەوەش شتێکی تر، بێگومان حزبێکی لەو جۆرە نابێت بە پارتی گەل وجێی متمانە و بڕوای میللەت نابێت **(مستەفا، 2007 :73)**. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ڕێکخستنەکانی بەعس زیاتر خۆیان لە نێو جەماوەردا دەچەسپاند و ئامانجەکانی بەعسیان بڵاودەکردەوە بۆیە ئەم حزبە لە ژێر ناوی جیاجیادا وەک (الشباب العربی) و(الاشتراكيون العرب)دا بە شێوەی نهێنی و جارجاریش بە ئاشکرا بەشداری چالاکی و کاری سیاسیان دەکرد و بانگەشەی جەماوەریان کرد بۆ وەستانەوە و پەکخستنی هەموو پرۆژەکانی داگیرکەر، لێرەشەوە بوار زیاتر ڕەخسا تاکو بانگەشە بۆ ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی بەعس بکەن و دروشمە بریقەدارەکانی (الوحدة، الحرية، الاشتراكية) بە زەقی بخەنە بازاڕی سیاسەتەوە، دواتریش بەشداریکردنیان لە ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ساڵی (1952)دا وایکرد زۆر لایەنی حزبی وحکومی ڕۆژنامەوانی باس لە سەنگ و قورسایی ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە بکەن، هەر بۆیە لەبارەی قەبارەو جموجۆڵ و

کاریگەری ئەم حزبەوە ڕۆژنامەی (الاخبار) لە کانونی یەکەمی ساڵی (1952)دا، وتارێک بڵاو دەکاتەوە و تێیدا ڕایگەیاند لە عێراق پارتێکی سیاسی نهێنی لە ژێر ناوی (حزب البعث العربی) دروستبووە، ئەندامەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەکەی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا، کە تا دەهات ژمارەی جوڵە و چالاکییان لە زیادبووندابوو، کە ئامانج وتێکۆشانیان لە پێناو یەکێتی عەرەبی سۆشیالیستیدایە **(الحسني، 1980 :286)**. لەماوەی ساڵانی (1951_1958) حزبی بەعس ڕەخنەیان لە نەبوونی یەکسانی لە ڕادەبەدەری لە سیاسەتی سەرمایەداری لە جیهانی عەرەبیدا دەگرت، لەو بارەیەوە بیری قوتابیان و گەنجانی بۆخۆی ڕاکێشا، ئەوانەی کە بێزاربوون لە باڵادەستی بژاردەیەک لە عەرەبە نەتەوەییە بەتەمەنەکان و دورەپەرێزەکان، ئەوەش کە جێی سەرنجە حزبی بەعس لە عێراق نەوەیەکی شیعەی تەمەن بچوکی بۆخۆی ڕاکێشا لەوانەی کە بەدەست پیاوانی ئاینی شیعە و سیاسەتی سەرمایەداری کشتوکاڵەوە دەیان ناڵاند، سەرەڕای بژاردەی عەرەبە نەتەوەییە سوننەکان و لایەنگرانیشیان لەشارەکاندا جەختیان لەسەر قوتابیان و کرێکاران و هەندێک پیشەی سەرەکی دەکردەوە، کە هیچ حزبێکی دیکە وەکو حزبی بەعس ئەو هەموو جەماوەرە فراوانەی نەبوو، سەرەڕای ڕەخنەکانیان لە حوکمرانی (نوری سەعید)، بەڵام بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ نەبون، داوای دیموکراتی و سەربەخۆییە دەستوریەکانیان دەکرد لەگەڵ ڕەتکردنەوەی یاسای نەریتی و کشانەوەی عیراق لە پەیمانی بەغداد **(تریب،2013 :175)**.

لە دەوڵەتی عێراقدا دەیەی(1958)بۆ(1968) دەیەی زۆرترین ئاشوب و توندوتیژی بووە، بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێشووی ڕژێمی پاشایەتیدا کە وەک دەریایەک لە ئارامی و سەقامگیری دەردەکەوت، پادشایی شکستی هێنا لە دروستکردنی ناسنامەیەکی گشتگیردا بۆ دەوڵەت، ناسنامەیەک عێراقیەکان بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە لەگەڵ یەکتر بەشداری تێدا بکەن، پاش دەساڵ لە دەسەڵاتی کۆماریش پێکەوەنانی ئەم ناسنامەیە لە شکستدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی باڵە ڕکابەرەکان بەزەبروزەنگ لەهەوڵی وەگەڕخستنی ماشێنی فەرمانڕەوایی دەوڵەتدا بوون، باشترینیان ئەوانە بوون کە تێڕوانینی خۆیان لەبارەی ناسنامەی عێراق بەسەر تەواوی خەڵکیدا بسەپێنن، هیچ کام لەو باڵانەش ئارەزووی کوردەکانی نەهێنایەدی، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کوردەکان بەردەوام بوون لە خەباتی چەکداری دژی هێزەکانی ناوەند بەدرێژایی ئەو دە ساڵە **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :87)**.

دەیەی یەکەمی کۆماری چوار کودەتای سەربازی بەخۆیەوە بینی، دوانیان خوێنی لێدەچۆڕایەوە بارودۆخی سیاسی لە عێراقدا گەشەی کرد بۆ جەنگەڵێکی دارویني لە پیناو مانەوەدا، لە ساڵی (1968) حزبی بەعس وەک هێزێکی سیاسی پڕ چەک بە باشترین تفاقەوە لەو هەلومەرجەدا دەرکەوت، ترسناکترین ڕووبەڕووبوونەوە دروستکردنی ڕژێمێک بوو بتوانێت بمێنێتەوە، لە کاتێکدا تێکڕای تەمەنی ڕژێمەکان لەدوو ساڵ کەمتر بوو، وە دەبوایە بەرگەی ئەو هەموو ناکۆکیە تائیفیەشی بگرتایە بەکوردەکانەوە، ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنانی ڕژێمێک بوو بەرگەی کودەتاش بگرێت، لە ئەنجامدا ڕژێمێکی داپڵۆسێنەری لێ بەرهەم هات، کە بووە هۆی توندوتیژییەکی بێسەرەو بەرە کە هەلومەرجی سیاسی عێراق لە کۆتایی (1960) بەخۆیەوە بینی، سەخت بوو پێشبینی ئەوە بکرێت کە حزبی بەعس چۆن پلانی داڕشتبو و بەچ

تەکنیکێک بگاتە دەسەلات، کە وەڵامێکی لۆژیکی بوو بۆ ئەو بارودۆخە، جیاوازی بەعس لەوەدا بوو لە زۆرتر بەکارهێنانی توندوتیژی و داپڵۆسینی کردبووە بەرنامە بۆ زیاتر مانەوە و جێگیرکردنی دەسەلاتی بەسەر تەواوی عێراقدا **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :89)**.

لەساتەوەختی کودەتاکەی (1963)دا حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی سەرجەم کۆڵانەکانی شاری بەغدای کۆنترۆڵ کردبوو، هەروەها شارەکانی ناوەڕاستی عێراقیش کە زۆربەی دانیشتوانەکەی سوننە بوون لایەنگیریان لە بیرۆکەی نەتەوەچێتی دەکرد و هاوڕای بەعسیەکان بوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەعس لەسەرەتای شوباتی (1963)دا تەنها (830) ئەندامی چالاک و(15000) لایەنگری ڕێکخراوی هەبوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی بەعس لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بوو، هەرگیز بەئەندازەی حزبی شیوعی لەلایەن جەماوەرەوە پشتگیری لێنەکرابوو **(مەکیە، 2009 :419)**. لەوکاتەدا حزبی شیوعی عێراق زیاتر لە یەک ملیۆن لایەنگیری هەبوو، هەروەها تەواوی شەقامەکانی بەغدادیان کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام لەساڵانی داهاتوودا ژمارەی بەعسیەکان بەردەوام لە زیادبووندایە بەو ئەندازەیەی لە حزبی شیوعی کەمدەبوونەوە **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :69)**. لەساڵی (1963)دا حزبی بەعس بۆماوەیەکی کورت لەڕێی کودەتایەکەوە دەسەڵاتی گرتەدەست و لەناکاو لەناوبران و (صدام) خرایە بەندینخانەوەو لەجیاتی سەرکەشی شۆڕشگێرانەی کەم بێتەوە، کەچی لەکاتی بەندیدا زیاتر ئاگری خۆش دەکرد، تەنانەت پاسەوانی بەندینخانەی دەهێنایە سەر ڕێی خۆی، دووساڵ دوای ئەوە لە بەندینخانە هەڵهات و گەڕایەوە بۆکاری نهێنی و چووە ناو هێزی ئاسایشی بەعسەوە کە بە (جیهازی حەنین) ناسرابوو، ئەم جیهازە هاوشانی (کراسی قاوەیی) کە دەزگایەکی سەرکوتکەری هیتلەر بوو **(کاپلان، کریستۆڵ، 2007 :24)**.

کودەتای ساڵی (1968) بەیارمەتی چوار کەسایەتی گرنگی نێو ڕژێمەکەی (عبدالسلام عارف)، حزبی بەعسی دووبارە گەڕاندەوە بۆ سەر تەختی دەسەڵات ئەوانیش (کۆلۆنێل ابراهیم عبدالرحمن داود) کۆماندەری گاردی کۆماری، (کۆلۆنێل عبدالرزاق نایف) سەرۆکی هەواڵگری سەربازی، و(کۆلۆنێل حامد شهاب)، کۆماندەری قشڵەی بەغداد، و(کۆلۆنێل سەعدون غێدان) کۆماندەری یەکەی زرێپۆشی گاردی کۆماری، کە جارێکی تریش ئەو ڕاستیە سەلمێنرا کە بڕیار تەنها بەدەست هێزە چەکدارەکانە و هەر ئەوانیش بڕیاربەدەستی سەرەکین لە ژیانی سیاسی عێراق **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :90)**، (صدام) نیازی خۆی بەڕوونی بۆ دوای کودەتا دەربڕیبوو، سەبارەت بە (نایف و داود)، گووتبوی: " پێویستە لەسەرمان هاوکاری بکەین لەگەڵیاندا، بەڵام پێویستە لەکاتی کودەتا یان دوای کودەتا لەناویان بەرین، وە منیش (صدام) خۆم بۆ ئەم کارە تەرخان دەکەم" بۆ بردنە سەری ئەم بەڵێنە زوو دەستبەکار بوو، دوای کودەتا داود بەڕێکەوت ڕێی دەکەوێتە ئوردون و فەرمانی پێدرا لە ئوردون بمێنێتەوە ودوای دووساڵ خانەنشینکرا، هاوکات (نایف)یش لەگەڵ (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) بانگێشتی نانی نیوەڕۆ کرابوو بۆ کۆشکی کۆماری، دوای نانی نیوەڕۆ بەزەبری چەک (صدام) تا فڕۆکەخانە بردی و ناردی بۆ مەغریب وەک باڵوێزی نوێی عێراق و بۆهەتاهەتایە نەگەڕایەوە، ئەم هەنگاوانەی صدام پێویستی تەنها بە دوو هەفتە هەبوو، سەرەڕای ئەوەی (صدام) کودەتاکەی کرد، بەڵام کەسایەتی گرنگ لەو ڕووداوانەدا ژەنەڕاڵ بەکر بوو، وێڕای

کەسایەتیەکی قسەخۆش وگەرموگوڕ، لەچاوی خەڵکدا وێنەیەکی شەرعی بە حزبی بەعس بەخشی، لەکاتێکدا (صدام) لەپشتی پەردەوە کاری دەکرد، لەدوای لادانی ئەو کەسانەو لەدابەشکردنەوەی دەسەڵاتدا (صدام)بوو بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە دووەمین پۆستی بەهێزی دەوڵەت بوو، هەرچەندە ئامۆزازای یەکتربوون بەڵام متمانەیان بەیەکتری نەبوو، بۆیە (بەکر) جگە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کەبەرزترین پۆستی عێراق بوو دوو پۆستی تریشی بۆخۆی زیاد کرد، ئەویش پۆستەکانی سەرۆک وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :91_92)**.

تاکتیکەکانی (صدام) و(جیهازی حەنین) بوون بەسیاسەتی فەرمی دەسەڵات وەک کودەتاکانی تری جیهانی سێیەم کودەتای عێراقیش گۆمی خوێنی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بەڵام ئەمجارە بێ کۆتایی بوو بەناو گۆڕینێک دەزگای حەنینی (صدام) بوو بەهێزی موخابەرات و هەواڵگری و ئاسایش، کە بوونە دەزگای تیرۆرکردنی هاولاتیانی عێراقی و لە سێ مانگی یەکەمی کودەتادا جاڕی ئەوەیان دا، کە بازنەیەکی سیخوڕی زایۆنیان کەشف کردووە ژمارەیان (14) کەس بووە و یانزە کەسیان جولەکەی عێراق بوون و هەموویان لە گۆڕەپانێکی بەغداد لەبەرچاوی هەزاران کەس هەڵواسران، تەنانەت ڕادیۆی بەغداد لە پەیامێکیدا ووتیان: (ئێمە جاسووسمان هەڵواسی، بەڵام جولەکە چوار مێخەی مەسیحیان کێشا.) **(کاپڵان و کریستۆڵ، 2007 :25)**.

لەدوای کودەتاکەی (1968)، حزبی بەعس پێشنیاری وەزارەتی بۆ هەردوو باڵەکەی حزبی شیوعی کرد، بەڵام سەرکردایەتی ناوەندی ئەو پێشنیارەی ڕەتکردەوە، لە دوای چەند مانگێک شەڕێکی نهێنی لەگەڵ بەعس هەڵگیرسا، دوا بەدوای ئەوەش جەستەی ساردوسڕی زۆرێک لە شیوعیەکان لە کوچەو کۆڵانەکان بەسەر ڕوباری دیجلەدا بەدیدەکرا، حزبی بەعس نەک هەر ئەستۆپاکی خۆی لەو ڕووداوانە دەربڕی، بەڵکو گوناهەکەشی خستە ئەستۆی حزبی شیوعی بەوەی لەڕێگەی کوشتنەوە بوون بە بەشێک لەو پیلانە ڕێکوپێکەی کە دەیەوێت پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی لەهێزە پێشکەوتوخوازەکان لەناوبەرێت**(مەکیە، 2009 :431)**.

لەگەڵ ئەو تەنگژانەی ڕووبەڕووی ڕژێمی نوێ دەبوونەوە نیشانەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو تەنگژانە بەڕوونی دیاربوون و دیارترینی ئەو کێشانەش مەسەلەی کورد بوو، لە تەمموزی (1968)دا (احمد حسن البکر) سێ وەزیری کوردی دامەزراند، دوانیان سەر بە(بارزانی)بوون وئەوی دیکەیان سەربە باڵی (تاڵەبانی)بوو لەپارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەوڵێکی حزبی بەعس بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو باڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەنگاری و دژایەتی یەکتر بکەن، لە ئەنجامدا دوو لایەنگرەکەی (بارزانی) دەستیان لەکارکێشایەوە و لە کانونی دوەمی هەمان ساڵدا شەڕێکی توند دەستیپێکرد، بەڵام لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبی بەعسدا بڕیاریان دا بگەڕینەوە سەر ڕاگەیاندنی حوکمی زاتی لەساڵی (1966)، ئەوەندەی تر (بارزانی) هاندا کە فشارەکانی دوو ئەوەندە بکات و لەهەمان کاتدا پشێوییەکانی عێراق وئێرانی قۆستەوە ولەساڵی(1969) هێرشێکی توندی کردە کەلوپەلی کۆمپانیا نەوتیەکانی کەرکوک وبەرهەمهێنانی بۆ چەندین ڕۆژ ڕاگرت، و بەرپەرچدانەوەی توندیان بەرامبەر حزبی بەعس نواند و لەگەڵ ئەوەشدا (احمد حسن البکر) زیاتر لایەنگیری

دانوستان بوو لەگەڵ (بارزانی)، هەرچەندە هەندێک لە بیروڕاکانی باڵەکەی (تاڵەبانی) لە حزبی بەعسەوە نزیک بوون، بەڵام بەکر تەنها بارزانی بە نوێنەری ڕاستەقینەی دەسەڵات دەزانی لە کوردستان، دانوستانەکانیش صدام ڕابەرایەتی دەکرد کە بەیانی (11)ی ئازاری لێکەوتەوە، کە تێیدا حکومەت دانی بە مافەکانی کوردا نا و بەشێوەیەک بوو کە زۆر نەرمی تیا دانرابوو لەلایەن بەعسەوە لەوانەش دان نان بەناسنامەی نەتەوەیی کوردو زمانی کوردیدا، لەگەڵ بەشداری لە بەڕێوەبردن، کە ئەم ڕێککەوتنە تا ساڵی (1974) درێژەی کێشا (**ترێب، 2013 :259_260_261**).

## ڕۆڵی (صدام حسین) لە گەشەسەندنی حزبی بەعس:

صدام حسین لەگوندی (عوجة) لە ساڵی (1937) لەدایک بووە، باوکی (حسین المجید) هەر زوو دەمرێت، سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان دەڵێن باوکی صدام یان مردووە یان دایکی پێش لەدایکبوونی صدام ئەو پیاوەی بەجێهێشتووە (**کاپڵان، کریستۆڵ، 2007 :23**)، دایکی (صبحة طلفاح) مێردی بە (ابراهیم الحسن) کردەوە، کە زۆر ڕقی لە صدام بوو بۆیە کاری جوتیاری پێ باشتر بوو وەک لە خوێندن، وا پێدەچێت زڕ باوکەکەی بەڕەقی مامەڵەی لەگەڵدا کردبێت، بەگشتی صدام لە ژینگەیەکدا لەدایکبوو کە هەوێنی توندوتیژی تێکەڵ بەنەست و ناخی بووبوو، هێندەی نەبرد لەلای خاڵی ئەو پەناگەیەی دۆزیەوە کە گەشەبەڕوحە شەڕەنگێزییەکەی بدات، خاڵی (خیرالله طلفاح) یەکێک بوو لەدەمڕاستە بچوکەکانی تکریت و دەمانچەیەکی پێشکەشی صدام کردو لە ژێر سایەو چاودێری خۆیدا پەروەردەی کرد (**صاغیە، 2013 :53**)، طلفاح نەخشەکێشی کودەتا بووکە مەیلە سیاسیەکانی کاردانەوەی لە ئەجێندای حزبی بەعسدا هەبووە، (طولفاح) بەتێکەڵەی سۆشیالیزم وفاشیزم و نەتەوەپەرستی عەرەبی صدامی پەروەردەکرد کە هەموو ئەمانەش هێمای سیاسی حزبی بەعس بوون، (طولفاح) لە نامیلکەیەکدا نووسیویەتی: (دەبوایە خوا فارس و جولەکەو مێشی دروست نەکردایە.)، ئەم بۆچوونانە کاردانەوەیان هەبووە لەسەر صدام وەک هەرزەکارێک ئامادەی کۆبوونەوەکانی بەعس دەبوو، سەرقاڵی شەڕی سەر شەقامەکان دەبوو لەگەڵ قوتابیانی زانکۆدا، زۆرترین کاتەکانی لەبەندیخانە دەبردەسەر وەک لەدەرەوە (**کاپڵان، کریستۆڵ، 2007 :23**)، خاڵی مامۆستای ئامادەیی بوو زستانان دەگەڕایەوە بۆ بەغداد و صدامی بەخوشکەکەی دەسپارد لەیلا (پوری صدام)، هەرچەندە هەندێک لە هاوەڵانی منداڵی (صدام) باس لەدەرکەوتنی بەهرەکانی صدام دەکەن بۆ سەرکردایەتیکردن و ئەنجامدانی کاری مەترسیداری وەک فێڵکردن لە پێوەری کارەبا و ڕاوە ماسی بە تەقەمەنی و بزێوی و شەڕەنگێزی و ئیرەیی بردن بەرامبەر بە هاوڕێکانی بەتایبەتی کوڕە خاڵەکەی (عدنان خیرالله) چونکە ئەو لەماڵی باوکیدا دەژیا و زستانانیش لەگەڵ باوکی دەچوو بۆ بەغدا، بەڵام صدام تا ساڵی (1957) چاوی بە بەغداد نەکەوت (**صاغیە، 2013 :52_53**).

پەروەردەی سیاسی (صدام) لە تەمەنی (22)ساڵیدا هاتەبەر کاتێک هەوڵی کوشتنی سەرۆک وەزیرانی عێراق(عبدالکریم قاسم)ی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، یەکێک لەوکەسانەی کە کاری زۆری لەسەر ژیاننامەی (صدام) کردووە دەڵێت: (بەگوللەی یەکێک لەبرادەرەکانی

خۆی پێکرابوو، (صدام) لەناو ئەو ماشێنەی پێی هەڵهاتن بەچەقۆیەک گوللەکەی لە قاچی خۆی دەرهێنا) و (صدام) بەرەو سوریا هەڵهات و دوای ماوەیەکی کورت ڕووی کردە میسرو سێ ساڵ لەوێ مایەوە، بەپێی قسەی خاوەنی ئەو چێشتخانەیەی کە (صدام) هاتوچۆی کردووە بەکەسێکی زۆر بێ دۆست و بێ یاوەرو هاوڕێ و گۆشەگیربووە و دەڵێت:"هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەم شەڕفرۆشە گێلە پێبگات و ببێت بەسەرۆکی عێراق." دواتر (صدام) گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کچە خاڵی خۆی مارە دەکات و دەبێت بە بەرپرسی ڕێکخراوی جوتیاران لە حزبی بەعسدا **(کاپلان، کریستۆل، 2007 :24)**. لەسەرەتای شەستەکاندا (صدام) هەستا بەدارشتنی بەرنامەیەکی چاکسازی کشتوکاڵی وجوتیارەکان چەندین ماف و پلە وپایەی تازەیان پێدرا، گرنگی زۆر زیاتری دا بە کاری سەندیکا و کۆمەڵە کرێکارییەکان وهەوڵی زیاتر کردنی کرێی داوە، وە عێراقیەکان بۆیەکەم جار بوونە خاوەنی بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، و (صدام) گرنگی زۆری داوە بەکاروباری ژنان بەتایبەتی لەبواری کارکردن و پەروەردەدا، وە بوارێکی فراوانتری ڕەخسان بۆ پیاوان بێنە سوپا و جەیشی شەعبیەوە، صدام زۆر سوودی لەبەرنامە و پرۆگرامی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وەرگرت لەبەرئەوەی هەستی کردبوو کە نزیکە لە شێوە ژیانی خێڵەکی و نەریتی و خێزانی عێراق **(دیب، 2013 :111)**.

کارامەیی صدام بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و ڕژێم لەسەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوت، کاتی ئاسایش دزەی کردە ناو سوپاوە پیلانێکی ئاشکرا کرد، ئەمجارە گومانی هەڵبەستراوی لێ نەدەکرا، دەستێوەردانی ئێران ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ زانینی وردەکاری و ڕۆژ و کاتی پلانی کودەتا، (صدام) دەیتوانی پلان دارێژەرەکان لە خشتە بەرێت و بیانخاتە ناو بۆسەوە و لە ئەنجامدا (37) ئەفسەری سەربازی بەهەمان ئەو چەکانەی وەریانگرتبوو لە کۆنسوڵگەری ئێران کوژران، کۆنسوڵگەریەکەشیان لە بەغداد و کەربەلا و بەسرە داخران **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :93)**.

ڕێککەوتنی (11)ی ئازاری (1970) کە (صدام) سەرۆکایەتی دەکرد، لە هەوڵدا بوو بۆ دەستەمۆکردنی کوردەکان و تیایدا بڕیار لەسەر ئەوە درابوو کە لە ماوەی (5) ساڵدا سەرژمێری بکرێت و ئەو ناوچانەی کورد زۆرینەن دەسەڵاتی لۆکاڵیان پێبدرێت و بەتایبەتی لەو شوێنانەی بیرە نەوتیەکانی تیابوو (کەرکوک) ئەمانە نەک هەر نەکرا، بەڵکو (صدام) زۆر بە ئاگاییەوە دەستی بەپرۆسەی تەعریب کردن کرد بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو شارانە، بەهەڵرشتنی پارەیەکی زۆر بۆ ئەو عەرەبانەی دەیانەوێت لەو شارانە نیشتەجێ بن، لەهەمانکاتدا هەوڵی تیرۆرکردنی (بارزانی) سەرکردەی کوردەکان لە ئارادابوو کە گومان دەکرا هەر (صدام) لەپشت ئەو کردەوەیەوە بێت **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :94)**. خەڵکی عێراق زۆر دەمێک بوو هەموو جۆرە هەستێکی بڕوا بەخودیان لەدەستدابوو، تەنها خودێکی دەستکرد بوونی هەبوو کەلەلایەن ڕژێمەکەیەوە پێی بەخشرابوو، ئەوەش لەئاکامی دەستەگەریتی و گەشەکردنی حزب و ئەو ئاماژانە بوو کەپێشتر گفتوگۆیان لەسەر کراوە و دارمانی کەسایەتی عێراقی گرنگترین ڕوونکردنەوەیە دەربارەی ئەوەی بۆچی لە عێراقی بەعسدا لە نێوان دەستکەوتە سەربازیی و وابەستەیی سیاسیدا هیچ پەیوەندییەک نەبوو، پێش ساڵی (1975) لە عێراقدا بەزەحمەت کەسێکت دەدۆزییەوە بڕوای بەبوونی ململانێی نێوان سنوور هەبێت لەگەڵ ئێراندا،

بۆیە بەدڵنیاییەوە لە زۆرینەی خەڵکی عێراق لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیردا سەرسامبوون لەو گۆڕانە کتوپڕەی لە ئاڕاستە و ڕەفتاری ڕژێمی فەرمانڕەوادا ڕویدا، کە هیچیان پەیوەندی بە مەسەلەی کەنداوی عەرەبەوە نەبوو، ئەو سەرسامیەش زیاتر پەیوەندی بە دژایەتی ڕژێمی (شـا)وە هەبوو، وعێراق دەستبەرداری گەرووی هورمز وکەنداوی عەرەب بوو کە چەندین ساڵ بوو ململانێیان لەسەر دەکرد، کە ئابڕوچوون بوو بۆ حزبی بەعس و لەنێو ئەو حزبەشدا (صدام) زۆر زۆر ئازاری چەشت و ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کە (5) ساڵ دواتر تۆڵەی خۆی لە ئێران بکاتەوە و جەنگی عێراق و ئێرانی هەڵگیرساند **(مەکیە، 2009 :502_503)**. (صدام) و حزبی بەعس زۆر گرنگیان بە گەنجان و لاوان دەدا تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن کاربکەنە سەر ی عێراقی، بۆیە (صدام) پێی وابوو کە هەوڵ و تێکۆشانی بەعسیەکان لە یەک سەنگەری چالاکیدا کۆبکریتەوە، ئەویش لە ناوچینی کرێکاران و بەتایبەتی لە ناوتوێژی لاواندا کە پێیان وایە ئەمە گرنگیەکی زۆری دەبێت بەتایبەتی لەو ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کە دەدرا بەکوردەکان، هەر لەنێوان لاواندا دەتوانرێت ڕێگرییەکانی بەردەم ئێستە وداهاتوو لەناو ببرێت، چونکە بچوک گەورە دەبێت ودەبنە عسی، بەم شێوەیە لەداهاتوودا دەبینن کە غەیرە بەعسیەکان چەند کەمدەبنەوە و جێگەی کەمتر لە پانتایی سیاسیدا دەگرنەوە و لە پێناوی زیاتر بەعساندنی کوردستاندا خوێندنگەو قوتابخانەکانیشی لەو هێرشە بێبەش نەکردبوو، لەسەرەتاییەوە تا دەگاتە کۆلێژ، بێ ڕەچاوکردنی تەمەن لەڕێگای (طلائع و فتوە و سەربازگەی هاوینەی خوێندکارانەوە) کەوتە بەعساندنی منداڵ و گەنج و لاوەکان، خودی صدام حسین بۆ ڕاکێشانی لاوان و خوێندکاران بۆ ڕیزی بەعس دەڵێت:"نکسب الشباب لنضمن المستقبل" واتە لاوان بەدەست دەهێنین تا ئایندە مسۆگەر بکەین **(مستەفا، 2007 :260_261)**، ڕەنگە ئەو کاریگەربوونەی لاوان و گەنجان لەدوای شەشەمین کۆنگرەی نەتەوەیی حزبی بەعسەوە دێت کە میشیل عەفلەقی دامەزرێنەری حزبی بەعس لە وەسفێکدا بۆ (صدام) وتبووی:"صدام خەڵاتی ئاسمانە بۆ بەعس، خەلاتی بەعسیشە بۆ نەتەوە."**(مەحمود، 2010 :6)**، بەم هەنگاوانە و بەشداری پێکردنی هەندێک کەسایەتی شیعە لە حوکمڕانیدا وەک (نازم گزاز) و خۆماڵیکردنی نەوت و پاکتاوکردنی ئەو بەعسیانەی مەترسی بوون بۆ خودی (صدام) وەک ئەو ئەفسەرانەی بەشداری کودەتای (1968) یان کرد وپشتگیری (مشیل عەفلەق) لە سەرەتادا و پەراوێزخستنی (احمد حسن البکر)و دژایەتی کردنی ئیسرائیل بەتایبەتی دوای شکستی وڵاتانی عەرەبی لەساڵی(1967)دا، یان وەک تۆمار کراوە لە بایۆگرافیەکەی خۆیدا (ڕۆژە درێژەکان)، وا دەگێڕێتەوە کە چۆن پێکراوە و بە گوێزان گوللەکەی لە لە لاقی خۆی دەرهێناوە و لە ڕووباری فورات بەمەلە پەڕیوەتەوە ڕوەو سوریا، دواتر قۆناغی کۆتایی بە گەشتێکی حەوت ڕۆژی بە ئەسپسواری لە بیابانی سوریاوە بەئەنجام گەیاندوە. پێدەچێت بەهاتنەوەی لە سوریا وەک پاڵەوان پێشوازی لێکرا بێت لەلایەن ئەندامانی حزبی بەعسەوە **(ئەندەرسن، ستانسفێڵد، 2008 :69)**.

(احمد حسن البکر) وازی لەوەزارەتی بەرگری هێناو دایە (عدنان خیرالله) کە زاوای خۆی بوو، لەهەمانکاتدا کوڕە خاڵی (صدام حسین) بوو، ئیتر بەختی بەکر کەمبۆوە، پڕوپاگەندەی وا بڵاو بۆوە کە گیروگرفتی تەندروستی نادیاری هەیە، و بۆچوونەکان بەهێزتر

دەبوون لە وەرگرتنی سەرۆکایەتی لەلایەن صدامەوە، تەنها مەسەلەی کاتە، لەڕاستیشدا ئەوە ئەو ڕۆڵە بوو کە (صدام) لەماوەی پێشوودا پێی هەڵسابوو، هەرچەندە نەبوونی بە سەرۆک کۆمار بۆ دوو ساڵ دواخست، لەبەر ئەوەی دەیویست لەو تۆڕانە دڵنیا بێتەوە کەبۆ لایەنگرانی دایمەزراندبوو، بەتایبەتیش لەهێزە چەکدارەکان کە (عدنان خیرالله) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی، هەروەها ئەو ماوەیەشی قۆستەوە بۆ ئەوەی لەسروشت و قەوارەی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بەحزب و ڕژێم دڵنیا بێت **(تريب، 2013 :286)**. ئەو سیاسەتە سەرکوتکارانە بووە مایەی ناڕەزایی سەرکردەکانی شیعە، دیارترینیان ئایەتوڵا (محمد باقر الصدر)بوو، کە خرابووە ژێر مانەوەی بەناچاری لە ماڵەکەی خۆی، ڕەنگدانەوەی ئەوە ترسی لای ڕژێم دروستکرد لە ئەنجامدانی ناڕەزایی و هەستکردنیان بە زوڵم لای شیعەکان دروست بێت و لەئەنجامیشدا بەکردار خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتگیری لە (باقر الصدر) کردو دەزگای چاودێری و سەرکوتکردنی بەعسی لەشاری(ثورة) بەهۆی ناڕەزایەتیەکان داڕووخا، ئەمەش مەترسیەکانی صدامی بۆ دوو هێندە زیاتر کردو پەنای بردە بەر توندوتیژی و کۆنترۆڵی شەقامی کردو زیاتر لە (5000) کەس دەستگیرکران کە چەندین پیاوی ئاینی شیعەی تێدابوون و سێدارە چارەنووسی زۆرینەیان بوو، زۆری تریش لە عێراق دەرکران، بەڵام (باقر الصدر) بەناچاری لە عێراق مایەوە و لەڕێگەی کاسێتەوە سوننەو شیعەی بەرهەڵستکار(معارضة) لەنیو خۆیاندا بڵاویان دەکردەوە، کە دەنگۆیەکی گەورەی لە سەرتاپای عێراق دروستکرد، و لەوسەرو بەندەدا ئەحمەد حەسەن بەکر بەشێوەیەکی کتوپڕ دەستی لەکارکێشایەو صدام لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا سوێندی سەرۆک کۆماری خوارد، خێرایی کردارەکە دەریخست صدام خۆی دووچاری مەترسی ناکات و ڕێگە بە هیچ بەرهەڵستکارییەک نادات، لەدوای ساڵێک لەکۆبوونەوەی حیزبی بەعسدا بەخێرایی و دڵڕەقانە کاریکرد بۆ لادانی هەموو ئەوانەی کە بەبڕوای ئەو گوێڕایەڵی نابن و لەهەوڵی کودەتادا بوون بەیارمەتی حزبی بەعسی سوریا، کە سەردەستەی کودەتا چییەکانی هێنا کەناوی (المشهدی) بوو، لەکۆبوونەوەی حزبی بەعسدا چەندین کەسی تێوەگلان و(صدام حسین) بە لیستێکی دورودرێژ ناوی هەموویانی دەخوێندەوە و هەرلەوێدا دەستگیرکران و لەکەش و هەوایەکی پڕلەترس و دڵەڕاوکێدا ڕاپێچی دەرەوەی هۆڵی کۆبوونەوەکە کران و(صدام) جگەرەیەکی گەورەی داگیرساند و خەمخۆری خۆی دەربڕی بۆیان لەبەرئەوەی هەندێکیان زۆر متمانەپێکراوی بوون، بەگشتی نزیکەی (500)کەس لە ئەندامە باڵاکانی حزبی بەعس لەسێدارە دران و هەندێکیشیان لەپۆستەکانیان دوورخرانەوە، تەنها لەبەرئەوەی پەیوەندیان بە سوریاوە هەبوو **(تريب، 2013 :292_293)**.

## شەشەم: ئەشکەنجەدان لەزیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا :

ئەو پێشەکییەی سەرەوە وەک دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو ئەو پلانی پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی و مەزهەبیەی لەسەرەتاکانی چوونە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعس بوو لە پێناو ناساندنی کارە دژ بەمرۆڤایەتیەکانی دژ بەگەلانی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد و بەشێوەیەکی وردتر و تایبەت تر لەدژی زیندانیانی سیاسی کوردستان بەئەنجامیان گەیاندووە، واتە ئەو ڕێبازو بەرنامانە چیبوون لەدژی زیندانیان گیراونەتەبەر تەنها لەپێناوی مانەوەی ڕژێمەکەدا

بوو. لێرەوە هەوڵ دەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە ئایا شکاندن و شکۆی کەسێکی بێدەسەڵات کە زیندانییە، جگە لەوەی کە لەناوبردنێکی هێواش و لەسەرخۆیە دەبێت چ ئامانجێکی تری لەپشتەوە بێت؟

مێژووی عێراق سیخناخە لە مێژووی ئەشکەنجە. پڕە لە مێژووی کوشتنی فیزیکی و مەعنەوی، هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵات لە سەرەتای شارستانیەتەکانەوە، بۆ سەردەمی بەعس، بەئەندازەی عێراق لە زیندان و زیندانی و ئەشکەنجەی هەمەچەشندا، بە ئەزموون و دەوڵەمەند نییە، بەڵام ئەو هەزاران ساڵەی قەڵەمڕەوەکانی عێراق لە سۆمەرییەکانەوە بۆ بابلی و دەسەڵاتدارنی ئیسلامی، هەتا پاشایەتی و کۆمارییەکان، هیچکام لەو قەڵەمڕەوانەبە قولەپێی ڕژێمی فاشستی بەعس ناگەن لەکوشتن و ئەشکەنجەدان، لەجۆری زیندان و ئەشکەنجەداندا داهێنەربوون بەڵگەش بۆ ئەم وتانە:

1. ژمارەی زیندانیەکانی سەردەمی بەعس، چەندین بەرامبەر لە زیندانیەکانی قەڵەمڕەوەکانی پێشووی عێراق زیاتربوون.
2. سەرژمێری لەسێدارەدراوانی حوکمڕانی بەعس، لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوودا، بەراورد ناکرێت لەبەر زۆری ژمارەیان.
3. ئامێرو کەرەستەی بەکارهێنراوی ئەشەکەنجەدانەکان، هاوردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان بوون.
4. لە بیناسازی زیندانەکاندا ژووری تاک، تاریک، جۆری هەڵواسین، ڕێڕەوی هێنان و بردن، شێوەی پەنجەرە، توالێت، دەرگاو تەنانەت شێوە چاوپێکەوتنی زیندانیەکانیش، ئەندازیارانی زیندانەکانی بەعس، بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیەتی بەعس و فاشیەکان، داهێنەربوون.
5. لە مەشق پێکردنی ئەفسەران، ئەمنەکان، ئیستخبارات و موخابەرات، بۆ ئەوەی ببنە ئەشکەنجەچییەکی کارامە، بەعس سوودی لە تاقیکردنەوەی زۆربەی وڵاتانی وەرگرتووە.
6. ژمارەی خەڵکە تەرخانکراوەکان بۆ زیندانیەکان، لەشکرێکی تایبەتی بوون، کەلەبارەی بڕوا ونهێنی پارێزییەوە، هەروەها لەڕووی سایکۆلۆژی و کەسایەتی خوێنڕێژییەوە، پەروەردەی تایبەت دەکران (**بەختیار، 2012 :10_11**).

ئەشکەنجەدان لە لوتکەی سیستمی سزادانە. مۆدێرنە لە عێراقدا، بریتیە لەو سیاسەتەی هەموو هاوڵاتیەک چاوەڕوانی ئەو دەکات کە ڕەنگە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ئەشکەنجە بدرێت، لە ئێوارەی هەڵگیرسانی جەنگی (عێراق_ئێران)، لە سێپتەمبەری (1980)دا، (صدام حسین) سەرکردایەتی ڕژێمێکی دەکرد، گشت ئەو پێوەرانەی گۆڕیبوو کە کاریگەریان بەسەر کۆمەڵگەوە هەبوو، لەگەڵ گۆڕینی شێوازی توندوتیژی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئامرازەکانی توندوتیژی کەبریتیبوون لە سوپا، پۆلیس ودەزگای ئەمن، تۆڕیکی فراوانی سیخوڕی، میلیشیاکانی حزب، بیرۆکراتەکانی ناوحزب و دەوڵەت، گۆڕانکارییەکی گەورەیان تێدا کرابوو لە دژی ئۆپۆزیسیۆن بەکاردەهێنران، ئەو ئامرازانە لەبری ئەوەی فاکتەرێک بن بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، کەچی خۆیان بووبوون بە ئامانجێکی ترسناک و لە سنورەکانەوە توندوتیژیەکی

دڕندانەیان بەهەموو لایەکدا بڵاودەکردەوە **(مەکیە، 2005 :14)**، مێژووی حوکمڕانی و مێژووی زیندان و ئەشکەنجەدانی قۆناغی حوکمڕانی بەعس (1963) و (1968_1970) بەحوکمی ئەوەی بەعس وەکو ئایدۆلۆژیا هەتا هاتووە خۆی سەپاندووە، بۆیە هاوشانی بەهێزکردنی سوپای عێراق، ئابووری عێراق، دام و دەزگا ئەمنیەکانی عێراق و سیستەمی دەسەڵاتداریێتی تاک حزبی عێراق، ئەم ستراتیژە گشتگیرەی دەسەڵاتی داسەپاوی فاشی وتۆتالیتاری، لەوڵاتێکی وەکو عێراقدا، مەحاڵ بوو بێتەدی، گەر سەرجەم نەیارەکانیان، لە پێکهاتەی ئەتنیکی ورێبازی ئایدیۆلۆژی، وەکو ڕژێمە هاوچەشنەکانیان لە مێژوودا، سەرکوت نەکەن، بۆیە ساڵی (1963) کە هاتنە سەر حوکم دوو لایەنی سەرەکییان لەسەر خۆیان بەمەترسیدار دەزانی ئەوانیش: (کوردو پارتی و کوردایەتی، و حزبی شیوعی و بزوتنەوەی سەندیکایی و دیموکراتی) **(بەختیار، 2012 :11)**. سەرەتا لەماوەی جیاجیادا پرۆسەی لەسێدارەدانی شیوعیەکان ئەنجام دەدرا، هەر زوو ژمارەیەک شیوعی ناو سوپا لەسێدارەدران لەناویاندا بەرپرسی سەربازی حزبی شیوعی و زیاتر لە(20) شیوعی لایەنگری (عزیزالحاج) لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپارد و چەندین کەسیش لە کەسە پلە باڵاکانی حزبی شیوعی بەکوژراوی لەسەر شەقامەکان دەدۆزرانەوە، و هونەرمەندی بەساڵاچوو (عزیز علی) لەسێدارە درا، و پزیشکی ناودار ڕاجی ئەلتکریتی سەگیان بەردایە گیانی تا گیانی دەرچوو، لیوا (بشیر الطالیب)ی وباوکی (جاسم مولود) کە دامەزرێنەری سوپای عێراق بوو هەموویان لە سێدارە دران **(یاسین، 2015 :312)**. بەعس هیچ بەهانەیک بۆ کوشتن دانارێژێت، چونکە نایەوێت ئەو بەهانەیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم کوشتن و هەڵبژاردنی قوربانیانی دیکەدا **(عەلی، 1997 :183)**، واتە بەعس کوردێک بەبەهانەی کوردبوونەوە ناکوژێت، هەروەک چۆن بەهانەی کوشتنی شیعەیەک شیعەبوونی نییە، چونکە دیاریکردنی ئەم بەهانانە ڕێگەی لێدەگرن عەرەبێکی سوننی یاخود دەستەیەک ئەفسەری خۆی بکاتە قوربانی، بەعس سیستەمێکی تینوە بەشەڕوشۆڕو خوێن، بەبێ خوێنڕێژی ناتوانێت بەردەوام بێت **(محەمەد، 1982 :52)**.

لەئەنجامی جەنگی هەشت ساڵەی (ئێران_عێراق)دا، کە ئامێرێکی گەورەی گۆشت هاڕیین بوو، هیچ شتێک وەک خۆی نەمایەوە، جەنگ لەبەرژەوەندی عێراق کۆتایی هاتبوو، بەڵام توندوتیژی نەک هەر نەوەستا، بەڵکو کەمیشی نەکرد، بەپێچەوانەوە وەک جاران، هێشتا لەسەروبەندی ڕاوەستانی جەنگەکەدابوو، فرۆکە جەنگیەکانی عێراق گوندە کوردنشینەکانیان بە چەکی کیمیایی بۆردومانکرد و لەئەنجامدا هەزاران خەڵکی سیڤیلی بێتاوان بوون بە قوربانی کە صدام پێیوابوو کە دواهەمین ڕێگەیە بۆ ئەوەی جەنگی کوردەکان بەرێتەوە، هەروەها هێرشەکانی ئەنفال کە زیاتر لە سەدهەزار قوربانی لێکەوتەوە و چیرۆکی زۆر ترسناکیش دەبیسترا، ئەو ڕاپۆرتانەی ساڵی (1989) گەیشتنە (ڕێکخراوی لێبوردنی نێوەدەوڵەتی) باس لەوەدەکەن بەسەدان منداڵ چاویان هەڵکۆڵرابوو تا خزمە نزیکەکانیان ناچاربکەن دان بەتاوانەکانیاندا بنێن **(مەکیە، 2005 :16)**.

دوای ڕیکەوتننامەی جەزائیر لە ئازاری (1975) ئیتر قۆناغێکی نوێ لەمێژووی زیندان وئەشکەنجە لەعێراق و لەسایەی بەعسدا دێتە گۆڕی، لەمەبەدوا زیندان لە پیناوی سەپاندنی ڕژێم و ئایدۆلۆژیەتی تۆتالیتاری ڕێکخراوتر بەکاردەهێنرا، لەم کاتەوە بەعس زیندانی زۆرو

سیستەمی زیندانەکانی پەرەپیدابوو، کەرەستەو ئامێری ئەشکەنجەدانی لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی جیهانەوە دەهێنا بەتایبەتی (ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا)، و هەزاران دڕندەی بۆ ئەشکەنجەدان پەروەردە دەکرد، وەکو ڕژێمێکی تەواو سەرکەوتوو حوکمڕانی دەکرد و لە هیچ تاوانێک نەدەسلەمیەوە، و تا دەهات جۆشی دڕندانەی دەخوارد، تەنانەت بڕیاری سیاسی شکستخواردووی گەیاندە ڕادەیەک، نەک هەر دامەزراندنی حزب و ڕێکخراوی نهێنی بەتاوان دەزانی، بەڵکو لەسەر ڕیکخراوی جیاوازی دیموکراتی و سەندیکایی بڕیاری لەسێدارەدانی دەردەکرد (**بەختیار، 2012 :13**).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەی سەرەوەدا دەرکەوتووە کە ڕژێمی بەعس بەهیچ جۆرێک چاوپۆشی لە هەڵەی ئەندامەکانی خۆی نەکردووەو لەناوی بردوون، بۆیە بۆ ئەو کەسانەی بەرهەڵستیان کردووە وداوای مافی ڕەوای خۆیان کردووە، لەبەرژەوەندی ڕژێمی بەعس هەڵسوکەوتی سیاسیان ئەنجام نەداوە، زۆر دڕندانەتر سەرکوتکراون، یان لەناوبراون یان وەها کاریگیان پێکردوون کە ئاواتەخوازیی مردن بن، واتە ئەم ڕژێمە بەهیچ جۆرێک دەستی لە بێدەنگکردن و کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی ئەو گروپە ئەتنی ونەتەوەییانەی نەپاراستووە، داواکاریان پاراستنی کییان و مێژووی چەندساڵەیان بووە.

لەمێژووی شۆرشی گەلانی هەموو جیهاندا، بیرەوەری پاڵەوانەکانیان نوسراوەتەوە وزۆر ڕێزی لێگیراوە، بەڵام لەمێژووی کوردا جگە لەو بەسەرهات و یادەوەرییانەی کە زیندانیەکان خۆیان نوسیویانەتەوە، کە ژمارەشیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، هەندێکیان توانیویانە زۆر بەوردی ئەو ڕێگایانە یان ئەو جۆرانەی ئەشکەنجە دەرببڕن کەبەرامبەر خۆی و هاوسەنگەرەکانی ئەنجامدراوە.

یەکێک لەو زیندانییە سیاسیانە لەڕێگەی یاداشتەکانیەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە دەستگیرکراوە لەسەیدسادق، چەندی بۆیان کرابێت بە کێبڵ و شەق و زلله لێیانداوە، سەرباری سوکایەتی و ئیهانەکردنێکی زۆر بە کەسوکار و نەتەوەکەی، تەنانەت باس لەوە دەکات کە شەوێک لە سەربازگەی سەرای سوبحان ئاغا ماوەتەوە خواردنیان بۆ هێناوە لەبەر ئازارو ترسی لە گوللە بارانکردن نانەکەی بۆ نەخوراوە، چونکە ئەشکەنجە دراوە بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکیان لەسەری هەبێت، وە دان بەوەدا دەنێت لەترسی گواستنەوەی بۆ سلێمانی و ئەمنە سوورەکە ئاشکرابوونی هەموو نهێنیەکان، نە توانیویەتی نان بخوات نە بخەوێت، چونکە بۆیان ڕوون دەبیتەوە کە ئەم کەسە چی کردووە و دڕندانەتر ئەشکەنجەی بدەن، لەکاتێکدا لەسەر کوردبوونی ئەم ئازارانەی چەشتووە، بەڵام زانیویەتی کە چەندین عەرەبی شیعە مەزهەب لەهەمان سەربازگە دەستگیرکراون، کەسەر بە حزبی دەعوە بوون، زیندانیکردنەکەی لەلا ئاسایی بۆتەوە، بەوەی کە سزای کوردبوونە و هەردەبێت بیچێژم، بەڵام ئەی تاوانی ئەو عەرەبانە چییە کە سەر بەیەک نەتەوەن (**ڕەئووف، 2004 :41_42**).

لێرە بەدوا هەوڵدەدرێت کە چەند شێوازو ڕێگایەکی بەربڵاوی ئەشکەنجە بخەینە ڕوو کەلەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچووە وە بەرامبەر زیندانیەسیاسیە کوردەکان ئەنجامی داوە.

یەکێک لەو زیندانیانەی کە کارمەندی شارەوانی سلێمانی بووە، ئاماژە بەوەدەدا کاتێک لە کاتی کارکردنی ئاساییدا بووە، بانگکراوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی کەلەبازاڕی عەسریدا بووە و

کاتێک چۆتە ئەوێ بەڕێوەبەرەکە پێی وتووە ئەم بەڕێزانە لە ئەمنی سلیمانیەوە هاتوون و تەنها بۆ (5) دەقیقە تۆیان دەوێت و دەتهێننەوە، ڕاستەوخۆ براون بۆ (هیئة کرکوک) وپێنج دەقیقەکەش بووە بە(4) ساڵ. لەگەڵ (5) کەسی تر لە پشتی پیکابێکدا بەستراونەتەوە بەبێ ئەوەی هیچیان لەگەڵ بڵێین، لە ئەمنی کەرکوک چەند جارێک پرسیاریان لێکراوە لەلایەن ئەفسەری لێکۆڵینەوەوە، بەڵام خۆیان لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان گێل کردووە و ئەم لەبەرلاوازی جەستەی جیایان کردۆتەوە، گوایە بەرگەناگرێت و زوو دان بەهەموو شتێکدا دەنێت، بردویانەتە ژێرزەمینێک و ئەفسەرێکی ڕەشتاڵەیی قەڵەو لەپشتی مێزیکەوە چاوەڕوانی دەکرد و لەسەر مێزەکەشی قەڵەم جافێکی ڕەش و کێبڵێک دانراوە و لێی پرسیوە کەهەردووکیان قەڵەمە و چیت دەوێت بینووسە و چەند کتێبێکی مارکس و لینین و ماوتسیتۆنگیش دانرابوون کەهی خۆی بوون، بەوەدا زانیویەتی کەکێ سیخوڕی بەسەریەوەکردووە و ئەو کتێبانەش کێ بردوونی بۆخوێندنەوە، کاتێک خۆی لەوەڵامەکان دەدزێتەوە، دوای چەند جار پرسیارلێکردن، زەنگێک لێدەدات و چەند ئەفسەرێک بانگ دەکات و پێیان دەڵێت:بیبەن بۆفەلاقە، زیندانیەکەش بەمجۆرە وەسفی یەکەم ساتی خۆی دەکات:"**بەشەق و زللەو تێهەلدان بردیانم بۆ ژێرزەمینێکی تر، لەوێ دارێکیان هێنا کە پەتێک بەمسەروئەوسەریەوەبەسترابوو، هەردوو قاچمیان خستە نێوان پەت و دارەکەو بەدوو کەس بایاندا هەتا لەقوولە پێمدا توند بوو، ئنجا بەهەردوکیان بەرزیان کردەوە وبەجۆرێک بەحاڵ پشتم بەزەویەوەمابوو، هەردوو پێم بەئاسمانەوە بوو، ئیتر بە کێبڵ کەوتنە لێدانی ژێر پێیەکانم و جاربەجار نەفەرەکانیان دەگۆڕی و بەسەرە لێیاندەدام، هەندێ جاریش ئەیانکردمەوەو بەزۆر دەیانووت:ئەبێت ڕابکەیت بەمسەرو بەوسەری ژێرزەمینەکەدا، لەکاتی ڕاکردنیشدا زوو زوو کێبڵێکیان بەسنگم، یان بە گازەرای پشتمدا دەدا**".

هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە چەندین جار کەسەکان گۆڕاون، و ئەفسەرێکیان ویستویەتی هەموو ئەو جوڵانەی لە کاراتیەدا فێری بووە لەسەری تاقیبکاتەوە، دوای چەند لێدانێک زانیویەتی ئەفسەرە تازەکەی لێکۆڵینەوە دڵخۆشە بە کەوتنی ئەم، ناچار خۆی داوە بەزەویدا، تا نزیکەی نیوەشەو بەمجۆرە ئەشکەنجەیان داون و پاشان بەشێوازی ئەشکەنجەی (شەبەح) بەژێری دەرگایەکی ئاسنەوە کەلەپچەیان کردووە. و نەیتوانیوە بەرێکی دابنیشێت و تابەیانی نوشتاوەتەوە وسەری بۆ بەرزنەکراوەتەوە، دوای دوو ڕۆژ جارێکی تر براوتەوە بۆ لێکۆڵینەوە تا دانپێدانانی لێوەربگرن، بەڵام کە سوودی بۆیان نابێت، ئەفسەرەکە وتوویەتی بیبەن بۆ ژورێکی تری لێکۆڵینەوە وهەڵیواسن، بەپارچەیەک پشتێنی جلی کوردی، هەردوو دەستیان لەدواوە بەستۆتەوە وبەو زنجیرەدا هەڵیانواسیوە کە لە سوچێکی ژوورەکەدا شۆڕیان کردبووەو بەرزیان کردۆتەوە بۆ نزیکی سەقفی ژێرزەمینەکە و لەپڕدا بەریانداوەتەوە وای هەستکردووە کە سنگی شەقی بردوەو و هەردوو شانی دەرچووە و لەهۆش خۆی چووە، و نازانێت چەند سەعات بەهەڵواستراوی ماوەتەوە بەڵام کاتێک چاوی کردۆتەوە لەسەر زەوی کەوتووە و ئەشکەنجەی برادەرێکی تریان دەدا، و دواتر خواردنیان هێناوە بۆی، بەڵام لەبەرئەوەی دەستەکانی هێزی نەبووە، نەیتوانیوە نانەکە بخوات، ئەمنەکان وایان زانیوە کە نایەوێت نان بخوات، بۆیە چەند کێبڵێکیان لێداوە و بەناچاری چەند کەوچکێک خواردنی

خواردوه، ناخۆشترین کاتەکانی ئەشکەنجەی بووە لەو ڕۆژەدا. ئاماژەش بەو لۆژیکە دەدات کە ئەمن لەهەموو عێراق پەیڕەوی دەکرد ئەویش لۆژیکی کێبڵ و ئەشکەنجەیە و هیچ زانیارییەکیان لەسەر لێکۆڵینەوە نییە و تەنها پشت بەو زانیاریانە دەبەستن کە لەلایەن هەواڵ دەرەکانەوە بۆیان نێردراوە، هەرئەوەندەیان دەزانی داوای دانپێدانان بکەن، هەندێک جار نە لێکۆڵەر و نەلێکۆڵراو نەیان دەزانی دانپێدانان (الاعتراف) چییە (**مێرگەسۆری، 2013 :72-87**).

زیندانیەکی سیاسی تر باسی یەکەم ساتی خۆی دەکات کە چۆن پێشوازی لێکراوە و چ سوکایەتیەکی دەرونی و ئازارێکی جەستەییانداوە، باسی ئەوە دەکات کە ڕووەو دیوارێک وەستاندوویانەو بەشەق و کێبل بەخێرهاتنیان لێکردوە، کەسیک لە ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوە پێی وتووە دانیشە و پاشان پێی وتووە هەستەرەوە ئەمە لەگەڵ ئاوێزانبوونی شەق و کێبل و جنێودان، دواتر ڕاستەوخۆ بە موحاجەرەیەکەوە بەستوویانەتەوە و هەر بۆ ئارەزوو تێرکردنی خۆیان شەقیان تێهەڵداوە و کێبڵێش لەگەڵیدا، پاش سێ سەعات دەیبەن بۆ ژورێکی تاکەکەسی و بۆیەکەم جار گوێبیستی زڕەی زنجیر و کلیلەکان بووە و چاویان کردۆتەوەوبە کێبل لێیانداوە بۆ ژوورەکەو کلیلیان داوە لەسەری (**سۆڵەیی، 2010 :38**).

لەڕاپۆرتی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی بەریتانیادا هاتووە، لەمانگی ئەیلولی ساڵی (2002) (تۆنی بلێر) لە کۆنگرەی سەندیکاکانی جیهانیدا ئاماژەی پێکرد، (صدام حسین) لەڕێگەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشەوە زنجیرەیەک مەرسومی کۆماری دەرکردووە دەربارەی دانان بە ئەشکەنجەی قورسی وەک (بڕینەوە، داخکردن (ئوتوکردن)، بڕینی گوێ و شێوازی تری ئەشکەنجەدان) لەبەرامبەر ئەنجامدانی تاواندا، هەروەها ئەنجومەنەکە لەناوەڕاستی ساڵی (2002) بڕیاریاندا بەبڕینەوەی زمان وەک ئەشکەنجەیەکی نوێ بەرامبەر بەناوزڕاندن یاخود دەربڕینی سوکایەتی پێکردن بەرامبەر بەسەرۆک یاخود خێزانەکەی، ئەم ئەشکەنجەیە بەشێوەیەکی سەرەکی چەسپێنرا بەسەر چالاکوانە سیاسیەکاندا، وە لەتەلەفزیۆنی عێراقیش وێنەیەکی ئەو بڕیارەی پەخشکرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی (**تۆنی بلیر، 2002 :4**).

## بڵاوترین شێوازەکانی ئەشکەنجە لەعێراقدا:

قوربانیەکانی ژێردەستی دەسەڵاتی صدام حسێن و خێزانەکانیان پەیوەندیان کردووە بە ڕێکخراوەنێودەوڵەتیەکانی وەکو (ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری مافی مرۆڤ) باسیان لەسەرجەم شێوازەکانی ئەشکەنجە کردووە.

**1. <u>دەرهێنانی چاو</u>:** ڕیکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی باس لەوە دەکات کە پیاوێکی کرێکاری کورد کە لەساڵی 1997 لەسیدارە دراوە، کاتێک کە خێزانەکەی جەستەکەیان وەرگرتۆتەوە بینیویانە کە هەردوچاوی دەرهێنراوە لە جێگای چاوەکانی کاغەزیان داناوە.

**2. <u>کونکردنی دەست بەئامێری کارەبایی</u>:** کەئەمیش شێوازێکی زۆر بڵاوە بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانیان (ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی) باس لە یەکێک لەزیندانیەکان دەکات کەدووچاری ئەوەبووە و دواتریش ترشی کبریتی خەستیان کردووە بەبرینەکەیدا.

**3. <u>هەڵواسینی زیندانییەکان بەبنمیچدا</u>:** چاوی زیندانیەکان دەبەستنەوەو جلەکانیان لەبەر دادەکەنن و لەڕێگەی مەچەکیانەوە هەڵیاندەواسن بۆ ماوەیەکی زۆر لەزۆربەی کاتەکانیشدا

دەستەکانیان لەدواوە بەستراوەتەوە کە ئەمەش دەبێتەهۆی دەرچوونی شانیان و لیکترازانی ماسولکە و بەستەرەکان.

4. **لێدانی کارەبایی:** ڕێگایەکی زۆرباوە و تەزووی کارەباکە دەدرێت لە شوێنی هەستیارو جیاوازی جەستە وەک:ئەندامەکانی زاوزێ، گوێیەکان وزمان وسەر گورچیلەکان وپەنجەکان.

5.**دەستدرێژی سێکسی:** قوربانیەکان بەتایبەتی ئافرەتان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر و چەندین زیندانیش هەیە باسیان لە تێبرێنی شوشەی شکاو دەکەن بۆ ناو کۆم.

6. **فەلاقە:** قوربانیەکان ناچار دەکرێن بەسەردەمدا بکەون و لەپاژنەی پێیەکانیان دەدەن بە کێبڵ و وایەری کارەبایی و دار هەتا لەزۆربەی کاتەکاندا لەهۆش خۆیان چوون.

7. **لەسێدارەدانی ساختە:** چاوی قوربانیەکان دەبەستنەوە و دەیانهێننە دەرەوەی ڕیز و سەربازەکان ئامادە دەکەن بۆ پێوەنانی فیشەکی ساختە، قوربانیەکانیش وادەزانن کەلەسێدارە دەدرێن لەڕێگەی پێوەنانی گوللەوە.

8. **گەرماوی ترشی سوتێنەر:** وەک ترشی کبریتیکی خەست کە بەئاوی ئاگر (ماء النار) ناسراوە، (دەیڤد شیلەر)ی باڵوێزی ئەمریکی تایبەت بە بەدواداچوونی تاوانەکانی جەنگ ئاماژەی بەوە داوە کە بەڵگەی وێنەیی هەیە، کە دەردەکەویت عێراق گەرماوی ترشی بەکارهێناوە لە دژی شیعەکان و هەروەها لەکاتی داگیرکردنی کوەیتیشدا بەهەمان شێوە بەکاری هێناوەتەوە، قوربانیەکانیان لەمەچەکیەوە هەلواسیوەو وردە وردە شۆڕیان کردونەتەوە بۆ ناو پێکهاتەیەکی ترشی.

9. **شێوازی تری ئەشکەنجە:** کوژاندنەوەی جگەرە لەشوێنە جیاوازەکانی لەشدا، دەرهێنانی نینۆکەکانی دەست و قاچ، لێدان بەگۆچان و قامچی و سۆندەی ئەستوور ووایەری کانزایی و کێبڵ زۆر بەکارهێنراون (**تۆنی بلیر**، **2002 :19**).

## باسی چوارەم/ ئەشکەنجە لەسەرەمی هاوچەرخدا

### یەکەم: شێوازەکانی ئەشکەنجەی سەردەم:

ئەشکەنجە لەکۆنەوە تا سەردەمی ئێستا بەردەوامەو لەمێژووی سەرجەم شارستانیەتەکاندا کارێکی دانبراو بووە ئەشکەنجە دیاردەیەکی بڵاوبووە لەسەرجەم گۆی زەویدا، وقوربانیەکانی لەهەردوو ڕەگەزن بەگەورەو منداڵەوە، سیاسی وسەربازییە، یاخود مەدەنیە، زۆربەی کردەوەکانی ئەشکەنجە لە بنکەکانی پۆلیسدا ئەنجامدراون وئەو جۆرانەش کە بەکارهێنراون بریتین لە لێدانی کارەبایی وئازارگەیاندن ودەستدرێژی سێکسی و بێبەریکردن لەپێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان وەک خواردن وخواردنەوە ونووستن وماندووکردن، جگە لە جۆرە جیاوازەکانی ئەشکەنجەی دەروونی (**ریبالonline**). یاساکۆنەکان ڕێگەیان داوە بەئەشکەنجە لەڕووی یاساییەوە و لەکاتی جەنگ و ئاشتیدا بەکارهێنراوە بەشێوەیەکی ئاشکرا، بەڵام لەسەردەمی نوێدا ڕێکخراوە یاساییەکانی جیهان ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی کە ئەشکەنجە قەدەغەبکرێت، نابێت وەک شێوازێکی یاسایی پەنای بۆ ببرێت، بەڵام لە واقیعدا ئەوە دەسەلمێت کە قەدەغەکردنی ئەشکەنجە تەنها بەشێوەیەکی تیۆرییە، چونکە هێشتا بەکاردەهێنرێت بەشێوەیەکی نهێنی و بەردەوام و ڕوو لە زیادبوونە (**عبدالهادي، 2009 :146**). سەدەی

بیستەم بەپەرەسەندنی تازەوە هات لەبواری ئەشکەنجەدا، لەدوای ئەوەی کە قەدەغەکرا لەسەرجەم دەوڵەتەکانداو قەدەغەکردنی لە دەستوورو یاساکانیاندا ڕاگەیەندرا، بەڵام دەرکەوتنەوەی ئەشکەنجە لەسەدەی بیستەمدا وێنەو ئامانجی جیاوازتری هەبوو لەوەی پێشتر، ئەشکەنجە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا لەلایەن دەوڵەتانی دیکتاتۆریەوە لە وڵاتانی ئەوروپا کە (مۆسۆلۆنی) دوای گەیشتنی بەدەسەڵات لەساڵی (1922) ڕایگەیاند:" **کەمرۆڤ هیچ نییە**" و پۆلیسی بەکارهێنا بۆ ئەشکەنجە و سەرکوتکردنی دوژمنەکانی (**الحسن، 2010: 19**). هەمان جۆریش لەلای (هیتلەر) کەکاری کردووە لەسەر لەناوبردنی جولەکەو قەرەج، پزیشکانی ئەڵمانی سەر بەدەزگای (SS) لەژێر سەرکردایەتی کورت پلۆتنەر (Kurt Plotner) تاقیکاری مسکەلاین (Mescaline)یان بەکارهێنا لەسەر جولەکەو قەرەج، کە ئەویش دەرمانێکی گیاییەو ئەوکەسەی کە بەکاریبهێنێت تووشی جۆرێک لە هەلوەسە (Hallucination)ی دەکات لەئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێشکیان دروستکردووە، بەجۆرێک کەوایلێکردوون بەبێ ویستی خۆیان دان بەوردترین نهێنی ژیانی خۆیاندا بنێن، ئەمەش سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین جۆری دیکەی ئەشکەنجە کە ئەڵمانەکان بەکاریان هێناوە وەک لێدان و دابرین(زیندانی تاکەکەسی) وکارەبالێدان و چەندین جۆری دیکە، لەدوای کۆتایهاتنی جەنگ ئەڵمانیا لەدادگای (نۆرنبێرگ) حوکمدرا لەسەر ئەوتاوانانەی ئەنجامیان دابوو، هەروەها قەدەغەکردنی هەرجۆرە تاقیکارییەک کە ئازار بەرهەم بهێنێت (**حسني، 2008: 28**). لەڕاپۆرتی ساڵانەیدا بۆ ساڵی (1997) ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ئەشکەنجە وخراپ مامەڵەکردنی لە نزیکەی (124) وڵاتدا تۆمار کردووە هەروەک بەکارهێنانی ئەشکەنجەی لەسەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تۆمارکردووە، لە عێراقیش ئەشکەنجە بووە بەکارێکی ڕۆتین و زۆر بڵاو بەرامبەر ئەو ناوچە دەستبەسەرداگیراوانەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داگیرکراونەتەوە لەساڵی (1996)دا وەک هەولێر وسلێمانی وئەشکەنجەی جەستەیی ودەروونیان لەگەڵدا بەکارهاتووە (**Amnesty International, 1997 :188**).

تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەشکەنجە جارێکی تر دەرکەوتۆتەوە، بەڵام وەک سیستمێکی یاسایی لە یاسای هیچ وڵاتێکدا ڕێگەی پێنەدراوە وەک ئەوەی کە لەسەردەمی کۆندا هەبووە، بەڵام بووە بەشیوازێکی کار لەناو ئەو دەوڵەتانەدا، ئەشکەنجە لەسەدەی بیستدا بەستراوەتەوە بەدیاردەیەکی ترەوە، ئەویش شۆڕش وجەنگی ئازادیخوازەکانەوە بەتایبەتیش لە وڵاتە لاوازەکانی وەکو جەزائیر وبەرازیل وزەوییەداگیرکراوەکانی فەلەستین (**الحسيني، 1994: 22**). ئەنجامدانی ئەشکەنجە بۆتە دیاردەیەکی دیار لەزۆربەی وڵاتانی ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای ناوەڕاست و باکوور و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەساڵی (2001) سەرەڕای ئەوەی کە (123) دەوڵەت لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکۆی (192) دەوڵەت ڕێککەوتننامەی بەگژاچوونەوەی ئەشکەنجەیان ئیمزاکردووە، بەڵام ئەنجومەنی جیهانی بۆ گێڕانەوەی بەهاو مافی قوربانیانی ئەشکەنجە زیاتر لە(100) دەوڵەتی ژماردوە کە ئەشکەنجە بەکاردەهێنن بەشێوەیەکی ڕێکخراو، هەندێکیشیان لەو دەوڵەتانەن کە واژۆیان لەسەر کردووە، وە ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەو سەرژمێریەیە کە ئەنجامدراوە لەلایەن ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانیەوە کەلە ساڵی(1996)، (82)دەوڵەتی دیاریکردووە کە ئەشکەنجەی ئۆپۆزسیۆنە

سیاسیەکانیان دەدەن لەکۆی(150) دەوڵەت کە سەرژمێرییەکەی تێدا ئەنجامدراوە **(طارية وآخرون**online ). ئەشکەنجە بۆ ناچارکردنی قوربانی، بەمەبەستی گۆرینی هەڵوێستی سیاسی و وەرگرتنی هەڵوێستێکی پشتگیریکەر بۆ سیستەمی حوکمڕانی، یاخود بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە کەئەمەشیان تەنها پەیوەست نییە بە بابەتە سیاسیەکانەوە، بەڵکو لە بابەتە تاوانکارییەکانیشدا بەکاردەهێنرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لەدادگای تاواندا هەر دانپێدانان و زانیارییەک کەلەڕێگەی ئەشکەنجەوە وەربگیرێت بە بەتاڵ دادەنرێت. هەروەک ئەشکەنجە لەجەنگە هاوچەرخەکاندا بەکاردەهێنرێت لەپیناو دەستکەوتنی زانیاری سەربازی و ئاسایش، هەروەها لەجەنگی نێوان دەوڵەتان و شەڕی ناوخۆدا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دوژمن و تۆڵە سەندنەوە لێیان یاخود بەمەبەستی لەناوبردنیان بەکاردەهێنرێت ( Elsass, 11: 1997).

کۆمەڵێک هۆکار هەیە لەسەردەمی نوێدا کەهاوکارە بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئەشکەنجە لەوانەش دەستگیرکردنی گومانلیکراوان بۆماوەیەکی زۆر ڕاگرتن ودەست بەسەراگرتنیان بە ناحەقی، تەنانەت دەستگیرکردنیشیان بەهۆی ئەنجامدانی چالاکی سیاسی لەلایەن باوکیان یان خزمانی نزیکیان هەروەها ڕیگریکردن لەخێزان و پارێزەرەکانیان لەپەیوەندیکردن پێیانەوە، چونکە لەشوێنی داخراو دەیانهێڵنەوە، هەروەها ماوەی دادگایکردنیان درێژەو تەنانەت ڕەنگە دەستگیرکردنیان بەبێ دادگایکردن بێت، سەرەڕای ئەوەش پێدانی دەسەڵاتی جیاکاری (الاستثناء) بەهێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و هێزە سەربازییەکان دەبێتە هۆی ڕوودانی پێشێلکاری (**زهيرة**، 2011 :23).

## دووەم: پەرەسەندنی شێوازەکانی ئەشکەنجە:

بەرهەمهێنانی ئامێرەکانی ئەشکەنجە شانبەشانی ئامێرەکانی خوشگوزەرانی پەرە دەسەنێت، دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بێئاگا نابن لە دەستکەوتە تەکنیکیە نوێیەکانی بواری ئەشکەنجەدان، ڕەنگە ئەمەش وای لە بیریاری فەرەنسی (دویزیە) کردبێت کە بڵێت:"وادیارە شەیتان زیاتر توانای وەرگرتنی دەستکەوتە تەکنەلۆجیە هاوچەرخەکان دەکات" **(الجزائري**، 1997 :463).

ڕەنگە پەرەسەندنی تەکنەلۆجی ببێتە بەربەستێک لەبەردەم خۆڕاگری لەبەرامبەر ئەشکەنجە، هۆکاری ئەمەش ئەو چەشتنە جەستەییە زۆرەیە کە قوربانی بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی دیار لەسەر ڕووکاری جەستەییان جێبهێڵێت کەبتوانرێت وەک بەڵگەیەکی دووچاربوون بەئەشکەنجە دەستنیشان بکرێت.

شێوازەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی زۆربوون وپەرەشیان سەندووە، بۆئەمەش سوودیان لە پەرەسەندنی زانست وەرگرتووە کە سوودو کەڵکی زۆری بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زیانی بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، کە لە مەترسیدارترینیشیان پەیوەستە بەماف و ئازادی گشتی تاکەکەسەوە، کەدەست دەبات بۆ پارێزراوی جەستەو دەروون بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدرێت لەگەل تۆمەتبارێکدا لەژێرکاریگەری شێوازی تازەگەردا، کەپشت دەبەستێت بە پزیشکی پزیشکی سەردەم و دەرمانسازی

لەئەشکەنجەدانەدا بەمەبەستی دروستکردن و بەرهەمهێنانی ناڵاندنی جەستەیی و دەروونی بەهێز بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێک بەجێبهێڵێت کە ببێتە بەڵگەیەک لەسەر ئەشکەنجە **(التویجری، 2006 :74)**، بەلگە زانستیەکان سەلماندویانە کەدەوڵەتە زۆردارەکان دووچاری بەرپەرچدانەوەی نێودەوڵەتی بوون لەئەنجامی ئەو شێوازە نەریتیانەی کەبەکاریان هێناوە لەئەشکەنجەدانەدا، کە نەیانتوانیوە شوێنەوارەکانی بشارنەوە، چونکە جەستەی شێوێنراو بەڵگەی سەلماندنی بەهێزە لەسەر ئاستی ئەو سیستەمانە پەیرەویان کردووە **(الجزائري، 1997 :463)**، لەئەنجامی ئەوەشدا مرۆڤ بەردەوام دەبێت لەداهێنانی شێوازی جیاواز بەمەبەستی ئازارگەیاندن بەمرۆڤ وەک توندوتیژی و تۆقاندن بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری، یاخود ناچارکردنی قوربانی بەدانپێدانانی زۆرەملێ وتیکشکاندنی قوربانی لەڕووی جەستەیی و ژیرییەوە وتیرۆرکردنی گروپی دیاریکراو یاخود کۆمەڵێک بەتەواوەتی، هەروەها بۆ سزادان وسەرشۆڕکردنیان، هەندێک لەدەوڵەتانی بەرهەمهێنی ئامێرەکانی ئەشکەنجە لەسەرو هەمووشیانەوە (یابان)، هەوڵیانداوە شیوازو ئامێری نوێ دابهێنن کەلەڕێیەوە ئەشکەنجەیەکی بەهێزی قوربانی بدەن بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی جەستەیی بەجێبهێڵن، لەشوێنەوارەکانی ئەم شیوازانەش لەکارخستنی هەستەوەرەکان و شیواندیانە **(لحسن، 2010 :158)**، (یابان) تایبەتمەندی کلتوری و پەروەردەیی خۆی هەیە کە زۆر پابەندن بە نەریتەکۆمەڵایەتیەکانەوە، تەنانەت داهێنانەکانیشیان لەچوارچێوەی ئەو پێشینە هزری و کلتوریانەدا دەبێت، واتە لەبەرژەوەندی بەهاو ئاکاری چەندین ساڵەیاندایە، بۆیە لادانیش یان تاوانکردنیش ئەشکەنجەیەکی توندی بەدوادا دێت و بۆئەومەبەستەش پێویستیان بەنوێترین داهێنراو دەبێت تا کۆنترۆڵی ی یابانی پێبکەن.

دەکرێت ڕێگاکانی ئەشکەنجە پۆلین بکرێن بۆ ڕێگای جەستەیی وڕێگای دەروونی، ڕێگای نەریتی وڕێگای نوێ، کەلەڕووی کردارییەوە زۆرجار هەردوکیان تێکەڵ دەکرێن، وە ڕێگە جەستەییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەبنە هۆی ئازاری زۆرو ماندویی، بەڵام ئەشکەنجەی دەروونی دەبێتە هۆی ئازاردانی بیریی بەهێزو ترس و تۆقین.

تەکنیک وڕێگاکانی ئەشکەنجە دابەش دەکرێت بۆ دوو لقی سەرەکی ئەوانیش:

## 1- ڕێگای ئەشکەنجەی نەریتی:

مەبەست لەئەشکەنجەی نەریتی سەرجەم شێوازەکانی توندوتیژی ڕاستەوخۆی جەستەیی بێت یاخود دەروونی دەگرێتەوە، کە بەکاردەهێنرێت لەدژی تۆمەتبار بەمەبەستی وەرگرتنی دانپێدانان، وە مەبەست لەتوندوتیژی راستەوخۆ هەر ئازاردانیکی جەستەیی یاخود دەروونیە بەرامبەر بەقوربانی، زۆر لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوەدەدەن کە ئەشکەنجەی نەریتی کەزیاتر جەستەییە، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە **(المطرودي، 2003 :133)**. سەرەڕای سنووورداری ئەشکەنجەی نەریتی بەڵام لەدوو قاڵبی سەرەکیدا دادەڕێژرێت:

## 2- ئەشکەنجەی جەستەیی:

زۆرلێکردن گوزارشتە لەو هێزە مادی و دەرەکیەی دەخرێتە سەر جەستەی کەسێک، لەئەنجامدا ئیرادەی کەسەکە بەتەواوی زەوت دەکات، بەجۆرێک کە ئازادی هەڵبژاردنی لەدەست دەدات، یاخود کاریگەری دەبێت لەسەری، وە هەلی گوزارشتکردنی بۆ دەرەخسێنێت، بەڵام بەبێ خواستی خۆی، لەهەردوو بارەکەشدا پرۆسەکە پووچ و ناحەقە، وەبێزراوی ماددی بەدەست دێت بەهەر شێواز و ئاستێکی توندوتیژی بێت بۆسەر جەستە (**المطرودي، 2003 :134**)، کۆمەڵێک شێوەی ئەشکەنجەی جەستەیی هەیە ئەوانیش:

1. **ئەشکەنجە بەشێوەی ڕێکخراو:** لێدان لەسەرجەم شوێنەکانی جەستە جۆرێکە لەئەشکەنجە، ئەم جۆرە لە لێدان بە بەکارهێنانی ئامێری دیاریکراو نییە، بەڵکو بەدەست و قاچە، کەئەمەش کۆنترین و ئاسانترین جۆری ئەشکەنجەیە (**التويجري، 2006 :76**)، لەنمونەکانی لێدان فەلاقە و تەلەفۆنە، فەلاقە بریتیە لەلێدان بە بنی پێی قوربانیدا یان بە قاچی قوربانیدا بێت، ئەمەش لەڕێگەی قامچی یاخود دار یان قۆناغە تفەنگ یان کێبڵی کارەبایی و یان ئامێری دیکە (**يعقوب، 1999 :110**). تەلەفۆنیش بریتیە لە کێشان بەهەردوو گوێی قوربانیدا پێکەوە کەدەبێتە هۆی کونکردنی پەردەکانی گوێ، لەوانەیە ئەشکەنجە بەلێدان، کێشان بێت بەسەرجەم بەشەکانی جەستەدا بەبەکارهێنانی قاچ بێت یان دەست، وە لێدانی ژنی دووگیان بەمەبەستی لەباربردنی منداڵەکەی، هەروەها کێشان بەشوێنی شکاوی پێشتری جەستەدا، یان کێشان بێت بەسەرجەم جەستەدا تا خوێنی لێدێت(**سند، 2004 :365**).
2. **ئەشکەنجە بەشکاندن و دەرهێنانی ددان:** لەڕێگەی شکاندن یاخود دەرهێنانی هەندێک لەددانەکانەوە بێت، یاخود شکاندنی دانەکە لەکاتێکدا هەوڵی دەرهێنانی دەدرێت بەبێ سڕکەر، یان ئەشکەنجەی چەند ددانێک لەڕێگەی بەکارهێنانی تەزووی کارەباییەوە ( **Istanbul Protocol, 2004 : 42**).
3. **ئەشکەنجە بەهەڵواسین:** قوربانی هەڵدەواسترێت لەڕێگەی دەستی یاخود قاچەکانیەوە بۆماوەی چەند کاتژمێرێک یاخود چەند ڕۆژێک تا جومگەکانی خراپ دەبێت، وە لەماوەی هەڵواسینەکەیدا لێی دەدرێت یاخود شەق، دار، کێبڵ، کارەبا،....هتد دەدرێت لەسەرجەم جەستەی (**Istanbul Protocol, 2004 : 41**).
4. **ئەشکەنجە بەبەستنەوە:** ئەم جۆرە لە ئەشکەنجە بە بەستنەوەی قوربانی بەهۆی زنجیر یاخود کەلەپچەی ئاسن لەڕێی دەست یان قاچیەوە ئەنجام دەدرێت، وە جێهێشتنی بەو جۆرە بۆچەندین ڕۆژ و لەوماوەیەشدا ناچاردەکرێت بەدانیشتن، یان وەستان، یاخود بازدان بۆ ماوەیەکی زۆر (**Scott, 1959 : 264**).
5. **نقومکردن لەئاودا:** ئەنجامدەدرێت لەڕێی هەوڵی خنکاندن، بەبەکارهێنانی شلەمەنی یاخود بەوشکی وەک نقومکردن یان بڕینی هەناسە، یاخود لەڕێگەی زەرف خستنە سەری قوربانی و بەستنەوەی هەتا دەگاتە قۆناغی خنکان، کەئەمە ترسێکی زۆر لای قوربانی دروستدەکات، یاخود تورەکەیەکی تەڕی دروستکراو لەقوماش دەیکەن بەسەری قوربانیەکەدا و لەناویدا گازی خنکێنەر هەیە، کە وا لەقوربانی دەکات هەست بکات خەریکە دەخنکێت و لەهۆش خۆی دەچێت، ئنجا ئاوی بەسەردا دەکرێت بۆئەوەی بێتەوە هۆش خۆی (**رخا، 1999: 174**).

6. **ئەشکەنجەدان بەسووتاندن:** ئازاری ئەمجۆرە ئەشکەنجەیە بەبەهێزترین و مەترسیدارترین ئەشکەنجە دادەنرێت، کە ئەنجام دەدرێت بەبەکارهێنانی جگەرە یان پارچە ئاسن کە گەرم دەکرێت تاڕادەی سووربوونەوە، هەروەک دەشتوانرێت بەکاربهێنرێت لەڕێگەی (برژێنەرەوە) کە ئامێرێکی ئاسنینە جەستەی قوربانی لەسەر دادەنرێت و دەگەیەنریت بە کارەبا بۆ ئەوەی وردە وردە گەرم بێت تا جەستەی قوربانیەکە دەبرژێنێت، هەروەها دەکرێت سوتاندن ئەنجام بدرێت لەڕێی ڕشتنی ڕۆنی قرچاوەوە بەسەر جەستەی قوربانیدا یان داخکردن بەئاگر یان بە پێکهاتەی گەرمی کیمیایی(**الفقی، بدون سنة :127_128**).

7. **ئەشکەنجەی سێکسی:** ئەشکەنجەی سێکسی بە یەکیک لە مەترسیدارترین وبێزراوترین شێوازە نەریتیەکانی ئەشکەنجە دادەنرێت و کاریگەرترینیانە لەڕووی سوکایەتی پێکردن و شکاندنی قوربانیەوە، ئەم شیوازەش پەیڕەو دەکرێت بەچەندین ڕێگای جیاواز لەوانە: لێدان لەئەندامەکانی سێکس یاخود دەستدرێژی کردنەسەر (اغتصاب) یان تێبڕینی بوتڵی شوشە یان دار یان تێلا بۆ ناو کۆمی پیاوان یان ئەندامی زاوزێی ئافرەت (**المدور، 2009 :174**).

ئەمجۆرانەی باس کران چەند نمونەیەکی کورتکراوەی شێوازە نەریتیەکانی ئەشکەنجەن کە هەندێک کەس وای بەباش دەزانن بە ئەشکەنجەی نەریتی، یان ئەشکەنجەی پۆلیسی ناوی بهێنن، لەراستیدا چەندین ڕێگاو شێوازی ئەم جۆرە لەئەشکەنجە هەیە کە ناتوانرێت هەموویان باس بکرێت، لەبەرئەوەی کە یاسا نێودەوڵەتیەکان یان یاسا ناوخۆییەکان شێوازێکیان دیاری نەکردووە کە بەئەشکەنجە دابنرێت.

بەپێی ڕێسا گشتیەکان پەندو عیبرەت لەوەدا نییە چ ڕێگایەک جێبەجێکراوە لەسەر قوربانیەکان، بەڵکو عیبرەت لە ئەنجامەکاندایە کەئەویش ئازارو ناڵاندنی زۆرە، جەستەیی بێت یاخود دەروونی، هەربۆیە کردەوەیەک کە ببێتە هۆی ئازار یاخود ناڵاندنی جەستەیی دەچێتە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانەوە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە (**لحسن، 2010 :160**).

## ئەشکەنجەی دەروونی:

توندوتیژی و مەترسی شێوازەکانی ئەشکەنجەی دەروونی کەم ترنیە، لە ئەشکەنجەی جەستەیی، بەڵکو لەهەندێک بارودۆخدا مەترسیەکەی زیاتریشە، چونکە شوێنەوارەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی بەتێپەڕبوونی کات نامێنێت، بەڵام ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجەی دەروونی دەبێتە هۆی دروستکردنی ئازارو ناڵاندن بۆ ماوەی زۆر درێژ، چونکە ئەشکەنجەی دەروونی بەشێوەیەکی زۆر گەورە کاریگەری هەیە لەسەر کەس قوربانی و دەبێتە هۆی بێتوانابوونی تەواوەتی.

گرنگی ئەشکەنجەی دەروونی ئەوەیە کەلەبنەمادا ئاڕاستەی عەقڵ دەکرێت و جێبەجێکردنی ئاسانەو دەرخستن و بەبەڵگەکردنی لەسەر کەسی ئەشکەنجەدەر ئەستەمە، (د. ڕاس موسن)ی پزیشکی دەروونی لە(بۆلیڤیا)، ئاماژەبەوەدەدات کە ئازاری جەستە زۆر کەمترە لەو ترسە دەروونیەی کە زیندانی دەیچێژێت، دەڵێت:یەکێک لەو زیندانیانەی ئازابووە لەدوای کودەتای سەربازی بۆلیڤیا باس لەوەدەکات کەچۆن کاتەکانی پشوودان ترس و تۆقینی زیاتری

بۆدروست کردون، چونکە ئەشکەنجەدەرەکان لەوکاتانەدا بیریان لەوەکردۆتەوە کە چ ڕێگایەکی دیکەی ئەشکەنجەی دەروونی لەدژی بەکاربهێنن، تەنانەت ئەم زیندانیە هەمیشە چاوەڕێی قۆناغ و شێوازی دیکەی ئەشکەنجەبووە (**سند**، 2004: 367).

لەشێوازە بڵاوەکانی ئەشکەنجەی دەروونی ئەمانەی خوارەوەن:

1. **ئەشکەنجە بەبێبەشکردن و ماندوکردن:** مەبەست لەم شیوازە بێبەشکردنی قوربانیە لەسەرجەم جوڵێنەرەکانی هەست، وە بێدەسەلاتکردنی لەزانینی ناسنامەی خودی خۆی لەڕێگەی دانانی لەزیندانێکی ساردو شێدار لەگەڵ بێبەشکردنی لەڕووناکی و دەنگ و خواردن، کەوا لەقوربانی دەکات نەزانێت چ کات و ڕۆژێکە، هەروەک لەڕیگەی خستنە ناو قەرەباڵغی و دەنگە دەنگی زیندانیەکانی دیکە (**الجزائري**، 1997: 465)، وەبێبەشکردنی لەمیزو پیسایی کردن لەتەوالێت کەناچاری دەکەن پیسایی بکات بەخۆیدا، ئەم بارودۆخەی کەزیندانی تیایدا دەژی بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی شێوانی دەروونی وناڵاندنی هزری بەهێز(**یعقوب**، 1999: 111).
2. **ئەشکەنجە بەهەڕەشەلێکردن و چەوساندنەوە:** ئەمجۆرە لە ئەشکەنجە لە کرداری ئەشکەنجەدانی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو هەڕەشەکردنە کە خۆی لەخۆیدا ئەشکەنجەیە، وەک هەڕەشەکردن بە لەسێدارەدان یاخود پەیڕەوکردنی لەسیدارەدانی هەڵخەڵەتێنەر یاخود هاوسەر و خزمەکانی یان هاوڕێکانی بهێننە بەردەمی، یاخود لەبەردەم ئەمدا ئەشکەنجەیان بدەن، یەکێکە لەجۆرە مەترسیدارەکانی ئەشکەنجەی دەروونی بۆ قوربانیەکە(**یعقوب**، 1999: 110)، هەروەک دەکرێت ئەم جۆرەی ئەشکەنجە ئەنجامبدرێت لەڕێگەی چەوساندنەوەی قوربانی بەناچارکردن یان ئەنجامدانی کاری سوکایەتی پێکەر وەک ناچارکردنی بەخواردنەوەی میزی خۆی، یان ناچارکردن بەلەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە، یان هێنانی دایکی یان هاوسەری قوربانی و دەستدرێژیکردنە سەریان لەبەرچاوی قوربانیدا (**المدور**، 2009: 177).
3. **بینینی ئەشکەنجەی کەسانی دیکە:** ئەم جۆرە لەئەشکەنجە ئەنجامدەدرێت لەڕێگەی ناچارکردنی قوربانی بەسەیرکردنی ئەشکەنجەی قوربانیەکانی دیکە تاڕادەی مردنیان لەبەرچاویدا، ئەم جۆرە زیاتر لە جۆرەکانی تر ڕوویداوە و ئەو قوربانیانەی کەدووچاری ئەم جۆرە لەئەشکەنجە بوون وا دەگێڕنەوە کەخواستویانە بمرن وەک لەوەی بژین و ئەو ئەزمونە تاڵە ببینن (**المدور**، 2009 :178)، یەکێک لەقوربانیانی ئەشکەنجەی زیندانە میسرییەکان دەڵێت:"من زۆر گرنگیم نەداوە بەئازارەکانی لێدان و هەڵواسین، بەڵام هاواری کەسانی تر لەژوورەکانی ترەوە ئەو ئەشکەنجەیە بووە کەنەمتوانیوە بەرگەی بگرم." (**أطباء ومحامون ضد التعذيب**، 2009 :28).
4. **گلدانەوەی قوربانی لە زیندانداا بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ دادگایکردن:** زیاتر پەنا بۆ ئەم جۆرەی ئەشکەنجە دەبرێت، ئەگەر بیانەوێت قوربانی بخەنە ژێر چاودێری و دڵەڕاوکێی بەردەوامەوە، کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەربارودۆخی دەروونی، لیژنەی تایبەت بەمافی مرۆڤ لەڕاپۆرتی ساڵی(1993)دا چاوەڕێکردنی قوربانی بۆماوەیەکی زۆر لەزیندان‌دا بەبێ دادگایی کردنی وبێ بیانوویەکی یاسایی بەئەشکەنجە لەقەڵەمداوە (**رخا**، 199 :188).

## سێیەم: ڕێگاکانی ئەشکەنجەی سەردەم:

زانستی سەردەم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای دەرخستنی ڕاستی لەم سەردەمەدا بەشداربوون لەوهۆکارانەی دەست وەردەدەنە سەلامەتی جەستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەم هۆکارو شێوازە نوێیانە هەروەک شێوازە نەریتیەکان هیچ سنوورێکیان نییە، هەرچەندێک مرۆڤ لەڕووی زانستی و شارستانیەتەوە پێش بکەوێت، ئەوەندە هۆکاری ئەشکەنجەی بەئازارترو کاریگەرتر دروستدەکات **(حجازي، 2005 :573)**.

کاتێک باس لە ئەشکەنجەی نەریتی دەکرێت و لەبەرامبەریدا ئەشکەنجەی سەردەم، بەو مانایە نییە کە ئەشکەنجەی نەریتی تەنیا لەکۆندا بەکارهاتووە، بەڵکو ئەومانایەیە کە لە پرۆسەی ئەشکەنجەداندا ئەو بابەتانە وەکو نەریت و کاری ڕۆژانەو ڕۆتینن بۆ جەلادەکان، و ئەشکەنجەی سەردەمیش بەواتای ئەوەنایەت کەئیتر پشت نەبەستن بەو جۆرانەی ئەشکەنجەی نەریتی بەڵکو لەپاڵ ئەشکەنجە نەریتیەکەدا تازەترین داهێنان لەبواری ئەشکەنجەدا بەکاردەهێنرێت، چونکە لەئێستادا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرگری زیاتر لەئازادی دەکەن و ئەشکەنجەدەرانیش نایانەوێت شوێنەواری ئەو کارە نامرۆڤانەیان بە جەستەی قوربانیەکانەوە بمێنێتەوە، چونکە ترسیان لەهۆیەکانی ڕاگەیاندن و سزادان هەیە، وە گومانی تێدانیە کە بەکارهێنانی هۆکارە زانستیە سەردەمیەکان دەست وەردەدەنە ئازادی گومانلێکراو و سەلامەتی کەسیی دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە هەندێک لەو ئامێرانە دەخەینە ڕوو کە شێوەیەکی سەردەمیانە دەبەخشن بە ئەشکەنجە، کەبریتین لە:-

1. **شلەی ڕاستی (مصل الحقيقة):** زانایەکی بەرەچەڵەک جولەکە بەناوی (میلارد) کە نەمسایيەو لەکەنەدا نیشتەجێیە، پێکهاتەیەکی داهێناوە کەبەهۆی دەرزی لێدانەوە (سرنج) دەبێتە هۆی گۆڕینی بیروڕای سیاسی و فکری و ئەخلاقی قوربانی، وە ئەم پێکهاتەیە کەبە (بیرونیکا) ناودەبرێت، ئەرێنی ترە لەکردارەکانی شتنەوەی مێشک کە "دوژمنەکەت دەخەیتە پاڵ خۆت لەبری ئەوەی بیکەیت بە تۆپەڵێکی ئیفلیج" **(الجزائري، 1997 :465)**. ئەم پێکهاتەیە کۆمەڵێک مادەی تێدایە کە گاریگەری دەبێت سەر چەند سەنتەرێکی دیاریکراوی مێشک بەبێ ئەوەی کاریگەری بۆسەر شوێنی دیکەی جەستە هەبێت، بەجۆرێک کەقوربانی کاتێ ئەم دەرزیەی لێدەدرێت توانای بیرکردنەو گوێگرتن و قسەکردنی هەیە کەدەتوانێت بەشێوازێکی ئاسایی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەنجام بدرێت، بەڵام وەڵامدانەوەی بۆ پرسیارەکان بەشێوەیەکی خۆنەویستە و قوربانی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا ناشکێ، ئەمەش وا دەکات کە سەرجەم ئەو نهێنیانەی کە لەلایەتی بیدرکێنێت تەنانەت ئەو نهێنیانەی کە تایبەتن بەخودی خۆیشی و لەکاتی ئاساییدا باسیان ناکات **(العنزي، 2007 :95)**.

تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکانی کەلەسەر ماددی هۆشبەرو وریاکەرەوەکان ئەنجامدراوە ئەوە دەردەخەن کە باشترین مادده لەم بوارەدا بریتیە لە: (نارکۆفین) و (بینتوتالی سۆدیۆم) و (ئۆدیۆم) و (ئەمیتال بینتونال) و (ئونارکۆن) هەروەک ئەم تاقیکردنەوانە گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەهای زانستی ئەم دەرمانانە ئەگەری هەڵەی تێدایە لەبواری سەلماندنی تاواندا، چونکە وتەو دانپێدانانەکانی کەسێک کەلەژێر کاریگەری هۆشبەردا دەیڵێت لەڕاستیدا گوزارشت لەڕاستیەکان ناکەن، سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی ئەم شێوازەش ئەنجامی ڕاست بەدەستەوە نادات لەڕووی کرداریيەوە، ئەوەی کە زیاتر دەبێتە هۆی مەترسی ئەوەیە کە قوربانی بەهۆی

ئەم پێکهاتەیەوە دووچاری لاوازی ژیری دەبێت و توانی جیاکردنەوەی لەدەستدەدات لەنێوان ئەوەی کە دەیزانێت و واقیع و ڕاستە، لەگەڵ ئەوەی کە لێکۆڵەر هەوڵدەدات باوەڕی پێبهێنێت کە واقعە، ئەمەش وادەکات کەئەو ڕاستیانەی لەم ڕێیەوە دەستدەکەون تێکەڵێک بن لەنێوان وەهم وخەیاڵدا وهیچ بنەمایەکی لۆژیکی نابێت **(العنزي، 2007 :96_97)**.

2. **ژەهری دواخراو:** ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوەدەدەن کەدەسەڵاتی کۆریای باکور و جەزائیر و ئۆرۆگوای ژەهر بەرامبەر بەزیندانیەکان بەکاردەهێنن، بەڵام کاریگەری ئەم ژەهرە دەرناکەوێت تەنها دوای مانگێک لە ئازادبوونیان نەبێت، وەلەم بارەشدا گومان لەسەر کارمەندانی ناو زیندان نابێت و هۆکاری مردنی ئازادبووەکانیش دەگێڕدرێتەوە بۆ هۆکاری تەندروستی دیکە، (د. ریجین مینتوترا) کە پزیشکێکی فەرەنسیە و لەبواری بەرگری لەمافی مرۆڤدا کاردەکات ئاماژە بەوە دەکات دەسەڵات لە (سانتیاگۆ) میکرۆبی چاندووە لە سیەکانی نووسەری سیاسی (چۆنۆ کۆبیز) دوای ئازادبوونی لەزیندان لیکەکەی بووە بەخوێن کە ئاماژەیە بۆ لەکارکەوتنی تەواوەتی سیەکانی کەبۆتە هۆی مردنی لەدوای (50) ڕۆژ لە ئازادکردنی **(الجزائري، 1997 :466)**.

3. **بەکارهێنانی ئامێری دەرخستنی درۆ:** ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە تۆمارکردنی تێکڕای فرمانەکانی کۆئەندامی جەستە لەباری ئاسایدا دواتر تۆمارکردنی لەکاتی لێپرسینەوەدا بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردوو بارەکە، وە دواتر بڕیاردان لەسەر ڕاستگۆیی قوربانی یاخود درۆکردنی، زۆر لەلێکۆڵەرەوان ئاماژە بەمەترسی ئەم ڕێگەیە دەدەن بەهۆی ئەو دەستدرێژی و زۆرلێکردنە جەستەیی و دەروونیەی کە بەرامبەر گومانلێکراو بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی ناچار بکرێت بەدانپێدانان **(الصجيري، 2015 :62)**.

4. **خەواندنی موگناتیسی:** خەواندنی موگناتیسی جۆرێکە لەجۆرەکانی خەوتنی چەند بەشێکی مێشک کە خەوتنێکی دروستکراوە (صناعي) لەڕێی پێدانی ئیحاوە (الإيحاء)، لەم بارەدا پەیوەندی کەسی خەوتوو بە دەرەوە کەمدەبێتەوە و چڕدەبێتەوە لەسەر خودی کەسەکە، واتە تەنها پەیوەندی بەناوەوەی خۆیەوە دەمێنێتەوە، و هەست ئەرکەکەی خۆی لەدەستدەدات لەمێشکدا **(الشاوي، 2006 :242)**، خەواندنی موگناتیسی بەسێ قۆناغدا دەڕوات:-

**قۆناغی یەکەم:**قۆناغی حەوانەوەولەدەستدانی بەشەکی هەستە.

**قۆناغی دووەم:**تیایدا کەسی خەوتوو دەچێتە خەوێکی قووڵەوە.

**قۆناغی سێیەم:**قوڵترین قۆناغەکانی خەواندنی موگناتیسیە، کەلەم قۆناغەدا کەسی خەوێنەر دەتوانێت بگات بە عەقڵی ناوەوەی کەسی خەوتوو، بۆیە بەدەستهێنانی وردەکاری هەر ڕوداوێک لەڕێگەی زاڵبوون بەسەر عەقڵی خەوتوودا لەڕێی ئیحاوە، لێرەدا مەترسی ئەم ڕێگەیە دروست دەبێت کە ئەگەر کەسی خەوتوو ئیحاکانی کەسی خەوێنەر وەربگرێت دەبێتەهۆی داننانی بەسەرجەم ئەو ڕووداوانەی کە خەوێنەر دەیەوێت کەسی خەوتوو دانی پێدابنێت، لێرەشەوە ئەو ئەنجامانەی کەلەڕێی خەواندنی موگناتیسیەوە بەدەستدێت لەڕاستیدا زۆربەی کات دڵنیاکەرەوە نییە واتە ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت **(العنزي، 2007 :98)**.

5. **خراپ مامەڵەکردن لە لێپرسینەوەدا:** مەبەست لەم شێوازە ئەوەیە کە کەسی لێکۆڵەر کاتی نەگونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ لێپرسینەوەی تۆمەتبار وەک لێپرسینەوە لەکاتێکی درەنگی

شەودا، یان درێژکردنەوەی ماوەی لێپرسینەوە بەمەبەستی ماندووکردنی تۆمەتبار و لەدەستدانی کۆجێی (ترکیز)، کەدەبێتە هۆی پێدانی زانیاری یان دانپێدانانی شێواو وبێ تەرکیز **(الحسيني، 1994 :150)**.

6. **ئەشکەنجە بە ساردکەرەوە:** ئەم شێوازە ئەنجام دەدرێت لەڕێی خستنی قوربانی بۆ ناو شوێنێکی شێوە بەفرگر بەبێ جلوبەرگ، وە پلەی گەرمیەکەی نزمدەکرێتەوە بۆ ژێر سفر، ئاماژە بەوەدەدرێت کە دەزگاکانی هەواڵگری ئیسرائیل و ئەمریکا بەناوبانگن بەبەکارهێنانی هۆکاری تەکنیکی بۆ بەرهەمهێنانی سەرمای بەهێز بۆ ئەشکەنجەدانی قوربانی، سەرمای بەردەوام بەرگەی ناگیرێت و تێکچوون دروستدەکات لەسەر سروشت و هاوسەنگی زیندانیان بەتایبەت کە برسێتی و کەمخەوی وهیلاکی و دابڕان و دڵەڕاوکێشی لەگەڵدا بێت **(الحسن، 2010 :164)**.

7. **ئەشکەنجە بەتەزووی کارەبایی:** هەندێک ڕۆژنامەی ڕۆژئاوایی پێشکەوتنی شێوازەکانی ئەشکەنجەیان بەکارەبا بڵاوکردۆتەوە، ئاماژە بەوەدراوە کە پێشتر لەڕێی بەرکەوتنی تەزووەوە ئەشکەنجەی قوربانی دراوە، ئەویش بەلێدانی وایەری کارەبایی لەجەستەی قوربانی کە سەرەکەی تری بەستراوە بەپاترییەک یان بەرهەمهێنەرێکی کارەبای ئاساییەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا پەرەسەندنی زۆر ڕوویداوە لەئەشکەنجەدان بەکارەبا، تەکنەلۆژیای ئەمریکی چەکێکی کارەبایی دروستکردووە کە هێزەکەی پەنجاهەزار ڤۆڵت زیاترە، بەپێی مەزەندەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ئەشکەنجەدان بە بەکارهێنانی ئامێری لێدانی کارەبایی بەلای کەمەوە زیاتر لە (50) وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین و ئاسیادا بەکاردەهێنرێت، وەبەپێی گوزارشتی شارەزایانی ڕێکخراوەکە ئەشکەنجەدەران ئاماژەیان بەوەداوە کە بەکارهێنانی ئەم شێوازە گونجاوە بۆئەوان بەهۆی ئەوەی نرخیان هەرزان و بەئاسانی دەشاردرێنەوە و دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی ئەستەمە **(یوسف محسن online)**.

## بەشی سێیەم/ ڕەنگدانەوە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجە

### باسی یەکەم/ ڕەنگدانەوە جەستەیی و سێکسیەکانی ئەشکەنجە

یەکەم: ڕەنگدانەوەی جەستەیی

دووەم: ئەو شوێنەوارە جەستەییانەی ئەشکەنجە کە ڕاستەوخۆ دەردەکەون

سێیەم: شوێنەوارە دوورمەوداکانی ئەشکەنجە لەسەر جەستەی ڕزگاربوان

چوارەم: ڕەنگدانەوەی سێکسی

### باسی دووەم/ ڕەنگدانەوە دەروونیەکانی ئەشکەنجە

یەکەم: تەنگژەی پاش زەبری دەروونی

دووەم: خەمۆکی

سێیەم: نەخۆشیە دەروونی_جەستەییەکان

### باسی سێیەم/ ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە

یەکەم: چەند بابەتێک وەک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە

دووەم: ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دوور مەودا لەسەر خێزانی قوربانی و کۆمەڵگە

سێیەم: ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە

### باسی چوارەم/ کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر

یەکەم: بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر

دووەم: کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان

## بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجە:

باسکردنی دەرئەنجام وڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە بەتەنیا لەڕووی جەستەییەوە مانایەک نادات بەدەستەوە، سەبارەت بە پرۆسەی بەپلان و بەرنامە بۆ داڕێژراوی ئەشکەنجە، بۆیە هەمیشە گرنگە باس لە کاردانەوە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە بکرێت بەتایبەتیش کە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای ئەو ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیانەی بەهۆی ئەشکەنجەوە لەلای زیندانیانی سیاسی دەردەکەون، واتە لە بنەمادا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجەیە، ئەم بەشەی توێژینەوەکە بریتی دەبێت لەباسکردنی ئەو دەرئەنجام ولێکەوتەو ڕەنگدانەوە جەستەیی و دەروونی وکۆمەڵایەتیانەی بەهۆی ئەشکەنجەوە دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەوەی کە دەشێت هۆکاری ئەشکەنجە بەمانا فراوانەکەی سیاسی بێت، بەڵام شوێنەوارەکانی برینی دەروونی دروست دەکات لەلای تاکەکان و دواتر ئەم برینە بۆ خێزان وئەندامانی کۆمەڵگا بەشێوە گشتیەکەی پەرە دەسێنێت، هەربۆیە ئەشکەنجە بووە بەکێشەیەکی پەیوەست بە چاودێری تەندروستی و سەرەڕای ئەو ئەنجامانەی کە هەیەتی لەسەر دروستی جەستەیی و دەروونی(Vesti & Marianne, 1995 :228).

لەم ساڵانەی دواییدا تیشکێکی زۆر خراوەتەسەر ئەشکەنجە بەتایبەتی لە ئەمریکاو ئەوروپا، هەرچەندە ئەشکەنجە یاساغە، بەڵام زیاتر لە (90) وڵاتی دنیادا بەکاردەهێنریت، ئەوانەش کە ئەشکەنجە دەدرێن کەسانی (سیاسی، زانا، ئەکادیمی، ئەوخوێندکارانەن خۆپیشاندان بۆ مافەکانیان دەکەن)(Keller & Gold, 2009: 2583). تێبینی ئەوە دەکرێت نیوەی ئەو وڵاتانەی کە ئازادانە ئیمزای قەدەغەکردنی ئەشکەنجەیان داوە، هەر ئەوانن کە ئەشکەنجە بەرهەم دێننەوە.

## باسی یەکەم: رەنگدانەوە جەستەیی و سێکسیەکانی ئەشکەنجە

### یەکەم: ڕەنگداوە جەستەییەکانی ئەشکەنجە:

پێش ئەوەی باس لەڕەنگدانەوە جەستەییەکانی ئەشکەنجە بکرێت، گرنگە بەشێوەیەکی گشتی باس لەو بارودۆخە بکرێت کە زیندانی پێدا تێپەڕ دەبێت و کاریگەری گەورەی لەسەر تەندروستی ڕزگاربووان لەداهاتوودا دەبێت.

ژوورەکانی زیندان بچوک وتاریکن کە دڵەڕاوکێ وهەستکردن بەتەنیایی لای زیندانیەکان زیاد دەکات، وە زۆرجار ئاو لەژوورەکاندا تا قولە پێ بەرزدەبنەوە، هەروەک

زیندانیەکان دەخرێنە ژێر پلەیەکی گەرمی زۆر بەرز یان زۆر نزمەوە، بێ ئەوەی هیچ شتێک هەبێت بیانپارێزێت، کە ئەمەش توانای خۆڕاگیریان کەمدەکاتەوە و دەبیتە شوێنێکی گونجاو بۆ کەڕو، ڕزگاربووانی ئەشکەنجە باس لەوە دەکەن کە سکچوون وهەوکردنی جگەر ونەخۆشیە درێژخایەنەکانی سنگ زۆر بڵاوبووە تیایاندا، کە هەندێکجار بۆ هەندێک زیندانی بەمردن کۆتایی هاتووە(**الرويشد، بدون سنة :8**). هەندێک جار دانانی ژمارەیەکی زۆری زیندانی لە یەک ژووری بچوکدا یان لە ژوریکی تاکەکەسیدا، دڵەڕاوکێی زۆر دروستدەکات، ئەمەش فشارێکی دەروونی بەهێز دروستدەکات بەهۆی ئەوەی زیندانیەکان ناچاربوون بەپێوە لەتەنیشت یەکەوە بوەستن بۆماوەی چەندین ڕۆژو هەندێک جار بۆماوەی زیاتر لەمانگێک و چەند مانگێکیش بەبێ ئەوەی بتوانن دابنیشن یان ڕابکشێن بۆ خەوتن لەیەککاتدا (**Jacobsen, Nielsen, 1997:60**). ئەو بارودۆخانەش زۆرجار بوونەتە هۆی دروستبوونی توندوتیژی وتەنانەت دەستدرێژی سێکسیش، ئەمە جگەلەوەی کە زۆرجار هەواڵبەری نهێنی لەژوورەکانی زیندان لەگەڵ زیندانیەکاندا بوونی هەبووە، کەوایلێکردون زیاتر ئاگاداربن و تەنانەت زۆربەیان دوای ئازادبوونیشیان جۆرێک لە دوورە پەرێزیان تێدا بەردەوامبووە(**عەلی، 2013 :173_174**).

ئەوەی زیاتر بارودۆخی زیندانیەکانی نالەبارتر کردووە ئەو خۆراکەبووە کە پێیان دراوە و بەهیچ شێوەیەک بەشی نەکردوون و جۆرێکی خراپ بووەو هیچ پرۆتینێک و خۆییەکی کانزایی و ڤیتامینی تێدانەبووە، ئەمەش ئەوەندەی تر توانای ڕزگاربووانی ئەشکەنجەی کەمکردۆتەوە لەسەر خۆڕاگری و بۆتەهۆی دابەزینی زۆری کێشیان(**باپیر،2006 :191**). لەهەمانکاتیشدا ئەم خواردنەخراپە یەکێک بووە لەهۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی برین کەدواتریش بووە بە برینی درێژخایەن و هەروەها بۆتەهۆی کەمبوونەوەی چالاکی جەستەیی و تووشبوونی قوربانی بەهەڵئاوسانی قۆڵۆن، کەبەیەکێک لە ڕەنگدانەوە وشوێنەوارە دواکەوتەکانی ئەشکەنجە دادەنرێت(**Jacobsen, Nielsen, 1997: 60**).

بەرپرسانی زیندان بەمەبەست بارودۆخێکی خراپ بۆ تەندروستی زیندانەکان دەخوڵقێنن و پێویستە لەسەر زیندانی لەژوورەکەدا خۆی خاڵی بکەنەوە، لەبەرئەوەی لەماوەی (24) کاتژمێردا ڕێگەیان پێداون تەنها جارێک یان دووجار تەوالێت بەکاربهێنن، پاسەوانەکان ناچاریان کردوون بۆ ماوەی چەند کاتژمێریک چاوەروان بن، سەرەڕای ئەوەش زۆرجار نەیانهێشتووە بەتەواوی ئەوکردارە ئەنجام بدەن کەئەمەش کێشەی بۆ دروستکردون لەخاڵی کردنەوەی جەستەیان وبۆتەهۆی هەڵئاوسانی کۆڵۆنیان(**Basoglu & others. 2001: 37**).

بۆ دەستنیشانکردنی ڕەنگدانەوە جەستەییەکانی ئەشکەنجە و تێگەیشتن لێیان پێویستە ڕێگاجیاوازەکانی ئەشکەنجە بزانین کەلەبەشی پێشوودا باسکراوە، چونکە ئەم شیوازانە پەیوەستن بە برینداریەکانی جەستەوە، پێویستە لەڕزگاربووانی ئەشکەنجە بپرسرێت لەسەر ئەوشێوازانەی دووچاری بووە، لەهەمانکاتدا پێویستە بیرۆکەیەکمان هەبێت لەسەر ئاستی ئەو فشارە دەروونیەی کە قوربانیەکە لەسەری بووە، چونکە ئەم بارە ڕەنگە ببێتە هۆی ئازاری جەستەییش.

ئەشکەنجە دەتوانێت ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبێت لە ڕووی جەستەییەوە، بۆنمونە هێشتنەوەی قوربانی لەبارێکی بەئازاردا دەبێتە هۆی ئازاری جومگەو ماسولکە شین بوونەوەو

چەندین نیشانەی پەیوەست بەمێشک و دەمارەکان لای قوربانیان دروست دەکات کە پێکدێت لە سەرئێشە، سەرگێژخواردن، لەدەستدانی توانای بیستن، لەدەستدانی هەستەوەرەکانی تر. داخکردن بەجگەرە ولێدان بەقامچی وکێبڵ وگۆچان ودار، شوێنەواری برین بەجێدەهێڵێت لەلای زۆربەی زیندانییەکان بەدرێژایی ژیانیان، هەروەها قوربانیەکان هەندێک نەخۆشی هەوکردنیان تێدا دەردەکەوێت وەک نەخۆشی سیل وهەوکردن بە مشەخۆرەکان ئەمەش بەهۆی هێشتنەوەیان لە شوێنێکی زۆر پیس و قەرەباڵغ(Keller & Gild, 2009: 2585). ئەشکەنجەدەری شارەزا خاڵی لاوازی جەستەی قوربانی دەکاتە ئامانج، کەزۆربەی کات ئازارێکی زۆری چەشتووە تا گەیشتۆتە دۆزینەوەی، لەزۆربەی دەوڵەتاندا بەتایبەتیش دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، ئەقڵی قوربانی دەکەنە ئامانج لە کاتی گەشەپێدان بە شیوازەکانی ئەشکەنجەدا(Skylv, 2007: 39).

زۆر گرنگە ئەو ئامانجانە ڕوون بکرێتەوە کەلەپشت ئەنجامدانی ئەشکەنجەی جەستەییەوەن، چەند ئامانجێک دەخرێنە ڕوو کەبریتین لە:

1. قوربانی بخرێتە ژێر زۆرترین ئازارەوە بێ ئەوەی ببێتە هۆی مردنی، بۆئەو مەبەستەش ناوچە زۆر هەستیارەکانی جەستە بەکاردەهێنرێت.
2. قوربانی دووچاری زیانی جەستەیی بەردەوام بکەنەوە وە ئازارێکی درێژخایەنی لەگەڵدا بێت، بەمەش ڕزگاربووانی ئەشکەنجە بەردەوام هەمان بارودۆخی ئەشکەنجەی جەستەیی دەچێژێتەوە کە هەرئەمەش دەبێتە ئەشکەنجەیەکی دەروونی.
3. زۆرجار دەرخستنی شوێنەوارو ڕەنگدانەوەی برینەکانی جەستە ئەستەم دەبێت و زۆر جار ناگەنە دۆزینەوەی شوێنەوارە دووەمیەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی تەنها بەهاوکاری پزیشکی شارەزا نەبێت(Jacobsen, Nielsen, 1997: 61).

## دووەم: ئەو شوێنەوارە جەستەییانەی ئەشکەنجە کە ڕاستەوخۆ دەردەکەون:

وەک: شکان ودەرچوونی جومگە، برینداری، سووتاوی، شکاوی لەکەللەی سەر، پچڕانی دەمارو ....هتد، سەرەرای ئەوانەش نەخۆشیەگویزراوە سێکسیەکان و تووشبوونی ڤایرۆسی، گومانی تیدانییە کە ژمارەیەکی زۆر لەزیندانیەکان لەژێر ئەشکەنجەدا گیان لەدەست دەدەن، کەئەمەش ڕوودەدات بەهۆی خوێنبەربوونی ناوەکیەوە لەئەنجامی لێدانی زۆرەوە( Shrestha, Sharma, 1995 :14).

ئەم شوێنەوارانە پشت دەبەستێت بەجۆری ئەو ئەشکەنجەیەی کە بەکارهاتووە و ماوەکەی و توندییەکەی، کۆمەڵێک نیشانەی دەرەکی و ناوەکی ئەشکەنجە هەیەکەلەکاتی ئەشکەنجەدان و ڕۆژانی سەرەتادا دەردەکەون وەک ئەمانەی خوارەوە:

أ. **ڕووشان/** لەچەند کاتژمێری سەرەتای ئەشکەنجەدا دروستدەبێت ودواتر لەماوەی (12_24)کاتژمێر بەهێزتر دەبێت، ئەگەر ڕووشانەکە بچووک بێت ئەوا لەماوەی(3_4) ڕۆژدا چاک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر گەورە بێت ماوەی(10_14)ڕۆژی دەوێت بۆچاکبوونەوە. شوێنی ڕووشانەکەش ئەو ئەشکەنجەیە دەردەخات کە پراکتیزەکراوە لەسەر قوربانی، بۆنمونە بوونی ڕوشاوی لەملدا مانای هەوڵدانە بۆ خنکاندن، لەڕێی دەست خستنە بینەقاقاوە، بەڵام لەسەر دەم ولووت مانای فشارخستنە سەر دەم و لووت، بوونی ڕووشاوی لەدیوی ناوەوەی ڕان وچواردەورە ناوەوەی کۆم ولەسەر ئەندامی زاوزێ مانای بەکارهێنانی ئەشکەنجەی سێکسیە (**الجمعية من أجل ضحايا القمع في المنفى، 2016 :24**).

ب. **شین بوونەوە:** لەشین بوونەوەدا چینێکی قوڵتری پێست کۆبوونەوەی خوێن نیشان دەدات لەئەنجامی پچڕانی دەمارەکانی خوێن لەئەنجامی زەبرەوە، ئەم کۆبوونەوەی خوێنە دەکرێت پەڵەی گەورەبێت وەک برینێکی خوێنی، یاخوود بچوک بێت بەقەبارەی سەری دەرزیەک، ئەم ناودەبرێت بە خوێن تێزان.

گۆڕانی ڕەنگی شینبوونەوەکان دەگۆڕێت بەگوێرەی قەبارەکەی لەخوێن تێزاندا پێست ماوەی (3_4)ڕۆژی دەوێت بچێتەوە باری ئاسایی، بەڵام لەشینبوونەوەی گەورەدا گۆڕینی ڕەنگەکان بەم جۆرە دەبێت:

أ. سوور لەسەرەتادا:

ب. شین، شینی ڕەشباو، قاوەیی یاخود سووری تێر لەسێ ڕۆژی دواتردا.

ج. سەوزباو لە پێنجەم و شەشەم ڕۆژدا.

د. زەردباو لەحەوتەم ڕۆژ بۆ دوانزەیەم ڕۆژ.

هـ. ئەم ڕەنگە زەردە وردە وردە نامێنێت لەڕۆژی سیانزەیەمدا و دواتر پێست دەچێتەوە باری ئاسایی لەڕۆژی چواردەیەم بۆ هەژدەیەم(**Shrestha, Sharma, 1995 :14**).

2. **خوێن تێزان:** بەهۆی خوێن بەربوون لەپیست وماسولکەکاندا لەکاتی ئەشکەنجەدان ئازارو ئاوسان و گۆڕانی ڕەنگ لەچەند ناوچەیەکی جەستەدا ڕوودەدات، ئەو ناوچانەی کە خوێنیان تێزاوە دەگەڕێنەوە باری ئاساییان لەماوەی هەفتەیەک بۆ دوو هەفتەدا.

3. **پچڕان:** دەکرێت لەهەندێک ناوچەی جەستەدا ببینرێت وە دەچێتەوە باری ئاسایی لەماوەی دوو بۆ سێ هەفتەدا(**Quiroga & Jaranson, 2005 :12**).

## سێیەم: شوێنەوارە دوورمەوداکانی ئەشکەنجە لەسەر جەستەی ڕزگاربوان:

هەڵسەنگاندنی پزیشکی گشتی دەریخستووە، کە هەندێک ئەندامی جەستەی قوربانیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت وئەو ئەرکە سەرەکیەی هەیانە گرفتی تێدەکەوێت، گرنگترین ئەندامەکانیش بریتین لە:

1. **چـــاو:** بەگشتی شوێنەوارە بەردەوامەکانی ئەشکەنجە لەسەرچاو کەمن، چونکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی باش پارێزراون، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی سووتانەوەی درێژخایەن کراوە، بەهۆی بەکارهێنانی چاوبەستی پیسەوە بۆماوەی درێژخایەن، هەروەها زۆرینەی زیندانیان دەناڵێنن بەدەست کەمی هێزی بینینەوە و هەندێکجاریش خێل بوون و کێشەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ کەش و هەوای جیاواز، بۆیە سەردانکردنی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە بۆتە کارێکی ڕۆتینی ژیانیان بۆلای پزیشکی چاو، گرنگە ئاماژە بەکۆنیشانەی (Whiplash4) (متلازمة المصع) بدەین کە لەئێستادا بەزەبرەکانی کۆئەندامی جوولە ناودەبرێت، کە بارێکە تیایدا کەمی لەهێزی بینیندا ڕوودەدات و لەم بارەدا پێویستە جەخت بکرێتە سەر کێشەکانی پەیوەست بەبڕبڕەکانی مل(Jacobsen, Nielsen, 1997 : 62).

2. **قورگ ولووت و گوێ:** دووبارەبونەوەی پێداکێشان بەسەردا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازار لە قورگ و لووت و گوێ دا، ئەو ئەشکەنجە ڕێکخراوەی کەپیاکێشانی بەهێزی هەردوو گوێیە، لەیەک کاتدا فشارێکی زۆر لەسەر گوێیەکان دروستدەکات، هەروەک ئەوەی لەکاتی تەقینەوەدا ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی کونبوونی تەپڵی گوێچکەو دروستبوونی ئازار لەگوێی ناوەوە و هەوکردنی درێژخایەنی گوێی ناوەڕاست، ئەمانەش چەند کێشەیەکی تەندروستین کەلەزۆربەی کاتدا چارەسەرناکرێن، هەروەها زۆرینەی ڕزگاربووان دەناڵێنن بەدەست کەم بیستی و گێژبوون و بوونی دەنگ لەگوێداو لەگەڵ ئازار، هەروەک هەندێکیشیان دووچاری شکانی لووت بوون(**الجمعية من أجل ضحايا القمع في المنفى**، 2016 :25).

پشکنینی تایبەت بۆ گوێی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی ڕەخساندنی بارێکی ئاسوودە بۆ ڕزگاربووان و چارەسەرکردنی کەم بیستیەکەیان بەتایبەتی، ئەگەر لەڕێی پشکنینەوە دەرکەوت کە ئەودەنگەی لەگوێیاندا هەیە لەگەڵ گێژبوونیان پەیوەندی بە نەخۆشیەکانی گوێوە نیە، ئەوا پێویستە دووبارە بیر لە ئەگەری کۆنیشانەی (Whiplash) بکرێتەوە کە زۆربەی کات ئەو نیشانانەی هەیە(Shrestha, Sharma, 1995 :15).

3. **ددانەکان:** زۆرجار تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕزگاربووانی ئەشکەنجە ددانیان شکاوە لە ئەنجامی کێشان بە دەم وچاو لەڕێگەی کلکە دەمانچەوە یان بۆکس، یان هەندێکجار ددانەکانیان دەرهێناون بەبێ بەنج، دووچاری هەوکردنی پووک دەبن کە کەوتنی ددانی بەدوادا دێت، لە ئەنجامی خۆراکی خراپەوە ونەتوانینی پاراستنی ددانەکانەوە ڕوودەدات، هاوکات ئازاری ددان و کلۆربوونیش ڕوودودات، یان خوێنبەربوونی پووک و باش کارنەکردنی ددانەکانیان، ئەمەش

---

4- کۆنیشانەی بیریندرابوون (قامچی) کە بریتیە لەئازار پێگەیشتنی بڕبڕەو مل بەهۆی لەپڕ ڕاتەکاندنی سەرەوە، بەهۆی مامەڵەی توندو نامرۆڤانەوە یان بەهۆی ئەشکەنجەوە، قوربانیەکان تووشی ئازار وگرفتی بەردەوام دەکات لە بینین وئازاری سنگ ودڵ بڕبڕەکان، ئەگەر هاتوو ڕاستەوخۆ چارەسەر وەرنەگرن، لەگرنگترین نیشانەکانیشی(ڕەق بوون وئازاری مل، زرەی گوێ، لێڵ بوونی بینایی، ئازاری کاسەی سەر، گێژبوون، ماندوویی زۆر، ئازار لەشانەکان، سڕبوونی باسک وقۆڵەکان، تێکچوونی خەو، هەستیاریی، کەمی سەرنجدان وکۆجیی، گرفتی یادگە، خەمۆکی)(Mayo Clinic)

دەبێتەهۆی ئازار لەسەر و دەموچاودا، هەروەها دەبێتە هۆی خراپ هەرسکردن(Jacobsen, Nielsen, 1997: 63).

4. **سییەکان:** کەمتر تێبینی شوێنەوارەکانی پەیوەست بەسییەکان دەکرێت، ئەوەی کەتێبینی کراوە کۆکەی بەردەوام وهەڵئاوسانە لەئەنجامی هەڵمژینی ئاوی پیس لەکاتی سەرنقومکردنی زیندانیدا ڕوویداوە، هەروەک دابەزینی کێش و خراپی خۆراک لەزیندانادا دەبنە هۆی تووشبوون بەنەخۆشیە گوێزراوەکان وەک سیل وجۆری دیکە بەپێی ئەو وڵاتەی تیادا زیندانی کراوە(Quiroga & Jaranson, 2005 :13).

5. **دڵ:** لەچوار ڕزگاربووی ئەشکەنجە سیانیان نیشانەکانی نەخۆشی دڵیان هەیە، هەندێکیان ئازاری بەهێزی پچڕپچڕن کە ڕوودەدات لە ناوچەی سنگ و دڵدا، هەروەها لێدانی نارێکی دڵ و پەشێویەکانی هەناسەدان، بەڵام ئەمانە کەمتر نەخۆشین واتە (72%) یان نیشانەکانیان هەیە، بەڵام کەسیان نەخۆشی دڵیان نابێت بەهۆی ئەشکەنجەوە، لەبەرئەوە ئەو نیشانانە پەیوەندیان هەیە بە بواری نەخۆشی دەروونی_جەستەییەوە، پێویستە ئەوەش لەیاد نەکرێت کە شوینەوارەکانی هەڵواسین و ئازاری بڕبڕەی پشت دەکرێت لەهەمان ئەو ئازارانەی سنگ و دڵ بچێت(Jacobsen, Nielsen, 1997: 63_64).

6. **کەناڵی هەرس:** ڕێژەی (70%) ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دەناڵێنن بەدەست نیشانەکانی نەخۆشی کەناڵی هەرسەوە، لەم ڕێژەیە ڕێژەی (30%)یان نەخۆشی پەیوەست بەکەناڵی هەرسیانەوە هەبووە، زیاتر ئازاری برینداریان هەیە لەناوچەی سورێنچکدا کە زیاتر لەشێوەی ئازاری برسێتیدایە کە لەئەنجامی جۆری خواردن یان ترشەڵۆک یان دڵ تێکەڵهاتن ورشانەوە ودابەزینی کێش دروستدەبێت، تەنها ڕێژەی (2%)ی ئەو کەسانەی پشکنینی گەدە(ناظور)یان بۆ کراوە بارودۆخیان ئاسایی بووە، هۆکاری ئەو برینانەش بوونی بەکتریایەکی پێچاوپێچە کەلە ئەنجامی فشاری دەروونی ماوە زۆر وخۆراکی خراپ، لاوازی بەرگری گشتی لەش دروستدەبێت(**الجمعية من أجل ضحايا القمع في المنفى، 2016 :28**).

7. **پێست:** زیاتر شوێنەوارەکان لەشێوەی پەڵە دەردەکەون وەک شوێنی سووتاوی بەهۆی(جگەرە، یان داریکارەبایی)یەوە، هەروەها بەهۆی کرداری جەڵدەوە، پەڵە لەشیوەی شوێنەواری برین بەهۆی ئامێری کونکردن یان ئامێری تیژو بەکارهێنانی مادەی ترشەڵۆک لەئەشکەنجەدا دەردەکەون(Jacobsen, Nielsen, 1997: 77).

پێویستە چاودێری و گرنگی بدرێت بەوپەڵانە چ لەڕووی هۆکاری دروستبوونەکەی بێت کەئازاریشی لەگەڵدا بێت، یاخود گرنگی بدرێت بەوشوێنەوارە دەروونیانەی کەلای قوربانی بەجێی دەهێڵن، بەجۆرێک کە ئەم پەڵانە دەبنەهۆی ئەشکەنجەیەکی دەروونی بۆ قوربانی لەگەڵ هەرجارێک بینینەوەیدا، سەرەڕای ئەوەش هەندێکجار شوێنەوارەکانی جەڵد کەلەسەر پێست و سمتی قوربانیەکانی ئەشکەنجە دەمێنن دەردراو و شلەی لێدێتەدەر.

## چوارەم: ڕەنگدانەوە سێکسیەکانی ئەشکەنجە:

ئەگەر سەرنج بدرێتە سەر جۆرەکانی ئەشکەنجەی سێکسی کەبەرامبەر قوربانیانی ئەشکەنجە دەکرێت، ڕاستەوخۆ بیر لەوە دەکرێتەوە کە چ گۆڕانکارییەک لەئەندامەکانی زاوزێ

وجەستەو بیرو ڕەفتاری قوربانیدا دەهێنێت. ئەشکەنجەی سێکسی لەخراپترین وقورسترین جۆرەکانی ئەشکەنجەیە کەقوربانیان چەشتوویانە وڕەنگدانەوەی بەردەوامی هەیە لەسەریان، بۆیە هەمیشە بەکردارێکی قێزەون وسەخت دادەنرێت، کاردانەوە وڕەنگدانەوەی قوڵ وبریندارکەر دروستدەکات، لەجۆرەکانی هەستکردن بەبێتوانایی ودابەزینی ئاستی متمانەی قوربانی بەخودی خۆیی وکەسانی تریش، ئەمە جگەلەوەی کشانەوەی کۆمەڵایەتی ودووره پەرێزی وبێتوانایی لەئەنجامدانی هاوسەرگیری لای هەندێک قوربانی وسەرئەنجامیش کەسەکە تووشی لەکەیەکی(شەرمەزاری) کۆمەڵایەتی دەکات. ڕەنگە دەرکەوتە ودەرئەنجامی ئەشکەنجەی سێکسی لای هەردوو ڕەگەز ڕەنگدانەوەی نەرێنی زۆری هەبێت، بەڵام گومان لەوەدانییە کەلای ژنان ڕەنگدانەوەکان زۆرتر دەبێت بەحوکمی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژنانی قوربانی ئەشکەنجە وئەوفشارە جەستەیی وگۆڕانکارییە هۆرمۆنیانەی دوای ئەشکەنجە دروست دەبن.

هەندێک جۆری ئەشکەجەی سێکسی هەیە مرۆڤ بەبیستنیان بێزار دەبێت، نەخوازە ئەگەر کەسێک بەرامبەری کرابێت، جۆرەکانیش ئەمانەن:

أ. **ئەشکەنجەی سێکسی بەبەکارهێنانی ئامراز:** بەبردنە ناوەی( تێلا، شێوەی دروستکراو وەک ئەندامی زاوزێی نێرینە، بوتڵ) ولێدانی تەزووی کارەبا لەئەندامەکانی زاوزێ، هەڵواسینی قورسایی بەگونەکانەوە، بڕینەوەی مەمک یان ئەندامەکانی زاوزێ.

ب.**ئەشکەنجەی سێکسی بەبێ بەکارهێنانی ئامراز:** وەک مامەڵەی سێکسی وەکو (سوکایەتی پێکردن، ڕووتکردنەوە لەبەردەم کەسانی دیکە، دەستدرێژی لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە، فشارخستنە سەر مەمکەکان، ناچارکردن بەئەنجامدانی دەستپەڕ لەبەردەم کەسانی تر، ناچارکردن بەسەیرکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆسەرکەسانی تر، بەزۆر سکپڕکردن، ناچارکردن بەدەستدرێژی کردنە سەرقوربانیانی دیکە، ناچارکردنی قوربانی لەبارودۆخی نائاسایی و شەرمەزارکەردا.

ج. **ئەشکەنجەی سێکسی بەبەکارهێنانی ئاژەڵ:** وەک دەستدرێژی لەڕێگەی سەگ ومەیمون وئاژەڵی دیکەی ڕاهێنراوەوە، یان مشک، جرج، جاڵجاڵۆکە، ومارمێلکە بەردانە ئەندامی زاوزێی قوربانی چ نێر بێت یان مێ(Shrestha, Sharma, 1995 :12_13).

سەرجەم جۆرەکانی ئەشکەنجە دەبنەهۆی چەوساندنەوەی سێکسی، بەڵام ئەشکەنجەی جەستەیی سێکسی پێکدێت لەخراپ مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆی کۆئەندامی زاوزێ و ناوچەی کۆم، ودەستدرێژی سێکسی بۆسەر هەمان ڕەگەز یان ڕەگەزی جیاواز، ئەشکەنجەدان بەتەزووی کارەبا یاخود بەکارهێنانی چەندین کەل وپەلی جیاواز(Skylv, 2007: 50).

ئەو قوربانیانەی کە دووچاری ئەشکەنجەی سێکسی بوونەتەوە، وێنایەکی نەرێنیان بۆ دروست دەبێت لەسەر خودی خۆیان، هەست بەشەرم و ئابڕوو چوون دەکەن، وا هەستدەکەن کە کەرامەتیان لەدەستداوە، وە قوربانیەکان ناتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو هەڕەشەیەو گۆڕینی هەبێت، بۆیە زۆر بەئاسانی دەگۆڕێت بۆ هەستکردن بە بێتوانایی لەهەوڵدانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی یاخود نیمچە کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخە، دەکەونە بارێکی دەروونی وەهاوە کە

هەست بەبەرپرسیاریتی دەکەن یاخود لۆمەی خۆیان دەکەن لە بەشداریکردن لەو دەستدریژیەدا(Shrestha, Sharma, 1995 :12).

ئەشکەنجەی سێکسی لەوانەیە ببێتە هۆی جێهێشتنی شوێنەوار لەکۆئەندامی ماسولکە پەیکەر، وەک بریندار ی پەیکەریی وتێکدانی فەرمانی، ئەو قوربانیانەی دووچاری ئەشکەنجەی سێکسی بوون زۆر بەدەگمەن لەخۆوە باسی دەکەن، ئەویش بەهۆی ترسیان لە لەدەستدانی ڕێزیان لەخێزاندا(Skylv, 2007: 50). کێشە سێکسیەکان لە کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسیەوە دەستپیدەکات کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لەگەڵ هاوسەردا، زۆرجاریش قوربانی دوودڵە لە باسکردنی ئەو دەستدریژیە سێکسیانەی کراوەتەسەری بەو بیانووەی کە زەحمەتە هاوسەرەکەی لێی تێبگات(Jacobsen, Nielsen, 1997: 64).

زیاتر لە ئەشکەنجەدا پەنا براوەتە بەر بەکاهێنانی تەزووە کارەبا بۆ ئەندامی زاوزێ وئەشکەنجەی سێکسی لەڕێگەی دەستدریژی یان تێبرینی بووتڵی شوشە بۆ دەرچەی کۆم ورێکە، ئەم ئەشکەنجەیە لای ژنان لەگەڵ فشارێکی دەروونی زۆردا دەبێتە هۆی تێکدانی سووڕی مانگانە وکەمبوونەوەی هاتنەخوارەوەی هێلکە ودروستبوونی ئازار لەبەشی خوارەوەی سک و ماسولکەکانی حەوز. وە پیاوانیش سەرەڕای کێشەکانی پەیوەست بەکۆمەوە دەناڵێنن بەدەست زوو ڕەحەتبوون ولاوازی لە توانای سێکسیدا، قوربانی چ نێر بێت یاخود مێ دووچاری نەخۆشی لاوازی بەرگری(ئایدز) وهەوکردنی جگەری جۆری(B) دەبن ئەویش بەهۆی دەستدریژی سێکسیەوە(**الجمعية من أجل ضحايا القمع في المنفى، 2016 :25**).

## باسی دووەم: ڕەنگدانەوە دەروونیەکانی ئەشکەنجە:

شوێنەوارە جەستەییەکانی ئەشکەنجە لە زۆربەی کاتدا چارەسەر دەبن و بەزوویی دیار نامێنێن، بەڵام شوێنەوارەکانی دیکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا زۆر سنوردارو قورسە، بەهۆی ئەو هۆکارەجیاوازانەی کە بەشداری دەکەن لە پێکهاتەی کێشە دەروونیەکاندا، بۆ نمونە ڕەنگە زەحمەت بێت دابرینی شوێنەواری دەروونی ئەشکەنجە لەسەر کەسێک لەگەڵ ئەو شوێنەوارە جەستەییانەی دروست بووە لەسەری ( Somnier & Others, 2007: 58).

هەندێک شارەزا لەبواری چارەسەرکردنی ئەشکەنجەدا، گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە نیشانەکانی هەندێک نەخۆشی دەروونی لای ڕزگاربووان بەڕێژەی جیاواز دەردەکەوێت، کە گرنگترین نیشانەی نەخۆشیەکانی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی(PTSD) و خەمۆکی و نەخۆشیەجەستەیی_دەروونیەکانە، بۆچوونەکانیش بەم شێوەیە دابەشدەبن، ڕێژەی بەربڵاوی نەخۆشیەکانیش بەم جۆرەیە لەلای (400.000)کەسی ڕزگار بووی ئەشکەنجە کە ئێستا لەئەمریکا دەژین، ڕێژەی بەربڵاوی (PTSD) لەنێوان (18% _88%) هەو ڕێژەی بڵاوبوونەوەی خەمۆکیش لە نێوان(24%_82%)ە، واتە جیاوازییەکی فراوان هەیە لەنێوانیاندا.

گروپی یەکەمی شارەزایان ڕاوبۆچوونیان وایە کە (PTSD) بەهیچ جۆرێک لای قوربانیەکانی ئەشکەنجە دەرناکەوێت، لەبەرئەوە پێویستە جۆرێکی تایبەتی دەستنیشانکردنی نەخۆشیان بۆ دیاری بکرێت کە پێی دەوترێت کۆنیشانەی ئەشکەنجە(Torture Syndrome) کە بەم نیشانانە جیادەکرێتەوە(تێکچوونی یادگەMemory، گرفت لە تەرکیز(کۆبیر)، تێکچوونی

خەو، خەونی ناخۆش، ناجێگیری هەستوسۆز، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی ونیشانەی جەستەیی کە ئەم گرفتانە دەگرێتەوە: گرفتی کۆئەندامی هەرس، هەناسەتوندی، بۆرییەکانی خوێن).

گروپی دووەمی شارەزایانیش بەپێچەوانەوە وای دەبینن: کە ئەشکەنجە هۆکارە بۆ دەرکەوتنی نەخۆشییەک کە بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی ئاڵۆز(Complex PTSD) ناوی دەبەن، یان بە بەرزترین ئاستی زەبری دەروونی ( Extreme Psycho_ Traumatization)، کە بەم نیشانانە دەناسرێتەوە خەمۆکی توند و بەگرانی ڕێکخستنی سۆزو خۆشەویستیان بۆ دروست دەبێت، وە بەئاسانیش زەبری تری سووک کاریان تێدەکات، بەڵام تا ئێستاش ئەم دەستنیشانکردنە بۆ ئەشکەنجە قبوڵ نەکراوە لە ناوەندە زانستیەکانی لێکۆڵینەوە لەبواری ئەشکەنجە(Keller & Gold, 2009 : 2583 _2585).

ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە زۆربەی پزیشکانی دەروونی و دەروونناسان دوو نەخۆشی سەرەکی دەستنیشان دەکەن کە وەک دەرکەوتەو ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجەن، لەلای قوربانیانی ئەشکەنجە زۆربەی زۆریان باسی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی دەکەن (PTSD) و هەندێکیشیان خەمۆکی بە دەرئەنجامی ئەشکەنجە دەزانن و لایان وایە کە خەمۆکی زۆرترە، بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی جاریش بەشێوەی تێکەڵ لەهەردووکیان لای قوربانیەکان هەیە واتە خەمۆکی و(PTSD) پێکەوە دەردەکەون، وە هەردوو گروپەکە ئاماژە بە دەرکەوتنی نەخۆشی جەستەیی_دەروونی(Somatization) دەکەن(**یعقوب،1999 :58_59**).

لێدانی کارەباو لە سێدارەدانی ساختە لەوەدەچێت هیچ شوێنەوارێکی جەستەیی بەجێنەهێڵێت، بەڵام شوێنەوارەکانی زیاتر دەروونین. داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ ورزگاربووانی ئەشکەنجە، دان بەم دووجۆرەی ئەشکەنجەدا دەنێن کە زۆر بەوردی وبەشێوەی پلان بۆدارێژراو بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی کەمترین شوێنەوار بەجێبهێڵێت و لەناو جۆرەکانی ئەشکەنجەدا بەربڵاوترینیانن، چونکە هیچ نیشانەیەک جێناهێڵن، یان نیشانەکانی زۆر زۆر کەمن(Keller & Gold, 2009: 2586).

زۆربەی ڕزگاربووان هەست بە تاوانباری دەکەن کە ئەوان ڕزگاریان بووە، بەڵام خۆشەویست و هاوڕێکانیان ڕزگاریان نەبووە، هەروەها بوونەتە هۆکاری پێدانی زانیاری لەسەر کەسانی ترو ڕووبەرووی ئەشکەنجەیان کردونەتەوە. ( Keller & Gold, 2009: 2587).

هەستکردن بە بێزکردنەوە لەخۆیان، و هەستکردن بەگوناهـ، شەرمەزاری، وە ترس لەکاتی ئەشکەنجە و دواتریش، خۆیان و هەموو دنیا بەم هەستانەوە دەبینن، ئەم نیشانانە هۆکارە بۆ چوونیان بۆلای پزیشک بەشێوازی جیاجیا، هەروەها کۆرسی چارەسەریەکەش کە بۆیان دادەنرێت لەگەڵ داهاتووی نەخۆشیەکەیان(Prognosis) هەر بەشێوەی جیاجیایە. سەرەڕای ئەوەش بەڵگەی سەلمێنراو هەیە لەسەربوونی پەیوەندی لە نێوان ئەشکەنجە لەلایەک وشوێنەوارە دەروونیە دواکەوتووەکان لەلایەکی ترەوە، زیاتر قوربانیانی ئەشکەنجە جەخت لەسەرئەرێنی ئەزمونەکەیان دەکەنەوە بەوەی کەبووەتە هۆی بەرزکردنەوەی هۆشیارییان

وپێگەیشتنیان، تائێستا (ڕزگاربوویەکی تەواو5) نەدۆزراوەتەوە لەڕێی لێکۆڵینەوەی کلینیکی و ئەو کارانەی کە سەنتەرەکانی ڕاهێنانەوەی قوربانیانی ئەشکەنجە ئەنجامیانداوە( Vesti & Marianne, 1995: 222). ئەمەش ڕەنگە بەو بیانووە بێت کە قوربانیان ئارەزووی ئەوە ناکەن دان بنێن بە ئازارو چەشتنەکانیاندا لەبەر ترسیان لە عەیبە(Stigma) شوێنەوارە نەرێنیەکانی ئەشکەنجە ڕەت دەکەنەوە و خۆیان بەدوور دەگرن لە بیروەریە ئازاربەخشەکان کە ئەمەش یەکێکە لە نیشانە سەرەکییەکانی (PTSD)(Shrestha, Sharma, 1995 : 20).

نیشانە دەروونیە بەرچاوەکانی تر بریتیە لە بەقورسی کۆنترۆڵکردنی توڕەیی و دەربڕینی توڕەیی، هەستکردن بەبێهیوایی و نەبوونی هیچ پاڵپشتییەک، فۆبیای تایبەت و پەیوەست بەئەشکەنجەوە، هەروەها لەبیرکردنەوە لەمردن و خۆکوشتن. ( Keller & Gold, 2009: 2587). چەندین حاڵەت هەیە کە ڕزگاربووانی ئەشکەنجەن و وا دەردەکەوێت کە هیچ شوێنەوارێکی دواکەوتەی ئەشکەنجەیان لەسەر دەرناکەوێت دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵیش، بەڵام لەناکاو دادەڕمێن (انهیار) دەکەن و ئەم دارمانە لەناکاوەش بۆتە هۆی خۆکوشتنی هەندێکیان(Reyes & Others, 2008: 637). کۆمەڵێک نیشانەی هاوبەشی زۆر هەیە لە نێوان قوربانیانی ئەشکەنجەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزمونی ئەشکەنجەیەی کە پێیدا تێپەڕبوون، لەتوێژینەوەیەکدا کە لەدانیمارک ئەنجام دراوە جیاوازی دوو گروپ دەردەخات کە گروپی یەکەم چەند قوربانیانیەکی ئەشکەنجەبوون و گروپی دووەم کەسانی ئاسایی بوون کە دووچاری هیچ ئەشکەنجەیەک نەبوون، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵەی یەکەم زیاتر ئەگەری دووچاربوونیان بە ژانەسەرو ماندوویی و تێکچوونی خەو و مۆتەکە و کێشەی کۆبیری (ترکیز) هەیە، بەشێوەیەکی زۆر زیاتر بەبەراورد بە گرووپی دووەم(Jacobsen, Nielsen, 1997 :70).

لەوشوێنەوارە دەروونیانەی دیکە کەلای قوربانیانی ئەشکەنجە تێبینی کراوە هەستکردن بەشورەیی وهەستکردن بەوەی کەهەمیشە لەژێر چاودێریدایە و گۆڕانی کەسێتی تاکە(Genefke, 1995 :98). گۆڕانی کەسێتی لای ئەشکەنجەدراوان تێبینی کراوە لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ کە تووشی ئەشکەنجەدانی سێکسی بوون(ئەوەی کە سێکسی لەگەڵکراوە، ئەوەش کە ئەشکەنجەی ئەندامەکانی زاوزێ دراوە) زۆرجار تووشی کەموکورتی دەبن لە سێکسدا، هەروەها هەست بەشەرمەزاری و سوکایەتی پێکردن دەکەن، ئەشکەنجەی جەستەیی بەدەر نییە لەو شوێنەوارە دەروونییەکانی کە دواتر بەدوایدا دێت، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لەڕێی ئازاردانی جەستەوە ئامانجی لێکۆڵەرەوەکان تێکشاندنی عەقڵی قوربانیە( Skylv, 2007: 39). زیاتریش شوێنەوارەکان درێژ مەودان بەتایبەتی ئەگەر بەبێ چارەسەر هێڵرانەوە، هەروەک لەوانەیە ئەو نیشانانە قۆناغ بە قۆناغ بەتێپەڕبوونی کات دەربکەون نەک سەرجەمیان پێکەوە(Vesti & Marianne, 1995 :231). زۆرینەی قوربانیانی ئەشکەنجە دەناڵێنن بەدەست یەکێک لە نەخۆشیە دەروونیەکانەوە.

---

5- ڕزگاربووی تەواو: مەبەست لێی کەسێکە بە ئەزموونی ئەشکەنجەدا تێپەڕی بێت، وە هیچ کاریگەرییەکی ئەشکەنجەی لەسەر نەبێت لەهەموو دۆخەکانی (جەستەیی، دەروونی، سێکسی، کۆمەلایەتی) بێ گرفت بێت.

لەو نەخۆشیە دەروونیانەی بەرپێژەیەکی یەکجار زۆر لای قوربانیانی ئەشکەنجە دەردەکەوێت بریتیە لە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی(PTSD) وخەمۆکی ونەخۆشی جەستەیی_دەروونی، کە هەندێکجار ئەو دوو نەخۆشیەی کۆتا بە دەرئەنجامی دوور مەودای (PTSD)دادەنرێت.

**یەکەم: تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (Posttraumatic Stress Disorder):**

هەموو تاکێک لە ژیاندا توشی چەندین حاڵەتی قورس و مەترسیدار دەبێت یاخود دەیبینێت، کە بەرامبەری دەستەوەستانە و ناتوانێت مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ بکات، وەکو ڕوداوەکانی ئۆتومبیل، جەنگ، دەستدرێژی، کارەساتی سروشتی..... بەڵام خاوەنی هەندێک پیشە زیاتر ڕووبەڕوی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە ڕووداوانە دەبنەوە وەکو پۆلیس، سەرباز، شۆفێری ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، کارمەندی ئاگرکوژێنەوە.

خاڵی دەستپێکردنی ئاشکرای زەبری دەروونی بریتییە لەو ڕوداوە ناخۆشەی بۆتە هۆی دروستکردنی، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە بۆچی زۆرێک لەوانەی یەک جۆر ڕووداویان بەسەر هاتووە توشی هەمان کاردانەوەی دەروونی نابن لەگەڵ ئەوەی ڕووداوەکە فشارێکی دەروونی دروست کردووە و مایەی هەڕەشە و ترس بووە لەسەر ژیانی هەموویان. هەندێک خەڵک دەتوان بە چاکی لەگەڵ ڕووداوە زەبراویەکاندا مامەڵە بکەن و بێ وەرگرتنی یارمەتی یاخود بەهاوکاری چواردەورەکەیان زاڵبن بەسەریاندا، بەڵام ڕووداوەکان بۆ هەندێکی تریان دەبێتە مایەی دەرکەوتنی چەندین نیشانەی جەستەیی و دەروونی کە بۆ ماوەی چەند هەفتە، مانگ، یاخود چەند ساڵێک بەردەوام دەبن و حاڵەتێک دروست دەکەن پێی دەوترێت تەنگژەی پاش زەبری دەروونی PTSD (**یعقوب، 1999: 37**).

ئەو دیمەنە سامناک و مەترسیدارانەی کە ڕۆژانە بڵاودەبنەوە لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و مۆبایل و سایتەکانی ئینتەرنێت و سەیرکردنی لە لایەن خەڵکەوە، مەترسیەکی ترە کە چەندین کەس توشی زەبری دەروونی یان تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لە حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێ، بریتییە لە شڵەژانێکی دەروونی یان سۆزداری وتەشەنە دەکات پاش تووشبوونی کەسێک بە ڕووداوێکی زەبراوی توند کە لە میانەیدا هەست بەترسێکی زۆر بکات. ئەو کەسانەی روداوی زۆر ناخۆشیان بەسەردێت یان ڕووبەروی دەبنەوە یاخود دەیبینن کە مەترسی مردنی تەواو یان هەڕەشەی مردن یان بەرکەوتنێکی زۆری تێدا بێت بۆ سەر ژیانی خۆی یان کەسانێکی تر. هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو کەسە بۆ ڕوداوەکە پڕبێت لە ترس وهەستکردن بە نەبوونی یارمەتی( **McNally, 2009: 2650**).

ئەو ڕوداوانەی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) دروست دەکەن :

ئەشکەنجەدان، بریندار بوون، کوشتن، جەنگ، بەدیلگیران، هێرشی تیرۆرستی، دەستدرێژی سێکسی، ڕاگواستنی بەزۆر، ڕفاندن، پەلاماردان، ڕوداوی سەختی ڕێگاوبان، کارەساتی سروشتی یان دەستکرد، توشبوون بە نەخۆشییە مەترسیدارەکان.

**ڕێژەی توشبوون بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD):**

لەبەر نەبوونی داتا و توێژینەوەی تایبەت بەم حاڵەتە لە کوردستاندا، ئاماژە دەکەین بە داتاو زانیارییەک لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا:

أ. بەلایەنی کەمەوە (70%) ی ئەوانەی گەورەن لە ژیانیاندا توشی ڕوداوێکی زەبراوی دەبن، (20%) زیاتری ئەمانە حاڵەتەکەیان دەبێتە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی.

ب. (8%) ی گەورەکان یاخود هەر لە(13) کەس یەکێکیان، لە کاتێکی ژیانیاندا توشی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) دەبن.

ج. لە (10) ئافرەت یەکێکیان لە کاتێک لە کاتەکانی ژیانیاندا توشی (PTSD) دەبن، ڕێژەی توشبوونی ئافرەتان لەو وڵاتە بە (PTSD) دوو هێندەی پیاوان(**حسن، 2012: 138_137**).

توێژینەوەکان دەریان خستووە کە ڕێژەی توشبوون بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) لە هەندێک گروپی تایبەتدا بەم شێوەیەیی خوارەوەیە :

1. یەک لە (5) کەسی ئاگر کوژێنەوە.
2. یەک لە (3) گەنجی ڕزگار بوو لە ڕوداوی توندی ئۆتۆمبیل.
3. یەک لە (2) ئافرەت دەستدرێژی سێکسیان کرابێتە سەر.
4. (2) لە (3) دیلکراوانی جەنگ(**Zhang & Others, 2014 : 102**).

حاڵەتی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) خراپتر دەبێت ئەگەر ڕوداوەکە

أ.کوتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوبێت

ب. بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت

ج. کەوتنە ناو ڕوداوەکە وەکو گەمارۆیەک بێت و نەتوانیت لێی دەربازبیت

د. دەستکردی مرۆڤ بێت، هەڕەشەبێت لەسەر ژیان و تەندروستی مرۆڤ

هـ. قوربانی زۆری لێکەوێتەوە و لە نێوانیاندا منداڵانیشی تێدابێت

و. ببێتە هۆی شێواوی جەستە وکەمئەندام بوون وەک لەدەستدانی دەست، قاچ، چاو(**حسن، 2012: 137**).

نیشانەکانی ئەم حاڵەتە چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک پاش ڕوداوەکە دەردەکەون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە 6 مانگی پاش ڕوداوەکەدا دەردەکەون.

## نیشانەکانی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD)

### 1. دووبارە بوونەوەی وێنەی ڕوداوەکە :

أ. گەڕانەوەی بەردەوامی ڕوداوەکە لە شێوەی شاڵاودا بۆ سەر بیر و خەیاڵ کە دەبێتە هۆی گرژی وغەمباری، ئەمەش وێنە و فکرەکانی پەیوەندیدار بە ڕوداوەکە دەگرێتەوە.

ب. خەونی ناخۆش و دووبارە سەبارەت بە ڕوداوەکە.

ج. هەستکردن بەدووبارەبوونەوەی ڕووداوەکە.

د. کاردانەوەی دەروونی یان جەستەیی توند، لە کاتی ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو بابەت وهێمایانەی ڕووداوەکەی بیر دێنێتەوە.

هـ. زیادبوونی هەندێک چالاکی فیسیۆلۆجی وەک : زیادبوونی لێدانی دڵ و هەناسەدان، عارەق کردنەوە، زەرد هەڵگەڕان لەکاتی ڕوبەڕوبوونەوەی هێما دەرەکی یان ناوەکییەکان( APA, 2013 : 310).

**2. خۆلادان : سێ یان زیاتر لەم هێمایانەی خوارەوەی لەسەر دەرکەوێت:**

أ. خۆلادان لەو هەست و بیروباوەڕانەی پەیوەندیدارن بە ڕوداوە زەبراویەکە.

ب. هەوڵدان بەمەبەستی خۆلادان لەو چالاکی و شوێن و کەسانەی زەبرە دەروونییەکەی بیردێننەوە.

ج. نەبوونی توانای بیرکەوتنەوەی لایەنە گرنگەکانی ئەو زەبرە دەروونییە.

د. کەمبوونەوەی ئارەزوی بەشداری کردنی کار و چالاکییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو. هـ. هەستکردن بە نامۆیی و دابڕان لە خەڵکی.

و. هەستکردن بە تەنگبوونی دوارۆژ بۆ نموونە (وا پێشبینی دەکات ناتوانێت خوێندن تەواو بکات، ژن بهێنێت، لە داهاتودا ژیانی ئاسایی بێت)(Reyes & Others, 2008: 70_71).

**3. وروژانی بەردەوام** : ئەم وروژانە هەمیشەییە پێش زەبرە دەروونییەکە نەبووە، پێویستە دووان یان زیاتر لەمانەی خوارەوەی هەبێت :

أ. بێخەوی (گرفتی خەولێکەوتن یان بەردەوامبوون لە خەوتن)

ب. هەڵچوون بەئاسانی، نەوبەی توڕەبوون.

ج. گرفتی تەرکیزکردن.

د. زیادەڕۆیی لە ئاگابوون.

هـ. ڕاچڵەکین.

**4.نیشانەکانی تر :**

**خۆلادان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان** و ئەو چالاکییانەی تەرکیزکردنی پێویستە. ئەم حاڵەتەی باسکرا دەبێتە هۆی پەکخستنی چالاکی کۆمەڵایەتی و پیشەیی.

ئازاری ماسولکەکان، ئازار بەگشتی، سکچوون، تێکچوونی لێدانی دڵ، سەرئێشە، هەستکردن بە ترس وتۆقین، خەمۆکی، خواردنەوەی بڕێکی زۆر ئەلکهول،بەکارهێنانی دەرمان بەتایبەت دەرمانە ئازار شکێنەکان.

مەرج نییە هەموو کەسێک دوای ڕوداوێکی ناخۆش توشی (PTSD) ببێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی خەڵکی لە مانگی یەکەمی دوای ڕوداوەکەدا نیشانەیان لەسەر دەردەکەوێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە مرۆڤ بەردەوام بێت و تێبگات لەوەی بەسەری هاتووە . ئەم حاڵەتەش کاردانەوەیەکی توندە بۆ ئەو تەنگژەیەی بەسەری هاتووە، بەتێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک زۆربەی خەڵکی هێواش هێواش نیشانەکانیان نامێنێت.

**کەی دەتوانیت بە کەسێک بڵێیت توشی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) بووە؟**

بەلایەنی کەمەوە نیشانەکان بۆ ماوەی یەک مانگ بەردەوام بن ئەو کاتە پێی دەوترێت (PTSD)، حاڵەتەکە بەتەواوی کاریگەری کردبێتە سەر توانای کارکردن وچالاکییە کۆمەڵایەتییەکان یان هەندێک لایەنی گرنگی تر(Benjamin & Others, 2015: 440).

تەنگژەی پاش زەبری دەروونی هەندێکجار هاوشانە لەگەڵ هەندێک کۆنیشانەی دیکەدا بوونی دوو نەخۆشی درێژخایەن لەیەککاتدا(Commorbidity) وەک خەمۆکی ودڵەڕاوکێ وپەشێویە دەروون جەستەییەکان وڕاڕایی بەهێز وبەکارهێنانی کحول ومادەی هۆشبەر(**یعقوب، 1999 : 56**).

## دووەم: خەمۆکی Depression

لەدوای گرفت ونەخۆشی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی خەمۆکیش یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کەبەهۆی زەبرەوە دەردەکەوێت، واتە شوێنەوارێکە لەشوێنەوارەکانی زەبری دەروونی وئەشکەنجەش وەک یەکێک لەو ڕووداوە زەبر دروستکەرانەی هۆکارە بۆ تووش بوونی قوربانیان بەخەمۆکی.

یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان دەتوانرێت وەسف بکرێت بە بارێکی هەست کردن بە غەمباری، دڵتەنگی، بەدبەختی و بێچارەیی و هەست کردن بە فەرامۆشکراوی و بێ هیوایی. زوربەمان هەست بەم حاڵەتە دەکەین لە ساتێک یان ساتێکی تر لە ژیانماندا بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم ودرێژە ناکێشێت. خەمۆکی توند و ڕاستەقینە بریتیە لە کێشەی مەزاجی مرۆڤ کە تێیدا هەست دەکات بە غەمباری ، وون بوون تورەیی وبێ هیوایی لە هەموو ڕۆژێکی ژیاندا و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن(**Depression, online**) یان خەمۆکی حاڵەت وبارێکی دەروونی هەڵچوونیە ومرۆڤ تووشی دەبێت، خەمۆکی وەک دیاردەیەکی دەروونییە وبەشێوەیەکی ڕێژەیی لای هەموو کەسێک هەیە بەمەرجێک کە نەبێتە بەشێک لەکەسێتی وژیانی نەشێوێنێت، ئەگەر کاری کردە سەر پرۆسە ئاساییەکانی هەرتاکێک ئەوە پێویستە بەزوویی داوای هاوکاری بکات وچارەسەری دەروونی وەربگرێت(**قەرەچەتانی، 2010: 26**).

خەمۆکی یەکێکە لەو نەخۆشییانەی کە لەژێر ناوی پەشێوییەکانی مەزاج دادەنریت، تێیدا تاک دۆخی ئاسایی خۆی لەدەستدەدات لەهەریەک لەبارەکانی بیرکردنەوە وڕەفتار وچالاکیەکانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەگەر بەهۆی فشاری بەردەوامی ڕۆژانەوە بێت یان گۆڕانکاری جەستەیی وکیمیای مێشکەوە بێت، یان بەهۆی زەبرێکی دەروونیەوە بێت، کاتێک مرۆڤ توشی دەبێت چالاکیەکانی کەم دەکات و توانای خۆگونجاندنی وەک جاران نامێنێت وبیرکردنەوەکانی بەشێوەیەکی گشتی نەرێنی دەبێت سەبارەت بەخودی خۆیی وسەبارەت بەژیان وجیهان(**الخالدي، 2015: 210-211**).

### نیشانەکانی خەمۆکی:

خەمۆکیش وەک هەموو نەخۆشیە دەروونیەکانی تر کۆمەڵێک نیشانەی تایبەت بەخۆی هەیە وکەسەکەی پێدەناسرێتەوە وجیای دەکاتەوە لە نەخۆشیەکانی تر، گرنگترین نیشانەکانیش ئەمانەن:

**أ.** بوونی(5) نیشانە، یان زیاتر بەبەردەوامی بۆ ماوەی (دوو هەفتە) کە گۆڕانکاری لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ڕووبدات، بەلایەنی کەمەوە دەبێت یەکێک لە نیشانەکانی (1) دابەزینی مەزاج، یان (2) گرنگی نەدان وچێژوەرگرتن هەبێت.

1- دابەزینی ئاستی مەزاجی لەزۆربەی ڕۆژەکاندا، وەکو هەستکردن بەدڵتەنگی وبێهیوایی وبێ ئومێدی، کە خەڵک وچواردەوری بەئاسانی هەستی پێدەکەن.

2- دابەزینی ئاستی گرنگیدان بەخود وچێژوەرگرتنی لەهەموو چالاکیەکانی زۆربەی کات، کەدەکرێت لەڕێگەی دەربڕینی کەسەکەوە بێت یان خەڵکی هەستی پێبکەن.

3- ئارەزووی خواردنی کەمدەبێتەوە یان ئارەزووی نامێنێت، کێشی دادەبەزێت وهەندێکجار بەپێچەوانەوە ئارەزووی خواردنی زۆر دەبێت وکێشی زیاد دەکات.

4- بێخەوی، یان زۆربوونی خەوی (تێکچوونی خەو) زۆربەی کات.

5- ماندوویی ولەدەستدانی وزە زۆربەی کات.

6- تێکچوون لە جووڵە وچالاکی، گوێ پێنەدان زۆربەی ڕۆژ، تێبینی دەکرێت لەلایەن کەسانی ترەوە.

7- هەستکردن بەکەمی بەهای خود و هەستکردن بەتاوان و لۆمەکردنی خود بەشێوەیەکی نەشیاو.

8- کەمبوونەوەی توانای بیرکردنەوە وکۆبیری(ترکیز) ولاوازی هۆشپێدان.

9- بیرکردنەوەی بەردەوام لەمردن(واتە نەترسان لە مردن)، یان بیرکردنەوە لەمردن وهەوڵی خۆکوژی.

**ب.** ئەو نیشانانە هۆکاری ئاشکرای دابەزینی ڕۆڵ وئەرکە کۆمەڵایەتیەکان، یان ئەرکە پیشەییەکان، یان هەر ئەرکێکی تری گرنگ بێت.

**ت.** ئەم نیشانانە پەیوەست نین بەکاریگەرییە فیسیۆلۆجیەکانی مادەی هۆشبەرو بەکارهێنانی دەرمان یان بارودۆخی پزیشکی تر (**DSM-5, 2013: 133**).

## سێیەم: نەخۆشیە دەروونی_جەستەییەکان(Somatoform)

هەروەک لەم بەشەدا باسکرا لەبارەی شوێنەوارە جەستەییەکانی ئەشکەنجە جیاوازی هەیە لەنێوان ناڵاندنەکانی قوربانی وئەنجامە هەستپێکراوەکاندا(نیشانەکانی نەخۆشیەکە وتووشبوون بەنەخۆشیەکە). کە دەوترێت ڕزگاربووی ئەشکەنجە نەخۆشی لەباری دەروونیەوە دەگۆڕن بۆ باری جەستەیی، یاخود بابەتەکە پەیوەندیدارە بەنیشانە دەروونیە جەستەییەکان، پێناسەی سەرەکی بۆ نەخۆشیە دەروونیە جەستەییەکان بریتیەلە(ئەو نەخۆشیانەن کەدەکرێت لەڕێیەوە تێکچوونێکی جەستەیی دەربخەن لەکاتێکدا کە هۆکارەکەی دەروونیە، وزیاتر دروستدەبن لەئەنجامی کەوتنەژێر فشارێکی بەهێزی دەروونیەوە بۆماوەیەکی زۆر) وە پێناسەی تر هەیە بۆئەم نەخۆشیانە باس لەوەدەکات(هەستکردنی نەخۆش بە فشارێکی دەروونی بەهێزی چارەسەرنەکراو بەو پێیەی کەبەنەخۆشی جەستەیی لەقەڵەمی دەدات) پێناسەیەکی دیکەی زۆر واقیعی باس لەوە دەکات کەئەم نەخۆشیانە دەچنە ئەو بابەتەوە کەپێی دەوترێت(هەرنەخۆشیەکە کەلەنهێنیەکەی تێنەگەین) (**Benjamin & Others, 2009: 468**) بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە زۆربەی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دووچاری نەخۆشی

جەستەیی_دەروونی دەبن، چونکە بۆماوەیەکی زۆر ماونەتەوە لەژێر فشاری دەروونی بەهێزدا، کە فشاریش هۆکارێکە لەهۆکارە گرنگەکانی نەخۆشیە دەروونی_جەستەییەکان.

ئەوەی کەجێی سەرنجە ژمارەیەکی زۆر لەکۆنیشانە دیاریکراوەکان وهەمان نیشانە دەروونی ودەمارییەکانیان هەیە کە دووچاری ڕزگاربووانی ئەشکەنجە بووە وەکو(دڵەڕاوکێ، لاوازی یادەوەری وکەمی توانای تەرکیز، سەرئێشە، شەکەتی وکێشەی پەیوەست بەفێربوون) کەئەمەش هەمان ئەو نیشانانەیە کە کۆنیشانەی قەرەباڵغی(متلازمة المحتشدات) وکۆنیشانەی سەربازی دەریایی(متلازمة جنود البحرية) وهەروەها کۆنیشانەی ڕزگاربوو(متلازمة الناجي)، ئەو کەسانەش بۆماوەیەکی زۆر لەژێر ئەشکەنجەدا ژیاون، هەروەک ڕزگاربووانی ئەشکەنجە، هەمووشیان دووخاڵی هاوبەشیان هەیە کە ئەوانیش دووچاربوونیانە (بەدڵەڕاوکێیەکی بکوژ، هەروەها نەبوونی پەیوەندی بەخێزانەکانیانەوە) بۆیە هەوڵدراوە کۆنیشانەی تایبەت بەئەشکەنجە دەستنیشان بکرێت، بەڵام تائێستا دەستنیشان نەکراوە( Jacobsen, Nielsen, 1997 : 72 ).

بێگومان فشاری دەروونی هۆکاری گرنگی دروستبوونی ئەو دۆخەیە کەبە دەروونی_جەستەیی ناودەبرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هۆکاری ترهەبێت بۆ دروستبوونی ئەو دۆخانە، وەک برسێتی وخراپی خواردن ولاوازی بەرگری وداڕوخانی دەروونی وهۆکاری بۆماوەیی، لەو نەخۆشیە دەروونی_جەستەییانەی زۆر باون لای ڕزگاربووانی ئەشکەنجە: فشاری خوێن وگرژی قۆلۆن وئازاری سەر بەهۆی فشاری دەروونیەوە (**حسن، 2012: 133**).

لەکۆتایشدا زۆربەی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دەناڵێنن بەدەست ئازاری جەستەییەوە وناتوانرێت هۆکارە ئەندامیەکەی بدۆزرێتەوە کەبە دەروونی_جەستەیی ناودەبرێت، سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە هۆکاری باری دەروونی و جەستەیی وکۆمەڵێک نیشانەی دەروونی ودەماری کە لای ڕزگاربووانی ئەشکەنجە هەیە بگەڕێتەوە بۆ فشاری دەروونی بەردەوام، وە بۆ دڵنیا بوونەوەش تێبینی ئەوە کراوە کەلای خەڵکانی تریش فشاری دەروونی درێژخایەن دەبێتەهۆی ئەو نیشانانە.

## باسی سێیەم: ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە:

ئەشکەنجە بەشێوەیەکی گشتی وا سەیر دەکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بێت، بەڵام لەبنەڕەتدا بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی کەسی قوربانیە و دەسەڵات دەخوازێت کەسێکی بێ ئیرادە دەربچێت لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە، هەروەها کپکردنی دەنگی ناڕەزایی و تۆقاندنی ئەوکەسانەیە کە دژی دەسەڵاتن.

ئەشکەنجە بابەتێکە بەدرێژایی مێژوو هەبووە وبەردەوامە، بەڵام لەدوای کارەساتی هۆلۆکۆستەوە گرنگی بە ئەشکەنجە دەدرێت.

سەرەتای ئەم باسە بە چیرۆکی یەکێک لەو زیندانیانە دەستپێدەکات کە پڕاوپڕە لە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ودەرهاویشتە نەرێنیەکانی ئەشکەنجە، بەمجۆرە باس لەوەدەکات کە خێزانەکەی زۆر ناڕازییە لێی، ئەم زیندانیەش زۆر توندوتیژە لەماڵەوە، بەجۆرێک کەمترین

ساتیان هەیە بەبێ تورەبوون، بۆیە هاوسەرەکەی بڕیار دەدات لیی بپرسیت: "کەبۆچی لیّیان دەدات یان توندوتیژە لەگەڵ هاوسەر ومنداڵەکانی؟ لەکاتێکدا کە زیندانی نین! بۆ هەمیشە دەتەویت دانپیدانانی هەڵەت بدەینێ؟" زیندانیەکە دەڵێت: ئاخر جەلادەکەم زۆر توندبووە لەگەڵمدا، "قوربانی و بێدەسەڵات لە جەلادەوە فێر دەبن" **الذليل يتعلم من جلاده" (چاوپێکەوتن لەدەزگای ژیان، 2016)**

بەتەنها دووچاربوون بە ئەشکەنجە بەسە بۆئەوەی شوێنەواری دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر تەندروستی تاک و کۆمەڵگە جێبهێلێت، هەروەها ئەو بارودۆخەش وەها باس دەکرێت کە لەدەستدانی تەواوی کۆنترۆڵە بەجۆرێک کە دەستبەسەرداگیراو(زیندانی) دابڕاوە وملکەچی حەزو ئارەزووەکانی نوێنەرانی دەوڵەت ودەسەڵاتە( **Vesti & Marianne, 1995 :215)**. زۆربەی پیادەکردنی(ممارسات) ئەشکەنجە لە(10) ڕۆژی یەکەمی دەستگیرکردندا ڕوودەدات، لەکاتێکدا کە دەستگیرکراو لەدۆخێکی شلەژاو وپەرتەوازەیی دایە، خێزانەکەیی وکەسوکاری نازانن لەکوێ دەستبەسەرکراوە**(Amnesty International, 1984:11)**.

هەروەها یەکێک لە شوێنەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتیە مەترسیدارەکانی قوربانیانی ئەشکەنجە ئارەزوویانە بۆ دابڕان، بەلای ئەوانەوە کەرامەت و متمانەیان لەدەستداوە، بۆیە بەتەنها دەمێننەوە و پەیوەندیکردنیان بەکەسانی ترەوە بەکارێکی زۆر ئەستەم دەبینن، پێش ئەشکەنجەدان زۆربەیان کەسانی چالاک و کراوە بوون لەگەڵ خەڵکیدا، بەڵام ئێستا واهەستدەکەن کە کەسێتیان گۆڕدراوە، کە ناسنامەی گۆڕدراو بەیەکێک لەدیارترین خەسڵەتە ناسراوەکانی کاردانەوە دەروونی وکۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت. ڕزگاربوانی ئەشکەنجە ناتوانن کاردانەوە خودییەکانی خۆیان بناسنەوە کەئەمەش تۆقینیان لەلا دروست دەکات **(Somnier & Genefke, 1986 :325)**.

ئەشکەنجەدان دەرئەنجامێکی وێرانکەری دەبێت لەسەر جەستە ودەروون وباری کۆمەڵایەتی قوربانیان، هەروەها کاریگەری دەکاتە سەر کۆمەڵگا لەڕێگەی ترساندن و تۆقاندنەوە، کە ئەم ترس وتۆقاندنەش کاریگەری بەردەوامی دەبێت، چونکە ئەم ڕەهەندە جیاوازانەی تەندروستی پشت بەیەکتری نابەستن، بۆ نمونە ئەوەی ئەشکەنجە دەدرێت لە جەستەی دەدرێت کە ئێسقان وگۆشتە، بەڵام لەماوەی دواتردا کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لای کەسانی ئەشکەنجەدراو، بەشیوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت، بۆیە هەموو قوربانیەکیش بەشێوەی جۆراوجۆر وجیاواز لیی دەڕوانرێت، وەکو بیرکردنەوەیەکی بەردەوام بەڵام دوور لەدەسەڵاتی کەسی قوربانی بەشێوەیەکی خودکارانە(ئۆتۆماتیکی)، وە ڕەنگە هەندێکجار کەسەکە دابڕاو ودوورە پەرێز بێت لەکۆمەڵگا، وە خۆی چارەسەری خودی خۆی بکات(Self Medication) بەپەنابردنە بەر بەکارهێنانی کحول و مادەی هۆشبەر، لەئەنجامدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی خراپتر دەبێت.

ئەشکەنجەدراوان تووشی فشار دەبن لەڕووی یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە بۆیە پەنادەبەنە بەر وڵاتانی تر وە لەوجێگە ڕەسەنەی خۆیان بەناچاری کۆچ دەکەن(**Keller & Gold, 2009: 2583**). ڕەنگە ماوەی چاوەڕێکردن بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لەهەندێک وڵاتدا چەند ساڵێک بخایەنێت، کەئەم چاوەڕوانیەش ماندووکەرە بۆ قوربانیانی ئەشکەنجە و دەترسن لەوەی بگێڕدرێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە تێیدا ئەزموونی زۆری زەبرئامێزیان بینیووە، سەرەڕای ئەوەش بۆ داواکردنی مافی پەنابەرێتی لای قوربانیان، پێویستی بەوە هەیە کە بیسەلمێنێت کە ئەشکەنجەدراوە، قوربانیەکانیش دووچاری هەستیاری بوون بەرامبەر باسکردنی ئەو ئەشکەنجانەی کەدووچاری بوون، بەهۆی ترسیان لەوەی کە باسکردنی ڕەنگە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خزمەکانیان یان ئەو کەسانەی کە لە وڵاتەکەیدا ماونەتەوە و لەژێر سایەی هەمان دەسەڵاتدان کە ئەمیان ئەشکەنجەداوە ( **Jacobsen, Nielsen, 1997: 57**).

ئەمەش وا دەکات بەشێوەیەکی بەرچاو دوورەپەرێز بن لە کۆمەڵگاکەیان بەگشتی و خێزانەکانیان بەتایبەتی، هەروەها ئەشکەنجە هۆکارە بۆ کشانەوەی کۆمەڵایەتی و لاوازبوونی هەستی ئینتمابوون و لەدەستدانی متمانە لەهەموو جیهاندا.
توێژینەوەکان جەخت ئەکەنەوە لەسەر نالۆجیکی مامەڵەی قوربانیانی ئەشکەنجە دوای ئازادبوونیان لەزیندان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان وهەوڵدەدەن دەسەڵاتی خۆیان لەم بوارەدا بسەپێنن لەئەنجامی ئەوەشدا بەشێوەیەکی دەسەڵاتدارانە هەڵسوکەوت دەکەن( **Somnier & Others, 2007: 65**). هەروەها (أياد السراج) لەتوێژینەوەیەکدا کە لەسەر زیندانیانی سیاسی ئازادکراوئەنجامیداوە لە غەزە، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەشکەنجە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری هەیە لەسەر توانای تاک لە خۆگونجاندن و مامەڵەکردن بەشێوەیەکی سروشتی، (40%)ی ئازادکراوان ئاستەنگیان هەیە لە خۆگونجاندنەوە لەگەڵ ژیانی خێزانی و نزیکەی (45%)یان ئاستەنگیان هەیە لەتێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی(الاندماج الاجتماعي)(**السراج، 1993 :53_55**).
ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەشکەنجە چۆن قوربانییەکە تێکدەشکێنێت و ئازاریدەدات، ئەو کاتە ڕوون دەبێتەوە کە تەنها ئەو قوربانییە خۆی نییە بەڵکە کەسانی نزیکیشی پریشکی ئەو ئازارەیان بەرکەوتووە. بۆ نموونە خێزانێک کە منداڵی بچوکیان هەبووە وکۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و لەوێ گەورە بوون، بەڵام مێژووی ئەشکەنجەدانی دایک وباوکیان کاریگەریی لەسەر ئەمانیش داناوە(**کلیفبێک online**). ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دووچاری لەدەستدانی گەورە دەبنەوە لەزۆربەی کاتەکاندا کە هەستی بۆشاییەکی گەورەیان لەلا دروست دەکات، لەوانەیە هاوسەر یان منداڵ یاخود ئەندامی تری خێزانەکەیان لەدەستدابێت، یاخود ناچارکرابێتن بە بەجێهێشتنی وڵات وکارومولک وماڵیان، بۆیە شتێکی سەیرو نامۆ نییە ئەگەر خەمباری وخەمۆکیەکی زۆریان هەبێت، زۆربەی کات خەمۆکیش پەیوەستە بە ئەو جۆرانەی

لەدەستدانەوە، کەتەنانەت ئازارەکەی بەسەر ئازاری خودی ئەشکەنجەشدا زاڵدەبێت( Ramsay & Others, 1993: 56).

چەندین مانگ و ساڵ تێپەڕدەبیت بەسەر ئەشکەنجەداندا، هێشتا نیشانە و کاردانەوەی دەروونی وکۆمەڵایەتی ماوە لای قوربانیانی ئەشکەنجە، چونکە ئەم نیشانانە خەفە دەبن، وە ئەو ڕزگاربووانەی ئەشکەنجە، دەخوازن لە وڵاتەکەیان ڕابکەن، وزەیەکی زۆر بەکاردەهێنن دوای ئازادبوونیان لەزیندان بۆئەوەی خۆیان بۆ ڕاکردن ئامادەبکەن، هەروەها ئاستەنگیەکانی دەسەڵاتداران بەهەڕەشە دادەنێن لەسەر ژیانیان، هەروەک دووبارە زیندانیکردنەوەش هەڕەشەیەکی ترە، بۆیە پێویستە ئامادەسازی بکەن و تاکەکانی خیزانەکەیان کۆبکەنەوە و پارەی پێویست پاشەکەوت بکەن کە پێویستیانە بۆڕاکردن لەوڵاتەکەیان، وە ڕاکردن مەترسی و کێشەی زۆری لەگەڵدایە و هەمووان ناتوانن بگەنە ئەو وڵاتەی مۆڵەتی مانەوەیان بدات، ئەمە وادەکات تاماوەیەکی زۆر کاردانەوە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان لای قوربانیان دەرنەکەون تا ئەو کاتەی مافی پەنابەریان پیدەدرێت و جۆرێک لە جێگیریان بۆ فەراهەم دەبێت ( Jacobsen, Nielsen, 1997: 56).

لایەنی پەیوەندیدار و دەوڵەت بڕیاردەدات کە ئایا ئەوکەسە مافی پەنابەرێتی وەربگرێت یان نــا، قوربانیش ناتوانێت هیچ لە بارودۆخەکە بگۆڕێت، بۆیە هەمان ئەو هەستانەی دەبێت کە لەکاتی ئەشکەنجەداندا هەیبووە، کە ئەویش بێتواناییە، وە ئەگەر قوربانی ژن و منداڵەکانی لەگەڵدا بێت ئەوا لەهەمانکاتدا هەست بە تاوانباری دەکات لەئاستیاندا، چونکە خۆی بەبەرپرس دەبینێت لەوەی کە بەسەریاندا هاتووە، کەئەمەش باری دەروونی قوربانی خراپتر دەکات، بۆیە لەم بارەدا پێویستە ئەوکەسانەی کار لەگەڵ قوربانی ئەشکەنجەدا دەکەن زۆر ئاگادار بن لەوەی بارودۆخی دەروونیان لەم قۆناغە ماندووکەرەی ژیانیاندا بەرەو خراپتر دەڕوات و مەترسی خۆکوشتن لەئارادا دەبێت ( Jacobsen, Nielsen, 1997: 57).

ئەمە لەکاتێکدا ئەو هەموو مەترسیە لەلای قوربانیانی ئەشکەنجەدراوی نیشتەجێی وڵاتی خۆیان زۆر لەوە زیاترە و هیچ شوێنێک نییە بۆ دالدەدانیان و پاراستنیان لەو دەسەڵاتەی ئەشکەنجەی داون، کەواتە مەترسی خەفەکردنی ئازارو ناڕەحەتیەکانیان و پیشخواردنەوە و بێدەسەڵاتی لەهەمبەر دەسەڵاتێکی توندوتیژ و بێتواناییان لەئاستێکی زۆر بەرزتردایە و ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجە زیاتر بەشیوەیەکی نەرێنی ڕەنگدەداتەوە لەسەر ژیانیان.

## یەکەم: چەند بابەتێک وەک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە

### أ. لەکەی کۆمەڵایەتی:

ئەشکەنجەدراوان ڕەنگە ببنە قوربانی هەندێک ناو وناتۆرەی وەک خیانەتکار، دژە نەتەوە، سیخوڕ، یان هەرناوێکی تری ناشایستە، ئەم ناو وناتۆرەیە لەوانەیە کاریگەری نەرێنی خێراو درێژخایەنیان هەبێت لەسەر قوربانی ئەشکەنجە و ئەندامانی خێزانەکەی وخزمەکانیشی،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی کەتێیدا دەژی دەناڵێنن بەدەست هەمان لەکەی کۆمەڵایەتیەوە.

### ب. دانەمەزراندن(بێکاری):

قوربانی لەوانەیە لەکارەکەی دەربکرێت، یاخود هیچ کارێکی دەستنەکەوێت سەرەڕای ئەوەی کە کارمەندێکی چالاکیش بێت، ئەندامانی خێزانەکەیی وخزمەکانیشی ڕەنگە دووچاری هەمان بارودۆخ ببنەوە، دامەزراوە حکومیەکان لەوانەیە داواکاری کاری قوربانیان ڕەتبکەنەوە ئەگەرتۆمارێکی نهێنی(دۆسیە) لای پۆلیس هەبێت تەنانەت دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتیش نایانەوێت قوربانیەکی ئەشکەنجە دابمەزرێنن لەترسی تۆڵەکردنەوەی قوربانی.

### ج. دەستبەسەراگرتنی موڵک وماڵ:

لەزۆربەی سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا دەسەڵات دەست بەسەر موڵک وماڵی قوربانیانی ئەشکەنجەدا دەگرن بەبیانووی ئەوەی چالاکی دژ بەنەتەوەیان ئەنجامداوە.

### د. کەمبوونەوەی چالاکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە:

قوربانیانی ئەشکەنجە وئەندامانی خێزانەکانیان لەوانەیە ڕووبەڕووی زۆر بارودۆخی نەرێنی ببنەوە لەژیانی ڕۆژانەیاندا، ڕەنگە دووچاری ڕەتکردنەوە ورەخنەلێگرتن بین لەلایەن کۆمەڵگاکەیانەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕەخنەلێگرتنە کاریگەری لەسەرجەم بوارەکانی ژیانیان جێدەهێڵێت بەهۆی ئەو بارودۆخانەوە(Dolan, 2011:14_16).

هەربۆیە تەنها لەکەی سەرجەستە وئازاری سەرجەستە وکەمئەندامبوون وشێواوی جەستە نین کە بەبەردەوامی ئەشکەنجە بیری قوربانی دەخاتەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانیش بەردەوام ڕووداوەکانی ئەشکەنجە دەخەنەوە بیری قوربانی، هەرئەمەش دەبێتە ئەڵقەیەکی بەتاڵ کەتیایدا ئەشکەنجە بەردەوامی دەبێت وقوربانیش بۆ ماوەیەکی درێژ دەناڵێنێت دوای دووچاربوونی بەئەشکەنجە.

دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکان لای هەردوو ڕەگەز جیاوازی هەیە، لەکۆمەڵگەی ئەرثەدۆسکیدا کەپاکیزەیی کچ بەهای خۆی هەیە، ئەو ئافرەتەی دەستگیربکرێت تەنانەت ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت لەبەشی ڕاگرتن بمێنێتەوە وا لێی دەڕوانن کە دەستدرێژی سێکسی کرابێتە سەر و لەئەنجامیشدا لەلایەن هاوسەرەکەیی و دایک وباوک وسەرجەم کۆمەڵگاکەیەوە ڕەت دەکرێتەوە، ئەم بارودۆخەش پاڵی بەزۆربەیانەوە ناوە کە خۆیان بکوژن( Shrestha, Sharma, 1995 : 21).

ڕەنگە بۆهەموو کۆمەڵگایەکی داخراوی هاوشێوەی کۆمەڵگەی کوردی کە پابەندیان زۆرە بەکلتورەوە هەمان ڕەنگدانەوە ودەرئەنجامی هەبێت، وتەنانەت لەهەندێک شوێنی کوردستان بەدیارنەمانی کچ بۆ چەند کاتژمێرێک لەڕۆژیشدا بەهەمان چاو لێی دەڕوانرێت، یان ڕەنگە پێچەوانەکەی بێت وەک ئەو فەتوا گرنگەی لەلایەن میری یەزیدیەکانەوە درا سەبارەت بەوەی ئەو کچانەی دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر لەلایەن داعشەوە نەک لەکە و

شەرمەزاری دروست ناکات بۆخۆیان وبنەماڵەکەیان، بەڵکو ئەوان دەبنە سیمبوڵی شانازی و هەموو یەزیدیەک شانازیان پێوە دەکات، ئەم فەتوایە باری سەرشانی ئەو کچ وژنانەی سوکترکرد وزۆربەیان گەڕانەوە بۆ ناوخێزانەکانیان.

دەرئەنجامی ئەوەش ئەوەیە لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ قوربانی ئەشکەنجەدا دەکرێت، پێویستە هەرسێ رەهەندەکەی ئەشکەنجە لەبەرچاو بگرین کە ئەوانیش ڕەهەندی(جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتیە) هەر بۆیە چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە پێویستی بەڕێبازێکی هەمە پسپۆری هەیە.

## دووەم:ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دوور مەودا لەسەر خێزانی قوربانی و کۆمەڵگە:

دەرئەنجام ورەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی زۆر بەکەمی بەشێوەیەکی سیتماتیک توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، ئەمە زۆر گرنگە بۆ وڵاتە نیمچە پیشەسازییەکان وئەو وڵاتانەی میواندارن(Host Countries) کە مافی پەنابەری دەبەخشن بەژمارەیەکی زۆری قوربانی ئەشکەنجە، لەگەڵ ئەوەی ئەشکەنجە مەبەست لێی تێکشکاندنی متمانە بەخۆبوونی قوربانی وکەسێتی وتێکشکانی متمانەیەتی لەلای کەسانی دیکە(Genefke, 1994:73) هەروەها لەدەستدانی بەرەوپێشچوونە لەژیانی ئاسایدا بەهۆی ئەو کاتەوەی کە قوربانی لەدەستی دەدات لەمانەوەی لەزینداندا، یاخود چاوەڕوانکردنی لەدووبارە بوونەوەی بەهاوڵاتی ئاسایی، لەوانەیە دواکەوتن ڕووبدات لەخوێندن، هاوسەرگیری کردن یان کۆکردنەوەی سامان.

بۆیە زۆر گرنگە ئەشکەنجە تەنها وەک ڕووداوێکی زۆر گرنگی ژیان سەیر نەکرێت، بەڵکو هۆکاریشە بۆ دروستبوونی زۆر ڕوداوی تریش(Ramsay & Others, 1993 : 58).

ڕەنگە زۆر هۆکار هەبێت بەرپرس بن لەدەرئەنجامە کۆمەڵایەتی وئابووریەکانی ئەشکەنجە وڕووداوەکانی ژیان، لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان لەدەستدانی هەلی خوێندن لەئەنجامی مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەزینداندا وئاستەنگی لەدامەزران لەشوێنی کاردا دوای ڕزگاربوون لەزیندان ڕەنگە ببێتە هۆی بێتوانایی کۆمەڵایەتی وئابووری.

کاریگەری جەستەیی ودەروونی ئەشکەنجە، ڕەنگە ئەم بێتواناییە کۆمەڵایەتی وئابووریە چەندبارە بکەن، کەمئەندامی جەستەیی دەکرێت ڕووبدات بەهۆی برینداریەکی بەردەوامی جەستەوە، یاخود بەرکەوتنی سەر بەزەبر ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازکردنی ئیدراک(پەیبردن)(Skylv, 2007: 51).

کێشەو نەخۆشیە دەروونیەکان، لەنێویشیاندا تەنگژەی پاش زەبری دەروونی(PTSD) وخەمۆکی دەکرێت ببنە هۆی درووستبوونی بێتوانایی کۆمەڵایەتی ئاشکرا وکەمکردنەوەی دەستکەوتنی هەلی کارکردن، کاردانەوەی پڕ لەگرژی وتووڕەیی لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کەسییەکانی قوربانی، ئاستەنگیەکانی یادکردنەوە یان بیرکەوتنەوە وتەرکیزکردن لەوانەیە ببنەهۆی کەمکردنەوەی توانای فێربوون ولاوازکردنی جێبەجێکردن (performance) لەکاردا، نیشانەکانی زوو هەڵچوون وگرژی ڕەنگە ببنەهۆی دروستکردنی کێشەی یاسایی(Jarsons et. al, 2001: 269).

لەساڵی Silove. D 1999 پێشنیاری چوارچێوەیەکی دەروونی تەواوکەریی کرد، بریتیە لە ئەشکەنجە تەحەدای پێنج سیستمی خۆگونجاندنی سەرەکی دەکات (سەلامەتی، پەیوەستبوون، دادپەروەری، ڕۆڵی شوناس، مـانـای بـوون)(Cumulative Trauma Disorder [Silove,]).

یەکێکی تر لەکێشە دەروونیە بڵاوەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر خەرجی وئابووری تاک کە بەهۆی ئەشکەنجەوە دروست دەبێت، بریتیە لەسەرهەڵدانی نیشانەکانی نەخۆشی دەروون_جەستەیی (Somatization) وسەرقاڵبوون بەناڵاندنە جەستەییەکانەوە، ئەو قوربانیانەی ئەشکەنجە بەرەو ئاراستەی نەخۆشیە دەروون_جەستەییەکان دەڕۆن، زۆربەی جار بەدوای پشکنینی پزیشکی وچارەسەری گراندا دەگەڕێن، کە هەموو کات پێویست نین و تەنها لەسەر خواستی خۆیان بۆیان ئەنجام دەدرێت(Quiroga & Jaranson, 2005: 28). ئەم نەخۆشیانە وا لە تاک دەکەن، کە بەبەردەوامی سەردانی کلینیک ونەخۆشخانەکان بکەن وچەندین جار پزیشکەکانیان بگۆڕن وباوەڕیان بە پزیشکەکان کەمدەبێتەوە وهەندێکجار ڕوودەکەنە وڵاتانی تر بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر، هەورەها تێگەیشتنیان وایە کەنەخۆشیەکی جەستەییان هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا نەخۆشیەکە دەروونیە وناڵاندنەکانیان بەشێوەی جەستەیی دەردەکەوێت.

پشتگوێ خستنی بیرخەرەوەکانی زەبری دەروونی لە (PTSD)دا، پێویستی بەسەرنج لێدانی تایبەتە بۆ تێگەیشتن لەهۆکارەکانی بێتوانایی جەستەیی وکۆمەڵایەتی لای قوربانیانی ئەشکەنجە، توێژینەوەی پەشێوی دڵەڕاوکێ و تەنگژەی پاش زەبری دەروونی ئەوە دەردەخات کە خۆ بەدوورگرتن(خۆدزینەوە) لەبارودۆخە ترسێنەرەکان یەکێکن لەهۆکارە سەرەتاییەکانی کەم توانایی لەکار وکۆمەڵ وئەرکە خێزانیەکان (Basoglu, 2007: 405). هەر لەهەمان توێژینەوەدا کەچاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەیسێکدا کراوە ئاماژە بەوەدەدەن، کە دەستێوەردان(تدخل) لەلایەن خەڵکیەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕەفتاری خۆلادان (Avoidance Behavior) دەبێتە هۆی زیاترکردنی کەم توانایی کۆمەڵایەتی.

**ڕەفتاری خۆلادان بریتیە لەوەی کە زیندانیەکە خۆی بەدوور دەگرێت لەوبابەتانەی کە پەیوەندییان بەئەشکەنجەوە هەیە جا بەرنامەی تەلەفزیۆنی بێت یان گێرانەوەی بەسەرهاتی کاتی زیندانی کردنی بێت، یان زۆربەی جار ئەو شوێنەی ئەشکەنجەکەی تیادا بینیوە، دوور دەکەوێتەوە، خزم وکەسوکاری ناتوانن درک بەوە بکەن کەهۆکارەکە ئەشکەنجەدانی بووە، بۆیە هەندێکجار بە بێدەسەڵات وترسنۆک ولاواز ناوی دەبەن، بۆئەوەی دوور بکەوێتەوە لەو جۆرە ناو وناتۆرانە ڕەفتاری دورەپەرێزی هەڵدەبژێرێت خۆی بەکەم توانا ولاواز دێتە پێش چاو.**

خێزان بەشێوەیەکی بەهێز تێوە دەگلێت و لەوانەیە پێویستی بەهاوکاریکردن هەبێت لەبابەتی زەبری ناڕاستەوخۆدا(Indirect Trauma)وچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیدا، سەبارەت بەم بابەتە سەرەکیانە: دابڕان لەخێزان، لەدەستدانی باری ئابووری وکۆمەڵایەتی وئەرکەکی ودابڕان لەتۆڕەکۆمەڵایەتیە پشتگیریکەرەکان وپێویستیە جەستەییەکان ودڵنیانەبوون لەداهاتوو( Witterholt & Jaranson, 1998: 251).

کێشەی نیشتەجێبوون لە وڵاتێکی نوێ وقبوڵکردنی کلتورێکی جیاواز، هەروەها ماڵ دروستکردنەوە وکێشەی دارایی لەناو ئەو کێشانەدان کە ڕووبەڕووی پەنابەرانی ڕزگاربووی ئەشکەنجە دەبنەوە، بوونی دڵەڕاوکێ زۆرتر هۆکاربووە بۆ دروستبوونی (PTSD) وتازەبوونەوەی زەبرەکە لای قوربانی(Basoglu, 1994:78). لەلایەکی ترەوە ئەو قوربانیانەش کە ڕوویان لە وڵاتانی دیکە کردووە، داواکردنی مافی پەنابەرێتی و نیشتەجێبوون لە وڵاتێکی نوێدا چەند ڕووداوێکی دیکەن، کە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی وئابووریەکانی زیندانی سیاسی یاخود قوربانی ئەشکەنجە قورستر دەکەن، لەساڵی (2004)لە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە دراوە کە (60%)ی ئەوانەی داوای مافی پەنابەرێتیان کردوە لەنەتەوە یەکگرتووەکان قوربانی ئەشکەنجەن(UN Report, 2004). ڕاهاتن بەوڵاتێکی نوێ وناڕوونی بارودۆخی یاسایی بەهەمان شێوە دەبنە هۆی زیادکردنی فشارە دەروونی وکۆمەڵایەتیەکان، سەرەڕای ئەوانەش وا دەردەکەوێت کە ئەو کۆچکردنە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی لایەنگیریکردنی دژە پەنابەر وزیادبوونی ڕەگەز پەرستی لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە مافی پەنابەری و مۆڵەتی مانەوەیان پێدراوە لەو وڵاتانەی کە کۆچیان بۆ کردوە بەڵگەنامەی پێویستیان پێ نیە بۆ سەلماندنی ئەشکەنجە وشوێنەوارەکانی، ڕەنگە دووچاری مەترسی سنووورداشکردن ببنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان یاخود ئەو شوینەی لێی دەستگیرکراون(Chirs, 2011:11).

توێژینەوەکان ئاماژەیان بەکۆمەڵێک هۆکار کردوە کە دەبنە هۆی لەکارخستنی ئەرکی خێزان و خێزانی ڕزگاربووان، ڕەنگە دووچاری چەندین کێشەی تێکشکێنەری تر ببنەوە کە ببێتە هۆی زیادکردنی دڵەڕاوکێکەیان وەک بێکاری، هەژاری، چەندین لەکە وناوناتۆرەی جۆراوجۆر وەک ناوبردنیان بەتیرۆرست لەئەنجامی بەشداربوونی چالاکی سیاسی دژی دەسەڵات، یان ناوبردنیان بەترسنۆک، گوایە دانپێدانانیان هەبووە لەزیندان وچەندین کەس زیندانی کراون بەو هۆیەوە(Peel, Michael, 2004: 120).

کاریگەرییە ڕاستەوخۆکان لەسەر خێزانی قوربانیانی ئەشکەنجە زیادبوونی تووڕەیی وتوندوتیژی خێزانیش لەخۆ دەگرێت، لەزۆربەی کاتەکانیشدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی پەیوەندی سۆزداری وسێکسیەکان، لەکاتێکیشدا دیارنەمان ڕوودەدات لەوانەیە کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت لەسەرکەسوکاری قوربانی، بەوەی نازانن کە ئایا قوربانیەکەیان ماوە، لەژێر ئەشکەنجەدایە، یاخود بەزیندوویی و بەنهێنی هێڵراوەتەوە، ئەو خزم وکەسەی قوربانی ناتوانن کار لەسەر هەستەکانیان بکەن تائەو کاتەی ڕاستیەکەیان بۆ دەردەکەوێت( Ramsay & Others 1993 :59). هەروەها (Kardon) کە توێژەرێکە لەبواری زۆرداری و ئەشکەنجە وحوکمڕانیدا کاری کردووە پشتگیری هەمان بۆچوونی کردووە لەپێداچوونەوەیان بۆ زۆرداری

سیاسی و ڕزگاربوون لەئەشکەنجە لە ئەرجەنتین. ئەشکەنجە کاریگەرییەکی زۆر ئاشکرای لەسەر کۆمەڵگا هەیە لەسەر ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێکدا بێت، چالاکی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن لەکاردەخرێن وچالاکوانانی سیاسی باجێکی زۆر دەدەن، وەک بێزارکردن وبەزۆر دەستگیرکردن و ئەشکەنجە، وهەندێکجاریش کوشتن(Torture& Society , online)

## سێیەم: گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە:

چەندین هۆکار هەن کەدەبنە هۆی گۆڕین لەڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجەدا، ئەو هۆکارانەش لەچەند خاڵێکدا کورت دەکرێنەوە:-

1. ئامانج لەئەشکەنجە.
2. خەسڵەتی ئەشکەنجە.
3. خەسڵەتی قوربانی ئەشکەنجە.
4. خەسڵەتی ژینگە.
5. چارەسەرو ڕاهێنانەوە.

## 1. ئامانجی ئەشکەنجە:

چەندین مەبەست و ئامانج لەئەنجامدانی ئەشکەنجە هەیە، بەهێزی ئەشکەنجە پەیوەستە بەو مەبەستەی کەلەپشت ئەشکەنجەدانەوە هەیە، ئەگەر ئەشکەنجە تەنها بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بێت ئەو کاتە هێزی ئەشکەنجەدانەکە کەمترە وەک لەوەی مەبەست لێی تێکشکاندنی کەسێتی قوربانی بێت.

## 2. خەسڵەتی ئەشکەنجە:

لەژیاندا، ناکرێت جەستە لەدەروون دابپڕێنرێت، لەهەر شوێنێکدا ئەشکەنجەی جەستەیی کەسێک درا، بێگومان بەشێوەیەکی خۆنەویست ئەشکەنجەی دەروونیش دەدرێت وبەپێچەوانەشەوە، بۆیە شتێکی دروستکراوە کەدەوترێت ئەشکەنجەی جەستەیی تەنها(ڕووت)، یان ئەشکەنجەی دەروونی ڕووت(مجرد)، بەڵام لەپراکتیکدا دەوترێت ئەشکەنجەی جەستەیی، سێکسی، دەروونی، ئەگەر بەراورد بکرێت ئەشکەنجەی دەروونی زۆر کاریگەرتر ولەکارخەرترە لای قوربانی، وەک لەئەشکەنجەی جەستەیی، بەهەمان شێوەش ئەشکەنجەی سێکسی لای ئافرەتان زۆر تێکشکێنەرە لەچاو ئەشکەنجەی دەروونی(Heitmeyer & Hagan, 2003:196).

ئەو ئەشکەنجە جەستەییەی کەببێتە هۆی تێکچوونی ڕواڵەت(تشوە) یان کەم ئەندام بوونی هەمیشەیی ولەدەستدانی یەکێک لەپەلەکان زۆر کاریگەرترە لەو ئەشکەنجەیەی کە دەبێتە هۆی ئازارو فشارێکی کاتی، خەسڵەتی ئەشکەنجەش ئەم چەمکانە دەگرێتەوە:

أ. **ماوەی ئەشکەنجە:** ڕەنگدانەوەکان گەورەتر دەبن هەرچەندێک ماوەی ئەشکەنجەکە زیاتر بێت، وە بەپێچەوانەشەوە تا ماوەی ئەشکەنجەکە کەم بێت دەرئەنجام ورەنگدانەوە نەرێنیەکانیش کەمتر دەبنەوە.

ب. **هێزو توندی ئەشکەنجە:** ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هێزەکەیەوە، لەڕوانگەی کەسی قوربانیەوە.

ت. **شوێنی جەستەی قوربانی:** ئەگەر ئەو شوێنەی جەستەی قوربانی کە ئەشکەنجە دەدرێت هەستیار بێت، وەک ئەندامەکانی زاوزێ، ڕەنگدانەوەکانیش زۆر زیاتر دەبن لەسەر قوربانی(Shrestha, Sharma, 1995 : 22).

## 3. خەسڵەتی قوربانی ئەشکەنجە:

هەموو تاکێک خاوەنی کۆمەڵێک خەسلەتی هەمەجۆرە و لەیەکێکەوە بۆیەکێکی تر گۆڕانکاری بەسەردادێت وەک:

**أ. تەمەن:** دەکرێت کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر منداڵ وبەتەمەن زیاتر بێت وەک لەسەر گەنج و پێگەیشتوان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لای منداڵ میکانیزمەکانی خۆگونجاندن پێنەگەیشتووە و لای بەتەمەن وپیریش توانای خۆگونجاندن کەمدەبێتەوە لەگەڵ بارودۆخی نەخوازراودا وکەمتر دەتوانن لەگەڵ ئەشکەنجەدا هەڵبکەن.

**ب. ڕەگەز:** ئافرەتان لەڕووی جەستەیی ودەروونی وکۆمەڵایەتیشەوە زۆر هەستیارترن وەک لەپیاوان، لەبەرئەوەش کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر ئافرەتان زیاتر دەبێت وەک لەپیاوان.

**ج. کەسێتی:** کاریگەری ئەشکەنجە بەشیوەیەکی گشتی کەمترە لەلای کەسانێک کە خاوەن کەسێتی بەهێزن واتە لەڕووی هەڵچوونی و ڕەفتاری و بیرکردنەوەوە دەتوانن خۆیان بگونجێنن، بەبەراورد بەکەسانێک کە ناجێگیرن لەڕووی کەسێتیەوە یان لاوازن.

**د. بەهێزی ویست وئیرادە:** ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامی ئەشکەنجە کەمتر دەردەکەوێت لای ئەوکەسانەی کە ویست و ئیرادەیان بەهێزترە بە بەراورد بەو کەسانەی ئیرادەیان لاوازە.

**هـ. ئەزموونی پێشتر:** ئەزموونی پێشتر هاوکاری قوربانی دەکات بۆئەوەی باشتر خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەشکەنجەدا، بەڵام لای هەندێک قوربانی لە ئەزموونی دووبارەدا بەتەواوی خۆبەدەستەوە دەدات وکاریگەری ئەشکەنجەش زیاتر دەردەکەوێت.

**و. پێشبینیکردن بۆ ئەشکەنجە:** لەکاتی کاری سیاسیدا ئەگەر کەسێک پێشبینی ئەشکەنجەدان بکات لەڕووی دەروونیەوە زیاتر ئامادە دەبێت بۆ ئەشکەنجە وئەمەش ئەگەری هەیە کاریگەری ئەشکەنجە لەسەری کەمبکاتەوە.

**ز. ئامادەسازی بۆئەشکەنجە:** خۆئامادەکردنی قوربانی لەڕووی جەستەیی ودەروونیەوە بۆ بارودۆخی پێشبینیکراوی ئەشکەنجە هاوکاری دەکات لەکەمکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ئەشکەنجە.

**ح. پاشخانی کۆمەڵایەتی:** دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە لای ئەوکەسانە زۆرتر دەردەکەوێت کە بەخۆشەویستیەوە گەورە کراون ولەهیچ کارێکی تاوان وتوندوتیژییەوە نەگلاون، بەراورد بەو کەسانەی کەزۆرجار لەکاری تاوانەوە گلاون ولەژینگەیەکی دوور لەدڵنیایی گەورەبوون ومێژووی خراپ مامەڵەکردنیان هەبووە لەمنداڵیدا، ئەمان کاریگەری ئەشکەنجە لەسەریان کەمتر دەبێت(Benjamin & Others, 2015: 444_445).

## 4. خەسڵەتی ژینگە:

مەبەست لە ژینگە، ژینگەی خێزان وژینگەی کۆمەڵایەتی وجوگرافی وئەو گروپەی کەسی قوربانی کاری بۆ کردووە و هەموویان بەشیوەیەکی ڕیژەیی کاریگەری لەسەر تاکی قوربانی جیدەهیڵێت.

### أ. ژینگەی خێزان:

ئەگەر ئەندامانی خێزان لە ناڵاندنەکانی قوربانی تێبگەن، سۆز وبەزەیی پێ ببەخشن، پشتگیری بکەن وهانی بدەن، ئەوا وەک مەرهەمێکی سارێژکەر وایە بۆ برینێکی تەڕ، بەپێچەوانەوە ئەگەر لۆمەی قوربانی ئەشکەنجە بکەن و پشتگیری نەکەن وهاوسۆزییان بۆی نەبێت ئەوا کاریگەرییەکانی ئەشکەنجە لەسەر قوربانیەکە دەبێتە دوو ئەوەندە.
خێزانێکی پاڵپشتیکەرو هاوسۆز هاوکار دەبێت لەکەمکردنەوەی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە لەم چەند ڕێگەیەی خوارەوە:_

1. قوربانی ئەشکەنجە دەتوانێت باس لە هەستی خۆی بکات لەڕێی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەشکەنجە بۆ کەسانێک کە جێی متمانەن وهاوسۆز وهاوکارین، ئەم بەشدارییپێکردنی ئەزموونە لەگەڵ کەسانی تردا دەکرێت کاریگەرییەکی خێرای هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ناڵاندنەکانی.
2. قوربانیانی ئەشکەنجە زیاتر وا بیردەکەنەوە کە خۆیان بەرپرسن لەئەشکەنجەدانیان وخۆیان سەرچاوەن بۆ هەڕەشە و مەترسی لەسەر خێزانەکانیان وهاوڕێ وخزمانیان، ئەم بیرکردنەوە نەرێنیە دەبێتە هۆی خەمۆکیەکی بەهێزیقۆناغی پاش ئەشکەنجە، لەگەل ئەوەشدا ئەگەر خێزان وکۆمەڵ پشتگیری بکەن، ئەوا ئەم بیرکردنەوە نەرێینە هەرزوو دەگۆڕێت وهەستی خۆتاوانبارکردنیان نامێنێت.

3. خێزان و کۆمەڵێکی پاڵپشتیکەر هاوکاری قوربانی دەکەن لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەیدا، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆگۆڕینی بیرۆکەکانی دەربارەی بێهیوابوون و بێ هاوکاری وبێ بەهایی، قوربانی متمانەی بەخودی خۆی بەدەستدەهێنیتەوە وبەشێوەیەکی ئەرێنی دەڕوانێتە ژیانی خۆی.

4. ژینگە لەخێزان وکۆمەڵێکی پشتگیریکەردا بەتەواوی پێچەوانەی بارودۆخی ئەشکەنجەیە، ژینگەی خێزان چاوەڕوانکراوە لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوان نەکراوبێت، پارێزگاری دابین دەکات لەبری ئەوەی پارێزەر نەبێت، دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت لەجیاتی ئەوەی کۆنترۆڵ نەکرێت، هاوسۆز وهاوڕێیانەیە لەبری ئەوەی بێبەزەیی ودوژمنکارانە بێت( Shrestha, Sharma, 1995: 24_25).

### ب. ژینگەی کۆمەڵایەتی:

ئەگەر کۆمەڵگا قوربانی ئەشکەنجە وەک تیرۆرستێک، یان تاوانبارێک بداتە قەڵەم وبەسەرچاوەی ترس و تۆقین دابنرێت، ئەو کاتە ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە لەسەر قوربانی زیاتر دەبێت، لەلایەکی ترەوە ئەگەر کۆمەڵگە قوربانی قبوڵ بکەن وەک کەسێکی بێتاوان کە

بەغیرەتەوە دژ بەزۆرداری وەستاوە، ئەوا دەرئەنجامەکانی ئەشکەنجە لەسەر قوربانی کەمتر دەبێت(Dolan, 2011:18).

**ج. ژینگەی وڵات:**

ئەگەر وڵات لەلایەن ڕژێمێکی دیکتاتۆرەوە بەڕێوە ببرێت، ئەوا قوربانی هەست بە دڵنیایی وسەلامەتی ناکات، وتەنانەت دوای ئازادبوونیشی لەزیندان هەمیشە وا هەستدەکات کەوا لە هەرکات و شوێنێکدا بێت بۆی هەیە دەستگیر بکرێتەوە.

**د. کاردانەوەی گروپ(کۆمەڵەکەی):**

ئەگەر ئەو کۆمەڵەی قوربانی کاری بۆ کردوون، هەست بکەن کە ئەم ئەندامەیان خیانەتی لێکردوون ودەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دروستبوونی کێشە، ڕەنگە بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ بکەن وتەنانەت ئەشکەنجەشی بدەن، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر دەرئەنجامەکانی ئەشکەنجە لەسەر قوربانی، بەڵام ئەگەر لەکۆمەڵەکەیدا پێشوازی لێکرا وەک کەسێک کە بەبەهێزی وەستاوە بۆ بەرژوەندی کۆمەڵەکەی، لەوکاتەدا ئەم بارودۆخە وایلێدەکات کە دژی دەرکەوتنی ڕەنگدانەوە نەرێنیەکانی ئەشکەنجە بوەستێتەوە، کە کارلەقوربانی دەکات( Walzer, 2004: 61_62).

## 5. چارەسەر ودووبارە ڕاهێنانەوە:

ناسینی قوربانی ئەشکەنجە وخێزانەکانیان، دەستنیشانکردنی چارەسەرو ڕاهێنانەوەیان هەرزوو دوای ئەشکەنجە هۆکارە لەکەمکردنەوەی دەرئەنجام ورەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە.

سەرجەم جۆرەکانی چارەسەر جەستەیی، دەروونی وکۆمەڵایەتی پێویستە لەیەککاتدا دەستپێبکات لەلایەن تیمێکی هاوبەشەوە، چەندیش زووتر پرۆسەی چارەسەر وراهێنانەوە دەستپێبکات پێشبینیەکان بۆ نەخۆشیەکان باشتر دەبێت، لەبەرئەوە دەرخستنی ئەشکەنجە، دەستنیشانکردنی قوربانی ئەشکەنجە وخێزانەکانیان بەزوویی خاڵی یەکلاکەرەوەن لەکەمکردنەوەی دەرئەنجامەکانی ئەشکەنجە(Shrestha, Sharma, 1995: 26).

گرفتی گەورەی قوربانیانی ئەشکەنجەی کوردستان لەوکاتانەدا ئەوە بووە کە نەیانتوانیوە بەزوویی داوای هاوکاری پزیشکی وچارەسەری دەروونی وکۆمەڵایەتی بکەن، لەبەرئەوەی لەلایەک متمانەیان پێنەکراوە و پزیشکان نەیانوێراوە قوربانیەکی ئەشکەنجە تیماربکەن و لەلایەکی ترەوە چارەسەری دەروونی وکۆمەڵایەتی کارێکی نوێیە سەبارەت بەکۆمەڵگەی کوردی.

**یەکێکی تر لەو ڕەنگدانەوە دوور مەودایانەی تر کە بەهۆی ئەشکەنجەوە ڕوودەدات بریتیە لە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر.**

## باسی چوارەم: کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر

### یەکەم: بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر:

زۆرجار ڕزگاربووانی ئەشکەنجە وجەنگ وکارەساتەکان پەنا دەبەنەبەر بەکارهێنانی کحول یان مادە هۆشبەرەکان بەتایەبت کاتێک کە خەمۆکی وماندوویی و دڵەڕاوکێیان زۆر دەبێت، قوربانیان وای دادەنێن لەسەرەتادا کە کحول یارمەتیان دەدات بۆ کەمکردنەوەی

ماندویی وخەمۆکی ودڵەڕاوکێکەیان، بەڵام کاریگەریەکە دوای ماوەیەک نامێنێت، ئەمەش وادەکات قوربانی بڕی کحول زیاتر بکات بۆ ئەوەی هەمان ئەنجامی سەرەتای دەستبکەوێت، لەئەنجامدا ئالودە دەبێت، بەمجۆرەش نیشانەکانی زیاتر دەبن وبارودۆخی قوربانیەکە خراپتر دەبێت وکێشەکانی ئالۆزتر دەبێت(**یعقوب، 1999 :60**).

تەنگژەی پاش زەبری دەروونی و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر زۆر بەربڵاون لای سەرباز وجەنگاوەران، بەڵام زۆر نین لای ئەو پەنابەرانەی قوربانی ئەشکەنجەن، لەناو پەنابەراندا خەڵکی ئاسیا کەمترین ڕێژەیان ئالودەی کحول دەبن، بەڵام لای خەڵکانی ناوەڕاستی ئەمریکا ولەڕەگەزی نێردا زیاتر دەردەکەوێت، دەرکەوتنی نیشانەکانی چەند نەخۆشیەک لای پیاوان زیاتر دەردەکەوێت بەراورد بە ژنان، ئەمەش وا دەردەکەوێت ک پەیوەندی بە ڕەگەزەوە هەبێت. بوونی دوو نەخۆشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پیاوان زیاتر ئالودەی مادەی هۆشبەرو مادە کحولیەکان بین، هەمیشەش گرفت وکێشەی نوێ و نیشانەکان زیاتر دەبێت بۆ کۆمەڵێک نیشانەی دوو نەخۆشی وزیاتر(**Reyes & Others, 2008: 27**).

1) نکۆڵیکردن وخۆبەدوورگرتن لەبارەی ڕابوردووەوە لەگەڵ دەرکەوتنی سستی لەهەست ودابڕان ونالاندن بەدەست نەخۆشیە دەروون_جەستەییەکانەوە.
2) ڕێژەی بەرز لەتەلاق.
3) هەستکردنی منداڵ بەپەراوێزخستن بەهۆی ئەو سستی هەست وسۆزەی کەلەخێزانەکەدا هەیە(**یعقوب، 1999 : 61_63**).

**لەنمونەی ئەم جۆرە خێزانانەش ئەوانەن بەشێوەیەکی ڕووکەش دەژین وگرنگیان زۆرتر بەلایەنی ڕواڵەتە، واتە بۆیان گرنگە کە بەسەربەزو گونجێنەرو بێ کێشە ناوببرێن، بەڵام لە ڕاستیدا جۆرێک لەنواندن دەکەن و خۆیان ومنداڵەکانیان گیرۆدەن بەدەست چەندین کێشەی دەروونی وکۆمەڵایەتیەوە، لەئەنجامدا تەلاق دروست دەبێت، بەو بیانووەی ناگونجێن.**

## دووەم: کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان

سەبارەت بەکاریگەری ئەشکەنجە لەسەر خێزان غسان یعقوب ئاماژەی بە توێژینەوەیەکی (Danieli 1985)کردوە کەلەسەر خێزانی ڕزگاربووانی کارەساتی هۆلۆکۆست ئەنجامی داوە، (توێژەر زۆر هەوڵی دا توێژینەوەکە وەدەست نەخرا)، لەو توێژینەوەیەدا چوارجۆری خێزان دیاریکراون سەبارەت بەکاردانەوەیان بۆ قوربانیەکانیان ئەوانیش:

**یەکەم: خێزانی قوربانیدەر:** وەک ئەوەی کەسەرجەم خێزانەکە لەماتەم وغەم وترسدا بژین، ئەمەش بەدڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی خێزانەکە، لەخەسڵەتی ئەم خێزانانە:

1) هەستکردن بەوریایی وئامادەباشی ومتمانەنەکردن بەکەسانی تر.
2) کاردانەوەی هەڵچوونی بەرامبەر هەر ڕووداوێکی بەئازار.
3) پەیوەستبوونێکی منداڵانە بەکەس وکارو خێزانەوە.
4) هان نەدانی منداڵ بۆ بەرەنگاربوونە وسەرکێشی وسەربەخۆیی.
5) پارێزگاری زیاد لەپێویستی منداڵ، کەدەبێتە هۆی زیادکردنی ترس ودڵەڕاوکێ.

6) زیادبوونی کێشەی هاوسەرگیری وسێکسی وزۆربوونی کێشەی پەروەردەیی لەگەڵ منداڵ.
7) ڕاڕایی زۆر لەبارەی تەندروستی وگەورەکردنی نیشانەکانی نەخۆشی.
8) منداڵەکان لەداهاتوودا دووچاری نەگونجاندن دەبنەوە لەژیانی هاوسەرگیریدا.
9) هەست کردن بەتاوان..

**ئەم جۆرە خێزانانە کاریگەری گەورەتری ئەشکەنجەیان لەسەر ماوە وجۆرێک لەپەرتەوازەیی هەیە، وپچڕانی ئەو پەیوەستبوونەی نێوان منداڵ وباوان، ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجە زیاتر دەکات، وهیچ هەوڵێکیان نییە بۆچارەسەرکردن، وڕازین بەو واقیعەی تێی کەوتوون، واتە فەرامۆشکردنی بارودۆخی هەمووان هاوسەرومنداڵ لەلایەن قوربانیەوە، ودواتر خێزانەکەش بۆ قوربانی درێژەپێدەری ئەم دۆخە دەبن.**

**دووەم: خێزانی بەرهەڵستکار**: ئەم خێزانانە ئەم تایبەتمەندی وخەسڵەتانەیان هەیە:

1) پاڵنەری بەهێز بۆ بەرهەمهێنان و بنیاتنان وپێشکەوتن.
2) ڕەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان وشکست، چونکە دان نان بەکەسێتی لاوازدا جێی قبوڵ نیە.
3) متمانە نەکردن بەدەسەڵات وهەستی دوژمنکارانە بەرامبەر کەسانی تر.

**ئەم خێزانانەش پاڵپش بەپاشخانی بەرهەڵستکاری شۆڕشگێڕیانەوەیە، کەنایانەوێت بەو واقیعە ڕازی ببن وخۆیان بدەن بەدەستەوە وهەوڵی گۆڕینی دەدەن.**

**سێیەم: خێزانی سست:**

1) بێدەنگیەکی کوژەر لەناوماڵدا.
2) خۆیان لە ئامرازەکانی بەئاگابوون دەپارێزن.
3) پەیوەستبوونی منداڵ بەکەسانی جیهانی دەرەوە وەک جێگرەوەیەک بۆ خێزانەکەیان.
4) منداڵ وا هەستدەکات لاوازە وجێگەی بایەخی ئەوانی تر نییە.

**ئەم جۆرە خێزانانە کورد وتەنی لەو خێزانانە دەچن کە دەستدەگرن بەکڵاوەکەیانەوە تا با نەیبات، یان بەدەربڕینێکی تر چاوترسێنکراون لەلایەن ئەو لایەنەی ئەشکەنجەی قوربانیەکەیانی داوە**

**چوارەم: خێزانی خاوەن خواست:**

1) چالاک وئارەزووی بەرزە بۆ بەدەستهێنانی ئاستی بەرز لەڕۆشنبیری وسەرکەوتن وپلەی کۆمەڵایەتی وسامان.
2) گونجان لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەی کەوەک پەنابەر وەریگرتوون.
3) نکۆڵیکردن وخۆبەدوورگرتن لەبارەی ڕابوردوەوە لەگەڵ دەرکەوتنی سستی لەهەست ودابڕان وناڵاندن بەدەست نەخۆشیە دەروون_جەستەییەکانەوە.
4) ڕێژەی بەرز لەتەڵاق.
5) هەستکردنی منداڵ بەپەراوێزخستن بەهۆی ئەو سستی هەست وسۆزەی کەلەخێزانەکەدا هەیە(**یعقوب، 1999 : 61_63**).

دەتوانرێت کورتەی ئەم بەشە لەڕێگەی ئەم هێڵکاریەوە بەکورتی بخرێتە بەردەست.

**ڕەنگدانەوەی جەستەیی**

شینبونەوە، پەڵەی برین، شکانی ئێسک، ئازاری جومگەو ماسولکە، سەرئێشە، سەرگێژخواردن، سوتان، تێکچوونی دەماری، لەدەستدانی هەستەوەرەکان، نەخۆشی سیل، نەخۆشییە گواستراوەکان لەڕێگەی دەستدرێژی سێکسیەوە.

**ڕەنگدانەوەی دەروونی**

تێکچوونی یادگە، گرانی لە تەرکیزدا، لەدەستدانی وزە، لەدەستدانی ئارەزووی سێکسی، زوو هەڵچوون، کشانەوەو دوورەپەرێزی، لەدەستدانی متمانە، بێخەوی، خەونی ناخۆش، فلاش باگ، فۆبیا، بەقورسی دەربڕین و هەستپێکردنی لایەنە سۆزدارییەکان.

**ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی**

دابەزینی ئاستی جێبەجێکردنی کارکردن، زۆرو زو وازهێنان لە کارو چالاکی کۆمەڵایەتیەکان، دوورەپەرێزی لەهاوڕێکانی، وەرنەگرتنی چێژ لەوچالاکیانەی پێشتر خۆشی ئامێزبوون، زۆربوونی دەمەقاڵێ لەگەڵ کەسانی تردا، نواندنەوەی توندوتیژی لەخێزاندا، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

(هێڵکاری(1) ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە)(Keller & Gold, 2009: 2586).

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بەشی چوارەم/ ڕێکارو هەنگاوە مەیدانیەکانی تویژینەوەکە

## باسی یەکەم/ ڕێکارە مەیدانیەکانی تویژینەوەکە

یەکەم: میتۆد

دووەم:  کۆمەڵگە و نمونەی تویژینەوەکە و خەسڵەتەکانی نمونەکە

## باسی دووەم/  هەنگاوە مەیدانیەکانی تویژینەوەکە

یەکەم: ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

دووەم: ڕاستگۆیی و جێگیری

سێیەم: ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

## بەشی چوارەم/ ڕێکارو هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە هەنگاو و ڕێککارییەکانی لایەنی مەیدانی ڕوون دەکاتەوە، جگە لە دەستنیشانکردنی ڕێبازی توێژینەوە وکۆمەڵگەی بنەڕەتی ونمونە، هەروەها ئامرازەکانی توێژینەوە وئەو ڕێککاریانەی گیراونەتەبەر بۆ بونیادنانی پێوەر ودەستنیشانکردنی کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان، لەتوێژینەوەکەدا لەخۆدەگرێت.

## باسی یەکەم: ڕێککاریە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەوپێیەی توێژینەوەکە لەهەوڵی وەصفکردنی بارودۆخی ئێستای زیندانیانی سیاسیدایە، هەروەها ئەو ڕەنگدانەوانەی لەئێستادا دەرکەوتوون لای قوربانیانی ئەشکەنجە (زیندانیانی سیاسی).

### دووەم: کۆمەڵگەی و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوە گروپێکە لە کەسانێک کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیمۆگرافی یاخود پیشەیی یان کولتوری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی دیاریکراون، کەدەتوانرێت لێیانەوە سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژێردرێت (حەسەن، 1999: 554)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەو زیندانیانەی کەلەسەردەمی ڕژێمی پێشووی بەعسدا زیندانیکراون لەماوەی ساڵانی (1980_1990)دا زیندانی کراون لەشاری سلێمانی، کەژمارەیان بریتیە لە(1150) زیندانی سیاسی لەشاری سلێمانی لە ڕەگەزی نێر(**داتای کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانە**)، وەهۆکاری هەڵبژاردنی ڕەگەزی نێر لەبەرئەوەیە ژمارە زۆرەکەی زیندانیان بریتیبوون لەپیاوان وباشتر دەتوانن هاوکار بن لەوەڵامدانەوەی پێوەرەکاندا بەتایبەتیش کە هەندێک پرسیاروبڕگە تایبەت بوون بە ڕەنگدانەوەی سێکسی کە کارێکی قورس وگرانە کاتێک توێژەر لەڕەگەزی نێر بێت وهەندێک لەنمونەکەش لەڕەگەزی مێ بێت، هەروەها دەبووە هۆکاری دروستکردنی

ئیحراجییەک بۆ ژنانی زیندانی و وەڵامنەدانەوەی پێوەرەکە، هەرچەندە ژمارەیەکیش لە پیاوان ئەو پرسیارانەیان وەڵامنەداوەتەوە، کە لەهەمان ڕەگەزی توێژەرن.

## نمونەی توێژینەوە:

نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (170) زیندانی سیاسی زیندانیکراو لە ساڵانی(1980_1990)، لە کۆی (1150) زیندانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، هەموویان لەڕەگەزی نێرن، دانیشتووی شاری سلێمانین، قەبارەی نمونەکەش بریتیە بەڕێژەی(14.78%)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، وەهەڵبژێردراون بەشێوەی نائەگەری مەبەستدار لە کۆمەڵگەی توێژینەوە **ئەم خاڵانەش لە خەسڵەتەکانی نمونەی توێژینەوەکەن**.

1. **تەمەن:** تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە لەدوو کاتی جیاوازدا وەرگیراوە، یەکەم جار ئەو کاتەیە ئەندامانی نمونەکەی تێدا دەستگیرکراوە ودووەم جاریش تەمەنی نمونەی توێژینەوەکەیە لەئێستادا، وەک لەخشتەی(1)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(1)

تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە لەکاتی زیندانیکردن و لەئێستادا

| تەمەن لەکاتی زیندانیکردن | | | تەمەن لەئێستادا | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | دووبارە | ڕێژە | تەمەن | دووبارە | ڕێژە |
| 20-14 | 73 | %42.94 | 46-40 | 10 | %5.88 |
| 27-21 | 44 | %25.88 | 53-47 | 77 | %45.29 |
| 34-28 | 22 | %12.94 | 60-54 | 44 | %25.88 |
| 41-35 | 18 | %10.59 | 67-61 | 21 | %12.35 |
| 49-42 | 7 | %4.12 | 74-68 | 6 | %3.53 |
| 50-زیاتر | 6 | %3.53 | 75-زیاتر | 12 | %7.07 |
| کـــۆ | 170 | %100 | کـــۆ | 170 | %100 |

2. **ئاستی خوێندەواری:** لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەجۆرێکە کە زۆربەی ئەندامانی نمونەکە ئاستی خوێندەواریان لە ئاستی ناوەندی بووە بەڕێژەی (31.76%)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەندامانی نمونەکە زۆرینەیان لەتەمەنی هەرزەکاری و تازە پێگەیشتندا زیندانیکراون ولەئاستێکی دیاریکراوی خوێندندا بوون، بەپاڵپشتی ئەوڕێژە بەرزەی تەمەنی نمونەکە بەڕێژەی (42.94%)ە کەلەخشتەی(1)دا ڕوونکراوەتەوە، وئێستاش زۆرینەی ئەندامانی نمونەکە لەڕیزی ئەوکەسانەن، کە بەپێگەیشتوو(کامڵ) دادەنرێن، ، ئاستی خوێندەواری لەخشتەی(2) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی(2)

ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکە

| ئاستی خوێندن | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نە خوێندەوار | 20 | %11.76 |

| | | |
|---|---|---|
| سەرەتای | 24 | %14.13 |
| ناوەندی | 54 | %31.76 |
| ئامادەیی | 39 | %22.94 |
| زانکۆ و پەیمانگا | 32 | %18.82 |
| ماستەر و دکتۆرا | 1 | %0.59 |
| کـــۆ | 170 | %100 |

3. **باری کۆمەڵایەتی(خێزانی)**: لەکاتی دەستگیرکردندا بەرزترین ڕێژە بۆ ڕەبەنە بەڕیژەی (54.12%)، بەڵام لەئێستادا تەنها(9) کەس لەئەندامانی نمونەکە بەڕەبەنی ماونەتەوە، توێژەر تێبینی کرد کە هەندێک لەزیندانیان نەیانتوانیوە هاوسەرگیری بکەن لەبەر پەککەوتنی توانای سێکسیان، وەپێشتر هیچ هەوڵێکیان نەداوە ئەم بابەتە بدرکێنن وهەوڵی چارەسەرکردنی خۆیان بدەن لەدوای ئازادبوونیان لەزیندان. وەڕێژەی جیابوونەوە بەرزبۆتەوە بۆ سیانزە ئەوەندە، کە ڕەنگەهۆکاری ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە بێت لەسەر زیندانیان و توانای خۆگونجاندنیانی کەم کردبێتەوە، یان لەبنەمادا بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو ئەوەندەی کاتی زیندانیکردن، هەروەها ئەو کەسانەش کە هاوسەرەکانیان کۆچی دوایی کردووە بەدڵنیاییەوە لەدۆخێکی ناجێگیری خێزانیدان. لە خشتەی(3) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(3)باری خێزانی زیندانیان و ئەندامانی نمونەکە

| باری کۆمەڵایەتی | باری خێزانی کاتی دەستگیرکردن | | باری خێزانی لەئێستادا | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە |
| ڕەبەن | 92 | %54.12 | 9 | %5.29 |
| خێزاندار | 75 | %44.11 | 137 | %80.59 |
| جیابوەوە | 1 | %0.59 | 13 | %7.65 |
| ژن مردوو | 2 | %1.18 | 11 | %6.47 |
| کـــۆ | 170 | %100 | 170 | %100 |

4. **پیشە**: ئەم گۆڕاوە لەدووکاتی جیاوازدا وەرگیراوە، بەمەبەستی دەرخستنی کاریگەری ئەشکەنجە لەسەر گۆڕینی پیشە، هەندێک جۆری ئەشکەنجە وادەکات قوربانی ناچاربکات بەگۆڕینی پیشەکەی بۆ نمونە ئەگەر زیندانیەک خۆی لەبنەمادا کارەباچی بووبێت، بەڵام لەماوەی زیندانیکردندا بەکارەبا زۆر ئەشکەنجەیان دابێت ئەوا دوای ئازادکردنی هەموو مامەڵەکردنێک بەکارەباوە بۆتە چەخماخەیەک(Trigger)و کاتەکانی ئەشکەنجەدانی وەبیرهێنابێتەوە، بۆنمونە(62) بەشداربووی نمونەکە لەکاتی دەستگیرکردندا پیشەوەربوون،

بەڵام لەئێستادا تەنها (49)کەس لەئەندامانی نمونەکە لەسەر پیشەکانیانن، یان ڕێژەی(30%) لەکاتی دەستگیرکردندا خوێندکاربوون، بەڵام لەئێستادا کەسیان خوێندکارنین، بێگومان هۆکاری سەرەکی هەڵکشانی تەمەنیانە بێت، یان چانسی ئەوەیان پێنەدراوە کە خوێندن تەواو بکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەئێستادا بەرزترین ژمارە لەئەندامانی نمونەکە کە ژمارەیان(63) زیندانییە بەڕێژەی(37.1%) خانەنشینن، زیندانیان تا لەزیندان بوون ژیانیان لەمەترسیدابووە نەیانتوانیوە پێداویستیە مادییەکانیان پڕبکەنەوە ولەئێستاشدا ژیان وگوزەرانیان لەدۆخێکی خراپدایە، بەتایبەتی کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە کاروهەلی دەستکەوتنی قورستر بووە وتەمەنیان هەڵکشاوە ناشتوانن هەموو کارێک ئەنجام بدەن، بەوحوکمەی زۆرینەی کاروپیشەکانیش پێویستی بەخوێندەواریە کە لەئاستێکی بەرزدا، ئەندامانی نمونەکەش زۆرینەیان خوێندنیان لەدەستداوە، هەلی دەستکەوتنی کاریان کەمتر دەبێتەوە. بەڵام سەبارەت بەخانەنشینان تێکەڵەیەکن لە کەسانی فەرمانبەرو پێشمەرگە وئەوکەسانەی کاری ڕێکخستنی نهێنیان کردووە لەپێشتردا، وەڕێژەی یەکەم وەردەگرێت لەجۆرەکانی پیشەدا لەدوای ئەوانیش پیشەوەرییە بەڕێژەی(28.7%)کەهەندێکیان بەهۆی ئەشکەنجەوە تووشی کەمتوانایی لەجەستەیاندا هاتوون بوونەتە خانەنشین، یان هەر تەمەنیان ڕێگربووە لەوەی ئەرک وکارەکانیان لەفەرمانگەکاندا وەک جاران جێبەجێ بکەن، خانەنشینکراون. وەک لەخشتەی(4) خراوەتەڕوو.

خشتەی(4) پیشەو کاری ئەندامانی نمونەکە

| پیشە | پیشە لەکاتی دەستگیرکردن | | پیشە لەئێستادا | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە |
| خوێندکار | 51 | %30 | - | - |
| فەرمانبەر | 39 | %22.9 | 29 | %17.1 |
| پێشمەرگە | 8 | %4.7 | 25 | %14.7 |
| کرێکار | - | - | 2 | %1.2 |
| پیشەوەر | 62 | %36.5 | 49 | %28.7 |
| خانەنشین | - | - | 63 | %37.1 |
| هیتر | 10 | %5.9 | 2 | %1.2 |
| کـۆ | 170 | %100 | 170 | %100 |

5. **شوێنی دەستگیرکردن:** بەمەبەستی دەرخستنی پەیوەندیە لەنێوان شوێنی دەستگیرکردن و ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجەدا، ئایا کام شوێنی زیندانیکردن لەنێوان خراپ وخراپترین جۆرەکانی ئەشکەنجەدا زۆرترین ڕێگای دڕندانەیان بەکارهێناوە دژ بەقوربانیەکان، لەخشتەی(5)دا ئەو

شوێنانەی زۆرترین زیندانی تیایدا زیندانی کراوە خراوەتەڕوو، کە زیندانی ئەبوغرێب بەڕێژەی(28.24%) زۆرترین کەس لێی زیندانیکراوە، وەبەپلەی دووەم ئەمنی سلێمانیە بەڕێژەی(21.18%). ئەگەر سەرنج بدرێتە شوێنەکانی زیندانیکردن وئەشکەنجەدان، بەتەنها لەناوشاری سلێمانیدا سێ جێگەی تایبەت هەبووە بۆ سەرکوتکردن وتۆقاندنی خەڵکی ئەوشارە وخۆی بەڵگەیە لەسەر بوون وبەکارهێنانی چەندین جۆری ئەشکەنجە لەسەر قوربانیان.

خشتەی(5)

شوێنی زیندانیکردنی ئەندامانی نمونەکە

| شوێن | دوبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئەمنی سلێمانی | 36 | %21.18 |
| سلێمانی تەواریەکە | 27 | %15.88 |
| سلێمانی ئەمنە سورەکە | 12 | %7.06 |
| ئەمنی عامە بەغداد | 24 | %14.12 |
| ئەبوغرێب/بەغداد | 48 | %28.24 |
| هەیئەی کەرکوک | 9 | %5.29 |
| زیندانی موسڵ | 5 | %2.94 |
| جێگەی تر | 9 | %5.29 |
| کۆ | 170 | %100 |

6. **ساڵەکانی زیندانیکردن وئازادبوون:** لەسێ خشتەی یەک لەدوای یەکدا خراوەتەڕوو، واتە لەودەساڵەدا کە وەکو سنوورێک دانراوە بۆ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، یان ئەو زیندانیانەی وەکو نمونە وەرگیراون بۆ توێژینەوەکە مەرجە لە ساڵانی (1980_1990) دابن، واتە لەو(11) ساڵەدا دەستگیرکرابێتن، توێژەر تەنها سێ جار جیاوازی وەرگرتووە لە زیندانیکردن وەک دووبارەبوونەوەی زیندانیکردن لای زیندانیکراوان، جاری یەکەم واتە یەکەمجار کە زیندانیکراوە، جاری دووەم واتە هەمان زیندانی ئەگەر بۆجاری دووەم زیندانی کرابێت، جاری سێیەمیش بەمانای ئەوەی کە چەند کەسێک یان کەسێک بۆ سێهەمین جار دەستگیرکرابێتەوە لەماوەی ئەو یانزەساڵەدا. بەڵام تێبینیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ئەو زیندانیانەی لە ساڵێکدا زیندانیکراون لەهەمان ساڵدا ئازاد بووبن بەهەمان ژمارە، ڕەنگە لەساڵێکدا

(50) کەس زیندانی کرابن بەڵام لەهەمان ساڵدا(4) کەس ئازاد کرابێت، ئەویش لەبەر جیاوازی لەجۆری حوکمەکانیاندا، وەکو ساڵی (1985)بەنمونە. لەخشتەی(6)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(6)

ساڵەکانی یەکەم زیندانیکردن وئازادبوونی نمونەکە

| ساڵ | یەکەم زیندانیکردن | | یەکەم ئازادبوون | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە | ساڵ | دووبارە | ڕێژە |
| 1980 | 15 | %8.82 | 1980 | 3 | %1.76 |
| 1981 | 24 | %14.12 | 1981 | 5 | %2.94 |
| 1982 | 8 | %4.70 | 1982 | 13 | %7.66 |
| 1983 | 7 | %4.12 | 1983 | 22 | %12.94 |
| 1984 | 6 | %3.53 | 1984 | 7 | %4.12 |
| 1985 | 50 | %29.41 | 1985 | 4 | %2.35 |
| 1986 | 23 | %13.53 | 1986 | 12 | %7.06 |
| 1987 | 15 | %8.82 | 1987 | 4 | %2.35 |
| 1988 | 13 | %7.66 | 1988 | 71 | %41.76 |
| 1989 | 8 | %4.70 | 1989 | 10 | %5.88 |
| 1990 | 1 | %0.59 | 1990 | 8 | %4.70 |
| کۆ | 170 | %100 | 1991 | 9 | %5.29 |
| | | | 1999 | 1 | %0.59 |
| | | | 2003 | 1 | %0.59 |

خشتەی(7) پیشاندەری جاری دووەمی زیندانیکردنی ژمارەیەک لەو زیندانیانەی لەساڵانی پێشتر زیندانی بوون وپاش ئازادکردنیان دەستگیرکراونەتەوە کە ژمارەیان(16) زیندانیە بۆدووەمین جار زیندانی کراونەتەوە لەکۆی (170) ئەندامی نمونەکە.

خشتەی(7)

ساڵەکانی دووەم زیندانیکردنەوەی ئەندامانی نمونەکە

| ساڵ | دوەم زیندانیکردن | | دوەەم ئازادبوون | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژە | ساڵ | دووبارە | ڕێژە |
| 1984 | 3 | %1.76 | 1984 | 2 | %1.18 |
| 1985 | 5 | %2.94 | 1985 | 1 | %0.59 |
| 1986 | 2 | %1.18 | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1987 | 1 | %0.59 | 1987 | 3 | %1.76 |
| 1988 | 2 | %1.18 | 1988 | 6 | %3.53 |
| 1990 | 3 | %1.76 | 1990 | 3 | %1.76 |
| | | | 1991 | 1 | %0.59 |
| | 16 | | | 16 | |

لەخشتەی(8)دا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە چەند کەسێک لەوزیندانیانەی جاری یەکەم ودووەم دەستگیرکراون، بۆجاری سێیەمیش دەستگیرکراونەتەوە کەژمارەیان(6) زیندانیە، واتە لەکۆی(170)کەس، (16)زیندانیان دووجار دەستگیرکراون و(6)کەسیش سێ جار زیندانیکراون، بەپێی ساڵەکانی زیندانیکردن وئازادبوونیان خراوەتەڕوو.

خشتەی(8) ساڵەکانی سێهەم زیندانیکردنەوەی ئەندامانی نمونەکە

| سێیەم زیندانیکردن | | | سێیەم ئازادبوون | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | دووبارە | ڕێژە | ساڵ | دووبارە | ڕێژە |
| 1986 | 2 | %1.18 | | | |
| | | | 1987 | 1 | %0.59 |
| | | | 1988 | 1 | %0.59 |
| 1989 | 4 | %2.35 | 1989 | 2 | %1.18 |
| | | | 1990 | 1 | %0.59 |
| | | | 1991 | 1 | %0.59 |

7. **ماوەی زیندانیکردن:** ماوەی زیندانیکردن دابەشکراوە بەسەر مانگەکانی زیندانیدا، وە بە پێنج دەستە(فئة) دانراوە، ڕێژەی ئەو زیندانیانەی لەماوەی یەکەم جاری گرتنیاندا لەبەرزترین ئاستدایە بریتیە لە(32.94%) وماوەی زیندانیکردنیان لەنێوان(36_25) مانگدایە، ولەئاستێکی مامناوەندی زیندانیکردنیان بەسەربردووە، هەروەها لەکۆی ئەو(16) کەسەی دووجار دەستگیرکراون زیاتر لەنیوەیان کەژمارەیان(9) زیندانیە لە یەک مانگ بۆ دوانزە مانگ زیندانیکراون، هەروەها نیوەی ئەو زیندانیانەش کە سێ جار زیندانیکراون لەکۆی ئەو (6) زیندانیە ماوەی (1-12) مانگیان لە زیندان بەسەر بردووە، دووکەسیان (13-24) مانگ و یەک کەسیش زیاتر لە (49) مانگی بەسەربردووە لەزیندان.

خشتەی(9) ماوەی زیندانیکردنی ئەندامانی نمونەکە

| ماوەی زیندانیکردن بەمانگ | یەکەم زیندانیکردن | | دووەم زیندانیکردن | | سێیەم زیندانیکردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
| 12-1 | 36 | %21.18 | 9 | %5.29 | 3 | %1.76 |
| 24-13 | 48 | %28.24 | 2 | %1.18 | 2 | %1.18 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 36-25 | 56 | %32.94 | 4 | %2.35 | - | - |
| 48-37 | 21 | %12.35 | 0 | - | - | - |
| 49-زیاتر | 9 | %5.294 | 1 | %0.59 | 1 | %0.59 |
| وون بوو | - | - | 154 | %90.59 | 164 | %96.47 |
| کۆی گشتی | 170 | %100 | 170 | %100 | 170 | %100 |

## باسی دووەم: هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

### 1. پێوەری توندی ئەشکەنجە:

ئەم پێوەرە پێشتر لەلایەن پرۆفیسۆر(مەتین باشگۆلۆ) وچەندتوێژەرێکی ترەوە لە تورکیا بەکارهاتووە بۆیەکەم جار لەساڵی(1994)و لە فەلەستین لەلایەن توێژەرێکەوە بەکارهاتووە بەناوی(عبدالناصر زكي أبوقاعود) لەتوێژینەوەیەکی ماستەردا پێشکەشکراوە لەساڵی (2008)، بەڵام ئەوان(باشگۆلۆ، أبوقاعود) لە (42) بڕگەدا بەکاریان هێناوە. واتە لەپێشتردا ڕاستگۆیی وجێگیری بۆ ئەنجامدراوە، توێژەر چەند بڕگەیەکی بۆ زیادکردووە، لەئەنجامی کارکردن وتێبینی کردنی توێژەر لەدەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، کەپێشتر ناوی بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە بووە ماوەی زیاتر لە(8) ساڵە.

وەبۆ هەربڕگەیەک لەپیوەرەکە پێنج بژاردە بەرامبەری هەیە بەمجۆرە هێزی بژاردەکان دانراون:

**هێزی بژاردەکان (البدائل) بەرامبەر بە هەریەک لە بڕگەکان بریتین لە:**

**هەرگیز:** بەواتای بەهیچ جۆرێک دوچاری نەبوویت، ژمارە(0).

**بەدەگمەن:** بەواتای زۆر بەکەمی دوچاری بوویت، ژمارە(1).

**هەندێک جار:** بەمانای چەند جارێک دووچاری بوویت بەپلەی مامناوەند، ژمارە(2).

**زۆرجار:** بەمانای دوچاری بوویت بەپلەیەکی بەرز، ژمارە (3).

**هەمیشە:** بەواتای دوچاری بوویت چەندین جار بەپلەی زۆر بەرز، ژمارە(4).

### 2. پێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە:

ئەم پێوەرە سەرجەم بڕگەکانی لەلایەن توێژەرو سەرپەرشتیارەوە ئامادەکراوە، بەسوود وەرگرتن لە پێوەری پێوانەکردنی تەندروستی دەروونی (HCL_90) (Symptom_Chek_List_90)، کە لەساڵی (1976)دا بۆیەکەمجار بەکارهاتووە لەلایەن(Derogatis, Lipman & Covi,1976) لەچەندین وڵات وبەچەندین زمانی جۆراوجۆر هەوڵدراوە بگونجێندرێت ولەساڵی (1993) لەلایەن (فضل أبوهين) بۆ یەکەمین جار لە فەلەستین کراوە بەعەرەبی، ئەم لیستە (90) پرسیارییە بەهەمان جۆر گونجاوبووە بۆ فەلەستین.

بەهەمان شێوە بۆهەر بڕگەیەک لەپێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانیش پێنج بژاردە هەیە بەمجۆرە هێزی بژاردەکان دانراون:

**هێزی بژاردەکان (البدائل) بەرامبەر بە هەریەک لە بڕگەکان بریتین لە:**

**هەرگیز:** بەواتای بەهیچ جۆرێک دوچاری نەبوویت، ژمارە(0).

**بەدەگمەن:** بەواتای زۆر بەکەمی دوچاری بوویت، ژمارە(1).
**هەندێک جار:** بەمانای چەند جارێک دووچاری بوویت بەپلەی مامناوەند، ژمارە(2).
**زۆرجار:** بەمانای دوچاری بوویت بەپلەیەکی بەرز، ژمارە (3).
**هەمیشە:** بەواتای دوچاری بوویت چەندین جار بەپلەی زۆر بەرز، ژمارە(4).

## دووەم: ڕاستگۆیی و جێگیری

### 1-ڕاستگۆیی

بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی وجێگیری پیوەرەکان، توێژەر هەندێ ڕێ وشوێنی گرتۆتەبەر لەوانە:

**أ.ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر(صدق الظاهري):** بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکان توێژەر هەستاوە بەخستنەڕووی پێوەرەکە بۆ ژمارەیەک لەپسپۆڕانی بوارەکانی(کۆمەڵناسی، دەروونناسی، کاری کۆمەڵایەتی) کەژمارەیان(13) پسپۆرە، توێژەر داوای لێکردوون لەڕێگەی بەکارخستنی پسپۆڕی وتواناکانیانەوە دڵنیا ببنەوە لەگونجاوی برگەکان، لەڕووی داڕشتن و ماناوە، لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و زیادکردنێک کە بەپێویستی بزانن.

توێژەر ئەو برگانەی لابردووە کە زیاتر لە(5) پسپۆر بەباشیان نەزانیبێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژمارەی پسۆرەکان(13) کەسە، ئەگەر هاتوو برگەیەک(6) پسپۆر بەگونجاوی نەزانی ڕاستەخۆ لادەبریت وخۆئەگەر کەمتربوو لەو ژمارەیە واتە زۆرینەی لێی ڕازین ودەمێنێتەوە، بڕوانە پاشکۆی (1) بۆ بینینی ناوی پسپۆرەکان.

توێژەر دڵنیایی دەدات لەسەر ئەم ڕێ وشوێنە بەهۆی بەکارهێنانی لەتوێژینەوەی پێشووتردا، بەوپێیەش ژمارەی ئەو برگانەی لەپیوەری توندی ئەشکەنجەدا ماونەتەوە بریتیە لە(47) برگە، واتە (5) برگە یان لابراوە یان لەگەڵ برگەیەکی تر لێکدراوە، (4) برگە لێکدراون و(2)برگەی نوێیان لێپێکهاتووە، و(3) برگەش بەتەواوی لابراوە، واتە ئەوبرگانەی ماونەتەوە ڕاستەقینەن وڕاستگۆییان سەلمێنراوە. هەروەک لەخشتەی (10) خراوەتەڕوو.

خشتەی(10)

ڕاستگۆیی بۆ پێوەری پێوانەکردنی توندی ئەشکەنجە

| ژ | برگەکان | ژمارەی برگەکان | ڕەزامەند | | ڕەزامەند نین | | بەهای کا2 | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی پسپۆر | ڕێژەی سەدی | ژمارەی پسپۆر | ڕێژەی سەدی | | |
| 1 | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8، 9، 10، 11، 15، 17، 20، 22، 23، 24، 28، 29، 31، 34، 35، 36، 37، 38، 39، 40، | 31 | 13 | %100 | 0 | %0 | 13 | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 41، 42، 46، 47. | | | | | | | 0.01 |
| 2 | 12، 14، 16، 18، 19، 25، 27، 33، 43، 44، 45. | 11 | 12 | %92.3 | 1 | %7.7 | 9.307 | |
| 3 | 13، 26، 30، 32 | 4 | 11 | %84.6 | 2 | %15.4 | 6.23 | |
| 4 | 21 | 1 | 10 | %77 | 3 | %23 | 3.7 | |

هەروەها لەپێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان سەرەتا(68) برگەبوو، دوای دڵنیابوونەوەی پسپۆڕەکان (4) برگەی لادرا لەسەر ئەو بنەمایەی پێشوو، کە زیاتر لە (5) پسپۆڕ ڕەزامەند نەبوون لەبارەی ئەو برگانەوە، بڕوانە پاشکۆکانی (2) و(3) لە کۆتایی توێژینەوەکەدا.

بەبەکارهێنانی (کا2) ڕەزامەندی پسپۆڕان دەرهێنراوە کەلە ئاستی بەڵگەداری (0.01) دابوون بۆ برگەکانی هەردوو پێوەر. هەروەک لەخشتەی (11) خراونەتەڕوو.

خشتەی (11)

ڕاستگۆیی بۆ پیوەری ڕەنگدانەوە کۆمەلایەتیەکانی ئەشکەنجە

| ژ | برگەکان | ژمارەی برگەکان | ڕەزامەند | | ڕەزامەند نین | | بەهای کا2 | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی پسپۆر | ڕێژەی سەدی | ژمارەی پسپۆر | ڕێژەی سەدی | | |
| 1 | 4،5،6،7،8،10،12،14،16،18، 19،20،21،25،28،29،32،33، 35،36،43،45،47،59. | 24 | 13 | %100 | 0 | %0 | 13 | 0.01 |
| 2 | 1،2،11،13،15،17،24،26، 27،30،31،37،44،46،48، 50،60،63. | 18 | 12 | %92.3 | 1 | %7.7 | 9.307 | |
| 3 | 3،9،34،38،39،41،42،49، 54،56،57،58،61،62. | 14 | 11 | %84.6 | 2 | %15.4 | 6.23 | |
| 4 | 23،53،55. | 3 | 10 | %77 | 3 | %23 | 3.7 | |
| 5 | 22،40،64. | 3 | 9 | %69 | 4 | %31 | 1.923 | |
| 6 | 51،52. | 2 | 8 | %61.5 | 5 | %38 | 0.692 | |

نمرەی ئازاد = ژمارەی پسپۆرانی ڕەزامەند-1

13-1= 12

ناوی دەستەی پسپۆران وهەڵسەنگێنەران لەگەڵ نازناوی زانستی و ئەو زانکۆیەی کاری تێدادەکەن، لەگەڵ کۆلێژو پسپۆرییان، لە پاشکۆی ژمارە(1) دا ئاماژەی پێدراوە

**ب. ڕاستگۆیی ناوەڕۆک(صدق المحتوی):** ڕاستگۆیی ناوەرۆک بریتیەلەوپەیوەندییەی لەنێوان برگەکان وناونیشانی توێژینەوەکەوە هەیە، بۆ دۆزینەوەی ئەم پەیوەندیەش هاوکێشەی (لوشی) بەکارهێنراوە، بۆ هەریەک لەبڕگەکان وبۆ پێوەرەکانیش بەگشتی کەلەنێوان (+1 و-1) هەژمار دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە:

هاوکێشەی **(لوشی)** بەکارهێنراوە بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ناوەڕۆک **(صدق المحتوی)** بۆ هەریەک لە بڕگەکان، بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە:

$$\text{ڕاستگۆیی ناوەڕۆک} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}}$$

**ژ.پ:** ژمارەی پسپۆڕانی ڕەزامەند بۆ هەر برگەیەک.

**ن:** ژمارەی هەموو پسپۆڕەکان(**إسماعيلي، 2011: 175**). بۆ تەواوی برگەگان بڕوانە پاشکۆی(4).

هەموو ئەو برگانەی کە هەموو پسپۆڕەکان ڕەزامەندییان لەسەر دەربریوە واتە هەر (13) پسپۆڕەکە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بۆ ڕاستگۆیی ناوەرۆک بەمجۆرە دەبێت بەپشت بەستن بەهاوکێشەی لوشی ئاماژەبۆکراو لەسەرەوە:

$$\text{ڕ.ن} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}} = \frac{\frac{13}{2} - 13}{\frac{13}{2}} \Longleftarrow \frac{6.5}{6.5} = 1$$

بۆ هەر برگەیەک کە (12) پسپۆر ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕیوە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بەمجۆرە دەبێت:

$$\text{ڕ.ن} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}} = \frac{\frac{13}{2} - 12}{\frac{13}{2}} \Longleftarrow \frac{5.5}{6.5} = 0.84$$

بۆ هەر برگەیەک کە (11) پسپۆر ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕیوە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بەمجۆرە دەبێت:

$$\text{ڕ.ن} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}} = \frac{\frac{13}{2} - 11}{\frac{13}{2}} \Longleftarrow \frac{4.5}{6.5} = 0.69$$

بۆ هەر برگەیەک کە (10) پسپۆر ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕیوە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بەمجۆرە دەبێت:

$$\text{ڕ.ن} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}} = \frac{\frac{13}{2} - 10}{\frac{13}{2}} \Longleftarrow = \frac{3.5}{6.5} = 0.54$$

بۆ هەر بڕگەیەک کە (9) پسپۆر ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕیوە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بەمجۆرە دەبێت:

$$\text{ڕ.ن} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}} = \frac{\frac{13}{2} - 9}{\frac{13}{2}} \Longleftarrow = \frac{2.5}{6.5} = 0.38$$

بۆ هەر بڕگەیەک کە (8) پسپۆر ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕیوە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بەمجۆرە دەبێت:

$$\text{ڕ.ن} = \frac{\text{ژ پ} - \frac{\text{ن}}{2}}{\frac{\text{ن}}{2}} = \frac{\frac{13}{2} - 8}{\frac{13}{2}} \Longleftarrow = \frac{1.5}{6.5} = 0.23$$

ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بۆ پێوەری **توندی ئەشکەنجە**= کۆی ئەنجامی هەموو بڕگەکان/ ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە

$$\text{ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بۆ پێوەر} = \frac{\text{کۆی ئەنجامی هەموو بڕگەکان}}{\text{ژمارەی بڕگەکان}}$$

$$= \frac{43.54}{47} = \underline{0.93}$$

ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بۆ پێوەری **ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە**= کۆی ئەنجامی هەموو بڕگەکان/ ژمارەی بڕگەکانی پێوەرەکە

$$\text{ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بۆ پێوەر} = \frac{\text{کۆی ئەنجامی هەموو بڕگەکان}}{\text{ژمارەی بڕگەکان}}$$

$$= \frac{52}{64} = \underline{0.81}$$

## 2-جێگیری:

دوای پراکتیزەکردنی پێوەرەکان بەسەر نمونەی توێژینەوەکە وداخڵکردنی داتاکان لەڕێگەی پاکێجی(SPSS)ەوە، بەڕێگای ئەلفا کرونباخ جێگیری بۆ وەڵامی(40) بەشداربووی نمونەکە

وەرگیراوە بەشێوەی هەڕەمەکی، بۆهەردوو پیوەرەکە بەشێوەی جیاجیا، لەڕێگەی هەرسێ هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ و سپێرمان- براون وگۆتمان کاری هەڵسەنگاندنی جێگیرکردنی پێوەرەکان کراوە، وەک لە خشتەی (12) خراوەتەڕوو.

خشتەی (12) ئاستی جێگیری پێوەرەکان

| پێوەر | ژمارەی برگە | ئەلفا کرۆنباغ | دابەشکردنی نیوەیی | گۆتمان |
|---|---|---|---|---|
| توندی ئەشکەنجە | 47 | 0.947 | 0.911 | 0.906 |
| پێوەری رەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە | | | | |
| پێوەر | ژمارەی برگە | ئەلفا کرۆنباغ | دابەشکردنی نیوەیی | گۆتمان |
| جەستەیی | 14 | 0.909 | 0.825 | 0.825 |
| سێکسی | 7 | 0.924 | 0.934 | 0.929 |
| دەروونی | 15 | 0.889 | 0.857 | 0.857 |
| کۆمەڵایەتی | 28 | 0.961 | 0.922 | 0.922 |
| گشتی | 64 | 0.974 | 0.907 | 0.902 |

**ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئاستی بەرزی جێگیری پێوەرەکان دەسەلمێنێت، بەشێوەیەکی ئەرێنی.**

## سێیەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

پاکێجی ئاماری(SPSS) ڤێرژنی (16.0) بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسە ئامارییەکان بەگشتی.

1. کـا2 بەمەبەستی دۆزینەوەی ئاستی بەڵگەداری ئاماری برگەی پێوەرەکان.
2. ئەلفا کرۆنباخ(Alpha) بۆ دەرهێنان ودۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکان.
3. سپێرمان_ براون(Sperman_Brown) دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکان.
4. گۆتمان (Guttman) بەمەبەستی ئاستی جێگیری پێوەرەکان.
5. بەکارهێنانی ناوەندەژمێرەیی بەمەبەستی دەرخستنی ئەو برگانەی بەرزترین ئاستیان بەدەستهێناوە لەگەڵ نزمترین ئاستی برگەکانی پێوەرەکان.
6. لادانی پێوەری بە مەبەستی دۆزینەوەی لادان لەناوەندە ژمێرییەوە بۆ هەر یەک لەبرگەکان.
7. هاوکێشەی لوشی بەمەبەستی دۆزینەی ڕاستگۆیی ناوەڕۆک بۆ برگەکان وپێوەرەکانیش بەگشتی.
8. بەکارهێنانی ئەنۆڤا (One_Way ANOVA) بەمەبەستی تاقیکردنەوەی گریمانەکان.

9. هاوپەیوەندی پێرسن(Correlation) بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی هۆکاری لەنێوان ئەشکەنجەو ڕەنگدانەوەکانی.

# بەشی پێنجەم/ خستنە ڕووی ئەنجامە مەیدانیەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان

## باسی یەکەم/ ئەنجامە مەیدانیە بەدەستهاتووەکان

یەکەم: ئەنجامی پێوەری پێوانەکردنی توندی ئەشکەنجە

دووەم: ئەنجامی پێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە

## باسی دووەم/ تاقیکردنەوەی گریمانەکان

یەکەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان

دووەم: پەیوەندی نێوان ئەشکەنجە و ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجە

## باسی سێیەم/ دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

## بەشی پێنجەم/ خستنە ڕووی ئەنجامە مەیدانیەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەکان

### باسی یەکەم: ئەنجامە مەیدانیە بەدەستهاتوەکان

### یەکەم: ئەنجامی پێوەری پێوانەکردنی توندی ئەشکەنجە

پێوەری پێوانەکردنی توندی ئەشکەنجەدا کەلە (47) برگە پێکهاتووە، بەباش زانرا کە لەنیوە زیاتری ئەو بڕگانە وەربگیرێت کە لە ئاستەکانی یەکەمدا بەهایان هەیە وبەرجەستەی ئەوجۆرانەی ئەشکەنجە دەکەن لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە.

برگەی ژمارە(23) بەپلەی یەکەم دێت، کەیەکێکە لەوبڕگانەی دواتر لەتەوەری ئەشکەنجەی دەروونیدا شیکاری بۆ دەکرێت، وبەبڕگەی(9) کۆتایی دێت کە بڕگەیەکە لە برگەکانی تەوەری ئەشکەنجەی جەستیەیی، ڕیزبەندییەکە بەپێی بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی ڕیزکراوە، بەڵام مەرج نییە ئەو برگەی ناوەندە ژمێرەییەکەی بەرز بێت، بەهەمان شێوە لادانی پێوەرییەکەی ئاستێکی بەرزی هەبێت بۆیە جەختکراوەتە سەر بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی، بەلام بەومانایە نییە کەجۆرەکانی تری ئەشکەنجە هەر نەبووە لای زیندانیانی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری جۆرەکانی ئەشکەنجە جێبەجێکراوە بەسەر ئەندامانی نمونەکەدا، بەڵام لەڕووی ئامارییەوە بەهاکەی نەگەیشتووەتە ئاستی دیاریکراو. واتە ئەو(24) برگەیەی لەخشتەی(13) خراوەتەڕوو لەجۆرە بڵاوەکانی ئەشکەنجەبوون لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا، گرفتی سەرەکی لەم جۆرە پێوەرانەدا لەوەدایە زۆربەی جار کە دەوترێت جۆری ئەشکەنجە لەناوەرۆکی جۆرەکەدا توندی ئەشکەنجەکە بەدیار دەکەوێت، کەواتە دەتوانرێت بەزانینی جۆری ئەشکەنجەکە پێشبینی توندییەکەی بکرێت، چونکە لەبنەڕەتدا هیچ جۆرێکی ئەشکەنجە نییە جێکەوتەو ڕەنگدانەوەی نەرێنی جێ نەهێڵێت. بەمانایەکی تر جۆرێکی ئەشکەنجە نییە کە باشتر بێت لەجۆرەکانی تر، چونکە مەبەست لەبەکارهێنانی تێکشکاندنی تاکی قوربانیە لەڕووی دەروونی وجەستەیی وکۆمەڵایەتیەوە لە ئایندەدا، یان هەندێکجار لەبنچینەدا بەمەبەستی کۆتایی پێهێنان ئەنجام درابێت. ئاستەکانی (25، 26) ڕاستەوخۆ لەو بڕگانەیە کە لەبارەی دەستدرێژی سێکسی وئەشکەنجەی سێکسیەوەیە، بەڵام ئاستەکەی کەمترە بەبەراورد بە برگەی ئەشکەنجە دەروونی وجەستەییەکان، ڕەنگە لەبنەمادا ڕێژەی بەکارهێنانی ئەشکەنجەی سێکسی کەمتر بووبێت، بەهۆی ئەو پێشینە ئاینی وکلتووریەی تەنانەت ئەشکەنجەدەرانیش هەیانبووە، یان بەپێچەوانەوە بەڕێژەیەکی زۆر وبەربڵاو ئەنجامدراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زیندانیان ترسیان هەیە لە ئەو لەکە کۆمەڵایەتیەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ناتوانن باسی بکەن یان دەری ببڕن،

تەنانەت هەندێکیان نەیانهێشتووە ئەو هاوڕێیانەشیان بزانن کە زیندانی کراون پێکەوە، یان خێزان وهاوسەرەکانیان ئاگادار نین لەوەی بەسەریان هاتووە، بەهەمان شێوە بۆ تەواوی ئەو برگانەی فەرامۆشکراون لەبەر نەبوونی بەهای ئامارییان باسناکرێن، کە کەمکردنەوە نییە لەوەڵامی ئەو زیندانیانەی ئەو جۆرە ئەشکەنجەیان چەشتووە، هەروەها هۆکارێکی گرنگتر هەموو زیندانیان هەمان ئەشکەنجەی ئەوانەی پێش خۆیان نەچەشتووە، بۆنمونە ئەشکەنجە ئاستەکەی سوکتربووە لەدوای ساڵی(1988)ەوە، لەبەرئەوەی ڕژێمی بەعس
پێویستی بەگەڕانەوەی هەموو تاکێک بوو بۆ ناوسوپای عێراق، تا ئامادەیان بکات بۆ شەڕی داگیرکردنی کوەیت، هەروەها جموجۆڵی هێزی پێشمەرگەش تاڕادەیەک وەک پێشتر نەبووە.

| خشتەی (13) پێوەری توندی ئەشکەنجە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاست | ژمارەی برگەکان | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
| 1 | 23 | جنێو و بەکارهێنانی وتەی ناشرین و نەشیاو. | 3.24 | 1.17 |
| 2 | 11 | لێدان بەدار و کێبڵ لە جەستە. | 3.17 | 1.08 |
| 3 | 5 | لێدان بەبەکارهێنانی دەست و قاچ(هەڕەمەکی). | 3.15 | 1.04 |
| 4 | 17 | لێدانی زللە لەدەم و چاو. | 3.11 | 1.03 |
| 5 | 24 | چاوەڕێکردن بۆ ماوەی زۆر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە (ئەشکەنجە). | 3.05 | 1.19 |
| 6 | 4 | لێدان لە بنی پێیەکان(فەلاقە). | 2.98 | 1.19 |
| 7 | 18 | تفکردن لەدەم و چاو. | 2.93 | 1.15 |
| 8 | 47 | هەڵواسینی دەستەکان لەپشتەوە(هەڵواسینی فەلەستینی) | 2.87 | 1.28 |
| 9 | 19 | هەڕەشەکردن بەکوشتن. | 2.78 | 1.33 |
| 10 | 30 | دانوستان کردن لەسەر ئازادکردنی ئەگەر دان بنێت بە تاوانی خۆی یاخود هاوڕێکانی. | 2.7 | 1.44 |
| 11 | 36 | بێبەشکردن لەدەست بەئاو گەیاندن. | 2.66 | 1.26 |
| 12 | 40 | لێدانی تەزووی کارەبا. | 2.66 | 1.27 |
| 13 | 34 | هێشتنەوە لە ژووری تاکەکەسیدا بۆ ماوەی زۆر. | 2.61 | 1.31 |
| 14 | 37 | بێبەشکردن لەوەرگرتنی چارەسەر. | 2.58 | 1.48 |
| 15 | 2 | کێشان بەسکدا. | 2.55 | 1.15 |
| 16 | 1 | کێشان بەسەردا. | 2.54 | 1.13 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 17 | 6 | ناچارکردن بەوەستان بە پێوە بۆ ماوەیەکی زۆر. | 2.52 | 1.26 |
| 18 | 32 | بێبەشکردن لەخواردن بۆ ماوەیزیاتر لە 24 کاتژمێر. | 2.52 | 1.38 |
| 19 | 7 | پاڵخستن لەسەر زەوی و پێ پێدانان. | 2.46 | 1.27 |
| 20 | 33 | بێبەشکردن لە خەوتن بۆ ماوەی زیاتر لە 24 کاتژمێر. | 2.44 | 1.39 |
| 21 | 22 | ناچارکردن بەبینین یاخود بیستنی ئەشکەنجەی کەسانی تر. | 2.42 | 1.44 |
| 22 | 35 | بێبەشکردن لە جووڵە (خستنە ناوشوێنی تەسکەوە). | 2.37 | 1.41 |
| 23 | 8 | وەستان بەپێوە و بەرزکردنەوەی دەستەکان. | 2.32 | 1.35 |
| 24 | 9 | بەستنەوەی دەست بەقاچەوە لەدواوە. | 2.24 | 1.42 |
| 25 | 20 | ناچارکردن بەخۆڕووت کردنەوە. | 2.2 | 1.47 |
| 26 | 3 | فشارخستنە سەر گونەکان. | 2.01 | 1.38 |
| 27 | 46 | سووتاندن بەجگەرە(کوژاندنەوەی جگەرە لەسەر پێست). | 1.92 | 1.47 |
| 28 | 16 | ناچارکردن بە وەستاندن بەپێوە لەژێر تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ. | 1.92 | 1.43 |
| 29 | 25 | هەڕەشەکردن بە کوشتنی یەکێک لە ئەندامانی خێزان. | 1.87 | 1.54 |
| 30 | 29 | هەڕەشەکردن بەدوورخستنەوە. | 1.83 | 1.56 |
| 31 | 10 | ناچارکردن بەدانیشتن لەسەر کورسی بۆ ماوەیەکی زۆر. | 1.8 | 1.4 |
| 32 | 28 | هەڕەشەکردن بە ڕووخاندنی ماڵ. | 1.79 | 1.53 |
| 33 | 38 | بەکارهێنانی ڕووناکی بەهێز. | 1.68 | 1.43 |
| 34 | 31 | میزو پیسایی کردن بە جلوبەرگدا. | 1.56 | 1.51 |
| 35 | 39 | ژاوەژاوی بەرز(مۆسیقای بێزارکەر). | 1.52 | 1.43 |
| 36 | 14 | ناچارکردن بۆ وەستان بەپێوە لەژێر ئاوی سارددا. | 1.46 | 1.42 |
| 37 | 27 | هەڕەشەکردن بەدەستدرێژیکردنە سەر ئەندامێکی خێزان. | 1.43 | 1.48 |
| 38 | 26 | هەڕەشەکردن بەدەستدرێژی کردنی سێکسی. | 1.32 | 1.46 |
| 39 | 12 | هەوڵی خنکاندن بەبەکارهێنانی دەست(دەس خستنە بینەقاقا). | 1.26 | 1.38 |
| 40 | 15 | خستنە بەر پلەی گەرمی بەرزی ناسروشتی (فڕن). | 1.25 | 1.4 |
| 41 | 21 | هەراسانکردنی سێکسی(تحرش). | 1.08 | 1.47 |
| 42 | 13 | هەوڵی خنکاندن بەزەرفی نایلۆن بۆسەر دەموچاو ئاوکردن بەسەردا، یان داپۆشینی سەر بەخاولی و ئاوپێداکردنی. | 1.06 | 1.31 |
| 43 | 41 | دەرهێنانی نینۆکەکان. | 1.06 | 1.43 |
| 44 | 44 | لەسێدارەدانی ساختە. | 0.99 | 1.36 |
| 45 | 45 | ددان دەرهێنان. | 0.78 | 1.25 |
| 46 | 42 | ئەشکەنجە بەهۆی ئاژەڵەوە. | 0.65 | 1.22 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 47 | 43 | هەڵکەندنی گۆڕو گواستنەوەی مردووە. | 0.55 | 1.15 |
| ناوەندەژمێرەیی ولادانی پێوەرەکە بەگشتی | | | 2.08 | 0.76 |

## 1. ئەشکەنجەی جەستەیی

ڕیزبەندی ئاستەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی، خشتەی(14) دەریدەخات کە کلتورونەریت وپاشخانی کۆمەڵایەتی چەندە کاریگەری لەسەر جۆری ئەشکەنجەی پراکتیزەکراو هەیە لای ئەوکەسانەی ئەشکەنجەدەرن، بۆ نمونە لێدان بەدارو کێبڵ کە پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە لەبەکارهێناندا، بەبەڵگەی ئەوەی کە هەر لەحوجرەو قوتابخانەکان لەکۆندا (دار) ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە کۆنترۆڵکردن وتەمێکردنی ئەو خوێندکارانەی بە هەرجۆرێک لایانداوە لەڕێساو یاسا گشتیەکان، هەروەها لەبەرئەوەی عێراق کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە لەو سەردەمەدا، لەمێژووی دێرینیشدا یەکەمین شوێن کشتوکاڵی تیا دۆزراوەتەوە هەر عێراق بووە واتە مامەڵەکردن لەگەڵ دار کارێکی ڕۆژانەبووە وجگە لەوەش لە زیندانەکاندا ئەو پاسەوان وکەسانەی کاردەکەن زۆرینەیان داریان پێیە، تا ئەمرۆش ئەگەر بەندینخانەکە لەبنەڕەتدا سزایی بێت، بەمجۆرە دار پشکێکی زۆری بەردەکەوێت لە ئەشکەنجەداندا. سەبارەت بەکێبڵیش بەهەمان شێوە لەپێشتردا ئەگەر قامچی بەکارهاتبێت ئەوا تەنها شێوازەکەی لەقامچییەوە گۆڕاوە بۆ کێبڵ، یەکێک لە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە باسی ئەوەی کرد کە هەندێکجار دار بەتەواوی بەر ئەو شوێنە ناکەوێت کە مەبەستیان بووە بۆیە کێبڵ بەهۆی ئەو نەرمی ونوشتانەوەی کەهەیەتی باشتر شوێنەکانی دەپێکا لەسەرجەستەمان، هەروەها ئازارەکەشی چەندین بەرامبەر بووە.

لێدانی زللە لەدەم وچاو لێدانە لە ناسکترین شوێنەکانی جەستە لەهەمان کاتدا لوتکەی جەستەی مرۆڤی بەردەکەوێت بۆیە هەرکاتێک لوتکەی مرۆڤەکە کۆنترۆڵکرا، بەشەکانی تری جەستە خۆیان بەدەستەوە دەدەن دەبن، واتە تێک شکاندن وسوکایەتی کردن بەناسکترین ئەندامی ئەو تاکە، وا لەقوربانی دەکات زوو ملکەچ بێت لەتێڕوانینی جەلادەوە، هەربەدوای ئەو برگەیەدا لێدان لەبنی پێیەکان دێت کە مەبەست لێی ڕامکردنە، بەومانایەی کە مرۆڤ لەپێ کەوت ونەیتوانی ڕزگاری بێت وهەڵبێت، بیر لەشێوازی دیکەی خۆڕزگارکردن دەکاتەوە کە دانپێدانان باشترین ڕێگایە، لەگەڵ ئەوەی کە زیندانیانی سیاسی پێشبینی ئەم جۆرانەی ئەشکەنجەیان کردووە لەپێشتردا کە کاری سیاسیان ئەنجامداوە، ژمارەیەک خۆیانداوە بەدەستەوە، بەڵام ژمارە زۆرەکە خۆڕاگرییان هەڵبژاردووە، ڕژێمی بەعس بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی سڵی لەبەکارهێنانی کارەبا وهەڵواسینی فەلەستینی نەکردۆتەوە ولە ئاستەبەرزەکانی بەکارهێنانی ئەشکەنجەدانی زیندانەکانیەتی، وە هیچ گومانێک هەڵناگرێت لەژێر چاودێری کەسانی شارەزادا ئەو کارانەی کردووە، بۆ نمونە پێویستی بەوەبوو کە تیمێکی پزیشکی پشکنین بۆ توانای بەرگەگرتنی قوربانی بکەن تا بەبەرزترین ڤۆڵتیەی کارەبایی ئەشکەنجەی بدەن، سودێکی زۆریش بینراوە لە جۆرە بڵاوەکانی ئەشکەنجە لەجیهاندا بۆ نمونە (هەڵواسینی فەلەستینی) بەو

ئاسته بەرزە، کە یەکێکە لەجۆرە هەرە بڵاوەکان کە دەزگای لێکۆڵینەوەی ئیسرائیلی لەدژی زیندانییە فەلەستینیەکان بەکاری هێناوە،

بەجۆرێک کە کەسی قوربانی هەردوو دەستی ڕادەکێشرێتە پشتەوە وهەڵیدەواسن تا پێیەکانی

خشتەی (14) جۆرەکانی ئەشکەنجەی جەستەیی لای ئەندامانی نمونەکە

| لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | تەوەری ئەشکەنجەی جەستەیی | ژمارەی بڕگە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1.08 | 3.17 | لێدان بەدار و کێبڵ لە جەستە. | 11 | 1 |
| 1.04 | 3.15 | لێدان بەبەکارهێنانی دەست و قاچ (هەڕەمەکی). | 5 | 2 |
| 1.03 | 3.11 | لێدانی زلە لەدەم و چاو. | 17 | 3 |
| 1.19 | 2.98 | لێدان لە بنی پێیەکان(فەلاقە). | 4 | 4 |
| 1.28 | 2.87 | هەڵواسینی دەستەکان لەپشتەوە(هەڵواسینی فەلەستینی) | 47 | 5 |
| 1.27 | 2.66 | لێدانی تەزووی کارەبا. | 40 | 6 |
| 1.15 | 2.55 | کێشان بەسکدا. | 2 | 7 |
| 1.13 | 2.54 | کێشان بەسەردا. | 1 | 8 |
| 1.26 | 2.52 | ناچارکردن بەوەستان بە پێوە بۆ ماوەیەکی زۆر. | 6 | 9 |
| 1.27 | 2.46 | پاڵخستن لەسەر زەوی و پێ پێدانان. | 7 | 10 |
| 1.35 | 2.32 | وەستان بەپێوە و بەرزکردنەوەی دەستەکان. | 8 | 11 |
| 1.42 | 2.24 | بەستنەوەی دەست بەقاچەوە لەدواوە. | 9 | 12 |

بەتەواوی لەزەوی دادەبڕێت وهەندێکجار کەسێک خۆی بە قاچەکانیدا هەڵدەواسێت، یان تۆپێکی کانزایی پیادا هەڵدەواسن تاکەسەکە ئارامگری نامێنێت وهەردوو شانی دەردەچێت ودەبووریتەوە.

لێدانی توند وکارتێکەر کەمتر ناوچەکانی سەرو سکی قوربانیەکانی کردۆتە ئامانج چونکە هەر لێدانێکی توند کەبەر سەر وسک بکەوێت ڕاستەوخۆ شوێنەواری گەورە بەجێدەهێڵێت بۆ نمونە زەبرێکی قورس وتوند کاتێک بەرسەر دەکەوێت ڕەنگە کەسەکە تووشی ئیفلیجی نیوەیی جەستەبکات، یان ئەگەر زۆر بەتوندی بدرێت لەسکی کەسەکە ئەندامە هەناوییەکان لەکاردەکەون وڕاستەوخۆ کەسەکە دەمرێت، سەبارەت بە دوو بڕگەی کۆتایی وەستان بەپێوە وبەرزکردنەوەی دەستەکان بۆسەرەوە وبەستنەوەی دەست بەقاچەوە لەدواوە لەجۆرە زۆر بەئازارەکانە کە بە(شبح) دادەنرێت کەسەکە بۆچەند ڕۆژێک لەوبارە قورسەدا دەهێڵرێتەوە وزۆرجار ڕەنگە کەسەکە گیان لەدەستبدات بۆیە، تاڕادەیەک بەکارهێنانی لەو

ئاستەزۆر بەرزەدا نییە، چونکە ئەشکەنجە ئامانجە سەرەکییەکەی لەڕۆژگاری نوێدا بریتی نییە لەکۆتاپیهێنان بەژیانی زیندانیەکان بەڵکو تێکشکاندن وسەرکوتکردن ودەستکەوتنی زانیارییە.

## 2. ئەشکەنجەی دەروونی:

بڕگەی(23) کەبریتیەلە (**جنێو و بەکارهێنانی وتەی ناشرین و نەشیاو**) لەنێو(47) بڕگەی تایبەت بەجۆرەکانی ئەشکەنجەدا پلەی یەکەم وەردەگرێت لەخشتەی(47 پرسیارەکەدا) ئەشکەنجەی دەروونی لای زیندانیان لەلایەن ڕژیمی بەعسەوە بێ هۆکار نەبووە، بێبەرنامە وهەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو بەپلان وبەرنامە دارێژراوبووە، لە ئەشکەنجەی جەستەیی زیاتر بەکارهاتووە، کە لەگەڵ هەریەک لەجۆرەکانی تری ئەشکەنجەدا بەردەوام هەبووە، چونکە ڕێی تێناچێت کەسێک بەکێبڵ ودار لێی بدرێت، بەڵام ئەشکەنجەدەر لەگەڵیدا هاوسۆزی بۆ دەربڕی بێت. لەلایەکی ترەوە جنێو وقسەی نەشیاو هیچ شوێنەوارێک لەسەر جەستەی قوربانی جێ ناهێڵیت بۆیە بۆ پەردە پۆشکردنی تاوانی ئەشکەنجەدەرانە پەنایان بردووە بۆ ئەم جۆرەی ئەشکەنجە، بۆئەوەی لای ڕێکخراوە جیهانیەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ هیچ بەڵگەیەک نەدەن بەدەستەوە. وەک چاوەڕێکردن بۆماوەی زۆر دوو هۆکاری سەرەکی لەبەکارهێنانیدا هەیە یەکەم بۆئەوەی ترس ودڵەڕاوکێیەکی زۆر لە دڵ ودەروونی زیندانیدا دروست بکەن، هۆکاری دووەم بۆئەوەیە بوار بدەنە زیندانیەکان تا بیر لەسەردرکاندن وخۆبەدەستەوەدان بکەنەوە، چونکە لەو ماوەیەدا زۆرجار هەواڵی نادروستیان داوە بەگوێی زیندانیەکاندا وەکو ئەوەی فڵان هاوڕێیان گیراوە ودانی بەهەموو شتێکداناوە یان بۆچەندین ڕۆژ هێشتویانەتەوە وپێیان وتراوە ئیتر کەس نایەت بۆسەردانت کەس وکارەکەشت دەستیان لەتۆ(زیندانیەکە) شتووە، یان لەبنەمادا بەپێچەوانەوە بووە تا پێیان بڵێن کەسوکاریشت دەستگیردەکەین وئەوکاتە هەموو بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە.

تفکردن لەدەموچاو زیاتر مەبەست لێی نەفرەتکردنە واتە کەسێکی نەفرەت لێکراوەو لەکۆتایشدا کەسی نەفرەتلێکراو ئاکامەکەی ڕوونە بەکوشتن ولەسێدارەدان، هەڕەشەکردن بەکوشتنی خودی زیندانی یان کەسوکارەکەی مەبەستی جەلادەکەیە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر کەسێکی بێدەسەڵات وژێردەستە، یان خۆ پیشاندانی توانا وهێزەکەیەتی، یان ڕەنگە ئەزموونی وەهایان هەبوو بێت هەر بەهەڕەشەکردن بەکوشتن کەسانێک خۆیان دابێت بەدەستەوە و بەشێوەی ئەڵقەی زنجیرەیەک جێبەجێی بکەن بەسەر تەواوی زیندانیاندا، یان کاتێک جەلادەکە یان جەلادەکان نەیانتوانیوە هیچ زانیارییەک بەدەست بهێنن و بێهیوا بوون لە زیندانی تا دان بنێت بە کردەیەکدا پەنایان بردۆتەبەر هەڕەشەکردن بەکوشتن.

بڕگەی دانوستان کردن لەسەر ئازادکردنی زیندانیان ئەگەر خوێندنەوەی بۆ بکرێت لەڕوانگەی (جۆرج هۆمانز)ەوە لێی بڕوانرێت، بریتیە لەکرداری وەرگرتن وبەخشین، واتە ئەگەر جەلادەکە زانیاری وەرگرت ئەوا لەبەرامبەردا زیندانیەکە ئازادی پێ دەبەخشرێت، چونکە سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەزۆری بەستراوەتەوە بە پاداشت وسزاوە، بەڵام لەدیدی قوتابخانەی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیەوە مەرج نییە ڕاستەوخۆ پاداشت وەربگیرێتەوە، زۆربەی جاریش لەبەرناهاوسەنگی هێز تێیدا پرۆسەی وەرگرتن وبەخشین دادپەروەرانە نییە، واتا لەبەرئەوەی زیندانیەکان بێدەسەڵاتن هەمیشە دەبێت ببەخشن بەڵام وەرنەگرنەوە**(حەسەن، 2010 : 233).**

سەبارەت بەوەی کەهەندێکجار زیندانیان ناچارکراون بەسەیرکردنی ئەشکەنجەدانی کەسانی تر یان هاوڕێیانیان یان تەنانەت بەبیستنی هاوارەکانیان بەمەبەست بۆ ئەوەبووە کە بەزیندانی بڵێن تۆش هەمان چارەنووست هەیە وتووشی ترسێکی زۆریان بکەن، یان بێدەسەڵات نیشاندانیەتی لەبەرامبەر ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت یارمەتی هاوڕێکانی بدات، یان هەر بۆ سوکایەتی پێکردنی ئەوانەیان بێت کە دانپێدانانیان هەبووبێت لەسەر هاوڕێکانیان یان زیندانیەکانی تر، بەڵام بەو مانایەش نییە ئەوانەی ئەم جۆرە ئەشکەنجەیان بینیوە ئەوانە بن کە خۆڕاگر نەبوون، بەڵکو ئەم چاوەڕێکردنەش بۆئەوە بووە زیندانیە خۆڕاگرەکان تێکبشکێنن.

هەموو ئەو بڕگانەی کە تایبەتن بە بێبەشکردن لەڕێگەی تیۆرەکەی (ئەبرەهام ماسلۆ)وە کاریان لەسەر زیندانیان کردووە، چونکە کاتێک مرۆڤێک بێبەشدەکرێت لە پێویستیە سەرەکیەکانی وەک (خواردن وخەوتن و جووڵە و خۆبەتاڵکردنەوە، تەنانەت هێشتنەوە بۆماوەیەکی زۆر لە ژووری تاکەکەسی ئەویش بێبەشکردنیەتی لە هەناسەدانێکی سروشتی) ئەو مرۆڤە لەهیچ حاڵەتێکدا ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت(Maslow, 1954 : 35_36) وپێویستیەکانی تری کە لەشێوەی شوێنی ئارام لەڕووی جەستەییەوە بێت یان تەندروستی خۆیی خێزان و لەقۆناغی دواتری پێویستیەکانیشدا هاوڕێیەتی و وابەستەیی بۆ ڕێکخراو یان گروپەکەی لەدەستدەدات وئاسانتر دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و زانیاری لێوەربگیرێت، لەهەردوو قۆناغی کۆتایی کە لەهەڕەمەکەی ماسلۆدا متمانەی تاکە بەخۆیی کە زیندانیەکە وردە وردە لەدەستی دەدات وڕێز لە خەباتی چەند وەخت پێشتری خۆی ناگرێت وخۆی دەدات بەدەستەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی، لەکۆتایشدا ئەو قوربانیە ناتوانێت بەتەنگ کێشەکانی خۆیی وکەسەوکارەکەیەوە بێت وکێشەکانیان چارەسەر بکات، بەڵکو دەبێتە سەرچاوەی کێشە بۆیان، بەو مانایەی ناتوانێت واقیع قبوڵ بکات یان داهێنەرو دادپەروەربێت، جگە لەوانە ئەشکەنجەدەر هەوڵ دەدات ئەو کەسە لە هەموو جۆرەکانی بڕیاردان بێ بەش بکات و نیشانی بدات کە ئێستا ئەوان کۆنترۆڵی ژیانی دەکەن. بڕیارە زۆر سەرەتاییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ وەکو کاتی چوون بۆ تەوالێت و خەوتن چیتر لە دەستی ئەشکەنجەدراودا نامێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەشکەنجە بەهەردوو جۆرەکەی لە مانگی یەکەمی دەستگیرکردندا زۆر ئەنجام دەدرێت وتوندییەکەی بەتێپەڕبوونی کات کەمتر دەبێت، چونکە زیندانیەکانیش ڕادێن لەگەڵ جۆرە پراکتیزەکراوەکاندا، ئەشکەنجەی جەستەیی کارکردنە لەسەر ساتی دەستگیرکردن وئەوکاتەی قوربانی تێدایە، بەڵام ئەشکەنجەی دەروونی جگە لەوەی بۆ ئەوساتی ئەشکەنجەدانە ترس وتۆقینی زۆر دروستدەکات، لەهەمانکاتیشدا کارکردنە لەسەر تێکشاندنی زیندانیەکان لەداهاتوودا، چونکە دوای ئازادبوونی زیندانیان گرفتەدەروونیەکانیان دەردەکەون پاشانیش تێروانینی کۆمەڵگا ولەکەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن، بۆ نمونە (ئەندریە مالرۆ) کەیەکەم وەزیری ڕۆشنبیری فەرەنسایە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە کتێبی(دژە بیرەوەرییەکان)دا دەگێڕێتەوە **"کاتێک کە لەژێردەستی سەربازانی سوپای ئەڵمانیادا بووین، ئەو سەربازو فڕۆکەوانانەی کە قارەمان بوون وهەڵدەهاتن، بەڵام کە دەگیرانەوە بۆجاری دووەم هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەکی جەستەییان نەدەدان، بەڵکو پارچەیەک پلێتیان دەهێناو دەیانکردە ملی ئەو کەسانە، وە لەسەر پلێتەکە نووسرابوو (هاوڕێیان من هەڵهاتبووم، ئەوە هاتمەوە ناوتان)، ئاماژە بەوە دەکات تەواوی ئەو کەسانەی ئەوکارەیان لەگەڵ کرابوو مردنیان بەلاوە ئاسانتربووە تا بەوجۆرە سوکایەتیان پێبکرێت"** (مالرو، 1983: 253).

هەروەها یەکێک لەو زیندانیانەی لەشاری کەربەلا زیندانی کرابوو لەگەڵ دایک وباوک وهاوسەرەکەی باسی لەناخۆشترین جۆری ئەشکەنجە کرد کە ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ هاوسەرەکەی یەکتریان دەبینی، کەسێک بەخاولیەکی تەڕوپیس دانەیەکی دەدا بەسەری ئەم زیندانیەدا، کەلەڕووی جەستەییەوە ئازارێکی وەهای نییە، بەڵام خۆی وتەنی ئەوپەڕی بێدەسەڵاتی زیندانیەکەی پیشانداوە وتائێستاش لە هزرو خەیاڵیدا ماوەتەوە.
کەواتە ڕژێمی بەعس زۆر بەوردی وبەشێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو جەستەی قوربانیەکانی کردۆتە ئامانج لەیەک کاتدا ویستوویەتی لەجەستەی بدات وکەسەکەش نەمرێت، ئەشکەنجەی بدات وپێی بڵێت ناتکوژم، ئەمەش لەڕوانگەی مرۆڤایەتییانەوە نەبووە بەڵکو لەبەر ئەو چاودێرییە زۆرە بووبێت کە ڕێکخراوە گەورەکانی وەک ڕێکخراوی مافی مرۆڤ وڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی نەیخەنە ژێر هەڵمەتی ڕەخنەکانیان ولەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شەرمەزاری بۆ دەوڵەتی عێراق دروست نەکات، چونکە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤی ئیمزاکردووە، و لەلایەکی تریشەوە زۆربەی جار ئەشکەنجە مەبەست لێی کۆتایی پێهێنانی لەسەرخۆیە ولەدوور مەودادا ڕووبەڕووی زۆرترین کێشەی جەستەیی ودەروونی بکاتەوە.

ئەم ئەنجامانەش هاوئەنجامن لەگەڵ توێژینەوەی هەریەک لە **(سراج 1990)** و **(پۆناماکی 1988 )** و **(ڕامسی وئەوانی تر1993)** و**(باشگۆلۆ وئەوانی تر1994)** لەبەکارهێنانی جۆرەکانی

ئەشکەنجەی جەستەییدا، سەرجەم ئەو جۆرانەی لەبەرزترین ئاستەکاندان لە وڵاتانی تریشدا جێبەجێکراوە ودەیسەلمێنێت ئەشکەنجە بەتەتها تایبەت نییە بەجێگەیەک یان شوێنێکی جوگرافی ودەسەڵاتێک، هەروەها لەدەرەنجام و ڕەنگدانەوەی دوور مەودادا لەگەڵ تەواوی توێژینەوەکانی پێشوو گونجاوە، بەتایبەتی کە زۆرینەی زۆریان لەبارەی تەندروستی جەستەیی ودەروونیەوە توێژینەوەیان ئەنجامداوە، وەئەوەی دژە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر بەتایبەتی ئەو توێژینەوانە بەشێکی گرنگی ڕەنگدانەوەکانی ئەشکەنجەیان فەرامۆش کردووە کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەیە.

خشتەی (15) جۆرەکانی ئەشکەنجەی دەروونی لای ئەندامانی نمونەکە

| ئاست | ژمارەی بڕگە | تەوەری ئەشکەنجەی دەروونی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 23 | جنێو و بەکارهێنانی وتەی ناشرین و نەشیاو. | 3.24 | 1.17 |
| 2 | 24 | چاوەڕێکردن بۆ ماوەی زۆر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە (ئەشکەنجە). | 3.05 | 1.19 |
| 3 | 18 | تفکردن لەدەم و چاو. | 2.93 | 1.15 |
| 4 | 19 | هەڕەشەکردن بەکوشتن. | 2.78 | 1.33 |
| 5 | 30 | دانوستان کردن لەسەر ئازادکردنی ئەگەر دان بنێت بە تاوانی خۆی یاخود هاوڕێکانی. | 2.70 | 1.44 |
| 6 | 36 | بێبەشکردن لەدەست بەئاو گەیاندن. | 2.66 | 1.26 |
| 7 | 34 | هێشتنەوە لە ژووری تاکەکەسیدا بۆ ماوەی زۆر. | 2.61 | 1.31 |
| 8 | 37 | بێبەشکردن لەوەرگرتنی چارەسەر. | 2.58 | 1.48 |
| 9 | 32 | بێبەشکردن لەخواردن بۆ ماوەیزیاتر لە 24 کاتژمێر. | 2.52 | 1.38 |
| 10 | 33 | بێبەشکردن لە خەوتن بۆ ماوەی زیاتر لە 24 کاتژمێر. | 2.44 | 1.39 |
| 11 | 22 | ناچارکردن بەبینین یاخود بیستنی ئەشکەنجەی کەسانی تر. | 2.42 | 1.44 |
| 12 | 35 | بێبەشکردن لە جووڵە (خستنە ناوشوێنی تەسکەوە). | 2.37 | 1.41 |

## دووەم: ئەنجامی پێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە

### أ. شوێنەواری جەستەیی

زۆربەی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دەناڵێن بەدەست نیشانەکانی نەخۆشی ناوەندە کۆئەندامی دەمارەوە ونیوەی قوربانیەکانیش نیشانەکانی پەیوەندیداریان هەیە بەناوەندە دەمارەوە (88% بەرامبەر 42%) زۆربەی نیشانەکانی تووش بوون بە نەخۆشی دەماری دەگەڕێتەوە بۆ زەبر گەیاندن بەسەری ڕزگاربووانی ئەشکەنجە، ولەو نیشانانەش ئازاری سەرو

لاوازی لەتەرکیز ویادکەوتنەوە وشڵەژانی ئیدراکی، سەرگێژخواردن و ماندوویی، ئەگەر قوربانی لەکاتی ئەشکەنجەدا چووبێتە باری بێهۆشی(coma) ئەوا مەترسی دەرکەوتنی شوێنەوارە دواکەوتەکانی ئەشکەنجە ئەگەری زۆر زیاتر دەبێت لەلای قوربانی، هەروەها تووشبوون بە کۆنیشانەی نەخۆشی لەئەنجامی شڵەقانی مێشکەوە بەهۆی لێدانی سەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخوود لێدانی تەزووی کارەبا کەدەبێتە هۆی گرژبوون، سەرەڕای نقومکردنی سەر لەئاودا، کەدەبێتەهۆی نەمانی هەناسەدان وجەستەش لەم کاتەدا ئۆکسجینی مێشک بەکاردەهێنێت کە چەند کردارێکن ڕەنگە ببنەهۆی زیانگەیاندن بەمێشک( Jacobsen& Nielsen, 1997: 64_65).

سەر ئێشە بە ئاستی یەکەم هاتووە لەخشتەی (16) لەڕاستیدا خۆی نەخۆشی نییە، بەڵکو بە نیشانەی چەندین نەخۆشی وگرفتی جەستەیی دادەنرێت، بۆنمونە کەسێک ئەگەر زیندانیش نەکرابێت وئەشکەنجەی نەبینیبێت، بەڵام کەمخوێن بێت، یان ڕێژەی ڤیتامینات کەم بێت، یان فشاری خوێنی بەرزو نزم بێت ئەوا تووشی سەر ئێشەی دەکات بۆیە بوونی ئازاری سەر ئەگەر زەبری بەرکەوتبێت ڕاستەوانەیە ئازارەکە لەگەڵ ئەشکەنجەدا، بەلام ئەگەر ئەشکەنجەکە ئەو هەر گرفتێکی تری جەستەیی بۆ قوربانیەکە درووستکردبێت ئەوا بەهەمان شێوە ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی ئەشکەنجەیە. ئەوەی زۆر گرنگە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لەنیوان زەبری دەروونی وئازاری بەشی خوارەوەی پشتدا هەیە، بەڵام لەبەرنەبوونی توێژینەوە تا ئیستا نازانرێت هۆکارەکانی چیین؟ بەڵام ئەگەر گرفتی دەماری ئەو هەموو کێشەو گرفتە جەستەییە بەدوای خۆیدا پەلکێش بکات ئەوا هەمان بۆچوون بۆ ئەو پەیوەندیە ڕاستە، واتە گرفتێکی دەمارییە بۆتە هۆکاری ئەو ئازارە(Scaer, 2014: 47). بەگشتی هەموو کێشە جەستەییەکان پشکیان بەردەکەوێت وەک ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجە لەسەر زیندانی، ئەگەر بۆ نمونە کۆنیشانەی قامچی(Whiplash Syndrome) کە پێشتر ڕوونکراوەتەوە زۆربەی زۆری ئەو گرفتانە دروست دەکات لای زیندانیان، بەڵام توندی ودووبارەبوونەوەی ئەشکەنجەکە لەکەسێکەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی تر.

سەبارەت بە شێواوی جەستە ولەدەستدانی ئەندامێکی جەستەکە بەڕێژەیەکی زۆر کەم بوونی هەیە لای نمونەی توێژینەوەکە زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەشکەنجەدەرەکان بەبەرنامە ئەو کارەیان کردووە ونەیانویستووە بیانوو بدەن بەدەستەوە تا کارەکەیان ئاشکرا نەبێت، وە تاکە ئەندامی زەرەرمەندن لەهەموو ئەندامەکانی تر زیانی بەردەکەوێت لە ئەشکەنجەداندا پێستە، پێستیش بەتەواوی لەناوناچێت زیندانیەکە لەدەستی نادت، بەڵام کەمینەیەک لەزیندانیەکان چاو یان گوێیان لەدەستداوە یان چەند پەنجەیەکیان بەتەواوی نەماوە.

زۆربەی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دەناڵێنن بەدەست ئازاری جەستەییەوە و ناتوانرێت هۆکارە ئەندامیەکەی بدۆزرێتەوە کەبە دەروونی_جەستەیی ناودەبرێت، سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە هۆکاری باری دەروونی و جەستەیی وکۆمەڵێک نیشانەی دەروونی ودەماری کە لای ڕزگاربووانی ئەشکەنجە هەیە بگەڕێتەوە بۆ فشاری دەروونی بەردەوام، وە بۆدڵنیا بوونەوەش لەوە تێبینی ئەوە کراوە کەلای خەڵکانی تریش فشاری دەروونی درێژخایەن دەبێتەهۆی ئەو نیشانانە(Scaer, 2014: 110).

خشتەی(16) شوێنەوارە جەستەییەکانی ئەشکەنجە

| ئاست | ژمارەی بڕگە | تەوەری شوێنەواری جەستەیی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | سەرئێشە. | 2.76 | 1.18 |
| 2 | 9 | ئازاری بەشی خوارەوەی پشت. | 2.63 | 1.23 |
| 3 | 10 | سڕبوونی جەستە. | 2.35 | 2.11 |
| 4 | 8 | گرژبوونی ماسولکەکان. | 2.32 | 1.36 |
| 5 | 3 | لاوازی لە بیناییدا. | 2.26 | 1.39 |
| 6 | 11 | بە گشتی لاوازبوون لە هەموو جەستەدا. | 2.25 | 1.61 |
| 7 | 2 | گێژبوون و لەرزین. | 2.18 | 1.33 |
| 8 | 6 | هەناسە توندی. | 2.17 | 1.47 |
| 9 | 12 | هەستکردن بەقورسی دەست و پێ. | 2.15 | 1.48 |
| 10 | 5 | ئازاری سنگ و دڵ. | 2.12 | 1.39 |
| 11 | 4 | لاوازی لەبیستندا. | 2.08 | 1.89 |
| 12 | 7 | دڵ تێکەڵبوون و ڕشانەوە | 1.69 | 1.34 |
| 13 | 14 | شێواوی (تشوە) جەستە، گۆڕینی شێوەی لەش. | 1.01 | 1.49 |
| 14 | 13 | لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە. | 0.92 | 1.51 |

## ب. شوێنەواری سێکسی

سەبارەت بەتەوەری ڕەنگدانەوەی سێکسی کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵ دەبینێت لەسەر ئەو جۆرە لەڕەنگدانەوەیە، یەکێک لەوهۆکارانە خودی ئەشکەنجەی سێکسیە کاتێک کەسێک یان زیندانیەک بەکارەبا ئەشکەنجەی ئەندامی زاوزێی درابێت، تەنها مەبەست لەو ئازارە جەستەییە نییە کە لەوکاتەدا دەیچێژێت، بەڵکو ئامانج لێی دورخستنەوەی زیندانیە لە پێویستیە سەرەکیەکانی کە کرداری سێکسکردن، لەئەنجامدا گرفتی خێزانی وگرێی دەروونی بۆ قوربانیەکە دروستدەکات،

هۆکارێکی تر تەمەنی زیندانیەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، چونکە هەڵکشانی تەمەن لاوازی سێکسی دروست دەکات، واتە لاوازی سێکسی لای ئەو زیندانیانەی کە تەمەنێکی گەورەیان هەبووە ئەشکەنجەی سێکسیش دراون ڕەنگدانەوەی سێکسی کاریگەرترە وزیاتر دەردەکەوێت کەلای زۆرینەی ئەندامانی نمونەکە لاوازی سێکسی بەدیدەکرێت، بەدڵنیاییەوە ئەگەر کەسێک هەستیاری لەئەندامی زاوزێ هەبێت بەهۆی کارەباوە شوێنەواری کارەبا لێدان ماوەتەوە لەسەر ئەو ئەندامەی هەروەها لەهەموو پرۆسەیەکی سێکسیدا ئەو لێدانی کارەبا وئازاردانە جەستەییەی بیردەکەوێتەوە لەڕووی دەروونیشەوە ئامادەباش دەبێت بۆ تووشبوونی ئەو ئازارە لەوکاتەدا، چونکە هەندێک بیروهزر بەشێوەی خۆنەویست دێنەوە یادەوەری ئەو کەسە، وەک جۆرێک لەچەخماخە(Trigger) ( A practical Guide to the Istanbul Protocol for Psychologist, 2004: 19). سەبارەت بە پەککەوتن ولەدەستدانی بەشێک لەئەندامی زاوزێ دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لەنێوان ئەشکەنجەی سێکسی قوربانیان ودەرکەوتن وسەرهەلدانی کێشەو گرفتە سێکسیەکان بەڕێژەی (40%)دا لای قوربانیانی ڕزگاربوو(Inge Lunde & Jorgen Ortmann, 2007: 315) ، یان ڕق ئەستووری ئەشکەنجەدەرەکەیە لەوکاتەدا، ئەوانیش زۆر جار ناڕازین لەکارەکەیان وتووڕەبوونی خۆیان لە زیندانیەکاندا بەتاڵ دەکەنەوە و هەموو ئەو شوێنانەی جەستەیان بۆ دیاریدەکرێت و بەژمارەش دەبێت ئەشکەنجە بدەن، ئەگەر هەندێک جار بۆنمونە یەک کێبڵ زیاتری لەو ژمارەیە دابێت لە زیندانیەکە، ئەوا ئەویش ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بۆتەوە، بەمجۆرە ئەشکەنجەدەرەکەش تووشی بێزاری دەبێت، وتەنانەت لەڕووی دەروونیەوە زۆرینەیان تووشی(PTSD) دەبن، ئەمە لەکاتێکدا کەسێک نەبێت چاودێری ئەشکەنجەدەرەکە بکات، وەهۆکاری دووەم زیاتر لەو کاتانەدا ئەشکەنجە ئەندامەکانی زاوزێ دەدرێت بەخراپترین شێوە کە زیندانیەکە لەسەرەتای دەستگیرکردنەکەیدا نکۆڵی لەهەموو شتێک دەکات، وئەشکەنجەدەرەکانیش بەشێوەی هەڕەمەکی لێی دەدەن بۆنمونە شەق لێدان بەتوندی لە ئەندامی زاوزێ کە ئەم جۆرەی ئەشکەنجە لەناو جۆرە جەستەییەکاندا دووەم ئاستی هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە زیان بەو ئەندامانەی زیندانیەکان بکەوێت و ببێتە هۆی لەدەستدان وپەککەوتن، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەوکەسەی کە بەهەڕەمەکی لێیدراوە بەشێک لەئەندامەکانی زاوزێی لەدەستدابێت، هەرچەندە زۆرێک لە زیندانیەکانی نمونەی توێژینەوەکە وەڵامی ئەو تەوەرەیان نەداوەتەوە وتوێژەر پێوەرەکانیانی بە خراپبوو ئەژمارکرد، چونکە بەشەرم وشوورەییان دادەنا لەو کاتانەی کە پێوەرەکانیان بەسەردا

دابەش دەکرا وزۆرینەیان دەیان ووت ئەم بابەتە زۆر هەستیارە بەڵام دوای ڕوونکردنەوەی توێژەر بۆیان، ئەو زۆرینەیە لە نیوە زیاتر وەڵامیان دەدایەوە.

خشتەی(17) شوێنەوارە سێکسیەکانی ئەشکەنجە

| ئاست | ژمارەی برگە | تەوەری شوێنەواری سێکسی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 15 | لاوازی ئەندامی زاوزێ. | 1.41 | 1.55 |
| 2 | 18 | هەستیاری لە ئەندامی زاوزێ. | 1.33 | 1.61 |
| 3 | 19 | بوونی ئازار لەکاتی سێکسدا. | 1.17 | 1.44 |
| 4 | 20 | بوونی ئازاری زۆر و بەردەوام لە ئەندامەکانی زاوزێدا. | 1.02 | 1.35 |
| 5 | 21 | تووشبون بەنەخۆشی لەئەندامەکانی زاوزێ (دەوالی گونەکان) | 0.79 | 1.31 |
| 6 | 16 | پەککەوتنی ئەندامی زاوزێ. | 0.78 | 1.34 |
| 7 | 17 | لەدەستدانی بەشێک لە ئەندامی زاوزێ(گونەکان). | 0.66 | 1.28 |

## ج. ڕەنگدانەوەی دەروونی

بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو برگانەی کەلەتەوەرەی ڕەنگدانەوەی دەروونیدا توێژەر بەکاری هێناون، لە نیشانە سەرەکیەکانی هەردوو نەخۆشی زۆر بڵاوی دوای ئەشکەنجەن کەئەوانیش(خەمۆکی وتەنگژەی پاش زەبری دەروونین) ئەنجامەکان ئاماژە بەبوونی نیشانە سەرەکیەکانی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی دەکەن چونکە(6) ئاستی یەکەمی ڕەنگدانەوە دەروونیەکان و ئاستی (10) بەرامبەر بەژمارەی برگەکان لە پێوەرەکەدا بریتین لە(25، 27، 29، 26، 23، 30، 32) لەونیشانانەن کەزۆر سەرەکین لە دەستنیشانکردنی(PTSD) بوونی یادەوەری بەردەوام لەگەڵ ئەشکەنجە مانای وایە هێشتا لەگەڵ ئازارەکانی زیندان دەژین وئەمرۆیان خۆشتر نییە لەدوێنیی زیندانیان، بارودۆخە سیاسیەکە وئەو قەیرانانەی بەسەر تاک بەتاکی ئەم هەرێمەدا هاتووە، کارێک دەکات کە ئاوات بەڕۆژانی زیندانیکردنیەوە بخوازێت، چونکە بەلای کەوە ئەوکاتە خێزانەکەی یان خزمەکانی لەژێر هەڕەشەی نەبوونی ناندا نەیاننالاندووە، ئەم ئاوات خواستنە وای لێدەکات هەمیشە لەبیری زینداندا بێت، تەنانەت هەندێک لەزیندانیەکان باس لە ئازادبوونیان دەکەن لە زیندانێکی بچوک وکاتی بۆ زیندانێکی گەورەترو هەمیشەیی.

بۆئەوەی کەسانێک دەستنیشانبکرێن بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی مەرجە ئەم نیشانەیەی هەبێت، سەبارەت بە ئاستەکانی دووەم وچوارەم ودەیەم یەکێکن لەنیشانە سەرەکیە

یەکلاکەرەوەکانی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی مەرجە ئەوکەسەی پێی دەوترێت(PTSD)ی هەیە، ئەم نیشانەیەی هەبێت بەمانایەکی تر خۆلادان ئەگەر لای ئەو زیندانیانە نەبێت ئەوا بەو نەخۆشیە دانانرێت، بۆ نمونە ئەگەر زیندانیەکان بەلای ئەمنە سوورەکەدا تێپەڕبن وهیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەکات، یان سەیری بەرنامەیەکی تایبەت بە ئەشکەنجە بکەن وگرفتیان نەبێت، ئەوا بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی دانانرێت، گرفتەکان بەپلەی یەکەم مەبەست لێی (Flash back)، لەگەڵ گۆڕانکاریە جەستەیی وڕەفتاریەکان. سەبارەت بە ئاستی سێیەمی برگەکان و بیرکەوتنەوەی پچڕپچڕی کاتی زیندانیەکەی، مەبەست لێی ئەوکاتەی کە ئەشکەنجەی تێیدا دەدرا، یان ئەو جۆرەی ئەشکەنجەیەی چەشتوویەتی یان کەش وهەوا وئەوکەسانەی کە ئەشکەنجەیانداون، بۆنمونە ناوی ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی خودکار دێتەوە بیری زیندانیەکە، یان بۆنێک لەوکاتەدا بۆنی کردووە، یان دەنگێک کە گوێ بیستی بووە، ئنجا دەنگەکە هەڕەشە یان سوکایەتی پێکردن یان هاواروقیژەی زیندانیانی تر بێت، یان شێوەی ژوورەکە کە تیایدا ئەشکەنجەدراوە، بیروهزری لەوکاتەدا چۆن بووە بەشێکی کەمی بیردەکەوێتەوە، ئازارەکەی خۆ دوای چەندین ساڵ ئەو ئازارەی نییە کە پێشتر دراوە، بەڵام هەرکاتێک ئازاری هەبێت لەشوێنێکی جەستەیدا ڕاستەوخۆ دەیباتەوە سەر کاتی زیندانیکردنی، هەروەها هەستی چۆن بووە لەو کاتەدا بەشێوەی ترس بێت یان نادڵنیایی لای دووبارە دەبێتەوە ئەگەر بارودۆخێکی ناهەموار بێتە پێش بۆی( A practical Guide to the Istanbul Protocol for Psychologist, 2007: 26).

تێکچوونی خەو نیشانەیە بۆ زۆربەی زۆری نەخۆشیە دەروونیەکان، واتە بەشیوەیەکی گشتی هیچ نەخۆشیەکی دەروونی نییە، کەخەوی کەسەکەی تێکنەدابێت، ئنجا ئەو تێکچوونە بە زیادبوونی خەو بێت یان بەکەمبوونەوەی خەو بێت، لەهەردووبارەکەدا خەو نائاساییە، بەڵام بەپێی تێبینی توێژەر بێت زۆرینەی قوربانیان خەویان کەمە، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر خەوتن بە گرفت دانانرێت یان زۆر بەکەمی وەک گرفت لێی دەڕوانرێت، هەروەها(PTDS)یش لەو نەخۆشیانەیە وا دەکات کەسەکان خەویان پچڕپچڕ وخەونی ناخۆش ومۆتەکە لەخەوەکانیاندا زۆربێت بەو بەڵگەیەی کە لە ئاستی دواتری برگەکاندا ئاماژە بۆ بوونی مۆتەکە وخەونی ناخۆش دەکرێت لای زیندانیان لە خەویاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک زیندانی کاتژمێرەکانی خەوی زیاتر دەبێت لەدوای ئازادبوونی لەزیندان، کەسەکە وەکو میکانیزمی بەرگری بەکاری دەهێنێت بۆ خۆلادان لەبەرچاوی خەلک وکۆمەڵگە وهەموو نالاندنانەی بەهۆی ئەشکەنجەوە تووشی هاتووە، ئەم زۆر خەوتنەش دەبێتە خوویەک وزیندانیەکە بەردەوام دەبێت لەسەری.

هەموو ئەو بڕگانەی کەماونەتەوە لە ئاستەکانی(7، 8، 9، 11، 12، 13، 14، 15) لەو نیشانانە کە ئەگەر لەهەرکەسێکدا هەبێت دەتوانرێت بە خەمۆکی دابنریت، واتە لە نیشانە زۆر بەهێزەکانن بەم جۆرە خەمۆکی لەدوای تەنگژەی پاش زەبری دەروونیەوە دێت لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، زۆر ئاساییە چونکە لەدواجاردا خەمۆکیەکەش ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجەیە لەگەڵ بوونی هۆکاری خودی وبابەتی، هەمیشە ڕێژەی تووش بوون بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی زیاترە لای هەموو ئەوکەسانەی ڕووبەڕووی زەبری دەروونی بوونەتەوە، هەروەها لەڕووی توندییەوە خەمۆکی توندترە لە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی، واتە ئەگەر کەسێکی ڕزگاربوو لەزەبری دەروونی یان زیندانیەک کە چەندین جۆری ئەشکەنجەی بینیوە و ڕەنگدانەوەی ئەشکەنجە کە دەرکەوتووە لەسەری تەنگژەی پاش زەبری دەروونی وخەمۆکی بێت ئەوا ئەو کەسانەی لەبواری چارەسەرکردندا کاردەکەن گرنگی زیاتر بە خەمۆکی دەدەن، چونکە کەسیک کە خەمۆکە ڕێژەی خۆکوشتن زۆر زیاترە لەلای، بەبەراورد بەکەسێک کە گرفتارە بەتەنگژەی پاش زەبری دەروونی(DSM_5, 2014: 75)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نیشانەی هاوبەش هەیە لەنێوان هەردوو نەخۆشیەکەدا بۆ نمونە تێکچوونی خواردن وخەو، یان کەمبوونەوەی کۆجێیی، یان نواندنی شەڕەنگێزی، ولاوازبوونی متمانە وهەستکردن بەتاوان، بەڵام چەندین جیاوازیشیان هەیە، ئەو کەسانەی خەمۆکن خەونەکانیان زیاتر بریتی دەبێت لە بەربوونەوە لەشوێنی بەرز، یان کەسێک ڕاویان دەنێت، بەڵام کەسێک کە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی هەبێت زیاتر خەونەکانی لەدەوری زەبرە دەروونیەکەدا دەخولێتەوە بۆ نمونە زیندانیان زیاتر خەون بە زرەی کلیل وهاواری قوربانیەکان وپێکەنینی ئەشکەنجەدەرەکەوە دەبینن، زۆربەی کات ئەوانەی تووشی خەمۆکی دەبن خواردنیان کەم دەبێتەوە، بەڵام مەرج نییە لای کەسانی تووش بوو بە تەنگژەی پاش زەبری دەروونی خواردنیان کەمبێتەوە، بەڵکو زۆرجار بەمەبەستی خۆگونجاندن وبیربردنەوەی ئەو دۆخەی بەسەری هاتووە پەنا بۆ خواردنی زیاتر دەبات. بەمجۆرە لە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکاندا گرنگە ڕەچاوی ئەو وردەکاریانە بکرێت.

ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت بیرکردنەوە یان هەوڵی خۆکوژییە لە نزمترین ئاستیدایە، هۆکاری سەرەکی بۆ بوونی ئەو بیروباوەڕە دەگەڕێتەوە کەخەباتیان بۆی کردووە، واتە کەسانێکی پەیوەستدارن بە نیشتمان ونەتەوەکەیانەوە وزۆرینەیان چاوەڕوانی ئەوە بوون شەهید بن یان ئەشکەنجە بدرێن، بۆیە بیروباوەڕیان ئەو بیرۆکە وهەوڵی خۆکوژییە کەمدەکاتەوە لایان، هەروەک لای (دۆرکهایم) بەڕوونی باسی کەسانێک دەکات کە خۆکوشتن کەمترە لای ئەوانەی پەیوەستیان هەیە بە دین ونەتەوە وکۆمەڵگاوە، واتە هۆکاری ئایینی کەزۆر گرنگە لەکەمکردنەوەی بیرۆکە وهەوڵی خۆکوژی(Durkheim, 2011: 247)، ئەگەر

کەسانێکیانێکیش ئەوجۆرە بیرۆکەیان هەبێت دەبێت بەهەند وەربگیرێت ولەڕێگەی هاندان وپاڵپشتیکردنەوە بەمەبەستی داواکردنی ڕێنمایی دەرونی وچارەسەرکردن.

خشتەی (18) شوێنەواری دەروونیەکانی ئەشکەنجە

| ئاست | ژمارەی بڕگە | تەوەری ڕەنگدانەوەی دەروونی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 25 | یادەوەری بەردەوام لەگەڵ ئەشکەنجە. | 2.77 | 1.23 |
| 2 | 27 | سەیرنەکردنی بەرنامەی تایبەت بە ئەشکەنجە. | 2.59 | 3.50 |
| 3 | 29 | بیرکەوتنەوەی هەندێک دیمەنی ڕوداوەکان بە پچڕ پچڕی. | 2.57 | 1.15 |
| 4 | 26 | دوورکەوتنەوە لەو جێگایەی کە زیندان بوویت. | 2.44 | 1.46 |
| 5 | 23 | تێکچوونی خەو (+) (-) | 2.27 | 1.43 |
| 6 | 30 | بوونی دێوەزمە و مۆتەکە بە زیندانەوە لەخەودا. | 2.16 | 1.35 |
| 7 | 33 | بێئومێدی بەرامبەر بەژیان و داهاتوو. | 2.14 | 1.50 |
| 8 | 35 | لەدەستدانی هەستی چێژ بینین لە ژیان. | 2.04 | 1.58 |
| 9 | 31 | کەمبوونەوەی تەرکیز(کۆجێی) یاخود نەمانی. | 2.02 | 1.35 |
| 10 | 32 | دوورکەوتنەوە لەو چالاکیانەی یادەوەرییەکەی دەوروژێننەوە. | 1.92 | 1.44 |
| 11 | 28 | نواندنی ڕەفتاری شەڕەنگێزی. | 1.79 | 1.44 |
| 12 | 22 | تێکچوونی خواردن (+) (- ) | 1.76 | 1.30 |
| 13 | 34 | لاوازبوونی متمانە بەخود. | 1.59 | 1.47 |
| 14 | 24 | هەستکردن بەتاوان. | 1.30 | 1.46 |
| 15 | 36 | بیرکردنەوەی خۆکوژی، یان هەوڵی خۆکوشتن. | 0.96 | 1.28 |

## د. ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی لای ئەشکەنجەدراوان، کۆکراوەی هەرسێ ڕەنگدانەوەی پێش خۆیەتی، واتە کاتێک کەسێک ڕەنگدانەوەی جەستەیی لەسەری زۆر بێت ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیشی بەهێزە، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی دەکرێت هەموو ئەو لایەنانەی پێشوو بەشێک بن لێی، بەمانایەکی تر هەر سێ تەوەری جەستەیی وسێکسی ودەروونی دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، کەواتە لەیەک کاتدا خۆیان سەربەخۆن وهۆکاریشن بۆ دروستبوونی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی.

برگەی(60) لەپێوەری ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجەدا بەرزترین ئاستی هەیە ولەپلەی یەکەمدایە بەپێی ناوەندەژمێرەی بەدەستهاتوو کەبریتیە لە(2.24) لە خشتەی(19)، بێ هۆکار نییە لەبەرزترین پلەدا هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێک، یەکەم، هەرکەسێک کە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە هاتووە ئەگەر یەکێک لە ئەندامەکانی تووشی لاوازی یان لەدەستدان بووبێت ئەوا بێگومان وەک کەسێکی ئاسایی ناتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات (Performance) واتە بەشێک لەکارامەیی وشارەزاییان لەدەستدەدات، چونکە تەنها ڕووبەڕووبوونەوە بەزەبرێکی دەروونی، کە مرۆڤ نەتوانێت گۆڕانکاری تێدا بکات خۆی بەبێدەسەڵات دەبینێت، یان بەهۆی ئەوەی کە چەندین مانگ وساڵ دوورکەوتۆتەوە لەوپیشەیەی پێشتر ئەنجامی داوە داهاتی کەمیکردووە، تا قەرەبووی دەکاتەوە زۆر دوای دەخات(Jacobsen& Nielsen, 1997:144_145). هەروەها بەردەوام کۆمەڵگە لەپێشکەوتندایەو پێویستیەکان تەنها لە ئاستی پێویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤدا ناوەستێت، بەڵکو زیاد بوونی پێویستی ناسەرەکیەکان(کمالیات)ی وەک گۆڕانکاری خێرای تەکنەلۆژی ودروستبوونی خێزانی ناوەکی وزۆربوونی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاک، ئەمانە هەموو فشاردەخەنە سەر زیندانیان تا دوا نەکەون ولەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بڕۆن، یان لەدەستدانی کارو نەبوون یان کەمبوونەوەی هەلی کارکردن وداوکەوتن لەخوێندەواری وبەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز ودانەمەزراندنیان لەفەرمانگەکاندا، کەرتی تایبەتیش کەسانێک دەگرێتەخۆی لەئاستێکی باڵای بڕوانامە وخوێندەواریدا بن، ئەگەر لەگەڵ برگەکانی تری پەیوەندیدار بە کەمبونەوەی داهات وئاستی بژێویەوە پێکەوە شی بکریتەوە کەهەموویان ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بەیەکتریەوە وکاریگەرییان بەشێوەیەکی تەواوکاری لەسەر یەکتر هەیە، بۆ نمونە ئاستەکانی (5، 13، 18، 19) کەبەرامبەرن لەگەڵ برگەکانی(57، 58، 59، 49) بەهەموویان ئەو خراپی باری ئابووریە دروستدەکەن و دەبنە هۆی کەمی ئاستی داهات وخراپتربوونی ئاستی بژێوی، ئەگەر کەسێک ناچار بێت بەگۆڕینی کارەکەی ئەوا تا ڕادێت لەگەڵ کارە نوێکەی تا فێردەبێت کاتی پێویستە، یان هەر لەبنەڕەتەوە کارە نوێکەی داهاتی کەمترە، یان گۆڕینی شوێنی کار بەهەمان شێوە پێویستی بەخۆگونجاندنە تا بەشێوەیەکی باش لەگەڵ شوێنە تازەکەی لەسەرەتادا و پاشانیش کارەکەی، ناچاربوونیش بەگۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونەوە کاریگەری کەمتر نییە لەو برگانەی پێش خۆی چونکە کەسەکە دەبێت متمانەی ئەو خەڵکە تازەیە بەدەستبهێنێت سەبارەت بەکارەکەی، یان لەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی قوربانیەکە بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو متمانە کۆمەڵایەتیەکەشی لەناودەبات وهەندێکجار بەلێسەندنەوەی ئەو پۆستەی هەیبوە مایەپووچ دەبێت ودەبێت لەسەرەتاوە دەستپێبکاتەوە ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت وفشاری زۆری دەخاتەسەر

کەڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو لایەنەکانی تری ژیانی دەبێت( Auraora A. Parong et al, 2007: 483).

لێکدانەوەیەکی تر بەتایبەت لەبارودۆخێکی قەیراناویدا کەهەموو خەڵکی بەگشتی لەژێر کاریگەری نەبوونی موچە وتێکچوونی دۆخی ئابووری لەعێراق وکوردستاندا ڕەنگە وەک هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ ئەوەی لەئێستادا گەورەترین کێشە وگرفتی کۆمەڵایەتی نەک لای زیندانیان، بەڵکو لە تەواوی کۆمەڵگادا خراپبوونی ئاستی بژێوی وکەمبوونەوەی داهاتە، بۆیە ئاساییە کەپلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، بۆ نمونە تەنانەت ئەو کەسانەش کە لەهەڵبژاردنەکاندا لێدوانەکانیان زیاتر لەبارەی بەرەوپێشبردنی ئابووری ورەخنەگرتن بووە لەسیستمی ئابووری بەرزترین ڕێژەی دەنگیان بەدەستهێنا لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا.

سەبارەت بە هەریەک لە ئاستەکانی(2، 4، 7، 8، 9، 21) بەرامبەر بە بڕگەکانی(42، 41، 37، 40، 39، 54)ن لەپێوەرەکەدا، هەموویان گوزارشت لە چالاکی وتێکەڵابوونی زیندانیان دەکەن، یان بەو مەبەستە پێشکەشکراون لە پێوەرەکەدا، ئەو چالاکیانەن بەشێوەیەکی تەواوکاری پەیوەندی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە بۆنمونە کاتێک بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەک پرۆسەی هاوسەرگیری، یان ساڵڕۆژی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە کەهەموو ساڵێک (6/26)ی بۆ تەرخانکراوە، زیندانیان نایانەوێت بەشداری بکەن لەبەر کۆمەڵێک هۆکار کە ئەویش یان متمانەیان بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ نەماوە، یان دەترسن لەو یادەدا کۆمەڵە بابەتێک ببێتە جێگەی سەرنجی کەسەکان وهەست بکەن کەوتوونەتەوە هەمان دۆخی زیندانیکردن وئەشکەنجەدان، چونکە سروشتی زەبری دەروونی وایە مرۆڤ دەگۆڕێت لەکەسێکی لەسەرخۆوە بۆ کەسێکی بێ ئارام، کەسێک کەتوانای فەرامۆشکردنی هەندێک بابەتی هەبووە پێشتر دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی زۆر هەستیار، بەمەبەستی خۆپاراستن لەو دۆخانە ودوورکەوتنەوە لە گرژی باشترین بژاردە بۆ ئەو بریتیە لەو خۆبە دوورگرتنە(**حەسەن، 2017، 50**). وە گومانی تێدا نامێنێت کاتێک مرۆڤ نەیەوێت بەشداری بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بکات ئەوا دوور دەکەوێتەوە لە خەڵک بەگشتی، وچالاکیەکانی کەمدەبێتەوە وپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لاوازتر دەبێت، سەرەنجام کەسەکە جۆرێک لەهەستیاری بۆ دروستدەبێت سەبارەت بە سرووتە کۆمەڵایەتیەکان کەمەبەست لێی (شێوازی)میکانیزم ئەنجامدانی ئەو سروتانەیە و هەریەکەش بەجۆرێکە، بۆیە ڕادەی هەستیاری زیادەکات وهەوڵی خۆدوور خستنەوە دەدات تەنانەت لەکەسانی زۆر نزیکی خۆی، ولەهەر شوێنێک کۆڕو کۆبوونەوە هەبێت ئەو ئامادەیی نییە ونایەوێت بەشدارییان لەگەڵدا بکات، ئەمەش ترسی بۆ دروستدەکات لەهەر جێگایەک کە کۆبوونەوەی خەڵکی تیابێت، یاخود شوێنەکە شوێنێک بێت بەکۆڕو دانیشتنەکان بەشێوەی گروپ، زیندانیانی نمونەی توێژینەوەکە ئەو ڕاستیەیان سەلماند، ئیتر بەمجۆرە

کەسانێکن خۆشحاڵ نین لە بۆنە وسروتە کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆئەوەی تووشی ئەو ناخۆشحاڵیە نەبن ودوور بن لەدڵەڕاوکێ ونائارامی، چارەسەری ئەو دۆخە بەبەشداری نەکردن ئەنجام دەدەن(Diana Kordon et al, 2007: 443).

ئاستەکانی(6، 12، 14، 15، 17، 20، 22) لەخشتەی(19) بەرامبەر هەر یەکێکیان بریتیە لە بڕگاکانی (64، 63، 48، 55، 62، 61، 53) لەپێوەرەکەدان، سەرجەم بڕگەکان ئەو بڕگانەن کە پەیوەندی نێوان زیندانیەکان وکەسانی تر ڕون دەکاتەوە جگە لە ئەندامانی خێزان، دەرکەوتووە کە گومانکردن لەخەڵکی لەپلەیەکی بەرزدایە وئاستی(6)ی وەرگرتووە لە ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش کارێکی ئاسایی ورەوایە بە بۆچوونی زیندانیان، چونکە هەمیشە زیندانیان لەلایەن کەسانی ترەوە هەواڵیان دەدرێت، کە یان دراوسێ، یان هاونەتەوەکەی خۆیەتی، یان کەسانێکن لەخزمەکانی، بۆیە دوای ئازادبوونیان گومان دەکەن، چونکە ئەو کەسانەی کاری سیاسی دەکەن ودژایەتی دەسەڵات دەکەن هەمیشە بەنهێنی ئەو کارە دەکەن تا ئاشکرا نەبن، بۆیە کاتێک دەستگیردەکرێن گومان لەخزمە نزیکەکانیشیان دەکەن، لەبەرئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ودادەبڕێت وگۆشەگیری کۆمەڵایەتی بۆ دروستدەکات، هەستی چەوساندنەوەی لا دروست دەبێت لەلایەن خەڵکیەوە بەمەش متمانەی بەکەسانی تر نامێنێت وهەندێکجار زیندانیەکان هەوڵدەدەن بۆتۆڵەسەندنەوە وهەرچی زیانێکی بەرکەوتووە دەیخاتە ئەستۆی کەسانی تر، ولەدواجاردا توندوتیژی دەکاتە ئامراز بۆ تۆڵەسەندنەوە وتەمێکردن وکۆنترۆڵکردنی کەسانی تر. یان هەندێکجار بەپێچەوانەوە هەندێک زیندانی بەتەواوی دەڕوخێت وخۆی دەدات بەدەست واقیعەوە، ئەمانەش بەژمارە کەمینەن لەبەرئەوەی پێشوەختە چاوەڕوانکراوە بۆیان کە زیندانی بکرێن وئەشکەنجەش بدرێن، لەگەڵ بوونی جیاوازی کەسێتی وتاکایەتی زیندانیانش، بەگشتی ئەم کەمینەیە زیادەڕەوی دەکەن لەدەربڕینی هەستەکانیان هەتا ببنە جێگەی سەرنجی کەسانی تر بەتایبەت بەرپرسەکان، بۆئەوەی بەزەیی بنوێنن بەرامبەریان ویارمەتیان لێوەربگرن، یان هەندێک لەزیندانیان بۆسەلماندنی قارەمانێتیان زیادەڕەوی دەکەن لەدەربڕینی هەست وبەسەرهاتەکانیان، کەئەوەش کاردانەوەیەکی ئاسایی دەروونیە بۆ ئەو زەبرە دەروونیەی بەسەریان هاتووە.

سەبارەت بە ئاستەکانی(10، 23، 24، 25) بەرامبەر بە بڕگەکانی (38، 43، 44، 45)ن هەموویان تایبەتن بەبواری پەیوەندیە خێزانیەکانی زیندانیانی سیاسی لە توێژینەوەکەدا، دەرکەوتووە کە نەگونجاندنی خێزانی لەم بوارەدا لەپلەی یەکەمی گرفتە خێزانیەکانە، ئەویش زۆر ئاشکرایە کە ئەوکەسانەی زیندانی سیاسین وتووشی زەبری دەروونی(ئەشکەنجە) هاتوون، زۆرینەیان تووشی نەخۆشی تەنگژەی پاش زەبری دەروونی، یان خەمۆکی بوون، یان نەخۆشیە جەستەیی_دەروونیەکانە لە نیشانە زۆر بەهێزەکانی ئەم نەخۆشیانەش ئەوەیە کە

کەسەکە ناگونجێت لەگەڵ کەسە نزیکەکانی یان ئەندامانی خێزانەکەی، ئەوەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە هۆرمۆنیەی بەسەر ئەرکەکانی خانەی دەماری وگوێزەرەوە دەماریەکانی مێشکدا دێن، ئەمەش نائارامی وتووڕەبوونی لێدەکەوێتەوە وشپرزەیی وگرژی لەناوخێزاندا دروستدەکات وهەندێکجار شیرازەی پەیوەندیەکانی ناو خێزان دەپچڕێن ولێکتێنەگەیشتن ورەفتاری توندوتیژی دروستدەبێت لەئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو نەگونجاندنەوە، ئەمەش دەگاتە کۆتا ئاستی بەتوندتر بوونی ئاستی ململانێ ولێکتێنەگەیشتنەکە، واتە لەجیاتی زمانی گفتوگۆ ولێکتێگەیشتن، توندوتیژی بەکاردەهێنرێت(Auraora A. Parong et al, 2007: 491). ئنجا توندوتیژیەکە لەڕووی جەستەییەوە بیت یان دەروونی یان فەرامۆشکردن کەلە ئێستادا لەجیهاندا بەربڵاوترین جۆری توندوتیژییە، یان زارەکی بیت لەرێگەی جنێودان وسوکایەتی کردنەوە بێت یان نازارەکی بێت لەڕێگەی زمانی جەستەوە بێت. بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە بەشێوەیەکی وردتر لێی بڕوانرێت ئەوەیەکە توندوتیژی بەکارهێنانەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزان لەئاستەکانی خوارەوەیە، چونکە زیندانیان ناخوازن ئەوەی بەسەرخۆیان هاتووە، هاوسەر ومنداڵەکانیان گیرۆدەبکەنەوە بە توندوتیژی، وەخۆیان قوربانین نایانەوێت ئەوانیش بکەن بەقوربانی.

ئاستەکانی (3، 26) کە بڕگەکانی (51، 52) لە پێوەرەکەداو لەتەوەرەی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، سەبارەت بەبەکارهێنان وکێشانی جگەرەیە گە ئاستی(3) وەرگرتووە وئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی زۆری زیندانیان جگەرە دەکێشن، ڕەنگە هەندێک لەزیندانیەکان پێش زیندانیکردنیش جگەرەکێش بووبن. بەڵام بەکارهێنان وخواردنەوەی مادده کحولی وهۆشبەرەکان لە ئاستەکانی کۆتایی لایەنی کۆمەڵایەتیدان، چونکە زۆرینەی کورد موسڵمانە ولەئاینی ئیسلامیشدا خواردنەوە یەکێکە لەحەرامکراوەکانن بۆیە ئەو پێشینە ئایینیە، هۆکاری سەرەکیە لەکەمکردنەوەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرو خواردنەوە کحولیەکان، لەبەرامبەریشدا جگەرەکێشان لەزۆر شوێنی کوردستان بە ڕەمزی پیاوەتی دادەنرێت وسالانی ڕابوردوش جگەرە ئامادەگی هەبووە لە مەراسیمی جەژنەکاندا وبۆ میوان بەتایبەتی پێشکەشکراوە وتەنانەت حکومەتی عێراقی لەسەردەمی ڕژێمدا لەگەڵ بەشە خۆراکی مانگانە جگەرەی دابەشکردووە، واتە کۆمەڵگا مێژوویەکی دورورێژتری لەگەڵ بەکارهێنانی جگەرەدا هەیە وچەندین کەسیش هەبووە کاری سەرەکیان چاندن وفرۆشتنی توتن بووە وتەنانەت کارگەی جگەرە وەکو پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان لەشاری سلێمانی کاری بەرهەمهێنانی جگەرە بووە، بەڵام خواردنەوەی کحول بەکارێکی قێزەون ناسێنراوە ونەریتی کۆمەڵایەتی لەپشت نەبووە وەکو جگەرە بۆیە بەکارهێنانەکەی زۆر کەمترە لەجگەرە. بەڵام بۆیە لە تەوەرەی

ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دانراوە، چونکە لێکەوتەی ئابووری وتەندروستی وئاینی ودەروونی وجەستەیی هەیە وهەموویان کار لەچالاکی وڕەفتارەکۆمەڵایەتیەکانی تاک دەکەن لەکۆمەڵگادا.

بڕگەی(50) کە ئاستی (11)ی وەرگرتووە وبریتیە لە کەمبوونەوەی توانا لەڕووبەڕووبووە وچارەسەرکردنی کێشەکان، هیچ گومانێک هەڵناگرێت ئەگەر کەسێک ئەشکەنجەی بینیبێت ئەو هەموو ناخۆشی وئازارە بەرجەستەی کەوتبێت وهۆرمۆنات و ڕەفتارو خەو وخواردنی تێکدابێت بەلایەنی کەمەوە، هەتا ئەو گرفتانەی چارە دەکات زۆر ناخۆشی ونارەحەتی دێتەڕیی بۆیە زۆربەی جار کەسەکان خۆیان بەبچوکتر دەبینن لە کێشە بەردەوامەکانی ژیانیان وحەوسەڵە وتواناایان وردە وردە کەم دەبێتەوە و خۆبەدەستەوە دەدەن وکێشەکانیش بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار کەڵەکە دەبن وگەورەتر دەبن ( Saorta & Bassel, 2007: 157).

بڕگەی(56) کە ئاستی(16)ی وەرگرتووە، ئاماژەیە بۆ وازهێنانی نیوەی زیاتری زیندانیان لەکاروبارە سیاسیەکانیان وچالاکی سیاسی، وەبەردەوامبوونی نیوە کەمتری زیندانیان لەسەر چالاکیە سیاسیەکانیان، لەترسی دووبارە زیندانیکردنەوە یان ئەشکەنجەدانەوە ( Auraora A. Parong et al, 2007:488) چونکە تەمەنیان یارمەتیدەرە، یان دەستکەوتی ماددی باشیان هەیە ولەئاستی باڵای بەڕوەبردن وناوەندی بڕیاردان لە حزبەکانیان یان پلەو پایەی حکومی بەرزیان دراوەتێ، کە کەمینەن لەناو زیندانیاندا، ئەوانەش وازیان هێناوە بەهۆکاری جیاجیا بۆنمونە هەندێک لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن خۆی واز دەهێنێت، هەندێک دوورخراونەتەوە چونکە حزبەکان هەڵیانپەساردوون، یان چەندین کەس هەن لەکاتی خۆیدا بوونەتە هۆکاری زیندانیکردنی ئەمان، بەڵام پلەوپایە وپێگەی کۆمەڵایەتی بەرزیان پێدراوە، بۆیە زیندانیان هەستی پەشیمانبوونەوەیان لا دروستدەبێت و دوردەکەونەوە لەچالاکی سیاسی.

کۆتا دووئاست لەتەوەرەی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لە ئاستەکانی(27، 28) بەرامبەرن لەگەڵ بڕگەکانی(47، 46) کە بڕگەی (47) بریتیە لە هەستکردن بەشەرمەزاری کۆمەڵایەتی وبڕگەی(28) بریتیە لە قبولکردنەوەی زیندانیان بەسەختی لەلایەن خێزانەکانیانەوە، نزمی ئاستیان دەگەڕیتەوە بۆ بوونی پرەنسیپ(مبدأ) لەلایەن زیندانیانەوە، هەر کارێکیش بە مەبدەئەوە ئەنجام بدرێت ترس نابیت لە ئەنجامەکەی، بە پێچەوانەوە مایەی شانازییانە کە خەباتیان کردوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لەمرۆدا ولەناوبردنی ڕژێمێک کە لەگەڵ خواست و ویستی زیندانیەکاندا نەهاتۆتەوە یەک یان هاوشیوە نەبووە، هەریەکێکیان چەندین جار نزیک بوونەتەوە لەمەرگ وشەهیدبوون، کەدواهەمین پلەی شکۆمەندیە، بۆیە پاڵەوان ئاسا شانازی دەکەن بەو ڕۆژانەوە کەزیندانی کراون وبەشداربوون لەبونیادنانی ئەم حکومەتەدا، بەهەمان

شێوە بۆ خێزانەکانیانیشیان وەکو قوربانی ڕوانیویانەتە ڕۆڵەکانیان و خواست وئارەزوویان ئەوە بوو کە کەسەکەیان ئازاد بکرێت بگەڕێتەوە ئامێزی خێزان، نەک فەرامۆشیان بکەن وقبوڵیان نەکەنەوە، چونکە ئەوانیش چاویان لەوە بووە کە قوربانیدان ئەرکێکی نەتەوایەتی بووە.

خشتەی(19) شوێنەواری کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە

| ئاست | ژمارەی برگە | تەوەری ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 60 | کەمبوونەوەی داهات و خراپبوونی ئاستی بژێوی بەهۆی ئەشکەنجەوە. | 2.24 | 1.59 |
| 2 | 42 | بەشدارینەکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان. | 2.19 | 1.36 |
| 3 | 51 | پەنابردنە بەر جگەرەکێشان. | 2.12 | 1.75 |
| 4 | 41 | کەمبوونەوەی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان. | 1.95 | 1.45 |
| 5 | 57 | ناچاربوون بەگۆڕینی جۆری کار. | 1.93 | 3.57 |
| 6 | 64 | گومان کردن لە کەسانی تر. | 1.88 | 1.59 |
| 7 | 37 | لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. | 1.88 | 1.38 |
| 8 | 40 | هەستیاری بەرامبەر سروتە کۆمەڵایەتیەکان. | 1.79 | 1.41 |
| 9 | 39 | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی. | 1.78 | 1.45 |
| 10 | 38 | نەگونجاندنی خێزانی. | 1.70 | 1.50 |
| 11 | 50 | کەمبونەوەی توانا لە ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان. | 1.69 | 3.53 |
| 12 | 63 | زیادەڕۆیی لەدەربڕینی هەستەکاندا لەبەرچاوی خەڵکی. | 1.69 | 3.51 |
| 13 | 58 | ناچاربوون بە گۆڕینی شوێنی کار. | 1.65 | 1.53 |
| 14 | 48 | لاوازبوون و لەدەستدانی متمانە بەخەڵکی. | 1.58 | 1.37 |
| 15 | 55 | هەستکردن بە چەوساندنەوە لەلایەن کەسانی ترەوە. | 1.57 | 1.50 |
| 16 | 56 | لەدەستدانی چالاکی سیاسی. | 1.53 | 1.67 |
| 17 | 62 | هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی تر لەبەر بەزەیی پێداهاتنەوە. | 1.52 | 3.57 |
| 18 | 59 | ناچاربوون بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون. | 1.41 | 1.50 |
| 19 | 49 | لاوازبوون ولەدەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی. | 1.36 | 1.49 |
| 20 | 61 | بەکارهێنانەوەی توندوتیژی لەگەڵ کەسانی تربەئامانجی کۆنترۆلکردن. | 1.35 | 1.39 |
| 21 | 54 | ترس لە شوێنی گشتی و کۆڕو کۆبوونەوە. | 1.34 | 1.40 |
| 22 | 53 | بەرپرسیارێتی خستنە سەر کەسانی تر سەبارەت بەکێشەکان. | 1.33 | 1.37 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | 43 | تێکچوونی شیرازەی خێزان. | 1.24 | 1.42 |
| 24 | 44 | نواندنی ڕەفتاری توندوتیژ و ناچارکردنی ئەندامانی تری خێزان بە پچڕانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی تر. | 1.19 | 1.32 |
| 25 | 45 | فەرامۆشکردنی ئەندامانی خێزان. | 1.15 | 1.30 |
| 26 | 52 | پەنابردنە بەر مادەی هۆشبەر. | 1.13 | 1.53 |
| 27 | 47 | هەستکردن بەشەرمەزاری کۆمەڵایەتی. | 1.12 | 1.42 |
| 28 | 46 | بەسەختی قبوڵکردنەوە لەلایەن خێزانەوە. | 0.99 | 1.34 |

## باسی دووەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکان

## یەکەم: تاقیکردنەوی گریمانەکان

بۆ دەرخستنی بونی بەڵگەی ئاماری لە تاقیکردنەوەی گریمانەکاندا توێژەر بە پشتبەستن بە بەرنامەی (SPSS) بەبەکارهێنانی ڕێگەی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە ( One- Way ANOVA) بۆ گشت تەوەرەکان، بە پێوانەکردنی ئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆ گشت گۆڕاوەکان، لەبەر ئەوەی سەرجەم ئەو گۆڕاوانەی کە گریمانەکانی لەسەر تاقیکراونەتەوە زیاتر لە دوو ئاست بوون و ئەمەش وای کردوە کە توێژەر ڕێگەی شیکاری یەک ئاراستە بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان بە گونجاو بزانێت.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت توێژەر سەرەڕای تاقیکردنەوەی گریمانەکان لەسەر تەوەرەی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان، وەک ئەنجامێکی بەدەستهاتوی توێژینەوەکە تەوەرەکانی تری رەنگدانەوە جەستەییەکان وسێکسیەکان ودەرونیەکانی بەبەراورد بە گۆڕاوەکان خستوەتە ڕوو.

**گریمانەی یەکەم: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو چەندبارە زیندانیکردنەوەی زیندانیە سیاسیەکاندا.**

خشتەی(20) خستنە ڕووی ئەنجامەکانی گریمانەی یەکەم.

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەنگدانەوە جەستەییەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 2.2 | 2 | 1.1 | 1.185 | 0.31 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 155.015 | 167 | 0.928 | | |
| | کۆی گشتی | 157.215 | 169 | | | |
| ڕەنگدانەوە سێکسیەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 3.462 | 2 | 1.731 | 1.223 | 0.30 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 236.281 | 167 | 1.415 | | |
| | کۆی گشتی | 239.743 | 169 | | | |
| ڕەنگدانەوە دەروونیەکان | لە نێوان کۆمەڵەکاند | 6.27 | 2 | 3.135 | 3.899 | 0.02 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 134.288 | 167 | 0.804 | | |
| | کۆی گشتی | 140.559 | 169 | | | |
| ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 8.974 | 2 | 4.487 | 4.328 | 0.02 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 173.152 | 167 | 1.037 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | 182.126 | 169 | | | |

هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە بۆ هەریەک لە تەوەرەکانی ڕەنگدانەوەی جەستەیی ورەنگدانەوەی سێکسی نمونەی تویژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی چەندبارە زیندانی کردنەوە" لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری تەوەرەی ڕەنگدانەوە جەستەییەکان کە دەکاتە (0.31) هەروەها ئاستی بەڵگەداری ڕەنگدانەوە سێکسیەکان کە دەکاتە(0.30) گەورەترن لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لەبەرامبەردا لەبەر ئەوەی بەهای بەڵگەداری تەوەرەی ڕەنگدانەوەی دەروونی دەکاتە (0.02) وبچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) کەواتە جیاوازی ئاماری هەیە لە تەوەرەی ڕەنگدانەوەی دەروونی ئەشکەنجە بە پێی گۆڕاوی چەندبارە زیندانی کردنەوە.

**بەهای بەڵگەداری بەدەستهاتووی تەوەرەی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دەکاتە (0.02) و بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) کەواتە جیاوازی ئاماری هەیە لە تەوەرەی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە بە پێی گۆڕاوی چەندبارە زیندانی کردنەوە بۆیە گریمانەکە پەسەند دەکرێت کە بریتیە لە بونی** جیاوازی ئاماری لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو چەندبارە زیندانیکردنەوەی زیندانیە سیاسیەکاندا.

**بەهای (ف)ی خشتەیی بریتیە لە(3)، بەبەراورد بە بەهای(ف)ی بەدەستهاتووی هەریەک لەتەوەرەکان، دەرکەوتووە لەوتەوەرانەی بەهای(ف)ی بەدەستهاتوو گەورەترە لە(ف)ی خشتەیی جیاوازی ئاماری هەیە، سەبارەت بە گریمانەکە.**

## گریمانەی دووەم: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو تەمەنی زیندانیە سیاسەکان.

خشتەی (21) خستنە روی ئەنجامەکانی گریمانەی دووەم

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەنگدانەوە جەستەییەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 5.94 | 5 | 1.65 | 1.81 | 0.11 |
| | لە ناوکۆمەڵەکاندا | 151.28 | 164 | 0.91 | | |
| | کۆی گشتی | 157.22 | 169 | | | |
| ڕەنگدانەوە سێکسیەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 19.30 | 5 | 2.98 | 2.17 | 0.06 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 220.44 | 164 | 1.37 | | |
| | کۆی گشتی | 239.74 | 169 | | | |
| ڕەنگدانەوە دەروونیەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 1.60 | 5 | 1.52 | 1.88 | 0.10 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 138.96 | 164 | 0.81 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | 140.56 | 169 | | | |
| ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان | لەنێوان کۆمەڵەکاندا | 3.55 | 5 | 1.55 | 1.46 | 0.21 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 178.58 | 164 | 1.06 | | |
| | کۆی گشتی | 182.13 | 169 | | | |

وەک لە خشتەی (21) دەردەکەوێت هەریەک لە تەوەرەی ڕەنگدانەوە جەستەییەکان بە بەهای بەڵگەداری (0.11) وتەوەری ڕەنگدانەوە سێکسیەکان بە بەهای بەڵگەداری (0.06) وتەوەرەی ڕەنگدانەوە دەروونیەکان بە بەهای بەڵگەداری (0.10)، گەورەترن لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆیە هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە لە نێوان ڕەنگدانەوە سێکسیەکان وڕەنگدانەوە جەستەیەکان وڕەنگدانەوە دەروونیەکان وگۆڕاوی تەمەن.

هەروەها بەپێی ئەنجامی بەدەستهاتووی خشتەی(21) هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەدینەهاتوە لە نێوان ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجەو گۆڕاوی تەمەن، چونکە بەهای بەڵگەداری تەوەرەی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان کەدەکاتە (0.21) گەورەترە لە بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.05)، کەواتە گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین کە نەبونی بەڵگەی ئاماریە لە نیوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە و گۆڕاوی تەمەندا.

**بەهای (ف)ی خشتەیی بریتیە لە(2.27) کە گەورەترە لە بەهای (ف)ی بەدەستهاتوو لەهەر چوار تەوەرەی(جەستەیی، سێکسی، دەروونی، کۆمەڵایەتی)، ئەمەش دەری دەخات کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بوونی نییە سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجە بەپێی تەمەن.**

لەبەر ئەوەی ڕێگەی شیکاری یەک ئاراستە تەنها پێمان نیشاندەدات کە جیاوازی هەیە، بەڵام پێمان نیشان نادات کە ئەو جیاوازی بونە لە کوێدایە بۆیە تاقیکردنەوەی شیکاری ( post Hoc/LSD) بۆ گۆڕاوی تەمەن و ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامدەدەین

خشتەی (22) تاقیکردنەوەی (LSD)

| تەمەن | | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| 40-46 | 47-53 | -0.50 | 0.15 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 0.05 | -0.70 | 54-60 | |
| 0.17 | -0.54 | 61-67 | |
| 0.02 | -1.22 | 68-74 | |
| 0.51 | -0.29 | 75-سەروتر | |
| 0.15 | 0.50 | 40-46 | 47-53 |
| 0.29 | -0.21 | 54-60 | |
| 0.86 | -0.05 | 61-67 | |
| ئاستی بەڵگەداری | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | تەمەن | |
| 0.10 | -0.72 | 68-74 | |
| 0.53 | 0.20 | 75-سەروتر | |
| 0.05 | 0.70 | 40-46 | 54-60 |
| 0.29 | 0.21 | 47-53 | |
| 0.56 | 0.16 | 61-67 | |
| 0.25 | -0.52 | 68-74 | |
| 0.22 | 0.41 | 75-سەروتر | |
| 0.17 | 0.54 | 40-46 | 61-67 |
| 0.86 | 0.05 | 47-53 | |
| 0.56 | -0.16 | 54-60 | |
| 0.16 | -0.68 | 68-74 | |
| 0.51 | 0.25 | 75-سەروتر | |
| 0.02 | 1.22 | 40-46 | 68-74 |
| 0.10 | 0.72 | 47-53 | |
| 0.25 | 0.52 | 54-60 | |
| 0.16 | 0.68 | 61-67 | |
| 0.07 | 0.93 | 75-سەروتر | |
| 0.51 | 0.29 | 40-46 | 75-سەروتر |
| 0.53 | -0.20 | 47-53 | |
| 0.22 | -0.41 | 54-60 | |
| 0.51 | -0.25 | 61-67 | |
| 0.07 | -0.93 | 68-74 | |

وەک لە خشتەی (22) دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان تەمەنەکانی (40-46) لەگەڵ تەمەنەکانی (54-60) و (68-74) لەبەر ئەوەی بەهای ئاستی بەڵگەداریان کەمترە لە

ئاستی بەڵگەداری (0.05) کەواتە ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە بەزیادبونی تەمەن لە ناوەندەکانی تەمەنی زیندانیاندا ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی سیاسی زیاد دەکات.

**گریمانەی سێیەم: جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەشکەنجەو ئاستی خوێندەواری زیندانیە سیاسیەکان.**

خشتەی(23) خستنە روی ئەنجامەکانی گریمانەی سێیەم

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
